# ڕۆژنامە

کۆمپانیای وشە هەفتانە دەریدەکات

ژمارە (٦٠٨) دووشەممە ٢٠١٠/١١/١٥ www.sbeiy.com نرخ ٧٥٠ دینار



Saib City
www.saibco.com


جەژنتان پیرۆزبێت
بەبۆنەی هاتنی جەژنی قوربانی پیرۆزەوە، پیرۆزبایی لەسەرجەم گەلی کوردو مسولمانانی جیهان دەکەین

## «لیژنەی مافی مرۆڤ دوای جەژن دەیپشکنن»

# زیندانێکی نهێنیی لە هەرێم ئاشکرا دەکرێت



فۆتۆ: ئینتەرنێت

شارا عەبدولڕەحمان

ئەندامێکی لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان ئاشکرای دەکات؛ لیژنەکەیان لە بوونی زیندانێکی نهێنیی ئاگادارکراوەتەوەو وابڕیارە دوای جەژن ئەو زیندانە بپشکنن‌و بەم هۆیەشەوە پێدەچێت لایەنی بەرپرس ڕووبەڕووی لێپرسینەوە ببێتەوە.

لە چەند مانگی ڕابردوودا لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان سەردانی سەرجەم گرتووخانەو چاکسازییەکانی گەورەو ژنان‌و منداڵانی لە هەر سێ پارێزگاکەی هەرێم کردووە، بەڵام لە ئێستادا لە بوونی زیندانێکی تر ئاگادار کراونەتەوە، کە لە چوارچێوەی هیچکام لەو گرتووخانەو چاکسازییانەدا نییەو گومان دەکرێت زیندانی نهێنیی بێت.

ڤیان عەبدولڕەحیم، ئەندامی ئەو لیژنە پەرلەمانییە بە ڕۆژنامەی وت: «لیژنەکەمان لە بوونی زیندانێکی نهێنیی لە کوردستاندا ئاگادار کراوەتەوەو شوێنەکەشیمان پێڕاگەیانراوە»، بەڵام ئامادەنەبوو ناوی شوێنەکەو ئەو لایەنەی کە ئاگاداری کردوونەتەوە ئاشکرا بکات.

هاوکات ئەوەشی نەشاردەوە، کە بەنیازن لەدوای پشووی جەژنی قوربان دەست بکەن بە بەدواداچوون سەبارەت بەو مەسەلەیە، وتیشی: «ئەگەر بەبەڵگەوە ئەو زیندانە بسەلمێنرێت، ئەو کات ئەو لایەنەی کە زیندانەکەی هەیە ڕووبەڕووی توندترین ڕووبەڕووبوونەوەو سزای یاسایی دەکرێتەوە».

پەرلەمانتارەکەی گۆڕان، ئەوەشی خستە ڕوو؛ کە پێشتریش گومانی بوونی زیندانی نهێنیی هەر هەبووەو وتی: «ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کە ئەگەر گرتووخانەی نهێنیی لە کوردستاندا بوونی نەبێت، ئەی کەواتە سەرجەم بێ سەرو شوێنانی شەڕی ناوخۆو ئەوانەی کە لە بازاڕو لە ماڵەکانی خۆیاندا براون‌و تائێستاش هیچ ئاسەوارێکیان نییە لە کام لەو گرتووخانانەی هەرێمدان کە ئێمە بەردەوام سەردانیان دەکەین؟!! کە دەبێت حکومەتی هەرێم وەڵامی ئەم پرسیارەم بداتەوە».

لە ل٤دا ڕاپۆرتێکی پەیوەندیدار بخوێنەوە

## بەغدا (١٧٪)ی هەرێم بە فرۆشتنی نەوتەکەیەوە دەبەستێتەوە

ل...٩

## سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان: ئەگەر لە پەرلەمان بچووینایەتە دەرەوە، دەستپێشخەرییەکەی بارزانی هەڵدەوەشایەوە

ڕۆژنامە

سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە بەغدا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەبەر بەرژەوەندیی یەکریزیی کورد شەوی (١١)ی ئەم مانگە لە هۆڵی پەرلەمان نەچووینە دەرەوە، چونکە ئەگەر بچووینایەتە دەرەوە ئەوا نیسابی یاسایی پەرلەمان تێکدەچوو، ئەو دەستپێشخەرییەش کەلەلایەن مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمەوە کرابوو بۆ پێکهێنانی حکومەت‌و ڕێککەوتنی لایەنەکان، هەڵدەوەشایەوە.

بەپێی دەستووری عێراق پێویستە نیسابی یاسایی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار (٣/٢)ی ئەندامانی پەرلەمان بێت، لەو دانیشتنەدا کە دەنگ بۆ سەرۆک کۆمار درا (٢١٧) پەرلەمانتار ئامادەبوون، لەکاتێکدا نیسابی یاسایی بە (٢١٦) پەرلەمانتار تەواو دەبوو.

شۆڕش حاجی، کە فراکسیۆنەکەی لە (٨) کورسی پێکهاتووە، وتیشی: ئێمە وەک فراکسیۆنی گۆڕان لەهەموو هەڵوێستەکانماندا بەرژەوەندیی باڵای میللەتەکەمان لەپێشتر زانیوە لە بەرژەوەندییە حیزبییەکان‌و بۆ ئەو مەبەستەش پێشەنگ دەبین لە هەوڵدان بۆ بەدیهاتنی بەرژەوەندیی میللەتەکەمان.

سەبارەت بە دەنگدانی فراکسیۆنەکە بۆ تاڵەبانی، شۆڕش حاجی وتی: فراکسیۆنی گۆڕان بۆ پرسە نەتەوایەتییەکان یەکهەڵوێستە، بەڵام سەبارەت بەدەنگدانێک کە یاسا ڕێی پێداوین نهێنی بێت، هەر ئەندام پەرلەمانێک ئازادە دەنگ بەکێ دەدات، نەک بزووتنەوەی گۆڕان، تەنانەت هاوڕێکانیشمان مافی ئەوە بەخۆی نادات بپرسێت دەنگت بۆ کێ داوە.

هاوکات شایان محەمەد تاهیر، پەرلەمانتاری عێراق لە فراکسیۆنی گۆڕان، وتی: ئێمە لەبەردەم دووڕیانێکدا بووین، یان ئەوەی لەگەڵ لیستی عێراقییە بچینە دەرەوەو هاودەنگ لەگەڵ ئەو داواکارییەی ئەواندا کە هەندێکیان لەگەڵ بەرژەوەندیی‌و داخوازییەکانی میللەتەکەمان یەکیان نەدەگرتەوە یان لەناو پەرلەماندا بمێنینەوە، کە ئەوەمان هەڵبژاردو بەوەش نیسابی یاسایی پەرلەمانمان تێکنەداو پرۆسەکەش سەری گرت بۆ پێکهێنانی حکومەت‌و نەهێشتنی ئەو بۆشاییە دەستوورییە کە لەبەغدا هەبوو، لەماوەی ڕابردوودا کە بەزیانی گەورە بۆ کوردو گۆڕانیش شکابووەوە.

## (٨٦) ملیۆن دینار لە خانەنشینی ڕۆژنامەنووسان دیارنامێنێت

ڕۆژنامە

زیاتر لە (٨٦) ملیۆن دینار لە سندووقی خانەنشینی ڕۆژنامەنووسان دیارنامێنێت، لەبەرامبەر پێدانی مووچەی خانەنشینی بە (٨) ڕۆژنامەنووس.

لە ماوەی سێ ساڵ‌و نیوی ڕابردوودا (٨٦) ملیۆن‌و (٩٥٢) هەزار دینار دراوە بە دەستەیەکی سێ کەسیی بۆ بەڕێوەبردنی سندووقی خانەنشینی، لە بەرامبەر پێدانی (٣٣) ملیۆن‌و (٤٨) هەزار دینار بۆ (٨) ڕۆژنامەنووسی خانەنشینکراو.

شوان داودی، ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ئاشکرایکرد: «ئەو (٨٦) ملیۆن دینارە وەک مووچە دراوە بە ئەندامانی دەستەکە، کە خۆیان مووچەی دیکەیان هەیەو پێویست ناکات لە سندووقەکەش مووچەیان پێبدرێت».

هەروەک د.کاوە مەحمود، وەزیری ڕۆشنبیریی‌و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «دەبێت پارەی سندووقەکە تەنیا بۆ خانەنشینی ڕۆژنامەنووسان بێت، نەک کاروباری ئیداریی‌و پێویست ناکات (١٠) کەسی ئیداریی مووچە لەسەر سندووقەکە وەربگرن».

## پارتی‌و یەکێتی «حسابیان» بۆ یەکگرتوو و کۆمەڵ نەکرد



ڕۆژنامە

یەکگرتوو و کۆمەڵ ئاشکرایانکرد؛ کە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە دانانی عارف تەیفور، بە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پرس‌و ڕاوێژیان پێ نەکراوەو لە کاتێکدا، کە «پێشتر ڕێککەوتبوون بە ڕاوێژو لەسەر بنەمای ئیستیحقاقی هەڵبژاردن پۆستەکان دابەشبکرێت».

سەرچاوەیەک لەناو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە دانانی عارف تەیفور، بە جێگری دووەمی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پرس‌و ڕاوێژ بە یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامیی نەکراوە، کە لەو ئیئتیلافەدا بەشدارن».

ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بەوەشدا؛ کە مەترسیی ئەوە بەدی دەکرێت، کە بۆ جارێکی تر یەکێتی‌و پارتی بە تەنیا پۆستەکانی بەغدا دابەش بکەن‌و پرس بە لایەنەکانی تری نێو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان نەکەن.


دیندار نەجمان دۆسکی، ئەندامی وەفدی دانوستکاری ئیئتیلافەکەو سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامیی، وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە دانانی عارف تەیفور، لەو پۆستەدا، پرسمان پێ نەکراوە».

ئەمە لەکاتێکدایە بە وتەی دیندار نەجمان دۆسکی، پێشتر لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی پۆستەکانی حکومەتی عێراق لەنێو ئیئتیلافەکە بە ڕاوێژو ئیستیحقاقی هەڵبژاردن دابەش بکرێن».

## لەنێوان پۆستی سەرۆک کۆمارو موبادەرەکەی بارزانی‌و تەقەی خۆشیدا

ئازاد چالاک

ل...٢١



## دەستلەکارکێشانەوەی حاکم ڕزگار چ پێشهاتێکی بەدوادا دێت؟

ل...٦

## دەیان ناو بۆ لیستێکی دامەزراندن زیاد دەکرێت

ل...١٥

## پەرلەمان پاش (٥) ساڵ، مووچەی سەرۆکی هەرێمی دیاریکرد

# «ئیمتیازاتەکانی سەرۆک دوای خانەنشینبوونی روون نییە»

راپۆرتی: بەرهەم خالید

پەرلەمانی کوردستان یاسای مووچەو دەرماڵەی سەرۆکی هەرێمو جێگرەکەی پەسەند دەکات، بەپێی یاساکەش مانگانە سەرۆک (١٥) ملیۆنو جێگرەکەی (١٣) ملیۆن، لەگەڵ (٥٠٪)ی دەرماڵەی ئەو مووچەیە وەردەگرن.

پاش پێنج ساڵ لە بوونی سەرۆکی هەرێم بەم ناوەی ئێستای، هەفتەی رابردوو پەرلەمانی کوردستان بە زۆرینەی دەنگو یەک دەنگی دژ، پرۆژەیاسای مووچەو دەرماڵەی سەرۆکی هەرێمو جێگرەکەی پەسەند کرد.

پرۆژەیاساکە لە (٩) مادە پێکهاتبوو، مادەی یەکەم: تایبەت بوو بە مووچەی سەرۆکو جێگرەکەی بە کۆی دەنگو یەک دەنگی دژ پەسەندکرا، مادەی دووەم: کە تایبەت بوو بە دەرماڵەو مادەی سێیەم: مووچەی خانەنشینیی سەرۆکی هەرێم، وەکو خۆیان بە کۆی دەنگ پەسەند کران.

مادەکانی چوارەم، تا شەشەمی پرۆژەکە تایبەت بوون بە مووچەو دەرماڵەو خانەنشینیی جێگری سەرۆکی هەرێم، هیچ گۆرانکارییەکیان تێدا نەکراو مادەی چوارەم، بە زۆرینەو پێنجەمو شەشەم بە کۆی دەنگ پەسەند کران.

پاش ئەوەی هەردوو لیژنەی یاساییو دارایی پێشنیازی لابردنی مادەی حەوتەمی پرۆژەکەیان کرد، ئەو پێشنیازەش بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

مادەی هەشتەمیش، کە تایبەت بوو بە چۆنێتی دابینکردنی پێویستییەکانی سەرۆکی هەرێمو جێگرەکەی لەدوای کۆتاییهاتنی ئەرکەکەیانەوە، وەکو خۆی بە کۆی دەنگ پەسەندکراو مادەی نۆیەمیش: تایبەت بوو بە حوکمە کۆتاییەکانو بە کۆی دەنگ پەسەندکرا.

پاش پەسەندکردنی پرۆژەیاساکە، سەرۆکی پەرلەمان پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان کردو راشیگەیاند: «هەنگاوێکی گرنگە کە لە هەرێمی کوردستان بە یاسا مووچەی سەرۆکی هەڵبژێردراو دیاریی دەکرێت».

پەیمان عیزەدین، پەرلەمانتاری کوردستان لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان کە دەنگی بەپرۆژەکە نەدا، لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە هۆکارەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە، کە ئەو بابەتەو هەر مەسەلەیەکی دیکەی پەیوەست بە داراییەوە، پێویستی بە بەرچاوڕوونی زیاتری پەرلەمانتار هەیەو دەبێت بزانێت لەسەر چ بنەمایەک دیاریکراوەو تا چەند دادپەروەرانەیە، وتی: «بە شێوەیەکی گشتیی لەسەر مەبلەغەکە کێشەم نییەو بە گونجاوی دەزانم، بەڵام دەبێت بزانین تا چ رادەیەک گونجان هەیە لەگەڵ مووچەی پەرلەمانتارو سەرۆکی حکومەتو وەزیرەکاندا، چونکە تائێستا ئەوە روون نییەو هیچ یاسایەک نییە، کە مووچەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی دیاریی کردبێت».

بە گوێرەی پرۆژەیاساکەی پەرلەمانی کوردستان مووچەی سەرۆکی هەرێم بە (١٥) ملیۆنو مووچەی جێگرەکەشی بە (١٣) ملیۆن دەستنیشانکراو دەرماڵەکەشیان بە رێژەی (٥٠٪)ی مووچەکەیان دانرا، بەوپێیەش مووچەی سەرۆکی هەرێم (٢٢) ملیۆنو (٥٠٠) هەزار دینارو جێگرەکەی (١٩) ملیۆنو (٥٠٠) هەزار دینار دەبێتو دواتریش بە رێژەی (٨٠٪)ی مووچەکانیان خانەنشین دەکرێن.



سەرۆکی هەرێم

ئیسماعیل مەحمود، پەرلەمانتار لەسەر فراکسیۆنی کوردستانیی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئەو پرۆژەیاسایە گرنگیی خۆی هەیە، لەبەرئەوەی تائێستا لە عێراقدا مووچەی سەرۆکایەتییەکان بە یاسا رێکنەخراوەو بە میزاجو بۆچوونی شەخسیی بووەو کێ ویستوویەتی چەند وەربگرێت، وەریگرتووە، بەڵام ئەوەتا ئێستا لە کورستاندا ئەوە بەیاسا رێکدەخرێت.

وتیشی: «لیژنەی نەزاهەو چاودێریی داراییش دەتوانن بەدواداچوون بۆ ئەو بودجانە بکەنو لە چۆنێتی خەرجکردنی بکۆڵنەوە».

سەرۆکایەتی هەرێم وەک یەکێک لە دامەزراوە شەرعییەکانی هەرێم ساڵانە بڕێک لە بودجەی هەرێمی بۆ تەرخاندەکرێتو لە بودجەی ئەمساڵیشدا بڕی ٢٠ ملیارو ٥٠٠ ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە، بەڵام ئەوە یەکەمجارە مووچەی سەرۆکی هەرێمو جێگرەکەی بە یاسا رێکبخرێت.

بەڵام پەرلەمانتارەکەی فراکسیۆنی گۆڕان پێیوایە؛ یاساکە بەو شێوەیەی ئێستای کەموکورتی هەیەو ناڕۆشنی هەیەو روون نییە، بە تایبەت لەو مادەیەی کە باس لە پێدانی ئیمتیازاتەکانی دوای خانەنشینی دەکات، وەک: خانوو و ئۆتۆمبێلو پاسەوان، روون نییە، کە چۆن ئەو ئیمتیازاتانەیان پێدەدرێت.

پەیمان، سەرسوڕمانی خۆشی نیشاندا لەوەی، کە پەرلەمانتاران هیچ تێبینییو رەخنەیەکی ئەوتۆیان لەسەر پرۆژەیاساکە دەرنەبڕیوە، چونکە بۆ یەکەمجارە یاسایەکی لەوجۆرە دەردەکرێت، لەکاتێکدایە ماوەیەکی زۆرە سەرۆکایەتی هەرێم هەیەو بە یاسا مووچەی بۆ دیارینەکراوە، هەرچەندە لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمدا دەڵێت: دەبێت بەپێی یاسا مووچە بۆ سەرۆکی هەرێمو جێگرەکەی دیاریی بکرێت.

وتیشی: «دژی ئەوەم لە پەرلەماندا قانون دەرکردن لەپێناوی قانوون دەرکردندا بێتو نامەوێت بەشداریی لەو هەڵە تەشریعیانەدا بکەم».

# ئەنجامی کۆبوونەوەکەی ئێرانو پارتی، روون نییە

دلێر عەبدولخالق

تەوەری کۆبوونەوەی وەفدی باڵای پارتی لەگەڵ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، روون نییەو نوێنەری حکومەتی هەرێم لە تاران، بە سەردانێکی حیزبیی دەزانێتو ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی پارتیش، لەچوارچێوەی پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێمو ئێراندا، دەیخوێنێتەوە.

هەفتەی رابردوو، وەفدێک بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتیو ئەندامێتیی فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسییو فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، گەیشتنە تاران، هەرچەندە سەرچاوەکانی هەواڵ جەختدەکەنەوە کە پلانکاریی ئەو سەردانە بۆ رەوانەوەی گرژییەکانی نێوان پارتیو ئێران بووە، بەڵام سایتی فەرمیی سەرۆکایەتی هەرێم لەزاری سەرۆکی دیوانەوە، بە پەیوەندییەکانی هەرێمو ئێرانەوە گرێی دەدات.

لەو بارەیەوە، نازم عومەر، نوێنەری حکومەتی هەرێم لە کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئاماژەی بەوەکرد: وەک نوێنەری حکومەتی هەرێم، ئاگاداری سەردانەکە بووە، بەڵام لەبەرئەوەی کۆبوونەوەکە تایبەت بووە بە پارتیو ئێران، مافی بەشداریکردنی نەبووە.

وتیشی: «ئەو سەردانە لەچوارچێوەی پەیوەندییەکانی پارتیو کۆماری ئیسلامییدا بووەو هەر کاتێکیش پێویست بکات، چ حکومەتی هەرێم، یان لایەنە سیاسییەکان، مافی خۆیانە لەهەوڵی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی خۆیاندا بن».

وەفدەکەی پارتی، جگە لە ئەحمەدی نەژادی سەرۆکی ئێران، چاویان بە هەریەک لە عەلی لاریجانی، سەرۆکی پەرلەمانو سەعید جەلیلی، سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران کەوتووەو لەوەڵامی بوونی جۆرە رێککەوتنێک لەنێوان پارتیو ئێرانیشدا، مەسعود ساڵەیی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی، بە رۆژنامەی راگەیاند: «رێککەوتن، ئەگەر هەبێت لەنێوان حکومەتی هەرێمو ئێراندایە، نەک حیزبێکو ئەو دەوڵەتە».

بەپێچەوانەی لێدوانی نوێنەری حکومەتی هەرێمەوە لە تاران، ساڵەیی، وتیشی: «ئەوەی زانراوە، سەردانەکە لەچوارچێوەی پەیوەندیی هەرێمی کوردستانو ئێرانی دراوسێدا بووەو کۆبوونەوەی گرنگ بۆ بەهێزبوونی دۆستایەتیی کوردو گەلانی ئێران ئەنجامدراوە».

# حکومەت، زانیاریی لەسەر بودجەی حیزبەکان ناداتە پەرلەمان

هۆشەنگ سەروچاوەیی

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، روونکردنەوە بە پەرلەمانتاران نادات سەبارەت بە چۆنێتیی خەرجکردنی بودجەی حیزبو رێکخراوەکان.

ئیسماعیل گەلاڵەیی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: بەپێی مادەی (١٨)ی بودجەی ساڵی (٢٠١٠)، بڕی (٩٠)ملیار دینار دانراوە وەک مینحەی لایەنە سیاسییەکانو رێکخراوەکان، وتیشی: لەنامەیەکدا بۆ روونکردنەوەی ئەوبابەتە، داوامان لە وەزارەتی داراییو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم کردووە کە خشتەیەکمان بۆ بنێرن بەناوی ئەو رێکخراوانەو چۆنایەتیو چەندایەتی یارمەتیدانیانو لەسەر چ بنەمایەک سلفە دەدرێتە حیزبو رێکخراوەکان.

بەپێی یاسای بودجە، تا دەرچوونی یاسای پاڵپشتی دارایی حیزبو رێکخراوەکان، (٩٠)ملیار دینار بەشێوەی سلفە دەدرێتە حیزبەکانو بە وتەی گەلاڵەیی: «تا ئێستا یەکێتیو پارتیو سەرۆکایەتی پەرلەمان، رێگرن لە دەرچوونی یاساکە، چونکە تا ئێستا ئەو دوو حیزبە زۆر لەوە زیاتر وەردەگرن کە بۆیان دیاریکراوە، بۆیە ئێستا داوای جێبەجێکردنی یاساو روونکردنەوە لە حکومەتی هەرێم دەکەین، کە بەشێوەی یاسایی بودجەی خۆیان بۆ دیاریی بکرێت».

# زیاتر لە (٨٦) ملیۆن دینار، لە سندووقی خانەنشینی رۆژنامەنووسان دەخورێت

رۆژنامە

زیاتر لە (٨٦) ملیۆن دینار لە سندووقی خانەنشینی رۆژنامەنووسان دەخورێتو وەزیری رۆشنبیریش رایدەگەیەنێت؛ پارەی سندووقەکە بۆ خانەنشینی رۆژنامەنووسانە، نەک کاری ئیداریی.

شوان داوادی، ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسان ئاشکرایدەکات؛ لە ماوەی سێ ساڵو نیوی رابردوودا (٨٦) ملیۆنو (٩٥٢) هەزار دینار دراوە بە دەستەیەکی سێ کەسیی بۆ بەڕێوەبردنی سندووقی خانەنشینی، لە کاتێکدا تەنیا (٣٣٠٤٨٠٠٠) سیو سێ ملیۆنو چلو هەشت هەزار دینار دراوە بە خانەشینی (٨) رۆژنامەنووسو ئەوەش بە «مەهزەلە» ناودەبات.

لە وتارێکیدا کە لە رۆژنامەی (هەواڵ)دا بڵاویکردووەتەوە، شوان داودی، ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ئاشکرایدەکات؛ کە دوای دانانی سندووقی خانەنشینی رۆژنامەنووسان حکومەتی هەرێم (١٢٠) ملیۆن دیناری وەک مینحە داوە بە سندووقەکەو لە ماوەی سێ ساڵو نیو (٤٢) مانگی رابردوودا حەوت رۆژنامەنووس خانەنشینکراونو مووچەیان لەو سندووقە پێدراوە، کە بۆ هەریەکێکیان (١٠٨) هەزار دینارە، لە ماوەی (٤٢) مانگدا (٣١٧٥٢٠٠٠) سیو یەک ملیۆنو حەوتسەدو پەنجاو دوو هەزار دینار دەکاتو ماوەی ساڵێکە رۆژنامەنووسێکی دیکەش خانەنشیکراوەو لە ماوەی (١٢) مانگی رابردوودا ئەویش (١٢٩٦٠٠) یەک ملیۆنو دووسەدو نەوەدو شەش هەزاری پێدراوەو کۆی گشتیان دەکاتە (٣٣) ملیۆنو (٤٨) هەزار دینار.

ئەمە لەکاتێکدایە، ماوەی پێنج مانگە سندووقەکە هیچ پارەیەکی تێدا نەماوە، بەوپێیەش لە ماوەی رابردوودا لەو (١٢٠) ملیۆن دینارەی حکومەت کە بۆ سندووقەکەی تەرخانکردووە (٨٦٩٥٢٠٠٠) هەشتاو شەش ملیۆنو نۆسەدو پەنجاو دوو هەزار دیناری بۆ دەستەی بەڕێوەبردنو کاری ئیداریی دەستەی خانەنشینی رۆژنامەنووسان تەرخانکراوە، کە زیاتر لە دوو ئەوەندەی رۆژنامەنووسە خانەنشینکراوەکان بۆ کاری ئیداریی دەستەکە خەرجکراوە.

لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە، شوان داودی، ئاشکرایکرد: «ئەو (٨٦) ملیۆن دینارە وەک مووچە دراوە بە ئەندامانی دەستەکە، لە کاتێکدا یەکێکیان بەڕێوەبەری گشتیی خانەنشینە لە وەزارەتی رۆشنبیرییو یەکێکی دیکەیان ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکایەو لە سەندیکا مووچەی هەیەو پێویست ناکات لە سندووقەکەش مووچەیان پێبدرێت».

وتیشی: «دەکرا ئەم سندووقە لە سەندیکا، یان لە وەزارەتی رۆشنبیریی دابنرێتو ژمێریارەکانی سەندیکا، یان وەزارەت بەو کارە هەستانایە، نەک فەرمانبەری بۆ دابنرێتو خەرجییەکەیان لەسەر سندووقەکە بکرێت بۆ خانەنشینکردنی تەنیا (٨) رۆژنامەنووس».

بۆ رێکخستنەوەی کاری سندووقەکەش، بە بڕیارێک وەزیری رۆشنبیریی کارەکانی دەستەی خانەنشینی رۆژنامەنووسانی راگرتووە.

د.کاوە مەحمود، وەزیری رۆشنبیرییو لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکیدا بە رۆژنامەی راگەیاند: «سندووقەکەمان رانەگرتووە، بەڵکو پارەی دیکەشمان بۆ تەرخانکردووە، بەڵام دووبارە رێکخستنەوەیەکی بۆ دەکەین بۆ ئەوەی پارەی سندووقەکە تەنیا بۆ خانەنشینی رۆژنامەنووسان بێت، نەک کاروباری ئیداریی، چونکە کاروباری دارایی مەسرەفێکی زۆری دەوێتو بۆ سندووقێکی وا پێویستی بە (١٠) کەس نییە مووچە لەسەر سندووقەکە وەربگرن».

بەپێی یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی (٢٠٠١)ی سندووقی خانەنشینی رۆژنامەنووسان، هەر رۆژنامەنووسێک (٢٥) ساڵ خزمەتی رۆژنامەنووسیی هەبێت، یان تەمەنی (٦٣) ساڵ بێتو (٢٠) ساڵ کاری رۆژنامەنووسیی کردبێت، یان لە کاتی ئەنجامدانی کاری رۆژنامەنووسیی تووشی پەککەوتەیی ببێتو چەند حاڵەتێکی دیکە، خانەنشین دەکرێت لەسەر سندووقی خانەنشینی رۆژنامەنووسان، کە دەستەیەک بەڕێوەی دەبەن، پێکدێت لە نوێنەری سەندیکاو وەزارەتی رۆشنبیرییو وەزارەتی دارایی.

لە زیندانەکانی کوردستان، ئەشکەنجەدان بەردەوامە 4

# تەنیا (٢٠٠) ملیۆن دۆلار لە داهاتی نەوت ئاشکرا کراوە

**بەرهەم خالید**

وەزارەتــی سامانە سروشتییەکان، (٢٠٠) ملیۆن دۆلار وەک داهاتی نەوت دەنێرێتە پەرلەمان‌و ئۆپۆزسیۆنیش پێیوایە؛ ئەو بڕە پارەیە زۆر کەمەو ناکاتە (١٥٪)ی داهاتی نەوت، وەزیری داراییش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات؛ کە جگە لەو بڕە پارەیە ئاگاداری هیچ داهاتێکی تری نەوت نییە.

پاش ئــەوەی لەلایەن ئۆپۆزسیۆنی کوردستانەوە داوای ئاشکراکردنی داهاتی نەوتی کوردستان کرا، وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێم، بڕی (٢٠٠) ملیۆن دۆلاری وەک داهاتی نەوت‌و لە چوارچێوەی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان ناردە پەرلەمان.

ئیسماعیل گەڵاڵەیی، ئەندامی لیژنەی دارایــی‌و پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گــۆڕان باس لــەوە دەکــات؛ کە ئەو بڕە پارەیەی هاتووەتە پەرلەمان، زۆر کەمەو گوزارشت لە داهاتی نەوتی هەرێم ناکات، هــەوەک دەڵێت: «ئەگەر داهاتی نەوتی کوردستان ئەو بڕە بێت، ئەوا پێویستە ئەو وەزارەتــە سیاسەتی نەوتی خۆی ڕابگرێت، چونکە سەرکەوتوو نییەو ئەو بڕە پارەیە بەشی چاککردنی ئەو جادانە ناکات، کە تەنکارەکانی نەوت گواستنەوە خراپی دەکــەن، بۆیە ئێمە ئەوە ڕەتدەکەینەوەو پێمانوایە؛ ئەوە سیاسەتێکی چەواشەکارانەیەو بە داهاتی نازانین‌و جۆرێکە لە هەڵخەڵەتاندن‌و کپکردنەوەی شەقام».



کوردستان خاوەنی نەوتێکی زۆرە بەڵام داهاتەکەی دیار نییە
فۆتۆ: ئینتەرنێت

لە چەند مانگی ڕابــردوودا نیچێرڤان بارزانی، سەرۆکی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم لە چاوپێکەوتنێکدا بە ڕۆژنامەی ئاوێنەی ڕاگەیاندبوو؛ ئەو بڕە پارەیە هی سەردەمی کابینەکەی ئەوە.

گەڵاڵەیی، لەوبارەیەوە دەڵێت: «کەواتە کابینەی شەشەم هیچ داهاتێکی نەبووە، لە کاتێکدا زۆرترین بڕی نەوت لەمساڵدا فرۆشراوەو ئێستاش ئــەوان تەنیا ئەو بڕەیان ناردووە، بەبێ هیچ وردەکارییەک، ئایا ئەو پارەیە لە چییەوە هاتووە کە ئــەوەش سیاسەتێکی هەڵخەڵەتاندنەو دەنگی بۆ نادەین‌و ئەو بڕە ناکاتە (١٥٪)ی داهاتی نەوتی کوردستان؟».

لای خۆیەوە، شێخ بایز تاڵەبانی، وەزیــری دارایــی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕۆژنــامــەی ڕاگەیاند: ئاگاداری هیچ داهاتێکی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان نییەو ئێستا ئەو وەزارەتە حسابی خۆیان کردووەتەوەو پارەکانیان لە بانکەکانی وەزارەتی داراییدایە، بەڵام نازانێت ئەو پارەیە چەندە، تەنیا ئەو بڕە نەبێت کە نێردراوەتە پەرلەمان.

لە ماوەی ڕابردوودا مەسەلەی بردنە دەرەوەی نەوتی کوردستان‌و نا شەفافی داهاتەکەی مشتومڕی زۆری لەنێوان ئۆپۆزسیۆن‌و دەسەڵاتدا دروستکردو ئۆپۆزسیۆن داوای ئاشکراکردنی ئەو داهاتەو چۆنێتی خەرجکردنی دەکەن.

حەمە سەعید حەمە عەلی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی یەکگرتوو باس لەوە دەکــات؛ کە ئەوان لەگەڵ ئەو مەبدەئەن کە بە شێوەیەکی یاسایی نەوت بفرۆشرێت، بەڵام داهاتەکەی شەفاف‌و دیاربێت‌و بزانرێت دەچێتە حسابی کوێوەو لە چیدا سەرفدەکرێت، وتیشی: «لــەگــەڵ ئــەوە نین کــە هیچ داهاتێکی نەوت دیارنەبێت‌و نەزانرێت دەچێتە حسابی چ شەخس‌و وەزارەت‌و لایەنێکەوە».

# پشوو، مووچەی جەژنی دواخست

**شارا عەبدولڕەحمان**

هەرچەندە بڕیاربوو پێش جەژن مووچەی سەرجەم فەرمانبەران خەرج بکرێت، بەڵام بەهۆی ئەو پشووەوە کە حکومەت ڕایگەیاند، مووچەی ژمارەیەکی زۆر لــە مامۆستایان‌و فەرمانبەران دواکەوت.

هەفتەی ڕابــردوو حکومەتی هەرێم ڕایگەیاند: بەهۆی هاتنی جەژنی قوربانەوە بڕیــاریــانداوە مــووچــەی فەرمانبەران پێش جەژنی قوربان خەرج بکەن، بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ڕۆژنامە کەوتوون، ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایان‌و فەرمانبەران مووچەیان پێنەدراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بڕیارەی کە ڕۆژی شەممەی ڕابــردوو حکومەت ڕایگەیاندو لە ڕۆژی یەکشەممەوە (١١/١٤) کرا بە پشووی فەرمیی لە سەرجەم دامودەزگا حکومییەکاندا، کە تا (١١/٢١) بــەردەوام دەبێت.

بەوهۆیەشەوە دوێنێ زیاتر لە (٣٠٠) کەمئەندام کە زۆربەیان لە ناوچەکانی دوورەوە هاتبوون، لە بــەردەم بنکەی وەرگرتنی مووچەکەیاندا لە سلێمانی مانیان گرت.

د.نــوری عوسمان، سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم بە «سبەی» ڕاگەیاند: بەهۆی جەژنی قوربان‌و دەستپێکردنی پشووی ڕەسمیی لە سەرجەم دامەزراوە حکومییەکاندا، ئەو فەرمانبەرانەی هێشتا مووچەی مانگی (١١) یان وەرنەگرتووە، پاش کۆتاییهاتنی پشوو مووچەیان پێدەدرێت.

# جێگری بەڕێوەبەری تاپۆی ڕانیە لە کارەکەی دووردەخرێتەوە

**ڕۆژنامە**

یاریدەدەری بەڕێوەبەری تۆمارکردنی خــانــووبــەرەی ڕانــیــە، لــە کــارەکــەی دووردەخــرێــتــەوەو لــە شوێنەکەی کادیرێکی یەکێتی دادەنرێت.

ئەنوەر قادر مستەفا، یاریدەدەری پێشووی بــەڕێــوەبــەری تۆمارکردنی خانووبەرەی ڕانیە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بە هۆی ئەوەی لایەنگری بزووتنەوەی گــۆڕانــم‌و ئەو موخالەفە یاساییانەم جێبەجێ نەکردووە، کە چەند بەرپرسێکی ڕانیە بە سەریاندا سەپاندووم، لەسەر کار لابراوم، مەڵبەندی یەکێتی کادیرێکی خۆیان بۆ شوێنەکەم دەستنیشانکردووە».

لــە بــەرامــبــەردا، جــەمــال حــەســەن، بــەڕێــوەبــەری تاپۆی ڕانییە هۆکاری لابردنی بۆ ئیجرائاتی ئیداریی دەگێڕێتەوەو بە ڕۆژنــامــەی وت: «لابــردنــی جێگر پەیوەندیی بە حیزبایەتییەوە نییە، ڕاستە ئەو گۆڕانەو بە ئاشکراش ئەوەی وتووە، بەڵام هۆکاری لابردنەکەی ئەوەبووە، کە پەیوەست نەبووە بە بڕیارەکانی ئێمەوە، لە کاتێکدا بەپێی یاسای ئینزیبات فەرمانبەر پەیوەستە بە جێبەجێکردنی ڕاسپاردەی بەڕێوەبەرەکەی ئەگەر نایاسایش بێت».

ئــەو بــەڕێــوەبــەرە، ئــەوەشــی ڕوونکردەوە؛ تەنیا دەسەڵاتی ئیمزاکردنی لە جێگرەکەی وەرگرتووەتەوە، ئەمەش پەیوەندیی بە دروستکردنی ڕۆتین بۆ مامەڵەی خەڵکەوە هەیە، نەک هۆکارێکی تر.

لای خۆیەوە، ئەنوەر ئەوە ڕەتدەکاتەوە هۆکاری لابردنی پەیوەست بێت بە دروستکردن کێشە بۆ خەڵک‌و وتی: «خەڵک دەزانێت ئێمە چەند بە تەنگ ئیشوکاری هاوڵاتییانەوە بووین، بۆیە بە دڵنیاییەوە ئەگەر گۆڕان نەبوومایە، ئێستا بــەڕێــوەبــەری تاپۆ دەبــووم، هەروەک خۆشیان وتوویانە، پێویستە سەرۆکایەتی حکومەتیش بزانێت سزای سیاسیی ماوە».

# هیچ لایەنێک، ئیمزای لەسەر داخوازییەکانی کورد نەکردووە

**پشتیوان سەعدوڵڵا**

هــەرچــەنــد پێشتر ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان ڕایانگەیاندبوو؛ بەبێ ئیمزاکردنی کارنامە (١٩) خاڵییەکەی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، ناچنە هیچ ڕێککەوتنێکەوە، بەڵام تەنیا بە زارەکیی ڕەزامەندیی لەسەر کارنامەکە دراوەو تائێستا هیچ لایەنێکی عێراقیی ئیمزای لەسەر نەکردووە.

نەجیب بــاڵــتــەیــی، ئەندامی وەفدی دانووستکاری نێوان لایەنە کوردستانییەکان‌و لایەنە عێراقییەکان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «هاوپەیمانی نیشتمانیی بە زارەکیی ڕەزامەندیی لــەســەر داواکــاریــیــەکــانــی کــورد دەربڕیوەو بەڵێنی جێبەجێکردنیان داوە، بەڵام واژۆ نەکراوە، لیژنەیەک لەنێوان لایەنەکاندا پێکهێنراوەو تائێستا لەسەر (٧) مەسەلە ڕێککەوتووین، مەسەلەکانی تر ماون، بە زووترین کات لیژنەکە دادەنیشن‌و ئەو وەرەقانەی تریش تەواو دەکەن‌و دواتر بە یەک «پاکێج» هەموو مەسەلەکان لە لایەن ســەرکــردەی لایەنەکانەوە ئیمزای لەسەر دەکــەن‌و وەکــو وەسیقەی شەرەف حسابی بۆ دەکرێت.



کۆبوونەوەی لایەنە سیاسییە عێراقییەکان لە هەولێر
فۆتۆ: ئینتەرنێت

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کە لە شــاری هەولێر ڕێکیخستبوو ئاشکرایکرد؛ پشتیوانیی هەموو لیستەکانمان کرد بە عێراقییەو هاوپەیمانی نیشتمانیی، ئامانجمان ئەوە بوو کە هەموویان کۆ بکەینەوە، وتیشی: «بابەتی گفتوگۆکانی نێوان کوتلەکان دەبێت جێبەجێ بکرێت، هەر لایەنێک ڕەچاوی نەکات‌و پێشێلی بکات، کێشەی گەورەی لێدەکەوێتەوە، سەبارەت بە مافەکانمان هیچ سازش نەکراوەو حکومەت پێکنایەت هەتا ئەم خواستانەمان گەرەنتی نەکرێت».

چاودێرانی سیاسیی مەترسیی خۆیان پیشاندەدەن لــەوەی، کورد لە پێناوی بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆکی کۆمارو بە یەکگەیاندنی لایەنە عێراقییەکان، داخوازییە سەرەکییەکانی فەرامۆش بکرێت.

بــە بــڕوای یــوســف محەمەد، مامۆستای زانستیی سیاسیی «مەترسیی ئــەوە لە ئــارادایــە، کە داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان کە خۆی لە کارنامەی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا دەبینێتەوە، کرابێتە قوربانیی سەرکەوتنی دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێم بۆ لێکنزیککردنەوەی لیست‌و لایەنە سیاسییەکانی عێراق‌و بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق».

ئەو پسپۆڕە سیاسییە جەخت لەوە دەکاتەوە؛ کە کورد یەکێکە لە لایەنەکانی ململانێ لە عێراقدا، نەک لایەنی ناوبژیوان، چونکە لە ڕابردوودا کورد ڕۆڵی ناوبژیوانی بینیوەو بە زیانیش بۆ خۆی شکاوەتەوەو هەمیشە سازشی کــردووەو داخوازییەکانی خۆی فەرامۆشکردووە.

# مامۆستا سەربەخۆکان ڕووبەڕووی هەڕەشە دەبنەوە

**ڕۆژنامە**

سەرپەرشتیاری لیستی سەربەخۆی مامۆستایان، ئەوە دەخاتەڕوو: «شەپۆلێکی چاوسوورکردنەوە لە لایەن بەڕێوەبەرانی پەروەردەوە کراوەتە سەر مامۆستایانی سەربەخۆ، تا پەشیمان ببنەوە لە بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنی یەکێتیی مامۆستایان.

لە بەیاننامەیەکدا لیستی سەربەخۆی مامۆستایان، ڕای گشتیی‌و مامۆستایانی ئاگاداردەکاتەوە، کە لەم ڕۆژانەی دواییدا بە مەبەستی ترساندنی ئەو مامۆستایانەی کە پشتیوانیان لە لیستەکەمان کــردووە لە سنووری پــەروەردەی شارباژێڕو دەربەندیخاندا، شەپۆلێکی گوشارو چاوسوورکردنەوە لە لایەن لێپرسراوانی پەروەردەوە کراوەتە سەر ئەو مامۆستا بەڕێزانە تا پەشیمانیان بکەنەوە.

لەو بەیاننامەیەدا لیستی ناوبراو دەڵێن: ئێمە وەک لیستی مامۆستایانی سەربەخۆ، ئەم جۆرە ڕێوشوێنانە بە دەستدرێژیکردنە سەر ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان‌و پێشێلکردنی ساکارترین مافی ئەوان دەزانین، کە ئەویش «مافی هەڵبژاردنە».

نەوشیروان حەمە غەریب، سەرپەرشتیاری لیستی سەربەخۆی مامۆستایان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا فشارێکی زۆر خراوەتە سەر مامۆستایانی سەربەخۆو هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەی لیستەکەمان کــراوەو تەنانەت هەڕەشەی گواستنەوەو فەسڵکردن لە مامۆستایان کراوە، بۆ ئەوەی پەشیمان ببنەوە».

## (٣٦) هەزار خێزان ناویان تۆمارکراوە

# ژمارەی ئاوارە عەرەبەکان لە هەرێم، روو لە زیادبوونە

راپۆرتی: دلێر عەبدولخالق

سەرەڕای بوونی (٩٠٠٠) خێزانی عەرەب و (١٥٠) خێزانی مەسیحی لە سلێمانی، بە هۆی ئەو رووداوە خوێناوییانەی مەسیحییەکانی لە بەغدا کردووە بە ئامانج، ژمارەیەکی تر خێزانی مەسیحی ئاوارە دەبن و لە کەنیسەی سلێمانی دەگیرسێنەوە.

بەپێی ئەو داتاو ئامارانەی لە بەڕێوەبەرێتی کۆچو کۆچبەرانی سلێمانی تۆمار کراوە، لە مانگی شوباتی (٢٠٠٦) وە (٨٨٥٧) خێزانی عەرەب لە ناوەڕاست و خوارووی عێراقەوە روویان لە سلێمانی کردووە، لەسەر ئاستی هەرێمیش ناوی (٣٦) هەزار خێزانی عەرەب تۆمار کراوە، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی ناوبراویش تێکچوونی ئەمنیی ئەم دواییەی عێراق بە هۆکاری هاتنی ژمارەیەکی بەرچاو لە خێزانی عەرەب بۆ ناوچەکە دەزانێت.

جەبار محەمەد عەلی فەرەج، بە رۆژنامەی راگەیاند: «خراپیی دۆخی ئەمنیی کاریگەریی گەورەی دەبێت لەسەر هاتنی خێزانە عەرەبەکان بۆ هەرێمی کوردستان، بەتایبەت برا مەسیحییەکان».



خێزانێکی عەرەب لەناو کەنیسەی ماریوسف لە سلێمانی

ئەو بەڕێوەبەرێتییە لە نیسانی (٢٠٠٨) لە سلێمانی بە ئامانجی هاوکاریی خێزانە ئاوارەکان و دیپۆرتکراوەکانی وڵاتانی دەرەوە کراوەتەوە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە بەپێی بڕیاری وەزارەتی کۆچو کۆچبەرانی عێراق لەم کاتەدا ناتوانن دۆسییە بۆ هیچ خێزانێکی هاتوو بکەنەوە، هەروەک رێگرییەکی ئەوتۆش نییە لە هاتنی ئەو خێزانانە، بە تایبەت ئەگەر پارێزگاو ئاسایشی سلێمانی ئاگاداربن.

جەبار محەمەد عەلی، وتیشی: «پەیوەستین بە بڕیاری وەزارەتی پەیوەندیدار لە عێراق، بۆ تۆمارنەکردنی ئەو خێزانانەی لەم دواییە روو لە سلێمانی دەکەن، واتە ناتوانین هیچ هاوکارییەکیان بکەین، هاوکات جگە لەو ژمارەیەی لای ئێمە تۆمارکراون، پێدەچێت ژمارەیەکی زیاتر خێزان جێگیربووبن، کە سەردانی بەڕێوەبەرێتییەکەی ئێمەیان نەکردووە».

لەم مانگەدا، مەسیحییەکانی بەغدا رووبەڕووی گەورەترین هێرشی تیرۆریستی بوونەوە، بە تایبەت پەلاماری کلێسای (سەیدە نەجات)، کە جگە لە (٧) پیاوانی ئاسایش (٤٧) مەسیحی لەنێویاندا (٢) کاهین بوونە قوربانیی، بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ هەڕەشەی قاعیدە بەرامبەر مەسیحییەکان بەردەوامە، لەو چوارچێوەیەو لە ترسی گیانیان، ژمارەیەکی بەرچاو لە خێزانە مەسیحییەکانی بەغدا روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە.

لەتیف پۆلس، ئەندامی لیژنەی وەرگرتنی خێزانە مەسیحییە هەڵاتووەکان لە کەنیسەی مار یوسف، لە سلێمانی بە رۆژنامەی وت: «تائێستا (٨) خێزان کە لە (٣٨) کەس پێکهاتووە، گەیشتوونە سلێمانیو چاوەڕێی ژمارەیەکی تر خێزانین، کە بڕیارە بە چەند وەجبەیەک بگەنە کەنیسە».

لەبارەی رێوشوێنی مانەوەیان، پۆلس ئاماژەی بەوە کرد؛ ئەو خێزانانە لەناو هۆلی کەنیسە جێگیر دەکرێنو کۆمەکی چەند رێکخراوێکی خێرخوازییان پێ گەیشتووە، بەڵام بەهۆی کەمیی ئیمکانییەتی کەنیسەوە، چاوەڕێی حکومەتی هەرێمو خێرخوازانین، کە ئاوڕ لەو خێزانانە بدەنەوە.

## کەمپەینی «سەرۆک ئیمزای مەکە» دەستی بەکارکرد

# هاوڵاتییان داوای یاسایەکی مەدەنی بۆ رێکخستنی خۆپیشاندان دەکەن

راپۆرتی: سەنگەر جەمال

شاسوار، داوا لە سەرۆکی هەرێم دەکات یاسایەک ئیمزا نەکات کە بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکانی خەڵک لە پەرلەمانی کوردستان تێپەڕێنرا.

شاسوار قادر، (٢٢ ساڵ) خوێندکارێکی زانکۆی سلێمانییە، ئەو یەکێک بوو لەو کەسانەی لەگەڵ دانانی مێزو کاغەزی واژۆکردن بۆ رەتکردنەوەی یاسای خۆپیشاندان لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە سەرەی گرتبوو، دەیویست زوو واژۆکەی بکاتو لەو رێیەوە بە سەرۆکی هەرێم بڵێت: «ئیمزا لەسەر یاسای خۆپیشاندان مەکە، کە لە پەرلەمانی کوردستان بە زۆرینەی دەنگ لە دژی ئازادییەکانی خەڵک پەسەند کرا».

ئەو خوێندکارە ئاماژە بەوە دەکات؛ هاوپیشەکانی ئەو توێژەن کە زۆرجار لە دژی بڕیارو بۆ دەربڕینی ناڕەزاییەکانیان دێنە سەرشەقامو خۆپیشاندان ساز دەکەن، ئەوەش بە مافێکی سروشتیی دەزانێت، بۆیە وتی: «داوا دەکەم خەڵک بە گشتییو بە تایبەت خوێندکاران لە دەستپێشخەری ئەم کەمپەینە بەشداربنو ئیمزا بکەنو داوا بکەن سەرۆکی هەرێم یاسای خۆپیشاندان بۆ پەرلەمان بگەڕێنێتەوە، بۆ ئەوەی نەهێڵن لە رێی یاساوە دەست بخرێتە ژیانمانەوەو مافەکانمان زەوت بکرێتو ئازادیمان بەرتەسک بکرێتەوە»، وتیشی: «پێویستمان بەوە هەیە بەو ئیمزاکردنە بەرگریی لە خۆمانو مافەکانمان بکەین بە تایبەت خوێندکارانو گەنجان کە زۆرجار بڕیار دەردەچێت لە دژی بەرژەوەندییەکانیان».

ناڕەزاییەکان لەسەر یاسای خۆپیشاندان پەرە دەسەنێتو جگە لە فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانی کوردستان، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو هاوڵاتییانیش لە رێی ئیمزاکردنەوە داوای رەتکردنەوەی یاساکە دەکەنو داوا دەکەن سەرۆکی هەرێم بیگەڕێنێتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی دووبارە گفتوگۆی لەسەر بکرێتو مەوداکانی ئازادیی تێدا فراوان بکرێت.

لەو چوارچێوەیەشدا لە شاری سلێمانی کەمپەینی «تکایە سەرۆک ئیمزای مەکە» لە لایەن چەند چالاکوانێکی کۆمەڵەی مەدەنیو رۆژنامەنووسو رۆشنبیرێکەوە پێکهات، کە یەکێک لە کارەکانیان هەڵمەتی واژۆکۆکردنەوەی هاوڵاتییانە، بۆ ئەوەی ناڕەزاییەکانی خەڵک بیگەیەننە سەرۆکی هەرێمو داوای لێبکەن واژۆ لەسەر یاسای خۆپیشاندان نەکات.

لە یاداشتێکیشدا کە پێنجشەممەی رابردوو ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێمیان کرد، کەمپەینەکە داوای ئیمزا نەکردنو گەڕاندنەوەی یاساکە دەکات بۆ پەرلەمانی کوردستان، بەوپێیەی تێیدا «سەرەتاییترین مافی سیاسیی خەڵک بۆ بەدەستهێنانی داواکارییەکانیانو دەربڕینی ناڕەزایەتییەکانیان بە خۆپیشاندانو کۆبوونەوە زەوتدەکرێت».

هەروەک لە یاداشتەکەدا هاتووە: «ناچارکردنی خەڵک بۆ مۆڵەت وەرگرتنو لەقالبدانی داواکارییو سنووردارکردنی کاتو خواستو بیری خەڵک بۆ دەنگهەڵبڕین بەرامبەر خراپیی باری گوزەرانو خزمەتگوزاریی سەرەتایی ناوەڕۆکی ئەو پرۆژەیاسایەیە، کە زۆرینەی پەرلەمانتارانی سەر بە دەسەڵات پەسەندیان کردووە».

سالار محەمەد، (٥٥) ساڵ هاوڵاتییەکی دانیشتووی شاری سلێمانییە، دوای ئەوەی واژۆی کرد لەسەر ئەوەی داوا بکرێت سەرۆکی هەرێم یاساکە ئیمزا نەکات، بۆ رۆژنامە وتی: «حەزدەکەم خۆپیشاندان هەبێتو ئەو مافە لە خەڵک نەسەنرێتو ئازادییەکان بەرتەسک نەکرێتەوە، چونکە ئەگەر بەم شێوەیە بێت ناتوانین وەک پێویست داوای مافی خۆمان بکەین، بۆیە دەبێت بە ئازادیی خۆپیشاندان بکەین»، داواشی لە خەڵکی کوردستان کرد، لە هەموو ناوچەکان ئیمزا کۆبکەنەوەو خۆپیشاندان بکەن دژی پەسەندکردنی ئەو یاسایە، بەوپێیەی ئەوە دژی مافی خەڵک پەسەند کراوە: «چونکە ئێمە نامانەوێت دژی حکومەت بین، بەڵام دەمانەوێت لەو کاتەدا کە غەدرمان لێدەکرێت، خۆپیشاندان بکەین، یان بە ئازادیی داوای ئاو و کارەبا بکەین».

هەروەک جەلال عومەر، (٥٠) ساڵ کە هاوڵاتییەکی کاسبکارە، دوای ئیمزاکردنەکەی وتی: «خەڵک چی پێ خۆش بێت، لەگەڵیدام، دەبێت دەسەڵات لەگەڵ ویستو رای خەڵکدا بێت، بۆ ئەوەی لێیان رازی بین، نەک ئازادییو مافەکانمان لێ بەرتەسک بکرێتەوە».

ئەو پێیوایە؛ خۆپیشاندان مافێکی سروشتیو ئازادیی خەڵکەو یەکێکە لە بنەماکانی دیموکراسی، کە حکومەتو دەسەڵاتداران باسیدەکەنو دەڵێن: «دابینمان کردووە بۆ خەڵک».

یاسای رێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان لە (١٨) مادە پێکهاتووەو رۆژی ٢٠١٠/١١/٣ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بە زۆرینەی دەنگی (٥٦) پەرلەمانتار بەرامبەر (٤٢) دەنگی دژ، پەسەند کرا.

فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆنو چاودێرانو چالاکوانانی کۆمەڵی مەدەنی، پێیانوایە؛ چەندین دەستەواژەو زاراوە لە یاساکەدا هەیە، کە لاستیکییو گشتینو وا دەکات دەسەڵاتی جێبەجێکار بتوانن سوودی لێوەربگرنو بەرژەوەندیی کەسییو میزاجی خۆیان کاریگەریی هەبێت لە رێگریی لە خۆپیشاندان، هەروەها پێیانوایە؛ یاساکە لەگەڵ رۆحی دیموکراسیو بنەما نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤدا نایەتەوەو رێگر دەبێت لە بەردەم ئازادییەکانی خەڵکدا.

لە درێژەی ناڕەزایەتییەکانیشدا رۆژی پێنجشەممەی رابردوو زیاتر لە (٤٠) رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان ناڕەزایی خۆیان دووپاتکردەوەو داوایان کرد، کە یاسای خۆپیشاندان لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە واژۆ نەکرێتو دووبارە بگەڕێنرێتەوە بۆ پەرلەمان.

لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیشدا رایانگەیاند: ئەگەر سەرۆکی هەرێم واژۆ لەسەر یاساکە بکات، ئەوا لەو رۆژەدا خۆپیشاندانی سەرتاسەریی رادەگەیەنن، بەبێ ئەوەی مۆڵەت وەربگرن، وەک ئەوەی لە یاسای خۆپیشاندانی پەسەندکراوی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە.

هەروەک ئەندامانی کەمپەینی «سەرۆک ئیمزای مەکە» لە بەردەرکی سەرای شاری سلێمانی رایانگەیاند: لە ئێستاوە ئیمزا کۆدەکەنەوەو چالاکیی ئایندەیان دەکەوێتە دوای جەژنی قوربان، دوای ئەوە بەردەوام دەبنو «یەکێک لەو خاڵانەی گفتوگۆمان لەسەر کردووە ئەنجامدانی خۆپیشاندانە، ئەگەر وەڵامی پۆزەتیڤ نەدرایەوەو یاساکە واژۆ کرا، ئەوا شوێنی تر بەسەر دەکەینەوە، چونکە پرۆژەیاسای پێشنیازکراو، کە بەرزکراوەتەوە بۆ سەرۆکی هەرێم، لەگەڵ یاسای عێراق ناکۆکە لە بڕگەی مۆڵەت وەرگرتن بۆ خۆپیشاندان، بۆیە دەتوانین دادگای دەستووریی عێراق ئاگاداربکەینەوە لەسەر ئەوەی یاسایەک لە هەرێمی کوردستان دەردەچێت، کە لەگەڵ یاسای مەکەزدا ناکۆکە».

ئەندامێکی کەمپەینەکە، وتیشی: «لە ئەگەری ئیمزاکردنی سەرۆکی هەرێم لەسەر یاساکە هاوپێچ داوای یاسایيو لیستی واژۆکراوی هاوڵاتییان پێشکەش بە دادگای فیدراڵیی عێراق دەکەین، ئەگەر ئەوانیش بە هەند وەریان نەگرتو کاری لەسەر نەکرا، لە ئێستاوە رایدەگەیەنین کە بایکۆتی ئەو یاسایە دەکەینو بۆ خۆپیشاندانو کۆبوونەوە گشتییەکانمان مۆڵەت وەرناگرین».




ئایا سەرۆکی هەرێم یاساکە ئیمزا دەکات؟

فۆتۆ: سەنگەر جەمال

سەرۆکی نووسینگەکانی پەرلەمان بە تەوافوق دادەنرێت 6

# لە زیندانەکانی کوردستان، ئەشکەنجەدان بەردەوامە

**ڕاپۆرتی: بەرهەم خالید**

هـێـشـتـنـەوەی ڕاگـیـــراوان بەبێ دادگاییکردنو نەبوونی شوێنی شایستە بە سـزادراوانو ئەشکەنجەدانو تێکەڵکردنی سزادراوان،گەورەترین گرفتی بەندیخانەکانی کوردستانن.

ڕەوشـــی زیندانییانو ڕاگـیـراوان لە بەندیخانەو چاکسازییەکانی کوردستان، ڕوو لە باشیی نییەو میزاجی شەخسی لەمامەڵەکردنو خروقاتو پێشێلکاریی دژ بە مافی زیندانییان لەزۆربەی گرتووخانەکاندا بەدیدەکرێت.

پـاش ئـــەوەی هـەفـتـەی ڕابـــردوو، ڕۆژنـــامـــەی (ڕۆژنـــامــە) دوو نامەی لە زیندانییەکانی بەندیخانەی محەتەی هەولێرو بەندیخانەی مەعەسکەر سەلامی سلێمانی بڵاوکردەوە، کە تێیاندا زیندانییان داوای ڕاگرتنی ئەشکەنجەدانی دەروونـیـیو جەستەییان کردبوو، هەروەها ڕووداوەکانی خۆخنکاندنی چەند زیندانییەکی ئاشکرا کرد، ئەوەش نیگەرانیی لە ناوەندە ڕەسمییەکاندا دروسـتـکـردو وەزارەتـــی کـاروبـاری کۆمەلایەتی، لیژنەیەکی بۆ لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوانە پێکهێنا.

د.کـاوە مەحمود، وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە، ڕایگەیاند: ئەوان بە وردیی بەدواداچوون بۆ ڕاپۆرتەکانی مافی مرۆڤـو ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستان دەکەنو درک بە کەموکورتییەکانی، وەک خراپیی بیناکان دەکەن کە لەسەر بنەما نێودەوڵەتییەکان دروستنەکراون، دەڵێت: «هیچ پێشێلکارییەکی مافی مرۆڤ لە زیندانەکاندا قبووڵ ناکەینو مافی هەموو زیندانییەکیشە کە سکاڵا تۆمار بکاتو حکومەتیش گوێیان لێدەگرێت».

هەروەها، وتیشی: «هەوڵی ئەوە دەدەین کە بیناو شوێنی گونجاو بۆ زیندانییان دروست بکەین، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ ئەو کەسانە ئامادەبکرێن بۆ گەڕانەوە بۆ ناو کۆمەڵگا، چونکە مەبەست لە سزادان، تۆڵەکردنەوەو ئیهانەکردن نییە».



کەی بارودۆخی زیندانیان چاک دەکرێت؟

فۆتۆ: ئەرشیف

وەک لە نامەی زیندانییەکەی بەندیخانەی چاکسازیی گەورانی سلێمانیدا هاتووە: «هەر سزادراوێک کە دێتە ناو ئەم شوێنە، هەڵسوکەوتی وەهای لەگەڵ دەکرێت کە لە لایەنی دەروونییەوە سەدان جاری تر تێکدەشکێتو بەپێی میزاجی ئەو پاسەوانانەی کە لەوێن، هەڵسوکەوت دەکرێت بە لێدانو ئەشکەنجەو کەلەپچەکردن».

سەرگوڵ ڕەزا حەسەن، ئەندامی لیژنەی مافی مـرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان، جەخت لە خراپیی مامەڵەکردن لەگەڵ بەشێک لە زیندانییان دەکاتەوەو باس لەوە دەکات، کە زۆربەی کاری لیژنەکەیان تەرخانکراوە بۆ ڕەوشـی زیندانەکانو بەم نزیکانەش ڕاپۆرتێک لەسەر ڕەوشی زیندانییەکانی هەرێم ئامادەدەکەین.

وتیشی: «لە کاتی سەردانەکانمان بۆ بەندیخانەکانی هەولێروسلێمانی،زیندانییەکان لە نزیکەوە باسیان لەوە کردووە کە لەکاتی لێکۆڵینەوەدا، ڕووبـەڕووی ئەشکەنجە بـوونـەتـەوەو هـەروەهـا سـزادراوەکـان بەپێی جۆری تاوانەکانیان تێکەڵاوو جیا نەکراونەتەوەو تێکەڵاوکراون».

لە هەرسێ پارێزگاکەی کوردستان (١٧) بنکەی گرتنو بەندیخانەو چاکسازیی تێدایە، بەم شێوەیە: (فەرماندەی گرتنو گواستنەوەی هەولێر، بەڕێوەبەرێتی گرتنو گواستنەوەی سلێمانی، چاکسازیی پیاوانی هەولێر، چاکسازیی ئافرەتانی هەولێر، چاکسازیی نەوجەوانانی هەولێر، چاکسازیی سلێمانی بەشی پیاوان، چاکسازیی سلێمانی بەشی ژنان، چاکسازیی سلێمانی بەشی نەوجەوانان، خانەی تێبینی، چاکسازیی پیاوانی دهۆک، چاکسازیی ئافرەتانی دهۆک، چاکسازیی نەوجەوانی دهۆک، ئاسایشی گشتی هەولێر، ئاسایشی هەولێر، ئاسایشی گشتی سلێمانی، ئاسایشی سلێمانی، ئاسایشی دهۆک). ئەمەش جگە لە هەردوو بەندیخانەی فیدراڵی سوسێو بەندیخانەی قەڵا سپیەکە لە چەمچەماڵ.

لەلای خۆیەوە سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان، ئاماژە بۆ ئەوەدەکات: بەردەوام سەردانی زیندانییەکانو چاکسازییەکان دەکەنو کەموکورتییەکانیان دەستنیشانکردووەو ئەوەی پێیان کرابێت، ڕاستەوخۆ قسەیان تێدا کردووەو ڕاپۆرتی خۆشیان داوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمانو ئەوانیش ناردوویانە بۆ حکومەت.

سـالار مەحمود، پێیوایە: نەبوونی شوێنی شایستە بە سزادراوان بە مەبەستی چاکسازیی، گەورەترین گرفتە بەرامبەر ئـەرکو ڕاپەڕاندنی بەرپرسیارێتی بۆ بەڕێوەبەرو کارمەندەکانی چاکسازییو پرۆسەی چاکسازیی سزادراو، چونکە ئەو بینایانە بەشێکیان پێشتر سەربازگەبوونو تایبەت نین بە چاکسازییو وتی: «ئەوە ناشارینەوە کە لێرەو لـەوێ، هەندێکجار میزاج تەحەکوم بە کۆمەڵێک حاڵەتەوە دەکاتو خروقات دەکرێت، بۆیە پێویستە ئەو کەسانەی دادەنرێن وەک چاودێرو پۆلیسو کارمەند، خەڵکانی خاوەن بڕوانامە بنو خولی هۆشیارییو مەدەنییان پێبدرێتو ڕابهێنرێن لەسەر هەستیاریی مامەڵەکردن لەگەڵ زیندانیو ڕەچاوی بنەماکانی مافی مرۆڤ بکەن، چونکە بەرنامەی حکومەت چاکسازییەو مامەڵەی مرۆڤدۆستانەیە لەگەڵ زیندانییان».

دەربارەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤیش لە زیندانەکانداو هەڵوێستی لیژنەکەیان، سەرۆکی لیژنەی مافی مـرۆڤ دەڵێت: «بـەدواداچـوون بۆ ئەو دۆخانە دەکەینو بێدەنگ نابین لێیان، چونکە ئەرکی ئێمەیە چاودێریی ئەو پرۆسانە بکەینو بەپێی یاسای مامەڵەیان لەگەڵ بکەینو دڵخۆشین کە سیاسەتی حکومەتیش بە ئاراستەی کەمکردنەوەی تاوانە».

یەکێکی تر لە گرفتی زیندانییەکان، هێشتنەوەی ڕاگـیـراوانـە بۆ ماوەیەکی زۆر بـەبـێ دادگـایـیـکـردن، هەربۆیە فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن پرۆژەیاسای قەرەبووکردنەوەی ڕاگیراوانیان پێشکەشی پەرلەمان کردووەو ئامادەی گفتوگۆکردنەو هەروەها پرۆژەیاسای لێبووردنی گشتیی لە پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە.

سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمان، ئاماژە بۆ ئـەوە دەکـات: پشتگیریی ئەو پرۆژەیاسایەی ئۆپۆزسیۆن دەکـاتو پێویستیشە پرۆژەیاسای لێبووردنی گشتی لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە بەهەند وەربگیرێت: «ئێستا داواکارییەک هەیە بۆ دەرکردنی لێبووردنی گشتیی کە پێمانوایە، تاوان کەمدەکاتەوەو پێویستە حکومەتیش هاوکاریی پەرلەمان بێت بۆ ئەو پرۆسەیە».

# پەرلەمان دەستەوەستانە

## حکومەت وەڵامی ٢٩ پرسیاری ئەندامانی پەرلەمان ناداتەوە

**هاوڕێ عەبدوڵڵا**

حکومەتی هەرێم، وەڵامی زیاتر لە (٣٠) پرسیاری پەرلەمانتارانی نەداوەتەوەو ئەندامێکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، داوادەکات کە بەرهەم ساڵح، سەرۆکی حکومەتی هەرێم، بانگ بکرێتە پەرلەمان بە مەبەستی لێپێچینەوە.

لە یاداشتێکدا بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، د.زانا ڕەئووف، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، ئەوە دەخاتەڕوو «لـەبـەر ئـەوەی سـەرۆکـی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، لە دەرفەتی یاساییدا وەڵامی ئەو پرسیارانەی ئێمەی نـەداوەتـەوە کـە ئـاراسـتـەی بەڕێزیان کـراوە، لـەبـەرئـەوە داواکـــارم لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانەوە بە نووسراوێکی فەرمیی داوابکرێت، بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، هەواڵەی پرسینەوە بکرێت بۆ لێپێچینەوەی تایبەت بەو پرسیارانەی کە ئاراستەیان کراوەو وەڵامیان نەداوینەتەوە».

لە مـاوەی ڕابـــردوودا، ژمارەیەک لە پەرلەمانتاران، بەتایبەتی پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن، چەندین پرسیاریان ئاراستەی سەرۆکی حکومەتو وەزیرەکان کردووە، بـەڵام تا ئێستا وەڵام نـەدراونـەتـەوەو سەرۆکایەتی پەرلەمان نووسراوێکی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم ناردووەو تێیدا ئەوە خراوەتەڕوو، حکومەتی هەرێم وەڵامی (٢٩)پرسیاری پەرلەمانتارانی نـەداوەتـەوەو داواش لە ئەنجومەنی وەزیران کراوە، بە زووترین کات وەڵامی پرسیارەکانی پەرلەمانتاران بداتەوە.

د.زانـا ڕەئـووف، ئەندامی پەرلەمانی کـوردسـتـان، بە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند: پەرلەمانتاران، چەندین پرسیاریان ئاراستەی سەرۆکی حکومەتو وەزیرەکان کردووەو لە بەرامبەردا هەندێک لە وەزیرەکانو لە نێویشیاندا بەڕێز سەرۆکی حکومەت، ئـامـادەش نین وەڵامـی پرسیارەکانی پەرلەمانتاران بدەنەوە.

هەروەها پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، باسی لەوەش کردووە: «ئەگەر حکومەت لە دەرفەتی یاساییدا وەڵامی پرسیاری ئەندامەکەی نەدایەوە، بۆ ئەمەی دوایـی ڕەوایـە، هـەواڵـەی پرسینەوەی بکات».

د.زانا، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکات: «ئەوپەڕی تواناکانی خۆی بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی بتوانێت وەزیرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچار بکات تا لە ماوە یاساییەکاندا وەڵامی پرسیارەکانی پەرلەمانتاران بدەنەوە، ئەگەر نا، پەرلەمان دەسەڵاتەکانی بەکاربهێنێت لە ناچارکردنی وەزیـرەکـان بە پێویستی ئامادەبوون لـەبـەردەم پـەرلـەمـانـدا، بە مەبەستی لێکۆڵینەوەو لێپێچینەوە لەگەڵیاندا، چونکە بە هەموو پێوەرێکی یاسایی، ناکرێت پەرلەمان دەستەوەستان بوەستێتو نەتوانێت لێپێچینەوە لە وەزیرەکان بکات».

# بنکەکانی پۆلیس کرێچین

**ئاکام ئەبوبەکر**

زۆریک لە کەرتو بنکەکانی پۆلیسی سلیمانیو دەوروبەری، گرفتی نەگونجانی شوێنو بچووکیی بیناکانیان هەیەو بەشێکی زۆریشیان لەخانووی کرێدان.

بنکەکانی (سـەرا، هـەواری شار، ڕۆژهـەلات) لە نموونەی ئەو بنکانەی پۆلیسن کە لە خانووی کرێدانو بیناکەیان گونجاو نییە بۆ بنکەی پۆلیس.

ڕەئووف مەحمود عەلی، بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرتی سـەرا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «شوێنەکەمان نەگونجاوە، چونکە کەوتووەتە ناو ماڵانەوەو بیناکەش کرێیە».

هـەروەک، ئاسۆ عومەر ئەحمەد، لێپرسراوی ڕاگەیاندنی پۆلیسی پارێزگای سلیمانی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «زۆرێک لەو بنکانەی کە تازە دەکرێنەوە، لەبەر نەبوونی بینا، ناچار دەچنە ناوخانووی کـرێـوە، زۆریکیشیان شوێنەکانیان نەگونجاوە».

جگە لە نەبوونی بینا گرفتێکی دیکەی بنکەکانی پۆلیس، کۆنییو خراپیی بیناکانە، کە بەشێکیان دروستکردنیان دەگەڕێنەوە بۆ زیاتر لە (٦٠) ساڵ پێش ئێستا.

ئیسماعیل نوری عەزیز، بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرتی سەرچنار بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «کەرتەکەمان نزیکەی ساڵی (١٩٥٠) دروستکراوە، چەند جارێک نۆژەنکراوەتەوە».

سەبارەت بە شوێنی بەندکردنی کاتیی، ڕەئـووف مەحمود عەلی، وتی: «شوێنێکی ئەوتۆمان نییە بۆ بەندکردنی کاتیی، ئێمە بەندکراو لە لای خۆمان ناهێلینەوە»، هەروەک ئیسماعیل نوری عەزیزیش، بۆ ڕۆژنامەی ئاشکراکرد؛ گرفتی شوێنی چاوەڕوانییان هەیە، فەرمانی دادگا کەسەکە، یان ڕەوانەی بەندینخانەی چاکسازییو گرتنو گواستنەوە دەکرێت، یان ئازاد دەکرێتو ڕێوڕەسمی یاسایی دەگرینە بەر.

سـەبـارەت بـە گرفتی ڕاگرتنی دەستبەسەرەکان لە بنکەکانی پۆلیسدا بـەڕێـوەبـەری ڕاگەیاندنی پـۆلـیـس ئـاشـکـرای کرد: لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراقو فراوانبوونی شاری سلێمانی دەیان بنکە لە سلێمانیو دەوروبـەری کراوەتەوە، هەرچەندە لەچاو فراوانبوونی شارەکەدا هەر کەمە، بەڵام لەبەر نەبوونی بینا نەتوانراوە بنکەکان زیاتر بکرێن، بۆ ئەو مەبەستەش لە ماوەیەکی نزیکدا (٧) بینامان بۆ دروست دەکرێتو زۆریک لە گرفتەکانی بنکەکان چـارەسـەر دەکات.



## سەلام عەبدوڵڵا ئەندامی سەرکردایەتی پارتی لە سلێمانی:

# لەگەڵ بوونی (لیستی ئیجباریی) نیم بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی سەرکردایەتی

سازدانی رۆژنامە

**سەلام عەبدوڵڵا، بەرپرسی پەیوەندییەکان لە سەرکردایەتی پارتی لە پارێزگای سلێمانی، سەبارەت بە چەند مەسەلەیەکی تایبەت بەپارتی و پێشهاتە تازەکان لەبارەی کۆنگرەی حیزبەکەی (رۆژنامە) ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەل سازداوە**



سەلام عەبدوڵڵا فۆتۆ: رۆژنامە

**رۆژنامە: دواپێشهاتی تازە لەبارەی کۆنگرەی (١٣)ەوە چییە، کە بڕیارە چەند هەفتەیەکی تر ببەسترێت؟**

* ئێستا، پـرۆژەی بەرنامەی پارتی دیـموکـراتـی کـوردسـتـان بـۆ کۆنگرەی (١٣) ئامادەکراوەو لە رۆژنامەی خەبات بڵاوکراوەتەوە، کە هاوکات نـێـردراوە بۆ لقەکان بە مەبەستی ئەوەی ئەندامانی کۆنگرەو خەڵکانی تریش تێبینیو بۆچوونی خۆیانی لەسەر بنێرن، یان سەرنجو بۆچوونەکانیان بۆ رۆژی کۆنگرە ئامادە بکەن، کە ئەو خاڵانەی بەدڵیان نییەو پێویستیان بە گۆڕان هەیە، لە کۆنگرە قسەی لەسەر بکەنو ئەو کاتە بەکۆی دەنگ ئەوخاڵانە بچەسپێنن.

**رۆژنامە: سەرنجو رەخنەی ئێوە لەسەر پرۆژەکە چییە؟**

* من، تـازە پرۆژەکەم پێگەیشتووەو چاوپێداخشاندنێکم پێیدا کردووە، لەداهاتوودا تێبینیی خۆمم لەسەری دەبێت.

**رۆژنامە: من پرۆژەکەم خوێندووەتەوە کە (٢٧٠)مادەیە، هەندێک لە کادیرانتان دەڵێن، زۆر دورودرێژەو درێژدادڕییەکی زۆری تێدا کراوە؟**

* نـا، لـەبـەرئـەوەی بـارودۆخـەکـە وا پێویست دەکات کە لە هەموو لایەنەکانی شتەکان بکۆڵرێتەوەو خۆمان ئامادەکەین بۆ ئەو هەموو پێشهاتو گۆڕانگارییانەی لەسەر ئاستی هەرێمو عێراقو دنیا روویانداوە، هەربۆیە پێویستیی ئەم قۆناغە، بەرنامەیەکی وادەخوازێت.

**رۆژنـامـە: بەپێی یەکێک لە مادەکانی پرۆژەکە، پارتی پشتیوانییەکی جدیی لە سیاسەتەکانی کابینەی حکومەتی هەرێم دەکات، ئایا پارتی بەنیازی ئەوە نییە کە رۆژێک لەرۆژان ببێتە ئۆپۆزسیۆن؟**

* وەک پارتی دیموکراتی کوردستان، پشتیوانیی لەکابینەکەی د. بەرهەم دەکەینو ئەگەر رۆژێـک لەرۆژانیش، نەمانتوانی دەنگی پێویست بهێنین، بەدڵنیاییەوە بیر لەوە دەکەینەوە کە ببین بە ئۆپۆزسیۆن، یان بچینە حکومەتی ئیئتیلافییەوە.

**رۆژنامە: جیاواز لەهەموو حیزبەکانی تر، پارتی، پاشگری (دیموکراتی) بەناوەکەی خۆیەوە نوساندووە، بەڵام هەندێک لەچاودێران دەڵێن، حیزبەکەی ئێوە کەمتر لە حیزبەکانی تر، مومارەسەی دیموکراسییەتی حەقیقی دەکات؟**

* گرنگ ئەوەیە کە مـرۆڤ چـۆن لە دیموکراتییەت دەگات. من وای تێدەگەم کە دیموکراتییەت ئەوەیە کە رێزی بەرامبەر بگریتو داواش لەخەڵک بکەیت رێزی تۆ بگرێت، بەڕاستی دیموکراتییەت مانای پشێویيو فەوزا نییە، هەر بۆنموونە، تۆ وەک رۆژنامەنووسێک بۆت هەیە، باسی زۆر شت بکەیت، بەڵام لە سنوور دەرچوون ناچێتە قالبی نووسینەوە. ئێمە وا دیموکراتییەت تێدەگەین کە لـەچـوارچـێـوەی یاسادا مومارەسە بکرێت.

**رۆژنامە: هەر سەبارەت بە کۆنگرە باس لەوەدەکرێت کە پێش هەڵبژاردنی ئەندامانی سەرکردایەتی، لیست ئامادەکراوە بۆ هەڵبژاردنی سەرکردایەتی کە ئەوکارەش لەلایەن دووقوتبی ناو سەرگردایەتی ئێستای پارتییەوە کراوە؟**

* جاریّ کۆنگرە دەستی پێنەکردووە، بەڵام تاوتوێکردنی ناو بۆ سەرکردایەتی داهـاتـوو، شتێکی مەشروعە لەهەموو حیزبێکدا، بەڵام وەک لیستێک دابەزیبێت بۆناو خەلک کە دەبێت ئەمانە ببن بە سەرکردایەتی پارتی، تا ئێستا شتی وا نەبووە.

**رۆژنامە: ئەگەر لیستێکی لەوشێوەیە بوونی هەبێت، تۆ لەگەڵیدایت، ئایا دانانی لیست، پێچەوانەی بنەماکانی دیموکراسییەتو هەڵبژاردنێکی شەفافانە نییە؟**

* من وەکو شەخس، لەگەڵ ئەوەنیم کە بەلیستی ئیجباریی بێت، دەبێت ئەندامانی کۆنگرە سەربەستیی تەواویان هەبێتو کێ بە لێوەشاوەو شایانی سەرکردایەتی دەزانن، ئەوانە هەڵبژێرن، کە ئەوەش کرۆکی دیموکراسییەتەو وا بزانم کاک مەسعودیش لەهەموومان زیاتر، ئیمانی بەو پرەنسیپە هەیە کە خەڵکانی بەتوانا بێنە پێشەوەو بچنە سەرکردایەتییەوە.

**رۆژنامە: سروشتی ئاڵۆزبوونو خراپی پەیوەندیی نێوان پارتیو ئێران چۆنە، لەکاتێکدا هەفتەی رابـردوو، وەفدێکی پارتی بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی چووە ئێران بە مەبەستی هێورکردنەوەی پەیوەندیی نێوان هەردوولا؟**

* خۆت دەزانیت کە لەسیاسەتدا، لەنێوان دراوسێکانیشدا، گرژییو هەورازو نشێو پەیدا دەبێت. تورکیاو ئێران بەنیسبەت ئێمە، وەکو پارتيو حکومەتی هەرێم، گرنگییەکی تایبەتیان هەیە وەک دوو وڵاتی دراوسێ، بۆیە پێمان خۆشە کە باشترین پەیوەندیمان هەبێت، بەوپێیەی کوردێکی زۆر لەو وڵاتانە دەژیـنو دراوسێینو پەیوەندیی ئابووریشمان هەیە. لەو ماوەیەی پێشوودا، هەندێک کەناڵ لەودیو، هەندێک مەسەلەیان وروووژاند کە پێویستیان نەدەکردو وەڵامی رۆژنـامـەی خەباتیشتان بینی بۆ ئەو مەسەلانە، ئێستا هـەردوولاش درکمان بـەوەکـردووە کە دروستکردنی گرژیی لەقازانجی هیچ لایەکمان نییەو ئەو وەفدەش کە بە سەرۆکایەتی کاک نێچیرڤان بارزانی کە جێگری سەرۆکی پارتیمانە، چووەتە ئێران. کاک نێچیرڤان وەک کەسایەتییەک کە شارەزای ئێرانەو زمانی فارسیش باش دەزانێتو لەوێش خوێندوویەتی، رەنگە بۆ ئەو وەکو کەسێکی بەئەزموونو بەتوانا، ئاسانتر بێت پینەکردنی ئەو درزانـەی کە دەکەونە نێوان پەیوەندییەکانەوە.

**رۆژنامە: زۆرێک لە کادیرانتان لە سنووری (٥)لقەکەی پارێزگای سلێمانی، نیگەرانیيو نائومێدییەکی زۆریـان لا دروستبووە، بەوپێیەی ژمارەیەکی کەم لەم سنوورە چوونەتە ناوکۆنگرەوە کە لەخوار (١٠٪)وە لە سەرکردایەتییە نوێیەکەی پارتیدا، خەڵکی سلێمانی تێدا نابێت؟**

* ئێمە پێمانخۆشە، ئەو برادەرانەی کە ئەندامن لە حیزبدا، هەموویان لە رۆژی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرەدا بەشدارییان بکردایە، بـەڵام هەندێک کەس هەیە کە رەنگە کۆمەڵێک هۆکاری تایبەتيو رەنگە هەستنەکردنی هەندێک کەس بە گرنگیی کۆنگرە، وایکردبێت کە ژمارەیەکی زۆر بەشداریی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە نەکەن لە سنووری لقەکاندا، بـەڵام بەگشتیی، پێمان خۆشبوو کە بەوقەبارەیەی پارتی کە لەسلێمانی هەیە، ئەندام بنێرێت بۆکۆنگرەو هیوادارین لەسەرکردایەتییە نوێیەکەشدا کە لەکۆنگرەدا هەڵدەبژێردرێت، ناوچەی سلێمانی بەپێی گەورەیيو خەباتو گرنگییو پێویستی ناوچەکە، ژمارەیەک لە ئەندامانی سەرکردایەتی هی ئەم ناوچەیە، یان نزیکی ئەم ناوچەیەبن.

> ئۆپۆزسیۆن جووڵەیەکی گەرمی خستووەتە ناو پەرلەمانی کوردستانەوە

**رۆژنامە: باس لەوەدەکرێت کە تەنیا (٧٠– ٨٠) کادیر لە سنووری پێنج لقەکەتاندا بوونەتە ئەندام کۆنگرە لە کۆی زیاتر لە (١٠٠) ئەندام، بەوردیی ژمارەکە ئەوەندەیە؟**

*بەوردیی نازانم، بەڵام پێم وایە کە لە سنووری (٨٠)کەسە.

**رۆژنامە: ئێوە پێش هەڵبژاردنی (٧/٢٥)، بوونی ئۆپۆزسیۆنتان بە پێویستییەک بۆ سیستمی حوکمڕانی هەرێم دەزانی، ئایا ئێستا راتان چییە؟**

* لای من، زەروورییەتێکی مێژووییەو بۆ کوردستانیش وەکو وڵاتێک کە دەیەوێت دیموکراسییەت بچەسپێنێت لەناوخۆیدا، بوونی ئۆپۆزسیۆن زۆر پێویستە، چونکە بەڕاستیی ئەگەر لە وڵاتێکدا ئۆپۆزسیۆن نەبێت، مانای وایە دیموکراتییەت لەوشوێنەدا ناکامڵەو ئۆپۆزسیۆن لەدنیای دیموکراتیدا، رۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینێت کە دەتوانێت دوو شت بکات، هەم بیروڕای خەڵکی بگوازێتەوە بۆ پەرلەمان، هەروەها ئەو کەموکورتییانەی لەناو حکومەتدا هەستیان پێدەکات، باسیان بکاتو لە پەرلەمانیش باسیان بکاتو هەم پرۆژەی خۆشی پێشکەش بکات، لەبەر ئەوە بوونی ئۆپۆزسیۆن پێویستییە، کە ئێستا جولەیەکی گەرمی خستووەتە ناو پەرلەمانی کوردستانەوە و گەرموگوڕیيو وتوێژێکی گەرمتر بەدیدەکرێت کە لە بەرژەوەندیی چەسپاندنی دیموکراسییەتدا دەبێت لە کوردستان. بەڵام ئۆپۆزسیۆن هەرئەوە نییە بۆ هەموو شتێک بەرهەڵستکار بێت، ئەگەر حکومەت کاری باشیش بکات.

# نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسان، دەگۆڕدرێت

هەنگاو هاشم– هەولێر

بـڕیـارە سـەرەتـای ساڵی داهـاتـوو، کۆنگرەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ببەسترێتو لەو کۆنگرەیەشدا نەقیبی ئێستای سەندیکاکە خۆی هەڵنەبژێرێتەوە.

حامد محەمەد، سکرتێری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: لە رۆژانـــی(٢٢-٢٠١١/٢/٢٤) سێیەمین کۆنگرەی گشتیی سەندیکای رۆژنامەنووسان لەهەولێری پایتەخت دەبەسترێت، بەمەبەستی خۆ ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ کۆنگرە.

وتیشی: لەکۆنگرەی ئەمجارەدا، نەقیبی سەندیکا دەگـۆڕدرێـت، چونکە خۆی هەڵنابژێرێتەوە بۆ نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسان، هەروەها بەپێی یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانیش، نەقیبی سەندیکا، تەنیا دووجـار دەتوانێت خۆی هەڵبژێرێتەوە، کۆنگرەی سەندیکای رۆژنامەنووسانیش (٣)ساڵ جارێک دەبێت.

ئاماژەی بەوەشدا، دەتوانرێت چەند دەزگایەکی راگەیاندنی نزیک لەیەکترەوە، هەر (٢٠)رۆژنامەنووسێکی ئەم دەزگایانە، نوێنەرێک بۆخۆیان دیاریی بکەن.

لەئێستادا سەندیکای رۆژنامەنووسان، (٥)هـــەزار ئـەنـدامـی هـەیـەو ئـەوانـەی ئابوونەشیان داوە، دەگاتە نزیکەی (٣)هەزار ئەندام.

سکرتێری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، راشیگەیاند، لەکۆنگرەدا گۆڕانکاریي بـەسـەر ستافی ئێستای سەندیکای رۆژنامەنووساندا دێتو هیچ گرەنتەیەکیش نییە کە حیزب دەست لەکاروباری ئەم کۆنگرەو هەڵبژاردنە وەرنەدات.

> سکرتێری سەندیکا: گرەنتی ناکرێت کە حیزب دەستێوەردان لەکۆنگرەدا نەکات

لـە راگـەیـەنـراوێـکـی سەندیکای رۆژنـامـەنـووسـانـیـشـدا هـاتـووە، لە رۆژانی(٢٢-٢٠١١/٢/٢٤) کۆنگرەی گشتیی سێیەمی سەندیکا لە هەولێری پایتەخت دەبەسترێت، بە مەبەستی خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆتان بۆ کۆنگرە، ئەنجومەنی سەندیکا خوازیارە کە هەموو ئەندامانی کـارای سەندیکا، ئەوانەی ئـابـوونەی ساڵانەیان داوە بە ساڵی (٢٠١٠)ەوە، بەشداریی گەرموگوڕی پرۆسەکانی هەلبژاردنی نوێنەران بکەن بۆ کۆنگرە.

پێشتریش لە دیدارێکی رۆژنامەی رۆژنـامـەدا، ئـەنـوەر حسێن، ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسان لەسەر لیستی یەکێتی، ئاماژەی بەوەکرد، کە دوو دەورەیـە نەقیبی سەندیکا بەر پارتی کەوتووە، بۆیە مافی یەکێتییە کە لە کۆنگرەی داهاتوودا، نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسان بدرێت بە یەکێتی.

سـەنـدیـکـای رۆژنـامـەنـووسـانـی کوردستان، خشتەیەکی دیاریکردووە بـۆ هـەڵـبـژاردنـی نـوێـنـەرانـی لـقو نووسینگەکانی سەندیکاو لیژنەیەکیشی بۆ سەرپەرشتیکردنی پرۆسەکە پێکهێناوەو پێویستیشە ئەندامانی کارای سەندیکا، لە رێگای لقو نووسینگەکانیانەوە زانیارییو وردەکـاریـیـەکـان دەربـــارەی خشتەو میکانیزمی بـەڕێـوەچـوونـی پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە وەربگرن, پاش ئەوەی کە رێنماییو وردەکاریی تەواو لەم رۆژانەدا لەلایەن ئەنجومەنی سەندیکاوە بە لقو نووسینگەکان دەگاتو هەڵبژاردنی نوێنەرانی لقو نووسینگەکان، بەم شێوەیە دەبێت:

لقی سلێمانی لە (٢٢-٢٠١٠/١١/٢٥)، لقی کـەرکـوک لە (٢٧-٢٠١٠/١١/٢٩)، نووسینگەکانی گەرمیانو خانەقین لە (١١/٣٠-٢٠١٠/١٢/١)، لقی موسڵ لە (٢-٢٠١٠/١٢/٣)، نووسینگەی سۆران لە (٢٠١٠/١٢/٤)، لقی دهـۆک لە (٥-٢٠١٠/١٢/٧)، لقی بەغدا لە (٨-٢٠١٠/١٢/٩) و لقی هەولێریش لە (٨-٢٠١٠/١٢/١٣).




نەقیبو ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

لە چوارساڵدا کەرکوک (١٢٢) ملیار دیناری بودجەکەی گەڕاندووەتەوە بەغدا 8

### «لە ئەدای فراکسیۆنەکەی و سەرۆکی پەرلەمان نارەحەت بووە»

# دەستلەکارکێشانەوەی حاکم رزگار چ پێشهاتێکی بەدوادادێت؟

راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

دەستلەکارکێشانەوەی حاکم رزگار لەکاری پەرلەمانتاریی، پەیامێک ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکات ئەگەرشێوازی هەلسوکەوتو مامەڵەی نەگۆڕێت، کاردانەوەی زیاتری بەدوادادێت.

دوای ئەوەی کە هەفتەی رابردوو، رزگار محەمەد ئەمین (حاکم رزگار)، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کوردستانیی لەسەرلیستی یەکێتی، دەستی لەکاری پەرلەمانتاریی کێشایەوە، سەرۆکی فراکسیۆنەکەی رایگەیاند، لەنامەی دەستلەکارکێشانەوەیدا، ئەو پەرلەمانتارە ئاماژەی بەوەکردووە کە بەهۆی خراپیی مامەڵەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە، ئامادە نییە چیتر لەکاری پەرلەمانی بەردەوام بێت، رۆژنامە زۆر هەولیدا کە لەسەر هۆکاری دەستلەکارکێشانەوەکەی،لێدوانی حاکم رزگار وەربگرێت، بەڵام ئامادەنەبوو هۆکارەکانی دەستلەکارکێشانەوەکەی ئاشکرابکات.

سەرچاوەیەکی نزیک لە حاکم رزگارەوە ئـەوەی بۆ رۆژنامە خستەڕوو، کە ئەو پەرلەمانتارە، دەمێکە هەست بەجۆرێک لە نیگەرانی دەکات لەشێوەی ئەدای ئیشکردنی سەرۆکایەتی پەرلەمانو لەشێوەی سروشتی بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئەمە لەلایەکو لەلایەکی ترەوەو لەچەند وتەیەکی پێشتری خۆیدا، دەرکەوتووە کە «لەو پەرلەمانەدا قسە بکەیتو قسە نەکەیت، هەروەکو یەکە، چونکە کە قسەدەکەیت، دوایی گوێت لێناگرنو قسەکە بەخۆڕایی دەڕواتو پێشنیازەکان جێگای خۆیان ناگرن».

جگە لـەوەی کە بەپێی سەرچاوەکەی رۆژنامە، حاکم رزگار لەو جۆرە مامەڵەو ئەدایەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان ناڕازیی بووەو پێی وابووە، ئەو مامەڵەیە جۆرێک لە شکانەوەی تیایە، ئەوەش چەند جارێک بــەرەو رووی ئـەو کـراوەتــەوەو بەئیهانەی زانیوە، بۆ مەوقیعی کۆمەڵایەتیو سیاسییو کەسایەتی خۆی.

هـاوکـات د.جەعفەر عەلی، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، پێی وایــە: ئـەگـەر بـەپـێـوەری جیاواز هەلسەنگاندنی ئەدای سەرۆکایەتی پەرلەمان بکرێت، «بەشێک لەپەرلەمانتارانی ناو لیستی دەسەڵات، پێیانوایەکەدەستەی سەرۆکایەتیو بەتایبەتیش سەرۆکی پەرلەمان، زیاتر نەرمیی بەرامبەر بەئۆپۆزسیۆن دەنوێنێت، ئێمەش پێمان وایە کە لەهەندێک شوێندا ئەوە پێچەوانەیەو ئەو نەرمییە زیاتر بەرامبەر بە لیستی زۆرینە دەنوێنرێت، تەنانەت زۆرینەی پرۆژەیاساکانیشمان تا ئێستا سالێکیان بەسەردا تێپەڕیووەو نەهاتوونەتە پەرلەمان بۆ گفتوگۆ».

بەبڕوای ئەو پەرلەمانتارەی گـۆڕان، ئەگەر ئەدای سەرۆکایەتی پەرلەمان بەو جۆرە بمێنێتەوە، رەنگە دەستلەکارکێشانەوە لەخولی سێیەمی پەرلەماندا، بەتەنیا بە حاکم رزگار کۆتایی نەیەتو پەرلەمانتاری تریشی بەدوادابێت، ئیتر لەئۆپۆزسیۆن بێت، یان لە لیستی دەسەڵات.

بەتەنیا هـۆکـاری خـراپـی مامەڵەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەهۆکارێک نابینرێت بۆ دەستلەکارکێشانەوەی حاکم رزگارو پەرلەمانتارێکی لیستی کوردستانیی، هۆکاری تر بۆ ئەو بابەتە دەبینێت.



حاکم رزگار محمد امین

فۆتۆ: رۆژنامە

هــەروەک گـۆران ئـازاد، بە رۆژنامەی راگەیاند: «سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ کاریکردووە، وەک چۆن لەهەندێک حاڵەتدا ئەندامانی پەرلەمان، پەیڕەویان پێشێلکردووە، لەوانەیە زۆربەی جاریش سەرۆکایەتی پەرلەمان پەیڕەوی پێشێلکردبێتو لەوانەیە زیاد لەپێویست توند بووبێت».

ئەو پەرلەمانتارە ئەوەشی نەشاردەوە لەسەرەتاوە حاکم رزگار جۆرێک لە بێتاقەتی هەرهەبووەو تەنانەت سەرۆکایەتی لیژنەشی وەرنەگرتووە، لەمێژیشە دەڵێن حاکم رزگار دەست دەکێشێتەوە، یان دەستی کێشاوەتەوە، یان لەوانەیە دەست بکێشێتەوە».

پەرلەمانتارەکەی یەکێتی لەفراکسیۆنی کوردستانیی، ئەوەش بۆ رۆژنامە دەدرکێنێت کە هەر لە یەکەم رۆژەوە کە حاکم رزگار هاتووەتە ناو پەرلەمان، لە ئەدای پەرلەمانو سەرۆکی پەرلەمانو لە ئەدای لیستەکەی خۆی، نارەحەت بووە، ئیتر روون نییە کە، ئایا خەونو خولیای تری هەبووەو بینیویەتی پەرلەمان لەئاست ئەو تموحاتانەی ئەو نییە یان چی تر».

ئەمە جگە لەوەی کە وەک گۆران ئازاد، ئاماژەی پێدا، حاکم رزگار گلەیی لە فراکسیۆنی کوردستانیش هەبووەو لەچەند شوێنێکیش ئەم گلەییانەی باسکردوون، وتیشی: «ئەگەر گلەیی لە ئەدای فراکسیۆنی خۆمان هەبێت، بەو پێیەی ئەندامێکە لەفراکسیۆنەکە، ئەوە بە مافێکی رەوای خۆی دەزانمو ئەوەشمان زانیوە کە گلەیی لە فراکسیۆنەکەی خۆیشی هەیە».

سەرچاوە نزیکەکەی حاکم رزگاریش، ئەو زانیارییانەی گۆران ئازادی پشتراستکردەوەو بەرۆژنامەی وت: «لەمێژە ئەو نیگەرانییانەی کـە هـەیـبـوون لـە فـراکـسـیـۆنـەکـەی، نەیشاردوونەتەوەو باسیکردوون، تەنانەت لە یەکەم رۆژی پەرلەمانتاریشیەوە تا ئێستا، بەشداریی یەک کۆبوونەوەی فراکسیۆنەکەی نەکردووە».

هەر لەسەرەتای خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستانەوە، زۆربــەی پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن، رەخنەیان هەبووە لەمیکانیزمی بەڕێوەچوونی کارەکانی پەرلەمانو ئەدای سەرۆکایەتی پەرلەمان لەو بارەیەوە، بۆیە پەرلەمانتارێکی ئۆپۆزسیۆن ئاماژە بەوە دەکـات: تێبینییەکانی حاکم رزگـار، وەک هەموو تێبینییەکانی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان بوون.

عــومــەر عــەبــدولــعــەزیــز، سـەرۆکـی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامیی لە پەرلەمانی کوردستان، لەوبارەیەوە وتی: «بەشێوەیەکی گشتییو ئەوەندەی من وەک هاوڕێیەکم قسەم لەگەڵ کردبێت، حاکم رزگار، زۆرجار گلەیی هەبووە لەئیدارەکردنی ناو پەرلەمانو تێپەڕاندنی یاساکان کە زۆرجار سەرنجو تێبینی داوەو بەهەند وەرنەگیراوە، کە ئەو تێبینییانەی هەمان ئەو تێبینییانەن کە ئێمەش هەمانن، بەتایبەتی لەسەرەتاوە کە کۆبوونەوەکان زۆر دوادەکەوتنو دواییش بۆ قەرەبووکردنەوەی دواکەوتنەکە زۆر بەپەلە یاساکان تێدەپەڕێنران».

هاوکات، پەرلەمانتاران بەپێویستی دەزانن کە سەرۆکایەتی پەرلەمان مامەڵەی بەجۆرێک بێت، کە لە ئاست نوێنەرایەتیکردنی گەلێک بێت، نەک بەشێوازی نوێنەرایەتیی حیزبیی مامەڵە بکرێت.

هــەروەک بیلال سلێمان، ئەندامی فراکسیۆنی کۆمەلی ئیسلامیی، ئاماژەی پێداو وتی: «نیگەرانین کە نەتوانرێت رێزی ئـەو پەرلەمانتارە وەک خـۆی بگیرێت، راستە پەرلەمانتاران هەموو وەک یەک وان، بەڵام دەبێت حساب بۆ ئەوەش بکرێت کە ئەندامانی پەرلەمان، نوێنەری خەلکنو دەبێت بەشێوازێک قسەیان لەگەڵ بکرێت کە لەئاست خۆیانو نوێنەرایەتییەکەشیاندا بێتو پێویستە سەرۆکایەتی پەرلەمان، سنگی فراوانتربێتو بتوانێت بەشێوازێکی باشتر مامەلە لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان بکات».

سەرەڕای نیگەرانییەکانی حاکم رزگار لە ئەدای سەرۆکایەتی پەرلەمان، پەرلەمانتاران پێیان وایە کە لەناو فراکسیۆنی کوردستانیشدا جێگەی کەسانی سەربەخۆی وەک حاکم رزگار کەمێک ناجێگیرەو بۆچوونەکانیان وەرناگیرێن.

لەوبارەیەوە، پەرلەمانتارەکەی گۆڕان وتی: «کەسێک کە بیەوێت سەربەخۆبێتو ئازادانە بیربکاتەوەو لــەدەرەوەی کۆتو بەندەکانی حیزبدا خاوەنی بڕیاری خۆی بێت، رەنگە بەزەحمەت بتوانێت لەناو لیستی دەسەڵاتدا جێگای ببێتەوە، پێم وایە کە حاکم رزگاری پەرلەمانتاری سەربەخۆ، بەردەوام لەململانێیەکی ناوەکیدا بووبێت لەگەڵ خودی خۆیو بیرکردنەوەی خۆیداو ئەو ململانێیەش بەناچاریی پالی پێوەناوە بەرەو ئەوەی کە لەم دەزگایە پاشەکشە بکات، نەک لەبەرئەوەی کە تەسلیم دەبێت، یان توانای درێژەپێدانی ململانێی نییە، بەڵکو لەبەرئەوەی نایەوێت لە نووسینەوەی مێژوویەکدا بەشداربێت کە قەناعەتی پێی نییە».

هاوکات، هەر ئەمەش بۆچوونی بیلال سلێمانە کە پێی وایە: پێشتریش هەست بەوە دەکرا کە جیاوازیی هەبوو لەنێوان وەرگرتنی بۆچوونەکان لەناو فراکسیۆنی کوردستانیی، «تەنانەت چەندجارێک پرۆژەیاسای پێشکەش کردووە، بەڵام بەهەند وەرنەدەگیرا، بۆیە پێمان وایە، کەسی بێلایەنو سەربەخۆ لەناو فراکسیۆنی کوردستانیدا، بۆچوونەکانیان بەهەند وەرناگیرێت».

---

# سەرۆکی نووسینگەکانی پەرلەمان بە تەوافوق دادەنرێت

## نووسینگەی سلێمانی بۆلیستی گۆڕانو نووسینگەکانی هەولێرو دهۆک بۆلیستی هاوپەیمانی دەبێت

راپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵلا

سەرۆکی نووسینگەکانی پەرلەمانی عێراق لە کوردستان، بە رێککەوتنی نێوان لیستەکان دادەنـرێـت، پێدەچێت هەردوو نووسینگەی (هەولێر، دهـۆک) بۆ لیستی هاوپەیمانییو نووسینگەی سلێمانی بەر لیستی گۆڕان بکەوێت.

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق: «ئەنجومەنی نوێنەران بۆی هەیە لە پارێزگاکاندا نووسینگەی خۆی بکاتەوە»، لە خولی رابـــردووداو لە سالی (٢٠٠٨)دا لە پارێزگاکانی عێراقدا نووسینگەی ئەنجومەنی نوێنەران کرانەوەو دەستبەکاربوونو لەو چوارچێوەیەشدا (٣) نووسینگەکە لە هەرێمی کوردستاندا کرانەوەو سەرۆکی نووسینگەو فەرمانبەرانی نووسینگەکانی هەرێم لەلایەن یەکێتیو پارتییەوە دانران.

لــە هــەلــبــژاردنــی (٣/٧)دا لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە سێ پارێزگاکەی هەرێم (٢٧) کورسی لە هەرێمی کوردستان بەدەستهێناو لیستی گۆڕان (٨) کورسی، یەکگرتوو (٤) کورسی، کۆمەڵ (٢) کورسی) بەوپێیە پێدەچێت سەرۆکی نووسینگەکانی هەولێرو دهۆک بدرێتە لیستی هاوپەیمانییو سەرۆکی نووسینگەی سلێمانیش بدرێتە لیستی گۆڕان.

د.لەتیف شێخ مستەفا، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە (فراکسیۆنی گۆڕان) بە رۆژنامەی راگەیاند: تائێستا لەسەر دەستنیشانکردنی کەسێک بۆ بەرپرسی نووسینگەی سلێمانی کۆنەبووینەتەوەو هیچ بڕیارێکمان نـەداوە، هەرچەندە ئەو پۆستە رۆلێکی ئەوتۆی نییە، بەڵام ئێمە لە فراکسیۆنی گۆڕان بەوپێیەی وەکو فراکسیۆن زۆرینەین، دەمانەوێت پەرلەمانتارێکی ئێمە بێت، پێدەچێت لیستی هاوپەیمانیی بیەوێت پەرلەمانتارێکی ئەوان بێت.

بـەوپـێـیـەی کـە تـا پـێـش چـەنـد رۆژێـک پەرلەمانی عێراق بە رەسمیی دەستبەکارنەبووە، سەرۆکی نووسینگەکانی پەرلەمانی عێراق لە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) دانەنراوە.

بەکر حەمەسدیق، ئەندامی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە رۆژنامەی راگەیاند: تائێستا نووسینگەکان تەشکیلاتی نوێ نـەکـراوەو هــەر هەمان پێکهاتەی خولی رابردووە، ئێمە لە سلێمانی تائێستا گفتوگۆمان لەسەر ئـەو بابەتە نەکردووە.

وتیشی: «میکانیزمی دەستنیشانکردنی پەرلەمانتارێک بۆ سەرپەرشتیکردنی نووسینگەکە بەپێی رێککەوتنی نێوان کوتلەکان دەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی تائێستا پەرلەمانی عێراق دانەنیشتووە، بۆیە ئێمەش بە پێویستمان نەزانیوە لە ئێستادا قسەی لەسەر بکەین.

سەبارەت بە نووسینگەی هەولێر ئازاد ئەبوبەکر، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە پارێزگای هەولێر (لیستی هاوپەیمانیی) بە رۆژنامەی راگەیاند: ئێمە لە نووسینگەی هەولێر هەفتەی دوو رۆژ دەچینە نووسینگەو کۆبوونەوە دەکەین، تائێستا قسەمان لەسەر پێکهاتەی نووسینگەکە نەکردووەو هەر هەمان ستافی خولی رابردوون.

هــەروەک بە بـڕوای ئوسامە جەمیل، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسیۆنی یەکگرتوو: «لە هەولێر لیستی هاوپەیمانیی زۆرینەیەو ئەگەر بە هەلبژاردن سەرۆکی نووسینگەکە دابنرێت، ئەوا لە لیستی هاوپەیمانیی دەبێت، ئەگەر بە تەوافقیش بێت، هەر لە هەمان لیست دەبێت، پێویستە ئەو کەسەی دەبێتە سەرۆکی نووسینگە، کەسێکی شیاو بێتو جیاوازیی لەنێوان لیستەکانو پەرلەمانتاراندا نەکات».

لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە پارێزگای دهـۆک خاوەنی (٩) کورسی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەو هاوکات قاسم محەمەد، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە پارێزگای دهۆک (لیستی هاوپەیمانیی کوردستان) بە رۆژنامەی راگەیاند: لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە پارێزگای دهۆک خاوەنی زۆرینەیەو بە هەلبژاردن، یان تەوافوق کەسێک لە لیستی هاوپەیمانیی دەکرێت بە بەرپرسی نووسینگەی دهۆکی پەرلەمانی عێراق.

ئـەو مەسەلانەی کە پەیوەندییان بە نووسینگەکانی پەرلەمانی عێراق لە هەرێمی کوردستانەوە هەیە، بریتین: لە (مامەڵەکردن لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، گەیاندنی سکاڵای هاوڵاتییان، چاودێریکردنی بـودجـەی پـەرەپـێـدانـی هـەرێـمـەکـان، بـەدواداچـوونو سـەردانو لێپرسینەوە لەو فەرمانگانەی کە سەر بە حکومەتی عێراقن)، لە خولەکانی رابــردوودا رەخنە لە نووسینگەکانی هەرێم گیراوە، کە کارا نەبوونو پەیوەندییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ هاوڵاتییاندا نەبووەو پەرلەمانتارانی ئەم خولە بە پێویستی دەزانن نووسینگەکان کارا ببنو رۆلی بەرچاویان هەبێت.

ئوسامە جەمیل، باسی لەوە کرد؛ لە خولی رابــردوودا نووسینگەکانی هەرێم رۆلیان نەبووە لە گەیاندنی کێشەو داواکارییەکانی خەلکی کوردستان بە پەرلەمانو حکومەت، ئـەوەش بۆ کەمتەرخەمیی پەرلەمانتاران دەگەڕێتەوە.

هەروەک حاکم شێخ لەتیف، بە پێویستی دەزانێت نووسینگەکانی کوردستان لەم خولەدا جیاوازبن لە خولەکانی پێشووترو دەبێت میکانیزمێک بۆ کارکردن دابنێین.




فۆتۆ: رۆژنامە

## شەڕێکی گەورە بەڕێوەیە

# بەغدا (١٧٪)ی هەرێم دەبەستێتەوە بە پارەی فرۆشتنی نەوتەکەیەوە

**ڕاپۆرتی: هەستیار قادر**

بەغدا، دیاریکردنی بودجەی (١٧٪)ی هەرێم، دەبەستێتەوە بە ڕێککەوتنی هەردوولا لەسەر پارەی فرۆشتنی نەوتی چەند سالی ڕابردووی هەرێمو چاوەڕوانیش دەکرێت، لەسەر بودجەی پێشمەرگەو (١٧٪)کـە، شەڕێکی قورس لە پەرلەماندا ڕووبدات.

### شەڕی (١٧٪)و بودجەی پێشمەرگە، دەستی پێکرد

بەپێی ئەوزانیارییانەی لەسەرچاوەیەکی نزیک لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقەوە، دەست ڕۆژنامە کەوتوون، ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، بنەماسەرەکییەکانی بودجەی (٢٠١١)ی عێراقی تاوتوێکردووەو بڕیاریشیداوە، لە چوارچێوەی میکانیزمی پاکتاوی ژمێریاریی نێوان هەرێمو بەغدا، ڕێـژەی (١٧٪)ی هەرێم دیاریی بکرێتو ئەو دیاریکردنەش پەیوەست بکرێت بە ڕێککەوتنی حکومەتی نـاوەنـدیو هەرێم سەبارەت بە پارەی فرۆشتنی نەوتی چەند سالی هەرێم لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، بۆ ئەم مەبەستەش بڕیارە لیژنەیەک لە بەغداوە سەردانی هەرێم بکات، لەبەر دەرەنجامی کاری ئەو لیژنەیەشە، ڕێـژەی (١٧٪)ی هـەرێم لە بودجەی (٢٠١١)ی عێراقدا دیاریی دەکرێت.

هـاوکـات، فـازل نـەبـی، بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق، وێڕای ئاماژەدان بە چەسپاندنی ڕێـژەی (١٧٪)ی بەشە بودجەی هەرێم لە بودجەی (٢٠١١)دا، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «سەرفکردنی بودجەی پێشمەرگەش وەک بـودجـەی سالانی ڕابـردوو، بەستراوەتەوە بە ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی ناوەندیو حکومەتی هەرێم سەبارەت بە کێشەکانی نێوانیان لەسەر ئەو پرسە».



مالیکیو شەهرستانی

### پارەی چوارسالی پێشمەرگە، سەرفکراوە

لـەمـاوەی چوارسالی ڕابـردوودا لە بودجەی عێراقدا کە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاراستەی ئەنجومەنی نوێنەران کراوە، کێشەی بودجەی پێشمەرگەی تیا یەکلایی نەکراوەتەوە، بەلکو بەستراوەتەوە بە ڕێککەوتنی نێوان هـەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستانو بەغدا لەسەر ئەو پرسە، کە کێشەکان زیاتر لەسەر ژمارەی پێشمەرگەو خانەنشینەکانی بووەو بەغدا ئەو ڕێژەیە بـەزۆر دەزانێت کە هەرێم دەیخاتە بەردەستی، کە دەگاتە نیزکەی (١٩٠)هـەزارو لەبەرامبەریشدا بەغدا بە پشتبەستن بە پەیماننامەیەکی نێودەولەتیی کە پێشتر ئیمزای کردووە، ڕێژەی گونجاوی هێزی چەکدار بۆ هەرێم، بە (٣٥)هـەزار دەخەملێنێت، بەلام لەماوەی چوار سالی ڕابـردوودا، سەرەڕای پێکهێنانی چەندین لیژنەو ئەنجامدانی چەندین کاروانی گفتوگۆ لە هەولێرو بەغدا لەسەر ژمارەی پێشمەرگە، نەگەیشتنە ڕێککەوتنو بەوپێیەش هێزی پێشمەرگە لە پـارەی ئەو چـوار سالەی ڕابـردووی لە بەغدا بێبەش بـوو، کە لە چوارچێوەی بودجەی وەزارەتی بەرگریدا دانرابوو.

فازیل نەبی، بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق، ڕوونیکردەوە، کە پێویستە وەزارەتی بەرگریی عێراق، مووچەو پێداویستی سەربازیی هێزی پێشمەرگە لە چوارچێوەی بودجەی وەزارەتەکەیدا سەرف بکات، بەلام بە هۆی ڕێکنەکەوتنی هەردوولایەنی هەرێمو بەغدا، ئەو چەند سالە بەشی پێشمەرگە لەلایەن وەزارەتی بەرگرییەوە سەرفکراوەو ئەوەش کە ماوەتەوە، چووەتەوە خەزێنەی داهاتی دەولـەت، وتیشی: «بەپێی لۆژیکی یاساییو ئابووریی، پارەی چەند سالی ڕابردووی پێشمەرگەی سەرفکراو لەلایەن وەزارەتی بەرگرییەوە، ناگەڕێنرێتەوە بۆ هەرێم، تەنیا ئەگەر ڕێککەوتنێکی سیاسیی لەبارەوە نەکرێت».

### شەرەکە گەرم دەبێت

لەماوەی چوارسالی ڕابردوودا، بەشە بـودجـەی (١٧٪)ی هـەرێـم لە بودجەی سالانەی عێراقدا، ململانێیەکی زۆری لە پەرلەمانی عێراقدا لەسەر کراوە، تا ئەو ئەندازەیەی، ئەو کات بەرامبەر بە تێپەڕاندنی ڕێژەی (١٧٪)ی هەرێم لە بودجەی عێراقدا، کورد یاسای دیکەی بەکاردەهێنا وەک بەرابەرکردن کە لە بەرژەوەندیی کوتلە ئەنتی (١٧٪)کاندا بوون، ئەمە لەکاتێکدایە کە کـورد لە کـۆی (٢٧٥)کورسییەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی پێشوو، (٥٨)کورسی هەبوو، کـە ئـەو کـات کورد ڕێژەی (٢٠٪)ی ئەو ئەنجومەنەی پێکدەهێنا، بەلام لەم خولەدا ڕێـژەی کورسییەکانی کورد بـۆ(١٧٪) کەمبووەتەوە، بەمەش شەڕی سەر ڕێژەی (١٧٪)و بودجەی پێشمەرگە قورستر دەبێت.

هەرچەندە د. لەتیف موستەفا، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان، ئاماژەی بە کاریگەریی ئیجابی ڕۆلـی ئەمدواییەی کورد کرد لە پێکهێنانی لایەنە عێراقییەکان لە تێپەڕاندنی ڕێـژەی (١٧٪)دا، بـەلام بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە، کە چەندین پەرلەمانتار لە زۆربەی کوتلەکانی ئەنجومەنی نوێنەران هەن، کە ئەو ڕێژەی بودجەیەیان بۆ هەرێم پێ قبوول نییە، وتیشی: «ئەگەر ئەو کێشەیە لە دەرەوەی پەرلەمان ڕێککەوتنی لەسەر نەکرێت، لەناو پەرلەماندا کە ژمارە حسابی بۆدەکرێتو کێشەی زۆری لەسەر دروست دەبێت، کارەکە قورستر دەبێت».

زوهێر خۆشناویش، کە ئەندامی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەرانی پێشووی عێراق بووە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە «دەبێت بەر لە پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، کورد لە بەغدا بودجەی پێشمەرگەو (١٧٪) یەکلایی بـکـاتـەوە، تـا زووتـر چارەسەری بکاتو ئەگەر ئەو کێشەیە لەسەر بنەمای تەوافوق چارەسەر نەکرێت، ئەرکەکە لە پەرلەماندا قورس دەکات».

# ڕەوتە نوێیەکەی ناو عێراقییە، عەلاوی بێهێز دەکات

## پەرلەمانتاری ناوچە جێناکۆکەکان، خۆیان کۆدەکەنەوە

**ڕاپۆرتی: کاروان عومەر**

ڕەوتێکی (٣٠) ئەندامیی لەناو ئیئتیلافی عێراقییەدا دروست دەبێت، کە زۆرینەیان سەر بە ناوچە جێناکۆکەکانو ئەندامێکی ئەو ڕەوتەش دەلێت: «ژمارەی ئەندامانی ڕەوتەکەمان، لە زیادبووندایە».

لە گـەرمـەی مشتومڕی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقو ناکۆکییەکانی نێوان ئیئتیلافی عێراقییە بەسەرۆکایەتیی ئەیاد عـەلاویو ئیئتیلافی دەولەتی یاسا بەسەرۆکایەتیی نوری مالیکی، ڕەوتێکی نوێی (٣٠)ئەندامیی لەنێو عێراقییەدا بەناوی ڕەوتی نیشتمانیی میانڕەو پێکهاتووەو لەو بارەیەوە، ئەحمەد حەمید عوربێی، کە یەکێکە لە ئەندامانی ڕەوتی نیشتمانیی میانڕەو، وێڕای پشتڕاستکردنەوی ئەو زانیارییانە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ژمارەی ئەندامانی ڕەوتەکەمان، بەرەو زیادبوون دەڕوات».

بەلام عورەیبی ئەوەی ڕەتکردەوە، کە پێکهاتەکەیان بەنیازبێت لە لیستی عێراقییە جیاببێتەوە، ناوی ئەو (٣٠)پەرلەمانتارەی ڕەوتەکەشی ئاشکرا نەکردو هۆکاری ئەو ئاشکرانەکردنەشی بۆ لایەنی سیاسییو ئەمنیی گەڕاندەوە.

بەپێی ئـەو زانـیـاریـیـانـەی دەست ڕۆژنامە کـەوتـوون، ڕەوتـی نیشتمانیی میانڕەو پێکهاتووە لە (٦)پەرلەمانتاری جیابووەوەی سەر بە بزووتنەوەی ویفاق کە خودی عەلاوی سەرۆکایەتیی دەکات، کە پێنجیان سەر بە پارێزگای سەلاحەدینو یەکێکیان لە پارێزگای بەسرەیە، ئەمە جگەلە (١٢)پەرلەمانتاری بزووتنەوەی حەل بە سەرۆکایەتیی جەمال کەربولی کە سەرجەمیان سوننە مەزهەبنو بەشێکی زۆریـان سەر بە ناوچە جێناکۆکەکانو هـاوکـات، دوای جـیـابـوونـەوەی (١٢) پەرلەمانتاری گردبوونەوەی عێراقیون بە سەرۆکایەتیی ئوسامە نوجەیفی، کە سەرجەمیان سەر بە پارێزگای نەینەوان بە ناوی پێکهاتەی (قورەویون) چوونەتە ناو ئەو ڕەوتە، بەمەش ژمارەی ئەندامانی ڕەوتی نیشتمانیی میانڕەو گەیشتووەتە (٣٠) پەرلەمانتار کە زۆربەیان سەر بە ناوچە جێناکۆکەکانن، بەلام لیستەکەی ئوسامە نوجەیفی، بوونی جیابوونەوەی لەو شێوەیە ڕەت دەکـاتـەوەو لەبەرامبەردا ئەرکان زێـبـاری، پەرلەمانتاری گردبوونەوەی عێراقیون ئـەوەی ڕەتـکـردەوە، کە هیچ ئەندامێکی گردبوونەوەکەیان جیابووبێتەوە لەو پێکهاتەیەو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «پێکهاتەیەک بە ناوی قورەویونەوە، بوونی نییە».



عێراقییە، لیستێکی پڕ لە کێشەکێش

هاوکات، بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە، یەکێک لە هۆکارەکانی سازشکردنی ئەیاد عەلاوی لەسەر پۆستی سەرۆک وەزیران بۆ نوری مالیکیو بێهیوابوونی لە وەرگرتنی ئەو پۆستەو بێهیزی کارتەکانی گوشاری، دەنگۆی پێکهێنانی ڕەوتـی نیشتمانییو کۆبوونەوەیان بووە لەگەل نوری مالیکیدا بەمەبەستی پشتگیریکردنی، کە بە وتەی سەرکردەیەکی ئیئتیلافی عێراقییە، ئەو دەنگۆیانە جۆرێکن لە جەنگی دەروونیی دژ بە عێراقییە.

فەتاح شێخ، سـەرکـردەی ئیئتیلافی عێراقییە، لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو هەوالانەی کە باس لە جیابوونەوەی ڕەوتێک دەکەن، بەناوی ڕەوتی نیشتمانیی میانڕەوەوە، دوورن لە ڕاستییەوەو تەنیا لە چوارچێوەی ئەو جەنگە دەروونییانەدان کە دژی عێراقییە ئەنجامدەدرێن».

لیستی عێراقییە کە خـاوەنـی (٩١) کورسییەو پێکدێت لە (٢٢)قەوارەو حیزبی سیاسیو لە کۆی (١٥)پارێزگا کە ئەو لیستە لە هەلبژاردنەکاندا بەشداریی کردبوو، لە (١٢)پارێزگایاندا پەرلەمانتاری هەیەو تەنیا لە پارێزگاکانی میسان، نەجەف، موسەنناو لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان نوێنەری نییەو زۆربەی ئەندامانی ئەو لیستە، سوونە مەزهەبنو هەندێک ئەندامی عەرەبی شیعەو کوردو تورکمانیش لەخۆ دەگرێتو نزیکەی (٨٠)پەرلەمانتاری ئەو لیستە لە پارێزگا سوننە نشینەکانن، (٦٩)ئەندامی سوننە مەزهەبنو (٢٢)پەرلەمانتار شیعە مەزهەبن.

هاوکات، پسپۆڕێکی سیاسیش، هۆکاری سەرهەلدانی جیابوونەوەو دووبەرەکیی لەنێو ئیئتیلافی عێراقییەدا، دەگەڕێنێتەوە بۆ بێهێزیی بنەمای ئەو ئیئتیلافەو نەبوونی ڕۆشنبیریی دیموکراسی تیایدا.

د.خەمیس بەدری، مامۆستای کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان لە زانکۆی بەغدا، ئـامـاژەی بۆ ئـەوە کـرد: دووبەرەکییو جیاوازیی زۆر هەیە لە ڕاوبۆچوونی پێکهاتەکانی لیستی عێراقییەدا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو لیستە لەسەر بنەمایەکی بەهێز دروست نەبووە، جگە لە نەبوونی ڕۆشنبیرییەکی دیموکراسی لەلایەن سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانەوە.

د خەمیس بـەدری، بـە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند: «ئەگەر زۆرە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا، دابەشبوونێکی گەورە لە عێراقییەدا ڕوویدات».

نوجەیفی، کێوەبەرزەکە لە کورد دەگرێت 10

# لە چوارساڵدا کەرکوک (١٢٢) ملیار دیناری بودجەکەی گەڕاندووەتەوە بەغدا



**پارێزگاری کەرکوک: ئەندامانی ئەنجومەن هیچ ئیشیان نییە، جگە لە باسکردنی گەڕانەوەی بودجە نەبێت**

ئارام جەمال

لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا پارێزگای کەرکوک زیاتر لە (١٢٢) ملیار دیناری لە بودجەکەی خەرجنەکردووەو گەڕاوەتەوە بۆ خەزێنەی بەغدا، پارێزگارو ئەنجومەنیش یەکتری تۆمەتبار دەکەن.

بەهۆی دەستنەکەوتنی زانیاریی لە پارێزگارەوە، ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بە نووسراوێک دوایین خشتەی خەرجکردنی بودجەی ساڵانەی کەرکوک، لە چوارچێوەی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان لە وەزارەتی دارایی عێراق وەردەگرێتەوە.

بەپێی نووسراوەکەی وەزارەتی دارایی عێراق، کە بە ژمارە (١٢٧١٢) لە بەرواری ٢٠١٠/١٠/١١-دا وەڵامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکی داوەتەوە، بودجەی ساڵی (٢٠٠٧) لە کۆی (١١٤) ملیار دینار، تەنیا (٤٩٩٩٥٠٠٠) ملیاری خەرجکراوەو بودجەی ساڵی (٢٠٠٨) لە کۆی (١٧٢) ملیار دینار، تەنیا (١٢٩٨٢١٠٠٠) ملیاری خەرجکراوەو لە بوجەی ساڵی (٢٠٠٩)، کە بڕەکەی (١١٧) ملیار دینارە، تەنیا (١١٤٤٦٢٠٠٠) ملیاری خەرجکراوەو لە بودجەی ئەمساڵیش کە بڕەکەی (١٢١) ملیار دینارە تاکو ٢٠١٠/٨/٣١ (٣١٢٠٨٠٠٠) ملیاری خەرجکراوە، ئەو چوارساڵەی ئەنجومەن داوای کردووە، پارێزگاری کەرکوک لە خەرجکردنی بودجە بەرپرسیارەو تەنیا ساڵی (٢٠٠٦) ئەنجومەن بودجەی خەرجکردووە.

ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکیش ئۆباڵی خەرجنەکردنی بودجەی ئەو چوارساڵە دەخاتە ئەستۆی پارێزگاری کەرکوکو لەدوایین کۆبوونەوەی ئەنجومەنەکەشدا بڕیاردرا بەدواداچوون بۆ هۆکارەکانی خەرجنەکردنی بودجەکە بکرێت.

عەلی ساڵەیی، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەوەی لە ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی داراییدا لەسەر خەرجکردنی بودجە دیاریکراوە، مایەی نیگەرانییەو بڕیاردراوە لیژنەی دارایی بەدواداچوون بۆ گرفتەکانی خەرجنەکردنی بودجە بکات».

بۆ بەدواداچوونی خەرجنەکردنی بودجەش ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بڕیاریدا، پارێزگار بانگهێشتی کۆبوونەوەیەکی هاوبەش بکاتو تیایدا قسەی خۆیان بکەن.

عەلی ساڵەیی، بە پێویستی دەزانێت: «پارێزگار وەڵامێکی جێ ڕەزامەندیی ئەنجومەن بداتەوەو هۆکارەکان بۆ هەمووان ئاشکرا بکرێت، بۆ ئەوەی چیتر ئەو بابەتە بە شاراوەیی نەهێڵرێتەوە».

پێشتریش ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگاو ئەندامی لیژنەی پرۆژەکان بە ڕۆژنامەی

> ئەندامێکی ئەنجومەن: بەهۆی ناشەفافیی و گەندەڵیی و چەند هۆکارێکی لاوەکییەوە، نەتوانراوە تێکڕای بودجە خەرجبکرێت

ڕاگەیاندبوو: «بەهۆی ناشەفافیی و گەندەڵیی و چەند هۆکارێکی لاوەکییەوە، نەتوانراوە تێکڕای بودجە خەرجبکرێتو لێپرسینەوەش لەگەڵ ئەو کەسو بەڕێوەبەری فەرمانگانە نەکراوە، کە نەیانتوانیوە بودجەی فەرمانگەکانیان خەرج بکەن».

لە بەرامبەردا پارێزگاری کەرکوک ڕەخنەکانی ئەنجومەنی پارێزگا ڕەتدەکاتەوەو پێیوایە؛ ئەندامانی ئەنجومەن جگە لە باسکردنی بودجە کاری دیکەیان نییەو بابەتەکە چووەتە قاڵبی شەخسییەوەو ئاشکراشیدەکات؛ لە بودجەی ساڵی (٢٠٠٦)، کە ئەنجومەن سەرفی کردووە زیاتر لە (٢) ملیار دینار گەڕاوەتەوە بۆ بەغدا.

عەبدولڕەحمان مستەفا، پارێزگاری کەرکوک بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە بودجەی ساڵەکانی ڕابردوو زۆرینەی خەرجکراوەو تەنیا بودجەی ساڵی (٢٠٠٨) کە لە بنەڕەتدا ئەو بەشەی کەمایەوە لە بەغدا نەنێردرا، ئەو کێشەیەش ڕووبەڕووی زۆرینەی پارێزگاکانی عێراق بووەوە، بودجەی ئەمساڵیش تاکو ئێستا زیاتر لە (٥٧) ملیاری خەرجکراوە، نەک ئەو ژمارەیەی ئەنجومەن باسی لێوە دەکات، ئێستاش کاتی سەرفکردنی بڕی زۆری بودجەیە، چونکە زۆربەی پرۆژەکان گەیشتوونەتە قۆناغی ئەوەی کە بودجەی کۆتاییان پێبدرێت».


پارێزگاری کەرکوک ڕەخنەی لە لێدوانی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا گرتو وتی: «کاری ئەنجومەن تەنیا بووە بە قسەکردن لەسەر بودجەو تاوانبارکردنی ئیدارە، لە مانگی پێنجی ئەمساڵەوە بە نووسراو داوام لە ئەنجومەن کردووە دانیشتنێکی هاوبەش ئەنجام بدەین بۆ دەستنیشانکردنی کەموکوڕییەکانو باشترین میکانیزم بۆ خەرجکردنی بودجە، بەڵام تاکو ئێستا ئەنجومەن وەڵامی نووسراوەکەیان نەداوەتەوە، ئەگەر ئەنجومەن ڕەخنە لە ئیدارە دەگرن کە بۆ باسی بودجەی ساڵی (٢٠٠٦) ناکەن، کە بە نووسراوی ڕەسمیی خۆیان لە لامە زیاتر لە (دوو ملیار) دیناریان لە بودجەی ئەو ساڵە گەڕاندووەتەوە».

لە ساڵی (٢٠٠٦)ەوە ساڵانەو لە چوارچێوەی بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکاندا، بڕێک بودجە بۆ شاری کەرکوک خەرج دەکرێت، بەڵام هیچ ساڵێک نەتوانراوە تەواوی ئەو بودجەیەی بۆ کەرکوک دیاریکراوە، خەرج بکرێت، لەکاتێکیشدا ساڵانەو لە کاتی دیاریکردنی بودجەدا بەرپرسانی ئیدارەو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، ڕەخنە لە بڕی ئەو بودجەیە دەگرن، کە بۆ پارێزگاکە دیاریدەکرێتو بە کەمی دەزانن.

لەبەرامبەردا فازڵ نەبی، بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق، ڕایگەیاند: بەهۆی ئەوەی لە ساڵی (٢٠٠٨)دا عیراق دووچاری تەنگژەی دارایی بووەوە، نەتوانرا بودجە بە تەواویی خەرج بکرێتو بودجەی سەرجەم پارێزگاکان ڕاگیرا، سەبارەت بە کەرکوکیش (٦٩) ملیار دیناری ڕاگیراو خەرج نەکرا، لە ساڵی (٢٠٠٩) هەرچەندە تەنگژەکە نەڕەویبووەوە، بەڵام توانرا بودجەیەکی باش تەرخانبکرێت، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٠) تەنگەژە داراییەکە نەما و توانرا ئەو (٦٩) ملیارەی کە مابووەوە بخرێتە سەر بودجەی ساڵی (٢٠١٠)، کە (٤٦) ملیار دینار بوو، بڕی پارەکە بوو بە (١١٥) ملیار دینار، چونکە هۆی خەرجنەکردنی بودجە وەزارەتی دارایی بوو، نەک ئیدارەی کەرکوکو هیچ بودجەیەکی کەرکوکیش نەگەڕاوەتەوە.

سەبارەت بە پرۆژەی پترۆ دۆلارەکە، کە بڕیارە بۆ پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان خەرج بکرێت، هەردوو پارێزگای کەرکوکو بەسرە فشارێکی زۆریان لەسەر کردین، لە کاتێکدا نەماندەتوانی ئەو پارەیە لە (٢٠١٠) خەرج بکەین، بەو پێیەی پێچەوانەی یاسا بوو، چونکە لە یاسای بودجەدا هەبوو، بەڵام بڕە پارەکەی بۆ تەرخان نەکرابوو، بۆیە نەدەکرا لەمساڵدا خەرج بکرێت، بەڵام فشاری هەردوو پارێزگاکە لەسەر حکومەتو وەزارەتی دارایی وایکرد سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران فەرمانی خەرجکردنی دەربکات ئەگەر لە دەرەوەی بودجەی پەسەندکراویش بێت، بۆیە بڕیارە لە هەفتەی داهاتوودا یەکەم وەجبەی پارەکە خەرج دەکرێت.

بەپێی یاسای بودجەو ئەو ڕێککەوتننامەیەی لەنێوان عێراقو بانکی نێودەوڵەتیی ئیمزا کراوە، پێویستە لەسەر عێراق بە سەرجەم پارێزگاکانیەوە، بودجە لە ماوەی یەک ساڵی دیاریکراودا خەرجبکرێتو ئەگەر نەشتوانرا، ئەوا بودجەکە دەگەڕێنرێتەوە سەر میزانییەی دەوڵەت.




دیمەنێک لە شاری کەرکوک

فۆتۆ: ئەرشیف

---

## داپۆشینی
## کۆچی کوردانی کەرکوک



هێمن کامیل

زیاتر لە سێ ساڵە خەڵکی کەرکوک هەستیان بە کۆچی پێچەوانەی کوردانی کەرکوک کردووە بەرەو شارەکانی هەرێمی کوردستان.

بەڵام ئەوەی بووە بە جێگەی نیگەرانییو مایەی پرسیار، بێدەنگییو بێهەڵوێستی حیزبە دەسەڵاتدارەکانو ڕاگەیاندنەکەیانە لە بەرامبەر دیاردەیەکی پڕ هەڕەشەی لەم جۆرەدا.

کەچی بە پێچەوانەی ئەمەوە، ماوەیەکە زۆر بە چڕوپڕیی کەوتوونەتە وروژاندنی کۆچ، یان دەرکردنی کوردانی جەلەولاو لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە بایەخو گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت، کە ئەمەش بە هەر مەبەستێک بێت، کارێکی باشە.

وەکو ڕۆژنامەنووسو هاوڵاتییەکی ناوچەدابڕێنراوەکانیش ڕاموایە؛ دەبێت کاری زۆر زیاتر لەسەر ئەم مەسەلەیە بکرێت، تەنیا لە ڕاگەیاندنەکانیش نا، بەڵکو هەژانێکی سیاسییو جەماوەریش دروست بکات.

تاوەکو سەرکردایەتی سیاسیی کورد ئەم بێدەنگییە بشکێننو هەوڵی جدیی بدەن بۆ ڕێگەگرتن لەم دیاردەیە، هەروەک چۆن ئەگەر ئیسرائیل تەنیا یەک خێزانێکی فەلەستینی لە شوێنی نیشتەجێبوونیان دەربکات، دەبێت بە جێگەی بایەخدانێکی زۆری ڕاگەیاندنی عەرەبی.

بەڵام ئەوەی سەرنجی ئێمەیە ئەوەیە، بۆچی ئەو بایەخە ڕاگەیاندنەی بە کۆچی کوردانی جەلەولا دەدرێت، بە کۆچی کوردانی کەرکوک نادرێت؟! لەکاتێکدا کە چەندین جار لە کۆچەکەی جەلەولا زیاترو مەترسیدارترە.

هەروەک چۆن دوای زیاتر لە دوو ساڵ لە کۆچی کوردانی خورماتوو ئینجا باسیانکرد، ئەویش دوای ئەوەی لە ڕاگەیاندنی خوێنراودا وروژێنرا، چونکە فاکتەرەکان جیاوازن لەوەی جەلەولا، هەر بۆیە زوو ئەم بابەتەش داخرا.

دەکرێت چەند خوێندنەوەیەک بۆ ئەم دوو حاڵەتە جیاوازە بکەین، کە بۆچی کۆچی کوردانی ناحییەیەک ببێتە جێگەی گرنگیدان، بەڵام جێهشتنی پارێزگایەکی وەک کەرکوک بێدەنگیی لە ئاست بکرێتو تەنانەت هەوڵی داپۆشینو پەردەپۆشکردنی بدرێت؟!

ڕاموایە؛ یەک لە هۆکارەکان ئەوەیە کە دەسەڵات لە کوردستان بەردەوام پێویستی بەوە هەیە سەرنجی خەڵکی کوردستان لە کێشەو گرفتە ناوخۆییەکان دووربخاتەوەو بڵێت؛ کە ئەوەتا شۆڤێنییەکان هەڕەشە لە ئەزموونەکەمان دەکەن، «ئەگەرچی ئەم بۆچوونە ڕەتناکەمەوە»، بەمەش ئۆپۆزسیۆن ناچار دەکەن بەشێک لە ڕاگەیاندنەکەی بۆ ئاوڕدانەوە لەو مەترسییە دەرەکییە تەرخان بکات، تاوەکو نەپەرژێنە سەر خستنە ڕووی کەموکوڕییەکانی ناوخۆ.

هەروەها حیزبەکان لە وروژاندنی کۆچی کوردانی کەرکوکدا تووشی جۆرێک لە ئیحراجی دەبن لە بەردەم خەڵکی کوردستاندا، چونکە بەشی زۆری هۆکارەکانی کۆچەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەدای خراپی ئیدارەی شارەکە، کە دوو حیزبەکە پێکهێنەری سەرەکین.

هەروەها سیاسەتی حیزبەکان لەم شارەدا دەخرێتە ژێر پرسیارەوە، کەواتە لە وروژاندنی کۆچکردنی کوردانی کەرکوکدا، نەک لە ڕووی سیاسییەوە هیچ قازانجو دەستکەوتێکی بۆیان نییە، بەڵکو توڕەبوونی جەماوەرو خەڵکو شەقامی کوردیشی بەدوادا دێت لە بەرامبەر بێبەرنامەییو بێپلانیان لە کەرکوکدا.

بۆ نموونە ئەگەر بۆ دەرکردنی خێزانە کوردەکانی جەلەولا، ڕاستەوخۆ بەعسییەکانو تیرۆریستو شۆڤێنییەکان تۆمەتبار بکرێن، دواجار بە هەندێک پاساو، یان دانانان بە چەند هەڵەیەکدا، حیزبەکان خۆیان لە بەرپرسیارێتی جێهشتنی ناوچەکە لەلایەن کوردەوە بدزنەوە.

ئەوا لە کەرکوکدا بەم شێوەیە نییەو واقیعێکی جیاوازەو ناتوانن هەمان ڕاڤە بۆ کۆچی کوردانی کەرکوک بکەن، چونکە وەڵامیان چی دەبێت کاتێک دەیان خێزان بەهۆی بێخزمەتییەوە شارەکە جێدەهێڵن.

تائێستا تەنیا کەناڵێکی ئاسمانیی یەکێک لە حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکان قسەیان لەسەر ئەم دیاردەیە کردووە، بە داخەوە ڕاگەیاندنی ئۆپۆزسیۆن لە هەندێک جار نەبوونەتە پێشەنگی ڕاگەیاندنی حیزبەکانی دیکە لە وروژاندنی مەسەلەیەکی لەم جۆرەدا.

hemnkamil@gmail.com

## بەڕێوەبەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور:

# پارتیو یەکێتی بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان حوکمی هەرێم دەکەن، نەک وەک حکومەتێک



سۆزیگ دۆلێت

سازدانی: شالاو فەتاح

**سۆزیگ دۆلێت، بەڕێوەبەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو باکووری ئەفریقای ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوورو ئامادەکاری سەرەکیی دوایەمین راپۆرتی ئەو ڕێکخراوە لەسەر رۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستان، باس لەوە دەکات؛ پەیوەندیی مێژوویی نێوان سیاسەتو میدیا هێشتا کاریگەرییەکی زۆری بەسەر میدیای کوردییەوە هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا بەگومانە لە بوونی «میدیای سەربەخۆ» لە کوردستانو پێیوایە؛ هەرچەندە دۆخی میدیای ئازاد لە کوردستان جێگەی دەستخۆشییە، بەڵام زۆری ماوە بۆ گەیشتنە ئاستی میدیایەکی پرۆفیشنالی سەربەخۆ.**

**رۆژنامە: لە راپۆرتەکەتاندا باس لەوە دەکەن، میدیا بەرهەمی مێژووی سیاسیی هەرێمەو دەزگا رۆژنامەوانییەکان لایەنگریی پارتە سیاسییەکان دەکەن، ئەمە چۆن کاریگەریی لەسەر میدیای کوردی دادەنێت؟**

* ئەمە کاریگەریی زۆری دەبێت لەسەر میدیا، وەک ئەوەی سەربەخۆبوونی میدیاو رۆژنامەنووسان زۆر قورس دەکات، لەبەر ئەوەی لایەنگریی سیاسیش پەیوەستە بە پەیوەندیی خێزانییو عەشیرەتگەرایی، بۆ ماوەی چەند ساڵێک-دەیەیەک، میدیا ئامرازی پروپاگەندەی گەریلاو بزووتنەوە بەربەرەکانی خەڵکی کورد بووە بۆ دژایەتی سەدام حسێن، لەبەر ئەوە لە رووی مێژووییەوە میدیا دروستکراوی سیستمی سیاسییە، بەمشێوەیە گومان لە سەربەخۆبوونیان دەکرێت، ئەمرۆش هەندێک میدیا دەیانەوێت رۆڵێکی سیاسییان هەبێت، وەک ئەوەی ئۆپۆزسیۆن.

پرسیاری «ئایا میدیای سەربەخۆ لە کوردستاندا هەیە؟» سەرەکیی بوو لە کارکردنمان لە تەمموزی ئەمساڵدا لە کوردستان، پێموایە؛ ئەگەر ئیرادەی سەربەخۆبوونیش هەبێت، سەربەخۆیی میدیا تەنیا ڕێژەییە.

> دەتوانیت هەست بەوە بکەیت پەرلەمانتارانی گۆڕان ئاسانتر بۆ میدیا دەدوێن، ئەمە لەلایەن پارتیو یەکێتییەوە بەمشێوەیە نەبوو پێشتر

**رۆژنامە: دابەشبوونی میدیا لەسەر ئەو کەیسانەی کە هێرش دەکرێتە سەر ئازادیی رادەربڕین چۆن دەبینیت، بۆ نموونە دەزگا میدیاییەکان هەڵوێستی جیاوازیان هەبوو لەسەر کەیسی کوشتنی سەردەشتو سۆران؟**

* میدیای حیزب رۆڵێکی دیاری هەیە: ئەوان پارێزگاری لە بەرژەوەندییو هێڵی ئایدیۆلۆژیی ئەو حیزبە دەکەن، کە لایەنگرین، ئەمە گەر پێمان خۆش بێت یان نا، بەوشێوەیەیە، نموونەی ئەمەش کە من باش دەیزانم کەمپەینی رقاویی خەبات بوو دژی رۆژنامەنووسانی لڤین، دوای بڵاوکردنەوەی چاوپێکەوتنێک لە (١ی ئابی ٢٠١٠)، کە رەخنەی لە رۆڵی مێژوویی مەلا مستەفای بارزانی دەگرت. تەنانەت گەر کەمێک پرۆفیشنالیەت لەم چاوپێکەوتنەدا بەدی بکرێت، نابێتە هۆی پاساودانی ئەو کەمپەینەی کە لەلایەن رۆژنامەی (خەبات)ەوە دژی رۆژنامەنووسانی لڤین کرا.

**رۆژنامە: وەک باستان کردووە (٨٥٠) بڵاوکراوەی میدیایی لە کوردستانی عێراقدا هەیە، ئەم زیادکردنە کتوپڕەی رۆژنامەو گۆڤار بە دیاردەیەکی کەمێک نائاسایی دادەنرێت بۆ هەرێمێکی بچووک، ئێوە راتان لەمبارەیەوە چۆنە؟**

* لەم ساڵانەی دوایيدا، تێبینیی زیادبوونێکی گرنگی بڵاوکراوەی میدیاییمان کردووە لە کوردستانی عێراقدا، لەمرۆدا زیاتر لە (٤١٥) میدیای نووسراو هەیە لەم هەرێمەدا، کە دروستە بۆ (٨٣٠٠٠) کم٢، ئەمە زۆر گونجاوە، لەبەر ئەوەی بینیمان زۆر ئاسانە میدیا (تەلەفزیۆن، رادیۆ، نووسراو) دابمەزرێنیت لەم هەرێمەدا، بەربەستێکی سیاسیی راستەقینە لەبەردەم دامەزراندنی دەزگایەکی میدیاییدا نییە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ئەو (٨٥٠) میدیایە کوالێتیان باشە، دۆخی ئازادیی میدیاش پشت بە ژمارەی بڵاوکراوە میدیاییەکان نابەستێت، دەکرێت پەیوەست بێت، بەڵام سیستماتیکییانە نا.

**رۆژنامە: لەم هەرێمەدا حیزبی سیاسییو حکومەت بە جۆرێک جیاکراوە نین، ئەمە کاریگەریی چۆن دەبێت لەسەر میدیا، رۆڵی ئۆپۆزسیۆن چۆن دەبینیت؟**

* بەهۆی مێژووەوە، ئەو واقیعە هەیە کە ئاڵۆزیی هەیە لەنێوان حوکمی پارتە سیاسییەکانو حکومەتدا، پارتیو یەکێتی بەپێی بەرژەوەندییو لەبەر خاتری خۆیان حوکمی هەرێم دەکەن، نەک وەک حکومەتێک، ئەمە هۆیەکی ئەوەیە کە تائێستا سیاسەتی حکومیمان بەرامبەر میدیا نییەو میدیای «گشتیی، جەماوەر»یشمان نییە، چەندین میدیا هەیە راستەوخۆو ناراستەوخۆ لەلایەن پارتیو یەکێتییەوە فەند دەکرێن، میدیای ئۆپۆزسیۆنو ئەوانەی پێشیان دەوترێت سەربەخۆ.

لە ساڵی (٢٠٠٩) بۆ یەکەمجار گرووپێکی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی دەرکەوت (لەدوای هەڵبژاردنی تەمموزی ٢٠٠٩)، بۆ یەکەمجار بزووتنەوەی گۆڕانو پارتە ئیسلامییەکان رکابەری هەژموونی دوو پارتە دەسەڵاتدارەکەیان کرد، ئەنجامی ئەمەش بۆ میدیا ئەوە بوو: دەتوانیت هەست بەوە بکەیت پەرلەمانتارانی گۆڕان ئاسانتر بۆ میدیا دەدوێن، ئەمە لەلایەن پارتیو یەکێتییەوە بەمشێوەیە نەبوو پێشتر، وادەبینرێت گۆڕانێک لە مامەڵەی سیاسییەکان لەگەڵ میدیا روویداوە. پێشترو تائێستاش هەندێک سیاسیی کوردستانی عێراق هەموو شتێک بە نهێنیی دەهێڵنەوەو پێیانوایە؛ پێویست ناکات وەڵامی پرسیاری خەڵکو ئۆپۆزسیۆن بدەنەوە (ئەمەش بەرهەمی چاخی نهێنییە، سەردەمی شۆڕش، کە تائێستاش بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ میدیا دەکەن).

**رۆژنامە: رات بەرامبەر یاسای رۆژنامەوانیی چۆنە؟**

* وەک لە راپۆرتەکەماندا باسکراوە، یاساکە یەکێک لە پارێزەرترین یاساکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە بۆ رۆژنامەنووسان، چونکە یەکێکە لەو یاسایانەی کە دەستگیرکردنو حوکمدان بەسەر ئازادیی (دەربڕین)دا یاساغ دەکات، تەنیا غەرامە هەیە، بەهۆی ئەم یاسایەوە دۆخی ئازادیی رۆژنامەوانی لە کوردستانی عێراق باشترە لە وڵاتانی دراوسێی، بەڵام ئەم یاسایەش زۆر دوورە لە پێرفێکت بوونەوە، چونکە هەندێک زاراوە کە لەم یاسایەدا بەکارهاتوون، ئاڵۆزن، ئەمەش رێگە بۆ نارەوایەتی حوکمدان خۆش دەکات، جیا لەمەش، پەیامنێرانی بێسنوور پێیوایە؛ ئەو برە غەرامەیەی دانراوە زۆرە بەراورد بە ستانداردەکانی ژیانی رۆژنامەنووس لە هەرێمدا، ئەو راستییەی کە دەبێت رۆژنامەنووسی نووسەری بابەتەکەو سەرنووسەریش ئەو غەرامە زۆرە بدەن، دەبێتە هۆی دروستکردنی خود- سانسۆری لای رۆژنامەنووسان.

لەگەڵ ئەوەشدا چۆنێتی جێبەجێکردنی یاساکە لە هەرێمدا جێی نیگەرانییە، چونکە کەمیی سەربەخۆیی لە سیستمی دادوەری کوردستاندا دیارو بەرچاوە. زۆرێکیان (هەڵبەت هەموویان نا) بە جۆرێک رۆژنامەنووسان بە یاسای سزادانی عێراقی سزا دەدەن (ئەمەش لە یاسای رۆژنامەوانی ساڵی ٢٠٠٧ زۆردارانەترە).

> دیموکراسی بەبێ ئازادیی رۆژنامەوانی دروست نابێت

**رۆژنامە: لە راپۆرتەکەتاندا جۆرێک لە پۆلێنکردن هەیە، وەک رۆژنامەوانی (حیزب، سێبەر، ئۆپۆزسیۆنو سەربەخۆ، یان ئەهلیی)، پێتوایە؛ هەموو ئەم جۆرانە لە میدیا پێویستە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی- مەدەنی؟**

* رۆژنامەوانی لە کۆمەڵگەی دیموکراتی- مەدەنییدا گرنگە، دیموکراسی بەبێ ئازادیی رۆژنامەوانی دروست نابێت، لانیکەم ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە هەموو رۆژنامەنووسێکی پرۆفیشناڵ چ حیزبیی بێت، ئۆپۆزسیۆن، سێبەر، یان سەربەخۆ، بتوانێت بە ئازادیی کار بکات، بەبێ ترس لە هەڕەشەو هێرشی جەستەییو سکاڵای یاسایی، لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی- مەدەنییدا، سیاسییو رۆژنامەوان لە رۆڵو گرنگیی یەکتری تێدەگەن، ئەمەش هێشتا بەمشێوەیە نییە لە کوردستانی عێراق، بەڵام شتەکان دەکرێت باشتر بن.

---

## نیویۆرک تایمز:

# پێشکەوتنی کەم لە کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان بەدەستهاتووە

* مایکڵ گۆردۆن-ئەندرێ لێهرن



فۆتۆ: ئەرشیف

ئەو دۆکیۆمێنتە گرانبەهایانەی لەلایەن ویکیلیکسەوە بڵاوکرانەوە، پۆرترێتی مێژوویەکی درێژ لە توندوتیژیی نێوان عەرەبو کورد لە باکووری عێراق، دەکێشنو ترسو نیگەرانیی هێزە ئەمریکییەکان دەربارەی داهاتووی ئەو ناوچانە دەردەخات، بەتایبەت ترسی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە کۆتایی (٢٠١١)دا.

لە راپۆرتێکی مەیدانیی رۆژی (٢٠٠٩/٩/٢٨)دا هاتووە: «دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، بەبێ بوونی لایەنی سێیەمی خاوەن تواناو نفوز لەم ناوچانەدا، نیگەرانییەکان زوو دەگۆڕێن بۆ توندوتیژیی». پسپۆڕان ماوەیەکی درێژە بە نیگەرانییەوە چاودێریی دۆخی ئەم ناوچانە دەکەنو ترسی سەرەکییان رووبەڕووبوونەوەی سەرکردە کوردەکان نییە لەگەڵ حکومەتێکی زۆرینە شیعی لە بەغدا، چونکە زۆربەی پسپۆڕان پێیانوایە، بەرژەوەندیی باڵای سەرکردایەتی سیاسیی ئەم ناوچەیە لەوەدایە کە ناوچەکە لە رووی گەشەی ئابوورییەوە بەردەوام بێت، بەڵکو ترسی سەرەکییان لەوەیە کە لە حاڵەتی یەکلاییەنەبوونەوەی دۆخی ناوچە کێشە لەسەرەکان، سیاسییو بەرپرسە ئەمنییەکانی ئەم ناوچانە، خۆیان کێشەکان بگرنە دەست، بەتایبەت دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا کە هەمیشە لە پشت پەردەوە کاریان کردووە بۆ کپکردنی ململانێکان.

کوردو عەرەبەکان، کێشەیان لەسەر چەند شتێک هەیە، وەک دابەشکردنی دەسەڵات لە ناوچەی کەرکوک، رێژەی ئەو فیدرالییەتەی دەبێت لە عێراقدا هەبێت، یاسای نەوتو گازو کێشەی ناوچە جێناکۆکەکانو ئەم کێشانەش قووڵتربوونەوە، دوای ئەوەی کە ئەمریکییەکان بوونی هێزی پێشمەرگەیان لە هەندێک ناوچەی باکووری عێراق بۆ رووبەڕووبوونەوەی یاخیبووان، قبوولکرد.

دۆخەکە هێند مەترسیدار بوو تا ژەنەراڵ رای ئۆدێرنۆ کە بەمدواییانە پۆستەکەی بۆ فەرماندەیەکی باڵای ئەمریکی جێهێشت، چەند خاڵێکی پشکنینی دامەزراند کە لەلایەن ئەمریکییەکانو سەربازی عێراقیو کوردەکان بەیەکەوە بەڕێوەدەبران، ئەمەش بۆ رێگرتن لە هەر رووبەڕووبوونەوەیەکی رێکەوت، یان پلان بۆ دانراو.

ئیدارەی ئۆباما، هیواخوازبوو کە بەشداریکردنی کورد لە حوکمدا، هاندەری چارەسەری کێشە درێژخایەنەکان بێتو ببێتە هۆی یەکگرتنی هێواشی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ سوپای عێراق، بەڵام پێشکەوتنی کەم بەدەستهاتووە لە کێشەی کوردو عەرەبدا.

هەر ئیدارەی ئۆباما پلانی داناوە بۆ کردنەوەی باڵیۆزخانە لە شارەکانی موسڵو کەرکوک، کە وادەکات ئەمریکییەکان بتوانن بە کێشەی کوردو عەرەبەوە خەریک بن، تەنانەت دوای کشانەوەیان لە عێراق.

ئەو راپۆرتانەی لە ویکیلیکسەوە بڵاوکرانەوە، ئەوەیان پیشاندەدا کە ئەلقاعیدە لە میزۆپۆتامیا ویستوویەتی ئەو کێشە درێژخایەنە بۆ بەرژەوەندیی خۆی بقۆزێتەوە.

راپۆرتی (٢٠٠٨/٩/٢٧)، ئەوە دەردەخات کە توندوتیژیی دەشێت پەرەبسێنێت، تەنانەت ئەگەر بەرپرسانی هەردوولاش بیانەوێت رێی لێبگرن، دوای ئەوەی چەند ئەفسەرێکی پۆلیسی عێراق لە نزیک خانەقین کە ناوچەیەکی سەر بە پارێزگای دیالەیە، کارمەندی دەزگایەکی موخابەراتی کوردیان دەستگیرکرد، سەرکردەیەکی کوردی ئەو ناوچەیە، چووە دەزگای پۆلیس بۆ ئازادکردنیو دەستگیرکراوەکە ئازادکرا، بەڵام بەهۆی روودانی «شەڕە قسەیەکی گەرم»ەوە، تەقە دەکرێتو پێشمەرگەیەک دەکوژرێت.

راپۆرتێکی دوو مانگی دواتر، باس لە هێرشێکی پیلانگێڕانە دەکات: دانانی بۆمبێک لە سەر رێگایەکی ناوچەیەکی باکووری.

لە راپۆرتێکی (٢٠٠٨/١١/٢٢)دا کە کورتکراوەی چەمکی سەربازیی بۆ راپۆرتدان بەکارهێناوە، هاتووە: «عەرەبەکانی ئەم ناوچەیە رقیان لە پۆلیسەکانە، چونکە فەرماندەی پۆلیس کوردە»، ئەمە جگە لەوەی پەیوەندیی بە موخابەراتی کوردییەوە هەیەو یاخیبووەکانی ئەم ناوچەیە، چەندجارێک هەوڵی وروژاندنی کێشەکانیان داوە بۆ هەردوولاو لە (٢٠٠٨/١٢/١١) خۆکوژێک لە ریستۆرانتێکی نزیک کەرکوک کە چەندین بەرپرسی کوردو عەرەبی لێبوو، خۆی تەقاندەوەو ئەو راپۆرتە مەیدانییە، دەڵێت: «ئەو هێرشە مەبەستی سەرکوتکردنی سەرکردەکانو پەکخستنی کۆبوونەوەی سەرکردە سیاسییو دینییەکانە بۆ یەکگرتنی ناوچەکە».

## د. محەمەد کیانی، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی گۆڕان:

# (١٩)خاڵەکە، بە هی خۆمان دەزانین‌و بەرگریشمان لێکردووە

سازدانی: ڕۆژنامە

**د. محەمەد کیانی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە سەرەڕای کشانەوەیان لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، داواکارییە (١٩)خاڵییەکەی ئەو ئیئتیلافەیان بەهی خۆیان زانیوەو لە بەغدا بەرگرییان لێکردووە. لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەدا، کیانی دەڵێت: «ئەگەر حکومەتی شەراکەتی نیشتمانی هەبێت، ئێمەش وەک گۆڕان بەشمان تیایدا دەبێت‌و دەشتوانین لە پەرلەماندا ڕۆڵی کاریگەر بگێڕین».**


د.محەمەد کیانی

**ڕۆژنامە: لە یەکەم دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەراندا، پەرلەمانتارانی عێراقییە کشانەوە، ئەوە نایسەلمێنێت کە لە عێراقدا تەوافوقی سیاسیی بوونی نییە؟**

* تا ئێستا هێڵەکان ئاڵۆزییان تیایەو پاشقول لێکگرتن هەیە، عێراقییە ویستیان هەندێک شت بخەنە نێو بەرنامەی کاری دانیشتنەکەوە، لەوانە، یاسای ڕیشەکێشکردنی بەعس، بەڵام من، پێم وابوو، تەنیا لەبەرئەوە بوو کە دەنگ بە سەرۆک کۆمار نەدەن، تا نیسابی یاسایی نەمێنێت، ئەوە ڕووداوێک بوو کە پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت، ئەمە جگە لە وتارەکەی ئوسامە نوجەیفی کە پڕبوو لە شعورێکی نەتەوەیی عەرەبی، بۆیە پێم وایە، پێگەیشتنی سیاسیی لە عێراقدا نییە تا ببێتە فیکرێکی کراوە کە هەموو لایەنەکان وەربگرێت‌و بتوانێت بونیادی داهاتوو بکات، تا ئێستا فیکرێک هەیە کە دەیەوێت لەسەر بنەمای پاشقول لێکگرتن کاربکات‌و ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەش زۆر سلبییەو ناتوانرێت سیاسەتی دەوڵەتێک دابڕێژرێت بە سیاسەت‌و ویستێک کە دیارو ئاشکرا نەبێت، کارکردن بەو ڕێڕەوەش بەڵگەی ئەوەیە کە تا ئێستا پێکهاتەکانی عێراق قەناعەت بە وجودو مافەکانی یەکتر ناکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی ناسەقامگیریی لە عێراقداو عێراقێکی فاشل دەهێنێتە کایەوە.

**ڕۆژنامە: گۆڕان، لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان کشاوەتەوە، ئایا لە پرسە نەتەوەییەکاندا لە بەغدا، هاوڕای ئەو ئیئتیلافە دەبن؟**

* لەو ڕۆژەی فراکسیۆنی گۆڕان لە ئیئتیلافەکە کشاوەتەوە تا ئێستا، باشترین بەرگریکاربووە لە مافی گەلی کورد لە بەغدا، لە چاوپێکەوتن‌و ڕاگەیاندنەکاندا بووبێت، یان لە کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنە براوەکانی هەڵبژاردندا، بەرگریمان لە داواکارییە (١٩)خاڵەکەی کورد کردووە، چونکە گۆڕان ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە پێگەیشتنی خودی ئەو خاڵانەو گۆڕانیش ئەو وەرەقەیەی بە وەرقەی خۆی زانیوەو بەرگریشی لێکردووە، ئێمە لەگەڵ هیچ لایەنێکدا پەیوەندیمان نەبەستووە لەسەر بنەمای سازشکردن لەو خاڵانەو دژی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانیش کارمان نەکردووە، ئێمە هاوسەنگیی خۆمان ڕاگرت، بەڵام لە هەمانکاتدا بەرگریشمان لەو خاڵانە کردووە.

**ڕۆژنامە: ئەگەر لە پرسە نەتەوەییەکاندا هاوڕای ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بن، لەکوێدا کارتەکانی گوشار لە بەغدا بەکاردەهێنن؟**

* دەبێت ئێمە لە فراکسیۆنی گۆڕان، بە ئاراستەی گەشەکردنی کۆمەڵگای مەدەنی لە هەرێمی کوردستان کار بکەین‌و مەسەلەی موحاسەسەی حیزبیی شتێکە کە لەلای ئێمە بوونی نییەو ئێمە توانیومانە تەجاوزی ئەو قۆناغە بکەین، کە کۆمەڵگەی کوردەواری بکەین بە کۆمەڵگەیەکی حیزبیی، بۆیە ئاراستەی کارکردنیشمان لە بەغدا، بەهەمانشێوە دەبێت بۆ بانگەشەکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان، بۆنموونە، کارتی فشاری ئێمە بریتی دەبێت لەوەی کە داوای دەکەین، هێزی پێشمەرگە ڕێکبخرێتەوە وەک هێزی نەتەوایەتی‌و دەوڵەتی، لەبری ئەوەی هێزی حیزبێک بێت، دەمانەوێت هێزێک بێت بڕوای بە نیشتمان هەبێت، تا لە ڕۆژی پێویستدا بەرگریی لە هەرێم بکات‌و لەگەڵ ئەوەداین، هەموو مەترێکی کوردستان بیرێکی نەوتی تیابێت، بەڵام دەبێت سەرجەم گرێبەستەکان شەفاف بن کە داهاتەکەی بۆ کوێ دەچێت‌و چۆن سەرفدەکرێت.

**ڕۆژنـامـە: تا ئێستا تەرحی پۆست لە بەغدا، بۆ فراکسیۆنی گۆڕان کراوە، قورسایی خۆتان لە حکومەتی نوێدا دەزانن؟**

* تائێستا کۆبوونەوەکان لەسەر پۆست نەبوون، بەڵکو بۆ یەکلاییکردنەوەی پۆستە باڵاکان بوون، ئێمەش وەک هەموو لایەنێکی تر، ئەگەر حکومەتێکی شەراکەتی نیشتمانیی هەبێت، بەشمان دەبێت لەو حکومەتەداو هەر لە یەکەم ڕۆژی دانیشتنی پەرلەمانەوە، هاوپەیمانیی نیشتمانی داوای لێکردین کە هەڵوێستمان چۆنە لەگەڵ حکومەتی نوێدا، ئێمەش ئامادەیی خۆمان پیشانداوەو ئەگەر لەنێو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانیشدا نەبێت، بەتەنیا دەچینە هۆڵی گفتوگۆوە لەگەڵیاندا.

**ڕۆژنامە: کەواتە، خۆتان لە ئۆپۆزسیۆن بە دوور دەگرن؟**

* دەتوانین لە هەردوولادا بین، چونکە ژیانی پەرلەمانی لە بەغدا زۆر ئەکتیڤترە لەوەی کە لە کوردستاندا هەیە، لەبەرئەوەی پێکهاتەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، جیاوازیی هەیە لەگەڵ پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستاندا، ئەوەش ڕۆڵی دەبێت لەسەر چاودێریی‌و موحاسەبەکردن لە پەرلەمانی عێراقدا، ئێمەش دەتوانین پۆستی وزاریمان هەبێت‌و ڕۆڵی چاودێریی بەهێزیشمان لە پەرلەماندا هەبێت.

**ڕۆژنامە: بەر لە دەنگدان بۆ سەرۆک کۆمار، ئەندامانی عێراقییە چوونە دەرەوە، بەڵام سەرەڕای تێبینییەکانتان لەسەر جەلال تاڵەبانی، هۆڵی کۆبوونەوەکەتان جێنەهێشت‌و مانەوە، شرۆڤەت بۆ ئەم حاڵەتە چییە؟**

* بەدرێژایی مێژوو، هەمیشە ئەگەر لە ناو کوردا کێشەو پشێویی نێوخۆیی هەبووبێت، پەنای بۆ دوژمنی دەرەکی بردووەو زیانی بە کورد گەیاندووە،

> فراکسیۆنی گۆڕان دەتوانێت ڕۆڵی چاودێری بەهێزی لە پەرلەمانی عێراقدا هەبێت

نابێت ئەو هەڵەیەی یەکێتی‌و پارتی دووبارە بکەینەوە، بەڵام گۆڕان توانیوێتی تەجاوزی ئەو جۆرە بیرکردنەوە سلبییە بکات‌و ئەگەر ئێمە لە ناوەوەش پشێویمان هەبێت، مکوڕبین لەسەر داواکارییەکانمان، بەڵام لەهەمانکاتیشدا پشت بە دوژمنی دەرەکی نابەستین بۆ سەرکەوتن بەسەر ڕکەبەرەکانی نێوخۆدا.

---

# نوجەیفی، کێوەبەرزەکە لە کورد دەگرێت

## ئەو کەسەی کورد ویستی لە پەرلەمان دەری بکات، کردیە سەرۆکی خۆی

ڕاپۆرتی: هەستیار قادر

ئوسامە نوجەیفی، بە ڕێککەوتنێکی سیاسیی‌و بە دەنگی بەشێک لە پەرلەمانتارانی کوردو دوای کەمتر لە ساڵێک لە هەوڵی کورد بۆ هەڵگرتنی حەسانە لەسەری، بووە سەرۆکی پەرلەمانی عێراق‌و هاوکات، پەرلەمانتارێکی پێشووی کوردیش دەڵێت: «بەبوونی نوجەیفی لە سەرۆکایەتی پەرلەماندا، گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێم، خەونە».

### کورد، دەنگی بە نەیارەکەی دا

لە دانیشتنی ڕۆژی پێنجشەمەی ڕابردووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقداو لە دوای ڕێککەوتنێکی سیاسیی، ئوسامە نوجەیفی، سەرکردە لە ئیئتیلافی عێراقییە بە (٢٧٧) دەنگ لە کۆی (٢٩٦)پەرلەمانتاری ئامادەبوو، بووە سەرۆکی نوێی ئەنجومەنی نوێنەران کە لە ڕووی تیۆرییەوە، جگە لە دەنگی (٩١) ئەندامی لیستەکەی، پەرلەمانتارانی کوردو لە شیعەکانیش دەنگیان پێداوە.

نوجەیفی، لەدایکبووی ساڵی (١٩٥٦)ی شاری نەینەوایە، پسپۆڕیی هەیە لە ئەندازیاریی کارەباداو لە ڕیزی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا نەبووەو لە ساڵانی کۆتایی بەر لە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسدا، کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیی دامەزراندووەو دواتر لەسەردەمی حکومەتی ئیبراهیم جەعفەریدا لەساڵی (٢٠٠٥)دا، کرا بە وەزیری پیشەسازیی‌و کانزاکانی عێراق، دانانی نوجەیفی لە پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران دوای کەمتر لە ساڵێک دێت لە هەوڵێکی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی پێشوو بۆ هەڵگرتنی حەسانەی یاسایی لەسەر نوجەیفی بەهۆی «هێرشکردنە سەرکورد»ەوە، لەوبارەیەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو هەوڵە کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو هەوڵە لە دژی نوجەیفی، جدیی نەبووەو ڕای سەرجەم لیستی هاوپەیمانیی لەسەر نەبووەو هەرزوو شکستی هێناوە».

### کێوە بەرزەکەی لە کورد گرت

وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران لەلایەن ئوسامە نوجەیفییەوە، هاوکاتە لەگەڵ تێپەڕبوونی عێراق بە قۆناغی بونیادنانی یاسایی‌و مەترسیی زۆری لەلای هەندێک لە چاودێرانی سیاسیی دروستکردووە، بەوپێیەی بە وتەی دوو پەرلەمانتاری پێشوی کورد، نوجەیفی «مەترسیدارەو بڕوای بە دەستوورو مادەی (١٤٠) نییە».

ئەحمەد شەبەک، ئەندامی کوردی ئەنجومەنی نوێنەرانی پێشوو، پێیوایە: نوجەیفی بە بۆنەو بەبێ بۆنە، هێرش دەکاتە سەر کوردو هەڵوێستی ناگۆڕێت‌و بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئەگەر زۆرە، بە بوونی نوجەیفی لەو پۆستەدا، ئەمجارە وەزعی کورد لە پەرلەماندا زۆر خراپ بێت».

ئەم مەترسییانە لە کاتێکدان، لە یەکەم وتاری دوای وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەراندا، ئوسامە نوجەیفی هێرشی کردە سەر دەستوورو ناوچە جێناکۆکەکانیشی بە ناوچەی هاوسنووری هەرێم ناوبرد.

هاوکات، پشتیوان ئەحمەد کە ئەندامێکی تری کوردی ئەنجومەنی نوێنەرانی پێشوو بوو لەسەر لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی، جەختی لەسەر مەترسیی بوونی ئوسامە نوجەیفی کردەوە لە پۆستی سەرۆکی پەرلەمانداو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بە بوونی نوجەیفی لە سەرۆکایەتی پەرلەماندا، گەڕاندنەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان، خەونە»، بەو پێیەی بە وتەی ناوبراو، نوجەیفی خاوەنی (٩١)پەرلەمانتارەو دەشزانێت چۆن دەسەڵاتەکانی خۆی وەک سەرۆکی پەرلەمان بەکاربهێنێت‌و گەورەترین کۆسپ دەبێت لەبەردەم جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)دا.

### نوجەیفی، بە دەردەکەی مەشهەدانی دەچێت؟

لە (٢٤)ی مانگی دیسەمبەری ساڵی(٢٠٠٨) دا، مەحمود مەشهەدانی، سەرۆکی پێشووتری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەهۆی «خراپ مامەڵەکردنی لەگەڵ پەرلەمنتاران» بە هەوڵی کوردو شیعەکان، ناچارکرا دەست لە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بکشێنێتەوە.

بەو تێبینییانەوە کە نوجەیفی لەسەر کوردو بە پێچەوانەوە بوونیان هەیە، کە هەندێکجار دەگاتە ئاستی یەکتر تۆمەتبارکردن، پرسیار لەسەر ئەگەرەکانی دووبارەبوونەوەی هەمان چارەنووسی مەشهەدانی بەسەر نوجەیفیدا دەکرێت، بەڵام پشتیوان ئەحمەدی پەرلەمانتاری پێشوو پێیوایە: کەسێتیی مەشهەدانی‌و نوجەیفی جیاوازن‌و بەراورد ناکرێن‌و لادانی نوجەیفی بە کارێکی ئەستەم دەزانێت لە پرسی سەرۆکی پەرلەمانداو دەڵێت: «مەشهەدانی، کەسێتییەکی بێهێزی هەبوو و بە چوونە دەرەوەشی لە پەرلەمان، کەس لەگەڵیدا نەڕۆیشت، بەڵام نوجەیفی کەسێتیی بەهێزەو دەزانێت ململانێ بکات‌و بەتەنیا (٤٠)کورسی هەیەو بە لابردنی لە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان، عێراقییەش لە پرۆسەی سیاسیی دەکشێتەوەو پرۆسەکە توشی شەلەل دەکات».


ئوسامە نوجەیفی، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق



# ..مەڵگـەی ئـازاد

..نی ژیان بکرێت، تا «کۆمەڵگەی ئازاد» بەرهەم بهێنرێت. لەو کۆنفرانسەدا کە رۆژانی (٣٠و٢٠١٠/١٠/٣١)، خانەی حیکمەت بۆ لێکۆڵینەوەی فەلسەفی، ..نامەی رۆژنامە بە پێویستی زانی کە دۆسیەیەک لەوبارەیەوە بکاتەوەو سیمینارو گفتوگۆکانی ئەو کۆنفرانسە بکاتە بنەمایەک بۆ دۆسیەکە. لەم ..ئازادیی ئابووریی، دیموکراسی لیبراڵو ئیسلام، مافەکانی تاکو حوکمی یاسا، دیموکراسیو ئاشتی، رۆژنامەگەریی ئازاد، تیۆری لیبراڵ، رچەشکێنی

ئامادەکردنی: هیوا جەمال

# ئازادیی ئابووریی، دیموکراسی لیبراڵو ئیسلام

**میلتۆن فریدمان، دوایین کتێبی دەربارەی «کاپیتالیزمو ئازادییە» بەم شێوەیە دەستپێدەکات، ئازادیی رووەکێکی ناسکی دەگمەنە، گەورەترین مەترسی بۆسەر ئەم رووەکە، چڕبوونەوەی دەسەڵاتە، کاتێکیش هێزی ئابووریيو هێزی سیاسیی لەدەست هەمان لایەنن، ئەوکاتە چڕبوونەوەی دەسەڵات روودەدات.**

فریدمان، چارەسەرێکی بۆئەوە دۆزیوەتەوە، ئەویش جیاکردنەوەی دەسەڵاتی ئابووریيو دەسەڵاتی سیاسییە، ئازادیی ئابووریيو ئازادیی سیاسیی بەدوایەکدا دێن، لەبەرئەوەی هەرکامێکیان کاریگەریی لەسەر ئەوی تریان دەبێت.

دەکرێت هێزی ئابووریی بەم شێوەیە پێناسە بکەین: خاوەنکار، دەتوانێت فاکتەرەکانی ئابووریی بە ئارەزووی خۆی بەکاربهێنێت، هەر لە کارەوە تا بەروبووم.

لەبارەی ئازادیی تاکەوە لە بواری ئابووریدا، د. بیجان شاهین، مامۆستای زانستی سیاسیی لە زانکۆی حەجەتەپە لە تورکیا، دەڵێت: ئەگەر کەسێک توانای هەبێتو بیەوێت سامانەکەی لە بوارێکدا بخاتەگەڕ، ئەوا ئازادیی ئەوەی هەیە کە ئەم کارە بکات، هەروەها ئازادیی ئابووریی هەیە، یەکێک لە بناغە سەرەکییەکان ئەم ئازادییەش بریتییە لە ئارەزووی تاکەکان لە ئاڵوگۆڕکردنی بەروبوومەکانیانو بوونی مومتەلەکاتی تایبەت.

ئازادیی سیاسیی، مانای ئەوەیە کە تاک بەشداریی بکات لە بڕیاردەرکردندا، لەکاتێکدا ئەو بڕیارە حوکمی تاک خۆی پێدەکرێت، بۆیە ئەو سیستەمە سیاسییەی کە ئازادیی تێدایە، پێی دەوترێت، دیموکراسی.

وڵاتە دیموکراسییەکان بەپێی پرەنسیپی زۆرینە کار دەکەن، بەڵام د.بیجان شاهین، بەڕێوەبەری «کۆمەڵەی فیکری لیبراڵ» لە تورکیا، دەڵێت: دەکرێت هەندێکجار پرەنسیپی زۆرینە دەرئەنجامی نالیبرالی، یان توندوتیژیی لێبکەوێتەوە.

هەر لەبارەی سیستمی زۆرینەوە، نۆرمن لاری بیرمەندی بەریتانی، دەڵێت: سیستمی زۆرینە، هەندێکجار دەرئەنجامی توندوتیژیی، یان نالیبرالی



د. بیجان شاهین

هەیە بەتایبەت لەو کۆمەڵگایانەی کە تایبەتمەندی جیاوازیی کلتوورییو ئاینییان تێدایە.

زۆربەی دیموکراتە لیبراڵەکان، ئەوەندەی گرنگی دەدەن بە دەسەڵاتی دەستووریی، ئەوەندە گرنگی نادەن بەوەی کە کێ دەسەڵاتی بەدەستەوەیە.

## دیموکراسی لیبراڵ

جیاواز لەو دیموکراسییەتەی کە لیبرالییەتی ناتەواویی تێدا بێت، د. بیجان شاهین لەوبڕوایەدایە، دیموکراسی لیبراڵ سیستمێکی سیاسیی دەستوورگەراییە، دیموکراسی لیبراڵ پێمان دەڵێت کە سەروەریی لە دەستی خەڵکدایە، ئاوەڵناوی لیبراڵیش پێمان دەڵێت، رێژەی سنووردارێی ئەو سەروەرییە چەندە.

دیموکراسییەتی لیبراڵ، ئەو جۆرە سیستمە سیاسییەیە کە هەموو خەڵک مافی بەشدارییان لە دەرکردنی بڕیارەکاندا هەیە، جا بە نێگەتیڤ بێت، یان پۆزەتیڤ، لەبەرئەوەش ئەم خەڵکانە مافی ئەوەیان هەیە کە بەشداریی بکەن لە رێکخراوەکاندا بۆ چۆنێتیی دەرکردنی ئەو یاسایانەی کە دواجار حوکمی خۆیانی پێدەکرێت.

د. بیجان پێی وایە، لیبراڵەکان هەوڵدەدەن کە دەسەڵاتی حکومەت دیاری، یان سنووردار بکەن، ئەویش لە رێگەی دەستوور، یان لە رێگەی سنوورە جوگرافییەکان وەک فیدراڵییەت، بۆیە دەڵێت: ئەو رووەکە ناسکەی کە فریدمان باسی دەکات، تەنیا لە کەشوهەوایەکدا گەشە دەکات کە ئازادیی ئابووریی لە بازاڕی ئازاددا هەبێت، هەروەها ئازادیی لە ناوەندی سیاسیدا هەبێت.

ئەمڕۆ سەرمایەداریی بووە بە شێوازی بەرهەمهێنان لە جیهانداو بچوکترین رووداو لە هەر کونجێکی دنیادا لەهەموو جیهان دەنگدەداتەوە، ئەمەش پێمان دەڵێت کە سیستمی سەرمایەداریی باڵادەستە.

لە سایەی سەرمایەداریی لیبراڵیزمەوە، ئابووریی وەک زانستێکی سەربەخۆ سەریهەڵدا، لە دوای کتێبەکەی ئادەم سمس لە ساڵی(١٧٧٦) وردە وردە ئابووریی وەک زانستێکی سەربەخۆ لە ژێر دەست کەنیسە هاتەدەرەوە، بوو بە زانستێکی سەربەخۆ، ئەمڕۆ لیبرالیزم یەکێکە لەو مەسەلانەی کە چارەنووسی گەلانی پێوە بەستراوەتەوە، دیارە سەرمایەداریی وەک سیستمێکی ئابووریی، کۆمەڵایەتی، سیاسیی لە مێژووی خۆیدا رۆیشتووەو لە هەرقۆناغێکدا جۆرێک لە ئازادیی هێناوە.

د. دلێر شاوەیس، ئەکادیمیو شارەزا لە بواری ئابووریدا، لەوبڕوایەدایە کە قەیرانە ئابوورییەکانی ئەم دواییەی ئەمریکاو وڵاتانی ئەوروپای گرتەوە، قوتابخانەی نیو لیبراڵەکانی شکست پێهێناو سیستمی بازاڕی گەڕاندەوە بۆ لیبراڵ، بۆیە دەڵێت: لیبرالییەت دەیەوێت ئازادیی هەبێت لە چوارچێوەی یاسادا، ئەوەندەی سوود بەخەڵک دەگەیەنێت، بۆیە دەڵێت: پێویستە دەوڵەت کەم یان



د. دلێر شاوەیس

زۆر بەپێی پێویستی رێنمایی بکاتو ئەگەر پێویست بکات، بەشداریی بکات.

## ئیسلامو دیموکراسی لیبراڵ

دەربارەی گونجاویی ئیسلام بۆ دیموکراسی لیبراڵ، دوو بۆچوون هەن:

یەکەم: ئیسلامو دیموکراسییەتی لیبراڵ پێکەوە ناگونجێن، لەبەرئەوەی سەروەریی لە دیموکراسییەتی لیبراڵدا دەگەڕێتەوە بۆ خەڵک، بەڵام لە ئیسلامدا دەگەڕێتەوە بۆ (ئەڵڵا)، کەواتە ئەم دووانە پێکەوە ناگونجێن.

دووەم: ئیسلامو دیموکراسییەتی لیبراڵ پێکەوە دەگونجێن، لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی فراوان ئیسلامو تراديشنی ئیسلامو رۆحییەتی ئیسلام ئازادیخوازە، وەک چەمکەکانی «شوار»و «ئیجماع» کە دەشێت کاراکتەری لیبرالییەتی ئیسلام بن، بەڵام هەندێکی تر دەڵێن، لە قورئانو فەرمودەکانی محەمەددا، پرەنسیپی سیاسیی نییە، بۆیە دەکرێت موسلمانەکان هەندێک پرەنسیپی دیموکراسی بەکاربهێنن.

د. بیجان شاهین داکۆکی لە تیۆری دووەم دەکات، چونکە لەو بڕوایەدایە، ئیسلام زیاتر پەیوەندیی بە تێڕوانینی رەوشتی رۆژانەوە هەیە زیاتر لە بارودۆخی سیاسیی، بۆیە دەکرێت پرەنسیپی لیبراڵ وەربگرێت، لەلایەکی تریشەوە لیبرالیزم پەیوەندیی بە ژیانی سیاسییە هەیەو ئیسلام پەیوەندیی بە مۆراڵی ژیانەوە هەیە، بۆیە دەتوانرێت هەردووکیان بەکاربهێنرێن.

د. دلێر شاوەیس، وەک ئەکادیمییەکی شارەزا لە بواری ئابووریدا، دەڵێت: پێموایە، ئەگەر ئاین وەک کۆمەڵە یاساو رێسایەک کە ژیانی کۆمەڵ رێک دەخات لەنیوان خۆیان، یان سروشت، یان لەگەڵ خودا لە ئێستاو پاش ژیان سەیری بکرێت، ئەوا ناتوانین لەگەڵ چالاکییە ئابوورییەکاندا رێکی بخەینو ناتوانین بڵێین، ئابوورییەک هەیە تایبەت بە موسلمانو جولەکەو هیندۆسی...


د. دلێر دەڵێت: چالاکییە ئابوورییەکان، ئاینی نیین، بەڵکو لەسەروو ئاینەوەن، چالاکی ئابووریی بریتییە لەو زانستەی لەبارەی چالاکییەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، لەپێناوی بەرهەمهێنان لە رێگەی کارتێکردنی مرۆڤەوە بۆسەر سروشت بە مەبەستی بەدەستهێنانی بەرهەمە مادییەکان بۆ تێرکردنی پێداویستیی مرۆڤ.

بۆیە لەو بڕوایەدایە کە «هیچ پەیوەندییەک لەنێوان ئاینو ئابووریدا نادۆزینەوە»، بەڵام بڕواشی وایە، ئەمە رێناگرێت لەوەی کە لە کۆمەڵگەیەکی ئاینی شێوازی لیبرالییەت بگونجێنێت لەگەڵ خۆیدا.

دەکرێت بپرسین، بۆچی سوود لە هەردووکیان نەبینین، یان پێکەوە نەبەسترێن؟ مۆراڵە سیاسییەکان لە لیبراڵو کۆمەڵایەتییەکان لە ئیسلام، وەربگیرێن.

بەڵام د. بیجان شاهین، گومان لەسەر ئەو پەیوەندییە دروست دەکاتو دەڵێت: وەڵامێکی تریش ئەوەیە کە ئەگەر بنچینە ئەخلاقییەکە ئیسلام بێتو ئێمە جیاوازیی بیرکردنەوەمان هەبێت لە ناوخۆی ئیسلامدا، چۆن دەتوانین ئەوە تەحویل بکەین بۆ شێوازی حوکمکردن، بەڵام بڕواشی وایە کە دەکرێت لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکانیشدا، دیموکراسییەتی لیبراڵی هەبێتو دەتوانین پێکەوە بژین.

»دەکرێت هەندێکجار پرەنسیپی زۆرینە دەرئەنجامی نالیبرالی، یان توندوتیژیی لێبکەوێتەوە«



**میلتۆن فریدمان، (٣١یۆلیۆ١٩١٢- ١٦نۆڤەمبەر٢٠٠٦) پرۆفیسۆری ئابووری ئەمریکیو سەرژمێری، مامۆستا بووە لە زانکۆی شیکاگۆ، وەرگری خەڵاتی نۆبڵ لە ئابووریدا.**
**فریدمان بە توێژینەوە تیۆریو ئەزموونییەکانی لەناو زانایاندا ناسراوە، لەبارەی بەکاربردنەوە شیکردنەوەی تایبەتی هەیە، راوێژکاری ئابووری رۆنالد ریگانی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا بووە، بەپێی تێپەڕبوونی کات، بیرۆکەکانی لەبارەی فەلسەفەی سیاسەتی سیستمی ئابووریو فەزیلەتی بازاڕی ئازادەوە لەلایەن حکومەتەکانەوە جێبەجێکراوە.**
**ژمارەیەکی زۆر لە توێژینەوەو کتێبو وتاری زانستیو دەستنووسو ئامادەکاری بەرنامەی تەلەفزیۆنیو کاسێتی ڤیدیۆو وانەکانی ماونەتەوەو رومالێکی تەواوی بابەتەکانی ئابووری بەشەکیو هەمەکی، کردووە بەجۆرێک شارەزایانی ئابووری بڕوایان وایە کە «پیاوێک بووە زۆرترین کاریگەریی بەسەر نیوەی دووەمی سەدەی ٢٠ هەبووە».**
**فریدمان لە بنچینەدا یەکێک بووە لە لایەنگرانی کینزیو بانگەشەی بۆ دەستوەردانی حکومەت لە ئابووریدا کردووە، بەڵام لەم دواییانەدا تا کۆچی دوایی، یەکێک لە پێشڕەوەکانی ئۆپۆزسیۆنی بیری کینزی بووە. فریدمان، لەوبڕوایەدا بووە کە حکومەتی مەرکەزیی ناتوانێت دەستوەربدات لە ئیدارەی ئابووری لەبەرئەوەی خەڵک نازانن حکومەت چۆن بەو کارە هەڵدەستێتو شێوازی کارکردنیان بەپێی سیاسەتی حکومەت دەگۆڕن.**



کـــۆ

دەیان ڕۆشنبیر، ئەکادیمی، سیاسییو پەرلەمانتار، جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە هەرێمی کوردستان، پێویستی بە گۆڕانکاریی بەردەوام هەیەو پێویستە کار لەسەر هەموو جومگەکا
بە هاوکاریی (کۆمەڵەی فیکری لیبراڵ ALT) تورکی ئەنجامی دا، گفتوگۆ لەبارەی کۆمەڵگەی ئازادەوە کرا و لەبەر گرنگیی باسەکەو پێویستیی هەنووکەیی بۆ کۆمەڵگەی کوردیی، ڕۆژ
دۆسیەیەدا، بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەخرێنەڕوو، کە ئەوانیش لەم بابەتانەدا خۆیان دەبیننەوە: بازاڕی ئازاد و ئابووریی بازاڕی ئازاد، پلاندانانی ستراتیژیی بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی،
لە کۆمەڵگەی ئازاددا، هەروەها ماناو گرنگیی ئازادیی ئەکادیمی.

# زانکۆ، دوورگەکانی ئازادیی

**فەیلەسوفو ڕۆشنبیران، ئازادیی ئەکادیمی دەبەستنەوە بە ئازادیی لە کایەکانی دیکەی کۆمەڵگەدا و هاوکات، باس لە نەبوونی ئازادیی زانستییو مەعریفی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان دەکرێتو بیرمەندێکی کوردیش، پرسیار لە بوون یان نەبوونی زانکۆ بە واتاکەی خۆی دەکات.**

لە کۆتاییەکانی سەدەی (١٢)ی زاینییدا، کۆمەڵێک ئامادەیی لە کۆلۆنیا دامەزران، کە زانستەکانی وەک یاساو پزیشکیو بیرکارییان لە عەرەبییەوە وەردەگێڕا، ئەو ئامادەییانە تەشەنەیان کرد بۆ شارەکانی ترو زانکۆکان دروست بوون.

د. بەکر پیرات، پرۆفیسۆری زانستی سیاسیی لە زانکۆی کۆمێرس لە ئەستەنبوڵ (تورکیا)، دەڵێت: پێویستە پێکهاتەی زانکۆکان بەجۆرێک بن کە زانستو زانیاریی بەشێوەی ئازادانە بەرهەمبهێننو لامەکەزییەت هەبێت.

هـەروەهـا دەڵـێـت: لە سیستمێکدا کە زانکۆکان مەرکەزیی بن، کێشەی زۆری لێدەکەوێتەوە، دوایین نموونەش، ئەزموونی سۆڤییەتە کە لەو بوارەدا شکشتی هێناوە.

لە میانەی سەدەکانی ناوەڕاستدا، زانکۆکان لەژێر سەرپەرشتی کڵێسەدا بوون، بەڵام لە کۆتاییەکانی ئەو سەردەمەدا، وردەوردە هەوڵدرا کە زانکۆ خۆی لە دەسەڵاتی حکومەت کە کڵێسە تێیدا باڵادەست بوو، بپارێزێت.

د. بەکر، لەوبڕوایەدایە، لەنێو ڕژێمە تۆتالیتارەکاندا، هەمیشە پێویستی بە مندالێک هەیە کە بڵێت، پادشا هیچی لەبەردا نییە، تەنانەت لەو کۆمەڵگایانەی کە دیموکراتینو بڕوایان بە حوکمی خەڵک هەیەو زۆر حەز لە دیموکراسی دەکـەن، لەوانەیە تووشی مەکارتیزم بن (جوزف ماکارتی، یەکێک لە سیناتۆرەکانی ئەمریکا لە دژی کۆمۆنیزم لە ساڵانی ١٩٤٠ تا ١٩٥٠ بۆچوونێکی هەبووە کە متمانەی بە کەس نەکردووەو وای داناوە، لـــەدەرەوەی خۆی هیچی تر نییە، ئێستا زاراوەی مەکارتیزم بۆ حاڵەتی بێمتمانەیی بەکاردەهێنرێت).

پیرات دەڵێت: لەوانەیە زانکۆ ئازادەکانیش تووشی ژەهرێک بن دەربارەی بیروبۆچوونی مەکارتیزم، بەڵام زانکۆکان توانای ئەوەیان هەیە کە دژەژەهـــری ئـەم جـۆرە بیرانە، بەرهەمبهێنن.

## ئازادیی ئەکادیمی چییە؟

ئێرل وارن (١٨٩١-١٩٧٤) کە (١٤)یەمین سەرۆکی دادگای باڵای ئەمریکا بووە، دەڵێت: «پێویستە ئەو بیروبۆچوونانەی کە دژی بیروبۆچوونی باون، مەحکوم نەکرێن، چونکە نەبوونی ئەوجۆرە دەنگانە، لەوانەیە نیشانەی نەخۆشییەکی جدیی بێت لە وڵاتەکەماندا».

د. بەکر پیرات، سێ تایبەتمەندیی گرنگ بۆ ئازادیی ئەکادیمی دەخاتەڕوو، ئەوانیش: ١.زانیاریی بخرێتە بەردەستو لەهەموو شوێنێک هەوڵی دۆزینەوەی ڕاستییەکان بدرێت. ٢. بە سنگفراوانییەوە مامەڵە لەگەڵ بۆچوونە جیاوازەکان بکرێتو زانکۆ لە تەداخولی سیاسیی دووربخرێتەوە. ٣.لەڕێگەی پـەروەردەو لێکۆڵینەوەوە هەوڵبدرێت کە ئازادییو دادپەروەریی مرۆڤەکان گەشەبکات.

د. بەکر پیرات کە هاوکات بۆ ڕۆژنامەی (ستار)ی تورکی دەنووسێتو جەخت لەوە دەکـاتـەوە، ئازادیی ئەکادیمی، ئەوەیە کە کۆمەڵگەی ئەکادیمی، یان فیرخوازان بتوانن لە چوارچێوەی ئەو یاسا ڕەوشتییانەی کە بۆ خۆیان دایانناوە، بەبێ فشار کارەکانیان بکەنو بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان توێژینەوە بکەن.

د. بەکر، دەڵێت: نابێت ئەکادیمییەکان لەوە سڵ بکەنەوە کە بیروبۆچوونەکانیان پێچەوانەی سیاسییەکانە، یان بیروبۆچوونێکی دژەباویان هەیە، چونکە بەدڵنیاییەوە، دژایەتی دەکرێنو پێویستە بەرگریی لەخۆیان بکەن.

لەم بارەیەوە نموونە زۆرن، لەوانەش، فەیلەسوفی بەناوبانگ بەرتراند ڕاسڵ (Bertrand Russell) (١٨٧٢-١٩٧٠) لە ساڵی (١٩٤٠)دا کرا بە ئەندامی دەستەی کۆلیجی نیۆرک ستی، بەڵام کەسێک بەبیانووی ئەوەی کە ناوبراو بیروبۆچوونی «دژی ڕەوشتی باو»ی هەیە، دای بە دادگاو دادگاش بڕیاری دا، لەو زانکۆیە دووری بخاتەوە.

دادوەر ئێرل وارن، لە دادگـای باڵای ئەمریکا، سـەبـارەت بـە دادگاییکردنی ڕۆژنامەنووس، ڕودولف ئابل کە بە تۆمەتی سیخوڕیی بۆ ڕوسیا دادگایی کراوە، دەڵێت: پێویستیی سەرەکیی ئازادیی لە زانکۆکانی ئەمریکا، ئاشکرایە کە زانست ناتوانێت پێشبکەوێت لە ژینگەیەکدا کە متمانە نەبێت، دەبێت خوێندکارو مامۆستا ئـازادبـن لە پرسیارو فێربوونو هەڵسەنگاندنو ئەگەر وا نەبێت، کۆمەڵگە ناگۆڕێتو دەمرێت.

جگە لە ئازادییەکان، بوونی حەقیقەتو مەعریفەش لـە زانـکـۆکـانـدا، مـەرجـن بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفەی نوێ، لەو ڕوانگەیەوە، فاروق ڕەفیق دەڵێت: زانکۆ شوێنی گەڕانە بەدوای حەقیقەتو مەعریفەدا، بەڵام کەسێک کە بڕوای بە حەقیقەتو مەعریفەت نەبوو، هاوکات دەستی گرت بەسەر مەعریفەدا، چی دەقەومێت؟ هەروەها دەڵێت: ئێمە پێویستمان بە حەقیقەتێک هەیە کە جاهیلەکانی پێ دادگایی بکەین، جاران خیانەت لە نیشتمان هەبوو، ئێستا خیانەت لە زانستو مەعریفە هەیە.

## سنوورەکانی ئازادیی ئەکادیمی چین؟

ئێرنست ڤـان دم هـاگـی ئەمریکی (١٩١٤-٢٠٠٢) لـەڕێـی نموونەیەکەوە، هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەداتو لەوبڕوایەدایە، ئازادیی ئەکادیمی، مامۆستایەک دەپارێزێت ئەگەر لەدەرەوەی پسپۆڕییەکەی خۆشی هەڵسەنگاندنێک بکات، بۆنموونە، پرۆفیسۆرێکی کیمیا لە دەرەوەی مەجالەکەی، دەتوانێت بیروبۆچوونی خۆی لەبارەی ئایینەوە بڵێتو ڕای خۆی دەربڕێتو پرەنسیپی ئازادیی ئەکادیمی، ئەو دەپارێزێت، بەڵام مامۆستایەک لەجیاتی وانەی کیمیا، وانەیەکی تر بڵێتەوە، زانکۆ دەتوانێت دەری بکات.

بەبڕوای هاگ، ئەگەر پرۆفیسۆرێکی کیمیا لە کاتی وانەوتنەوەدا، بیروبۆچوونە ئەرسۆدۆکسییەکەی بڵاوکردەوە، دەکرێت بەو هۆیەوە لە کارەکەی دەربکرێت، ئەمەش بە پێشێلکردنی ئازادیی ئەکادیمی لەقەڵەم نادرێت.

د. بەکر، پێی وایـە: بۆئەوەی بتوانین ئازادیی ئەکادیمی دەستەبەر بکەین، پێویستە زانکۆکان ئۆتۆنۆمییان هەبێت، واتە لە ڕووی ئابوورییەوە تا ڕادەیەکی زۆرکەم وابەستەی دەسەڵاتە سیاسییەکان بن، کە هەندێکجار بە بیانووی ئاسایشی نەتەوەییەوە بەربەست لە بەر ئازادیی ئەکادیمیدا دروست دەکەن.

هەروەک بڕوای وایە، بۆئەوەی ڕێگە لە ئازادییەکان نەگیرێت، دەکرێت لێکۆڵینەوەکان لەلایەن دەوڵەتەوە پاڵپشتی دارایی بکرێن، بۆئەمەش پێویستە سەرچاوە داراییەکانی زانکۆکان، فراوانو هەمەجۆر بکرێن.

## دوورگەکانی ئازادیی

بە بـڕوای د. پـیـرۆت، ئـەو وڵاتانەی ئایدۆلۆژیای ڕەسمییان هەیە، ئازادیی ئەکادیمی کەمترە، نموونەشی بە تورکیا هێنایەوەو وتی: هێشتا لە تورکیا، ئازادیی سیاسیی بەگوێرەی پێویست نییە، چونکە ئایدیۆلۆژیای کەمالیزم، بەڕەسمیی هەیە.

بەپێی ئەو یاداشتەی (١٩٧٩) لە تورکیا بڵاوکراوەتە، زانکۆکان کەوتوونەتە ژێر چاودێریی گشتییەوە، کارکردن بەشێوەیەکی بابەتییانە مومکین نەبووە، بۆ نموونە، ئەو بیروبۆچوونانەی سەبارەت بە ئەرمەنو کـوردن، بەئاسانی نەنووسراونەتەوە، ئەو ژنانەی باڵاپۆشن، جیاکارییان بۆکراوە، یان دەرکراون، یان ناچارکراون سەریان ڕووت بکەن.

د. بەکر، دەڵێت: بەگوێرەی پرەنسیپی کەمالیستەکان، زانکۆ شوێنێکە ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیی بەرهەمدەهێنێت، وەک ئامادەییەکی باڵا، یاسای خوێندنی باڵا دەڵێت، پێویستە خوێندکارەکان بەگوێرەی پرەنسیپەکانی ئەتاتورک فێربکرێن، ئەمەش بەواتای ئەوەی کە ئێمە لە زانکۆدا خوێندکار پێناگەیەنین، بەڵکو کاهو بەرهەمدەهێنین.

سەبارەت بەو وڵاتانەی کە ئایدیۆلۆژیای ڕەسمییان نییە، ئازادیی ئەکادیمی گرنگیی ژیانی هەیە، بۆیە ئازادیی ئەکادیمی لەو وڵاتانەدا کە ئازادیی سیاسیی کەمە، زۆر گرنگە.

د. بەکر لـەوبـڕوایـەدایـە، لـە ڕووی سیاسییەوە، بەدەستهێنانی ئازادیی زۆر دەخایەنێت، بەڵام ئەگەر ئازادیی لە زانکۆکاندا گەشەی پێبدرێت، هەندێک دوورگەی ئازادیی دروست دەبنو چارەسەر باشتر دەبێتو دەتوانرێت ئەو دوورگانە زیاتر بکرێن.

بەپێی بۆچوونی پیرات، ئەگەر سیستمێک بەتەواویی دیموکراتی بێت، دیسان پێویستە هەست نەکەین تەواو ئاسوودەینو هێشتا هەر مەترسیی هەیە، چونکە دەسەڵات بارودۆخەکە فەساد دەکاتو ناکرێت متمانە بەهیچ دەوڵەتێک بکرێت.

د. فـــاروق ڕەفـیـق، کـە دەرچـــووی زانکۆیەکی کەنەدایە، لەوبڕوایەدایە کە لە وڵاتە دیموکراسییەکانیشدا، ئاستەنگەکان زۆرن، زانکۆ ڕووبەڕووی کێشەی دیکە بووەتەوەو دەشبێتەوە، بۆنموونە، مەوجێکی فیکری دێتو وەک مۆدیلێک دەست بەسەر زانکۆیەدا دەگرێت، دەسـت بە سەر ریسێرچەکاندا دەگرێت، ئەو سەرچاوە داراییانەی کە هەن بۆ توێژینەوەکان، دەستیان بەسەردا دەگرێت.

د. فاروق، نموونە بە فەلسەفەی سیاسیی دەهێنێتەوە کە کایەیەکی گرنگی فەلسەفەیە، لەچەند زانکۆیەک لە کەنەدا بەشەکانی داخران، ئەوەش بەهۆی گرووپێکی فشارەوە بوو، کە ئەندامەکانی بڕوایان بە مەڵتی کەلچەریزم بوو.

## گرفتی دیکە


یەکێک لە گرفتەکانی سیستمی حوکمڕانی لە کوردستاندا، دانانی کەسی نەشیاوە بۆ شوێنی شیاو، لەو ڕووەوە زانکۆکانیش بەشێک لەو سیستمەن، بۆیە فاروق ڕەفیق دەڵێت: لەم ڕۆژانـەدا، گوێم لە بەرپرسێک بوو کە خۆم شەرمم لە قسەکانی دەکرد، تا سێی ناوەندیی خوێندووەو باس لە ریفۆرمی ناو زانکۆکان دەکـات، دەبێت فەلسەفەی پـەروەردەت خوێندبێت، دەبێت هیگڵو ئەفلاتونت دیراسە کردبێت، ئەوجا باس لە ریفۆرمی زانکۆکان بکەیت، کەواتە سیاسیی بڕیار دەدات کە ریفۆرم بکرێت، یان نەکرێتو بە چ ئاقارێکیدا بەرێت، سەیری ئەم پاشاگەردانییە لە مەجالی ریفۆرمدا.


ڕەخنەکانی درێژە پێدەداتو دەڵێت: تۆ کەسێک دەکەیت بە وەزیری پەروەردە، گرنگ نییە لایەنی سیاسیی هەرچییەکە، بەڵام مەرجە توێژینەوەیەکی لەبواری پەروەردەدا هەبێت، ئەگینا لەسەر چ بناغەیەک دەیکەیت بە وەزیر، ئینجا چواردەوری بەو ڕاوێژکارانە بگیرێت کە توێژینەوەیان بەرهەمهێناوە لە ڕابردووی کاری خۆیاندا.


فاروق ڕەفیق، دوابزمار لەم ڕاپۆرتەمان دەداتو پرسیارێکی گرنگ دەکات، ئەویش ئەوەیە، کە ئایا ئێمە زانکۆمان هەیە، یان نا؟ ئەمەش بە بەڵێو نەخێر وەڵام نادرێتەوەو پێویستی بە دیراسەیە.

> زانکۆ شوێنی گەڕانە بەدوای حەقیقەتو مەعریفەدا، بەڵام کەسێک کە بڕوای بەحەقیقەتو مەعریفەت نەبوو، هاوکات دەستی گرت بەسەر مەعریفەدا، چی دەقەومێت؟


د.فاروق ڕەفیق


د. بەکر پیرات


بەرتراند ڕاسل


زۆزێف ماکارتی


ئێرل وارن

## ژمارەیەک نەخوێندەواری تێدایە

# وەزارەتی تەندروستی، دەیان ناو بۆ لیستێکی دامەزراندن زیاد دەکات

رۆژنامە

وەزارەتی تەندروستی زیاتر لە (٤٠) ناو بۆ لیستێک زیاد دەکات، کە لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی تەندروستی سلێمانییەوە ڕەوانە کراون بە مەبەستی دامەزراندن‌و وەزیری تەندروستیش حاڵەتەکە بە «ئاسایی» وەسف دەکات.

بە پێی نووسراوێک بەڕێوەبەرێتی گشتیی تەندروستی ناوی (١٢٠) کەسی ناردووە بۆ وزارەت بە مەبەستی دامـەزرانـدن، بەڵام وەزارەتی تەندروستی بە نووسراوی ژمارە (١٠٨٩٨) لە بەرواری ٢٠١٠/٩/٢٧ لیستێکی ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیران کردووە، کە لە (١٦٠) ناو پێکهاتووەو ئەنجومەنی وەزیرانیش بە فەرمانی ژمارە (١٣٢٣٦) لە ٢٠١٠/١٠٢/٢٥ ڕەزامەندیی لەسەر دامەزراندنیان نواندووە.

سەرچاوەیەکی بەرپرس لە وەزارەتی تەندورستی بـە رۆژنـامـەی ڕاگەیاند: زیادکردنی ناوەکان لە وەزارەتی تەندروستی بووەو بەپێی ئەو پلانە نەبووە، کە تەندروستی سلێمانی ڕەوانەیان کردووە، بۆیە کە ناوەکان گەیشتوونەتەوە، تەندروستی سلێمانی هەندێک شوێن کارمەندی بۆ دامەزراوە، کە داوای نەکردووەو هەندێک بۆی دانەمەزراوە کە داوای کردووە.

لەوبارەیەوە د.تاهیر هەورامی، وەزیر تەندورستی هـەرێـمـی کـوردسـتـان بە رۆژنامەی ڕاگەیاند: کەم‌و زیادکردنی ئەو لیستانەی بۆماندێت بۆ وەزارەت ئاساییەو ئێمە وەک وەزارەت مافی ئەوەمان هەیە ناو لە لیستەکان دەربێنین‌و ناوی بۆ زیاد بکەین.

د.تاهیر هەورامی، ئەوەشی بە بیانوو هێنایەوە کە هەندێک ناویان لایە کە پێشتر بۆیان هاتوون بۆ وەزارەت‌و وەک زنجیرەی دامەزراندن لەپێشترن بۆ نموونە، «خەڵک هەیە دەرچووی (٢٠٠٧)و داوای دامەزراندنی کردووە، بەڵام ناوی تازە هاتووە، دەرچووی (٢٠٠٩) یە».

وتیشی: ئەو لیستانەی کە دەنێردرێن پێویستە هەندێک مەرجی تێدا بێت، بەڵام ژمـارەیـەک لە نـاوەکـان ئـەو مەرجانەی تێدانییە کە ئێمە دەمانەوێت.

سـەبـارەت بـەو دەنـگـۆیـەی کـە لە نووسینگەی وەزیـری تەندروستی ناسیاویی‌و تا ڕادەیەکیش هەندێک جار ناوچەگەرێتی ڕۆڵ دەبینێت لە ناردنی ناوەکان بۆ ئەنجومەنی وەزیران، د.تاهیر هەورامی، وتی: «بە هیچ شێوەیەک شتی وا نییەو ئەو مەسەلانە لێک نادرێتەوە».

لە ئـەو لیستە (١٦٠) کەسییەی کە ناوەکانیان لە بەڕێوەبەرێتی تەندروستی سلێمانی هاتووەتەوە، (١٧) کەسی تێدایە کە هیچ بڕوانامەیەکی پەیمانگە، یان زانکۆو بەرەو سەرەوەیان نییەو تەنانەت تێیاندایە نەخوێندەواریشە، لەوبارەیەوە وەزیری تەرندروستی بە رۆژنامەی وت: «بنکەی تەندروستی هەیە لە گوندە دوورەدەستەکان داوا دەکـەن پاسەوانیان بۆ دابمەزرێت، مـەرج نییە خوێندەوار بێت، ئـەوا بۆیان دادەمەزرێنین»، بەڵام بەپێی ئەو لیستەی لەبەردەست رۆژنامەدایە لەو (١٧) ناوە، تەنیا (٢) پاسەوانی تێدایەو ئەوانەی بڕوانامەیان نییە لە لیستەکەدا لە زیادکراوەکانن.

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا، لیستێکی (٢٩) ناویی، کە فەرمانی دامەزراندنیان بۆ دەرچووە، لە وەزارەتـی تەندروستییەوە بۆ یەکێک لە فەرمانگەکانی تەندروستی سلێمانی نێردراوەو بێ ئەوەی ڕەچاوی تایبەتمەندیی کرابێت، ئەو لیستە (٢٦) کەسیان خەڵکی ناوچەیەک بوون، کە بە بڕوای شارەزایەکی بوارەکە وەک، «ناوچەگەرێتی» دامەزراون.


Kurdistan Region
Council of Ministers
Presidency of Divan
هەرێمی کوردستان

کۆپیەکی ئەو فەرمانەی بۆ دامەزراندن دەرکراوە

# (١٣٠) تەن پەینی کیمیایی، ڕەوانەی ئێران کرایەوە

ئەحمەد باڵەکی

وەزارەتی پلاندانانی عێراق، هۆشداریی دەداتـە ئێران لەسەر خراپیی کوالێتیی ئەو کاڵایانەی کە بۆ عێراق هەناردەیان دەکات‌و دوای ئەم هۆشدارییەش، (١٣٠) تەن پەینی کیمیایی تر لەخالی سنووریی حاجی ئۆمەران، بەهۆی خراپییەوە دەستی بەسەردا گیرا.

دامـــەزراوەی نـاوەنـدی کۆنترۆڵی جۆریی لە وەزارەتی پلاندانانی عێراقی، داوای لە کۆماری ئیسلامیی ئێران کردووە، پابەندبێت بە تایبەتمەندێتی عێراق لەو کاڵایانەدا کە هەناردەی دەکات.

سەعد عـەبـدولـوەهـاب، سەرۆکی ناوەندی کۆنترۆڵی جۆریی وەزارەتـی پلاندانانی عێراقی، لە پەراوێزی کارەکانی پێشانگای نێودەوڵەتیی بەغدادا، چاوی بە سەرۆکی ژووری پیشەسازیی ئێران کەوتووەو پێی ڕاگەیاندووە: «پێویستە ئێران پابەندبێت بەو تایبەتمەندییانەی کە عێراق دەیەوێت لەو کاڵایانەدا کە هەناردەیان دەکات».

عێراق‌و هەرێمی کوردستان، بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسیی‌و ئابووریی‌و ئەمنییەی کە تێیدان، ناتوانن بەتەواویی چاودێریی ئەو کاڵایانە بکەن کە بۆ ناوخۆی عێراق هاوردە دەکرێن‌و بەم هۆیەشەوە ڕێژەیەکی زۆری کاڵای نەشیاو دەهێنرێنە ناوەوە، کە لە هیچ وڵاتێکی پێشکەوتووی دنیادا بەکارناهێنرێن.

دەروێـش تاهیر، بەرپرسی هۆبەی گەرەنتینەی کشتوکاڵیی خالی سنووریی حاجی ئۆمەران، بە رۆژنامەی ڕاگەیاند: «دوای ئەوەی لە(٧)ی ئەم مانگەدا، (١٣٠) تەن پەینی کیمیاییمان بۆ هات، ئێمەش نموونەمان لێوەرگرت‌و نـاردمـان بۆ بەڕێوەبەرێتیی توێژینەوەی هەولێر، دوای پشکنین بـۆمـان دەرکـــەوت کە ڕێـژەی پێکهاتەی ئەم پەینە کیمیاییە، تەواو دروست نییەو لەگەڵ ڕێنماییەکانی گەرەنتینەی کشتوکاڵی ناگونجێت، بۆیە ڕەوانەی ئێرانمان کردەوە».

بنکەی گەرەنتینەی حاجی ئۆمەران، لەساڵی ڕابردووەوە دامەزراوەو تا ئێستا لێکۆڵینەوەی بۆ زیاتر لە (١٦٠)هـەزار تەن سـەوزەو میوەو پەینی کیمیایی‌و نەمام‌و دارو درەخـت‌و کەلوپەلی تری کشتوکاڵی کردووە، کە لە ڕێگەی خاڵی سنووریی حاجی ئۆمەرانەوە هاودرەی هەرێم کـراون، جگە لەوەی کە نزیکەی (٩٠٠)تەن کەلوپەلی ماوەبەسەرچوو و نەشیاو لەگەڵ ستانداردی عێراق لەخاڵی سنووریی حاجی ئۆمەران لەناوبردووە، یان ڕەوانەی ئێرانی کردووەتەوە.

# ـــــه ناوچەی پشدەر

چوارگۆشە، لەم ڕووبەرەدا ڕێژەی زیاتر لە (١٦٪)ی زەوی دێمییە، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە ڕووبارو کانی‌و کانیاوی تێدایە، کە سەرچاوەیەکی گرنگی ئاوی بۆ ناوچەکە پێکدەهێنن.

هەرچەندە ناوچەی پشدەر لەسەر دەستی ڕژێمی بەعس ڕووبـەڕووی ڕاگواستن‌و تێکدان‌و وێرانکاریی زۆر بووەتەوە، دوای ڕاپەڕینی ئاداری (١٩٩١) بەشێوەیەکی ڕێژەیی ژیان‌و ئاوەدانی گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەکە، بـەڵام لە بـواری کشتوکاڵیدا تا ئاستێکی بەرچاو پشتگوێخراوە، نە دامەزراوەکانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ، نە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئـاوڕی پێویستیان لێنەداوەتەوە، کە دەکرێت بەپێی پلانێکی وردو زانستیی ئەم سەرچاوانەی لە ناوچەکەدا هەن بە شێوەیەکی گونجاو بەکاربهێنرێن‌و بە باشترین شێوە سوودیان لێوەربگیرێت‌و لە بەهەدەردان بپارێزرێن، بایەخدان بەم سەرچاوانەو پارێزگاریکردن لێیان، لەلایەکەوە خزمەتێکی گەورە بە بواری کشتوکاڵ‌و لە لایەکی دیکەشەوە دەچێتە بواری خزمەتکردن بە لایەنی گەشتیاریی‌و بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا، هەلکەوتی جیۆگرافی‌و تۆپۆگرافیای سـەرچـاوە ئاوییەکانی ناوچەکە یارمەتیدەرە بۆ ئاسان کۆنترۆڵکردن‌و کۆکردنەوەو گلدانەوەیان لە بەنداوی بچووکدا، لەماوەی وەرزی باران بارین‌و لافاودا، بەمەش دەتوانرێت بکرێن بە سەرچاوەیەکی گرنگی ئابووریی‌و گەشتیاریی‌و کشتوکاڵی...هتد. ئەگەر ناوچەی (دەروە کولە)و گوندی (بەلک) لەسەر ڕووبـاری ژاراوە بە نموونە وەربگرین، دەبینین ڕووبـارەکـە بە دۆڵێکی تەسکدا دەڕوات، کە دەتوانرێت بەنداوێکی بچووکی لەسەر دروست بکرێت بەبێ ئەوەی هیچ زیانێک بە گوندەکەو جوتیاران بگەیەنێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی ڕووبارەکە دەبێتە هۆی ئاودێریکردنی زیاتر لە (٤٠٠٠) دۆنـم لە زەوی‌و زارە کشتوکاڵییە دێمییە بە پیتەکان، کە زیاتر لە (٥٠٠) خێزانی جوتیاری لە گوندەکانی (سرێچە، ریشوان، کەوی بابەسەن، ژاراوەی کـۆن) لــەلای خـۆرهـەڵاتـی‌و گوندەکانی (دووچۆمان، قرژاڵە بڕە، گورگاوا، تۆبزاوا) لەلای خۆرئاوایەوە سودمەند دەبن، ئەو شوێنانەی پێشنیازکراون وێڕای نزیکییان لە شەقامی گشتیی، گواستنەوەی کەلوپەل بۆ خزمەتی پرۆژەکەو گەیشتن پێی ئاسانە، هەروەها دوو جێگەی دیکەش، کە بریتین لە: (دەشتێو، کونەچەکە) لەسەر زێی بچووک‌و گوندی (باراوە) لەسەر ڕووباری شەهیدان، دەکرێت بۆ مەبەستی دروستکردنی بەنداو لەسەریان سوودیان لێ وەربگیرێت.

بۆیە داواکارین لە بەڕێزتان، کە جگە لە ئاگادارکردنەوەی لیژنەی پەیوەندیدار لە پەرلەمانی کوردستان، کۆپییەکی ئەم پێشنیازەشمان بنێرن بۆ بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ‌و سەرچاوەکانی ئاو بە مەبەستی ناردنی لیژنەیەکی پسپۆڕ بۆ دیراسەکردنی وردی ناوچەکەو ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستیی‌و هـونـەری تیایداو هەروەها دیزاینکردنی، بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەم پرۆژانە، بە جۆرێک لە ڕێگەی هەوڵ‌و بـەدواداچـوونـی بـەڕێـزتـانـەوە خەڵکی کوردستان بە گشتیی‌و خەڵکی ناوچەکە بە تایبەتی سوودمەندبن.

**لەگەڵ ڕێزدا**
**د.جەعفەر عەلی ڕەسوڵ**
**ئەندامی پەرلەمانی کوردستان**


فۆتۆ: ئینتەرنێت

# شۆفێرانی قەڵادزێ بێ ترافیک هاتوچۆ دەکەن

هۆشەنگ سەروچاوەیی

نەبوونی ترافیکی هاتوچۆ لە قـەڵادزێ کێشەی بۆ هاتوچۆی شـارەکـە دروسـتـکـردووەو ئاستەنگی بۆ شۆفێران‌و هاوڵاتییان دروستکردووە.

محەمەد حەسەن، شوفێرێکی ناوچەکەیەو بە رۆژنامەی ڕاگەیاند: نەبوونی ترافیک لایت گرفتی زۆری بۆ دروستکردووین‌و هاتوچۆکردنمان ئاستەم بووەو بە هۆی قەڵەباڵغی زۆری ئۆتۆمبێلەکانەوە بەناچاریی بەناو کۆڵانەکاندا دەڕۆین.

جگە لە شۆفێران نەبوونی ترافیک لایت ئاستەنگی بۆ هاوڵاتییانیش دروستکردووە.

ئەحمەد عەباس، هاوڵاتییەکی دانیشتووی قەڵادزێیە بە رۆژنامەی وت: «زۆربەی ڕۆژەکان بە مەبەستی شتکڕین ڕوو لە بازاڕ دەکەین، بەڵام بەهۆی زۆریی ئۆتۆمبێلەوە نەبوونی شوێنی وەستانیان ناتوانین لەسەر شەقامەکان بپەڕینەوە، سەرەڕای ئـەوەی دیـمـەنـی شـارەکـەشـی ناشرینکردووە».


لە بەرامبەردا ئیبراهیم عەبدوڵڵا ئیبراهیم، لێپرسراوی بنکەی پۆلیسی هاتوچۆی قـەڵادزێ بە رۆژنامەی ڕاگەیاند: لە ساڵی (٢٠٠٥)ەوە لە هەوڵی دانانی (ترافیک لایت)ین، چونکە بە دانانی (ترافیک لایت) قەرەباڵغی ناو شارەکەش نامێنێت‌و سیمای شاریش جوانتر دەکـات‌و هــەروەهــا کارمەندەکانیشمان ئەوەندەی ئێستا ماندوو نابن.



بابەتە زانستییەکان لەخوێندنگەکانی سلێمانی ناخوێندرێن 16

ڕاڤەی بودجە

# بودجەی دواکەوتوو



عەلی حەمەساڵح

قسەی من لەسەر دواکەوتنی بودجە نییە، نامەوێت بشڵێم؛ ئەم دواکەوتنەی بودجە لە هەرێمی کوردستاندا هەرچەندە نایاساییە، بەڵام وەک نەریتی لێهاتووە، بەڵکو من دەمەوێت قسە لەسەر بودجەیەکی دواکەوتوو بکەم، ئەو بودجە دواکەوتووەی کە لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا فاکتەرێک بووە بۆ گەشەنەکردنی ژێرخانی ئابووریی لە کوردستانداو پێشکەشنەکردنی خزمەتگوزاریی پێویست بە هاوڵاتییان.

لە ساڵانی ڕابردوودا حکومەتی هەرێم پاش تێپەڕبوونی چوار مانگی ساڵ بودجەی ڕەوانەی پەرلەمان کردووە، بیانووی حکومەتیش ئەوە بووە، کە ئەگەر ئەوان ژمارەیەکی یەکلاکەرەوەیان پێ نەگات لە بەغداوە، ناتوانن بودجەکە ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان بکەن.

دەبێت ئەم بیانووەی حکومەت بیانوویەکی دروست بێت؟

بودجە، هەمیشە تەخمیناتە، واتە مەرج نییە ئەو بودجەیەی کە دەنێردرێتە پەرلەمانو ئەوەشی پەرلەمان پەسەندی دەکات (١٠٠٪) هێندەی خەرجییەکان بێت، تەنانەت حکومەتی هەرێم خۆیشی نەیتوانیوە ئەمە بکات، بۆ نموونە ساڵی ڕابردوو (ترلیۆنێکو ١١ ملیار) دینار زیاتر خەرجکراوە لەو پارەیەی، کە هاتووەتە خەزێنەی حکومەتی هەرێمەوە، ئەمساڵیش بودجەی هەرێمی کوردستان بە (٨٥٠) ملیار دینار کورتهێنانەوە پەسەند کرا.

لە دواکەوتنی بودجەدا ئەوەی زیانی بەردەکەوێت هەمیشە بودجەی وەبەرهێنانە، نەک بەکاربردن، بۆ ئەمساڵ، کە بودجە دەواکەوت بودجەی بەکاربردن، کە مووچەی فەرمانبەرانو خانەنشینو بەخشینو باربوو و هاوکاریی کۆمەڵایەتیو چاککردنەوەو خزمەتگوزاریی وەک کڕینی ئۆتۆمبێل بوو، وەک خۆیان پارەیان بۆ خەرجکراوە، بەوپێیەی لە دواکەوتنی پەسەنکردنی بودجەدا هەمیشە نەتوانراوە بودجەی وەبەرهێنان خەرجبکرێتو هاوڵاتییانی کوردستان زەرەرمەندی یەکەم بوون، ئەگەر ئەمساڵ وەربگرین تاوەکو ئێستا دەیان پرۆژەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، کە لە بودجەدا پارەی بۆ تەرخان کراوە، بەڵام بەردی بناغەشی دانەنراوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجەو پێویستە لەسەری بووەستین ئەوەیە، کە ئایا حکومەت بە مەبەست دەیەوێت ئەم بودجە دوابخات؟ ئەگەر دوابکەوێت چی ڕوودەدات؟ ئەوەی ڕوودەدات بۆ لە بەرژەوەندیی حکومەتدایە؟

بە دواخستنی بودجە هەمیشە بڕە پارەیەکی زۆری پرۆژەکان خەرج نەکراوەو بۆ مەبەستی دیکە بەکارهاتووە (لە نووسینی ئایندەدا بە بەڵگەو ژمارەوە قسە لەسەر ئەمە دەکەم)، ئەگەر حکومەت وەها بیربکاتەوە، کە بودجەکە درەنگ ڕەوانەی پەرلەمان بکات فریای ئەوە ناکەوێت بەشێکی زۆری پارەی پرۆژەکان خەرج بکاتو ئەم پارەیەش بۆ شتی لابەلا بەکاربهێنێت، بیرکردنەوەیەکی مەترسیدارە، ئەگەر لە بێ بەرنامەیی و بێ پلانیی حکومەتیشدا بێتو بەهۆی ئەم بێ پلانییەوە بە دەیان پرۆژە جێبەجێ نەکرێت، ئەمەش دیسانەوە مەترسیدارە، ئەی کەواتە ئەم حکومەتە بۆ وا دەکات؟!!

حکومەت ئێستا دەتوانێت بودجەی ساڵی ئایندە ڕەوانەی پەرلەمان بکات، چونکە ژمارەیەکی سەرەتایی لەبەردەستە کە پشکی کوردستان (١٢ ترلیۆنو ٤٠٠ ملیار) دینارە، ئەگەر ئەم ژمارەیەش وەک خۆی نەخاتە چوارچێوەی بودجەوە دەتوانێت بودجەکە بە (١٢ ترلیۆن) دینار تەخمین بکاتو ڕەوانەی پەرلەمانی بکات، ئەگەر هاتوو زیاتر بوو لەم ژمارەیەش، ئەوا دەتوانێت بە شێوەی بودجەی تەواوکاریی ئەو زیادەیە جارێکی دیکە ڕەوانەی پەرلەمان بکاتەوە.

ئەوەی پێویستە پەرلەمانتارانی ئەم خولە پێداگیریی لەسەر بکەن:

یەکەم: زوو ڕەوانەکردنی بودجەیە بۆ پەرلەمان.

دووەم: داواکردنی حیساباتی خەرجییەکانی حکومەت، چونکە ئەوەی من ئاگادارمو دڵنیام بەشێکی زۆری پرۆژەکان پارەیان بۆ خەرج نەکراوەو گومان هەیە ئەم پارەیە بۆ شتی دیکە خەرج بکرێت، یان خەرجکرابێت.

سێیەم: کەمکردنەوەی بودجەی بەکاربردنو وردبوونەوە لەو پارانەی کە بۆ بەخشینو باربوو و خزمەتگوزارییو چاککردنەوەی بەکارهاتووە، خستنەڕوو و ورووژاندنی ئەو پارانەی کە ساڵانی ڕابردوو بۆ بەخشینو باربوو خەرجکراوەو ئەمساڵیش تەرخاندەکرێتو پرسیارکردنی ئەوەی کە کێ لەم بەخشینە سوودمەند دەبێت؟، کەمکردنەوەی هەندێک خەرجی ناپێویستی وەزارەتەکان، چونکە ناکرێت ئەو پارەیەی بۆ خزمەتگوزارییو چاککردنەوە تەرخاندەکرێت لە پارەی سەرجەم پرۆژە خزمەتگوزارییەکان پتر بێت.

چوارەم: زیادکردنی بودجەی وەبەرهێنانو وردبوونەوە لەو پرۆژانەی کە لە چوارچێوەی ئەم بودجەیەدا پارەی بۆ تەرخان دەکرێتو دەرکردنی پرۆژەی وەهمییو حیزبییەکان لە بودجەکەدا کە لە ساڵانی ڕابردوودا بوونیان هەبووە.

## (٥٠) کەس لە هەولێر پێشینەی خانووبەرەی وەرگرتووە

# وەزیری پلاندانان: خەڵکی کەمدەرامەتی هەولێر لە پرۆژەکانی نیشتەجێبوون سودمەند نەبوون

هەنگاو هاشم- هەولێر



شاری هەولێر

فۆتۆ: ئینتەرنێت

وەزیری پلاندانی هەرێم ئاشکرایدەکات؛ ئەو پرۆژانەی تائێستا لە بواری نیشتەجێبوون ئەنجامدراون، تەنیا چینی دەوڵەمەندو مامناوەند لێی سودمەند بوون، لە کاتێکدا کەمتر لە (٥٠) کەسیش لە هەولێر پێشینەی خانووبەرەیان وەرگرتووە.

بەپێی بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی ٢٠١٠/٨/٣٠وە پێشینەی خانووبەرە نادرێتە ئەو کەسانەی کە لەسەر زەوی (١٠٠) مەتریی خانوو دروستدەکەنو بەوهۆیشەوە نرخی زەوی سەروو (١٠٠) مەتر زۆر بەرزبووەتەوە.

موزەفەرئەبوبەکر باقلانی، خاوەنی یەکێک لە نووسینگەکانی خانووبەرە لە هەولێر باسلەوەدەکات؛ ڕۆژبەڕۆژ کێشەی نیشتەجێبوون بەرەو خراپیی دەڕواتو هۆکارەکەشی پێنەدانی پێشینەی خانووبەرەیە لەلایەن حکومەتەوە بە زەوی (١٠٠) مەترییو لە ماوەی شەش مانگی ڕابردووشدا تائێستا نرخی زەوی دووقات گران بووە، بە هۆی دابەشنەکردنی زەوی لە لایەن حکومەتەوە.

هێمن سەعید، پارێزەرێکی شاری هەولێرەو کاری پێشینەی خانووبەرە دەکات لە بانکی خانووبەرەی هەولێر، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەم بڕیارەی کە ئێستا دەرچووە بۆ وەرگرتنی پێشینەی خانووبەرە لە بەرژەوەندیی هاوڵاتییان نییە، چونکە ئەو کەسانەی کە پێشینەی خانووبەرە وەردەگرن، زیاتر کەسانی کەمدەرامەتنو زەوییەکانیان (١٠٠) مەترین.

لە بەرامبەردا سەباحەت حەمە تاهیر، بەڕێوەبەری گشتیی بانکی خانووبەرە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: هیچ بڕیارێک نییە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ پێدانی پێشینەی خانووبەرە بە زەوی (١٠٠) مەتریی لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتییان زەوی (١٠٠) مەترییان هەیەو بەشێکی زۆریشیان کراون بە خانوو، ئەمەش سیمای شار ناشیرین دەکات، بۆیە پێشینەیان پێنادرێت».

ئاشکراشیکرد: «تائێستا ئەو کەسانەی لە شاری هەولێر لە وەرگرتنی پێشینەی خانووبەرە سودمەند بوون ژمارەیان زۆر کەمەو لە (٥٠) کەس تێپەڕناکات».

لەلایەکی دیکەوەو بۆ پەرەپێدانو گەشەپێدانی کەرتی نیشتەجێبوون لە شاری هەولێرو دانانی پلانی ستراتیژیی لەو بوارەدا، هەفتەی ڕابردوو ڕێکخراوی هابیتاتی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (UN-HABITAT) لە کۆنفرانسێکی دوو ڕۆژەدا پلانی ستراتیژیی بۆ نیشتەجێبوون لە هەولێر پێشکەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد.

لە کۆنفرانسەکەدا د.عەلی سندی، وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان باسی لە کێشەی نیشتەجێبوون بە گشتیی لە شارەکانی هەرێمی کوردستان کرد، ڕایگەیاند: تائێستا ئەو پرۆژانەی تایبەت بە نیشتەجێبوون لە هەولێری پایتەخت ئەنجامدراون، تەنیا چینی دەوڵەمەندو مامناوەند لێی سودمەندبوونو چینی کەمدەرامەتیش، ئەوانەی داهاتی مانگانەیان لە (٤٥٠) دۆلار کەمترە، کە نزیکەی (٦٠٪)ی خەڵکی شاری هەولێر پێکدەهێنێت، لەبەر کەمیی داهاتی مانگانەیان نەیانتوانیوە سوود لەم پرۆژانە وەربگرنو بۆ چارەسەری ئەو گرفتەش پلانی ستراتیژیی لەبەردەستدایە.

هەر لە هەفتەی ڕابردوودا، فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان لە یاداشتێکدا داوای لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد، کە حکومەتی هەرێم بەو بڕیارەی خۆیاندا بچنەوەو ئەو خانووانەی لەسەر زەوی (١٠٠) مەتریی دروستدەکرێت، سودمەندبن لە پێشینەی خانووبەرەو ڕاشیانگەیاندبوو؛ بە بڕیارێکی لەو جۆرە خەڵکێکی زۆر کە هاوڵاتی هەژارن، زیانیان پێدەگاتو ناتوانن ببنە خاوەن خانووی خۆیان».

# پرۆپۆزەڵی پەرلەمانتارێک بۆ دروستکردنی بەنداوێک لە...

ڕۆژنامە

د.جەعفەر عەلی، پەرلەمانتار لە فراکسیۆنی گۆڕان پرۆپۆزەڵێک ئامادە دەکات بۆ دروستکردنی بەنداوێک لە ناوچەی پشدەرو داوا دەکات بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لە ڕاپۆرتێکدا کە بۆ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانی ناردووە بەناوی «دروستکردنی بەنداو لە ناوچەی پشدەر/ پارێزگای سلێمانی»، د. جەعفەر عەلی نووسیویەتی: لە ڕێگەی ئەو زانیارییانەی کە لەنێو ئەم پرۆپۆزەڵەدا هاتووە دەمەوێت سەرنجتان بۆ ئەوە ڕابکێشم، کە ناوچەی پشدەر پێویستی بە دروستکردنی بەنداوێک هەیە لەسەر ڕووباری (ژاراوە)، بیرۆکەی دروستکردنی ئەم بەنداوە دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە (پەنجا) ساڵ بەر لە ئێستا، بەڵام بەهۆی ئەم بارودۆخە تایبەتەی ناوچەی پشدەری گرتەوە، دروستکردنی ئەم بەنداوە نەهاتە ئەنجامدان، دروستکردنی ئەم بەنداوە جگە لەوەی ڕووبەرێکی فراوان لە زەوی دێمی سنوورەکە دەگۆڕێت بۆ زەوی بەراو، هەروەها دەبێتە سەرچاوەیەکی کشتوکاڵییو بژێویی گرنگیش بۆ هاوڵاتییانی ناوچەکە.


ناوچەی پشدەر بە هۆی بۆمبابارانو ڕاگواستنو کۆچ پێکردن لەسەر دەستی ڕژێمی بەعس ڕووبەڕووی مەترسیی ئابووریی و کۆمەڵایەتیو مرۆیی قووڵ بووەتەوە، کە دەکرێت بە بنیاتنانی ئەم بەنداوە هەم لە ڕووی ئەم بوارە جیاوازانەی، کە ئاماژەیان پێکراوە، هەم لە ڕووی بەخشینی جوانییەکی زیاتر بە سروشتی جوانی ناوچەکەو گەشتیاریشەوە سوودێکی زۆر بە ناوچەکە دەگەیەنێت.

هەروەها د. جەعفەر دەڵێت: داواکارم لە بەڕێزتان جگە لە ئاگادارکردنەوەی لیژنەی پەیوەندیدار لە پەرلەمان، کۆپییەک لەم پێشنیازە بنێرن بۆ وەزارەتی کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاو بە مەبەستی ئەوەی بخرێتە نێو پلانی وەزارەتەکەیانو لە دەرفەتێکی گونجاودا هەوڵی دروستکردنی بدەن.

### ڕاپۆرتێک لەبارەی دروستکردنی بەنداوێک لە ناوچەی پشدەر (پارێزگای سلێمانی)

مەبەست لە ناوچەی پشدەر ئەو زەوییانەن، کە دەکەونە باکووری خۆرهەڵاتی پارێزگای سلێمانی، لەسەر هێڵی پانی (٣٦) پلە، لە باکوورو خۆرهەڵاتیدا لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە باشووریشیدا لەگەڵ قەزاکانی دوکانو شارباژێڕ، لە بەشی خۆرئاواشیدا لەگەڵ قەزای ڕانیەو ناوچەی باڵەکایەتیدا هاوسنوورە، لە ڕووی کارگێڕییەوە شاری قەڵادزێ سەنتەری قەزاکە پێکدەهێنێتو ناحیەکانی (سەنگەسەر، ژاراوە، هێرۆ، هەڵشۆ، ئیسێوە) لەخۆ دەگرێت.

ناوچەی پشدەر خاوەنی ڕووبەرێکی فراوانی کشتوکاڵییە، کە زیاتر لە (٣٠٠) گوندو کەرتی کشتوکاڵییو هەروەها زیاتر لە (١٠٠٠٠) خێزانی بە کاری جوتیارییەوە خەریکن. ڕووبەری گشتیی ناوچەکە نزیکەی (٥٠٧٠٠٠) دۆنم دەبێت، کە دەکاتە (١٤٢٥)کم



دەریاچەی دوکان

# «حکومەت پارەکەی بۆ خەرج دەکاتو حیزب دەیکاتە پیاوەتی خۆی»

# کاوە حاجی عەزیز: فێستیڤاڵی گەلاوێژ چەندین ئەدیبی تۆراندووە

سازدانی: شارا عەبدولڕەحمان

**(کاوە حاجی عەزیز) جێگری پێشووی بنکەی ئەدەبیو ڕووناکبیریی گەلاوێژ، ئاماژە بەوە دەکات؛ کە فێستیڤاڵی گەلاوێژ ژمارەیەکی زۆری ئەدیبو نووسەرانی تۆراندووەو حکومەت ساڵانە بودجەیەکی خەیاڵیی بۆ ئەو فێستیڤاڵە تەرخان دەکاتو دەخرێتە سەر بودجەی حیزبو ئەویش دەیکاتە پیاوەتی بەسەر نووسەرانەوە**

**ڕۆژنامە: فێستیڤاڵی گەلاوێژ چەند ساڵە ئەنجام دەدرێت؟**

* لە ساڵی (١٩٩٦)دا کۆمەڵێک ئەدیبو نووسەر پێشنیازیان کرد کە فێستیڤاڵێک ساز بکەن، بۆ ئەوەی ئەو تەمە برەوێتەوە کە بەسەر بواری نووسینەوە هەبوو لە سلێمانی لەو کاتەدا، کە دوای شەڕی ناوخۆ بوو، بۆیە ئەو کۆمەڵە ئەدیبە فێستیڤاڵێکی زۆر سەرکەوتووانەیان ئەنجامدا بە ناوی فێتسیڤاڵی گەلاوێژ، کە سێ ڕۆژی خایاند، بەڵام حیزبی حاکم لە سلێمانی ئەو قەرەباڵغییەی ئەدیبانی قۆستەوەو ئەوەبوو بنکەیەکیان دانا بە ناوی بنکەی ئەدەبیو ڕووناکبیریی گەلاوێژ، کە تائێستا ساڵانە حیزب ئەو فێستیڤاڵە بەو شێوەیە بەڕێوە دەبات.

**ڕۆژنامە: پێویست نەبوو فێستیڤاڵێکی لەو جۆرە بۆ ئەدیبان، حکومەت سازی بکاتو لەسەر ئاستی هەموو هەرێمی کوردستان بێت نەک سلێمانی؟**

* چەند جارێک پێشنیازی ئەوەمان کردووە، کە حکومەت بیگرێتە ئەستۆ، بەڵام نەیانهێشت بچێتە دەستی حکومەت، هەر حیزب بەڕێوەی دەبات، ئەوەندەی ئاگاداربم حکومەت پارەیەکی خەیاڵیان بۆ خەرج دەکات بە جۆرێک سەرۆکی بنکەش نازانێت چەندە، پارەکەش لە وەزارەتی داراییەوە دەچێتە خەزێنەی حیزبەوەو حیزب دەیکات بە پیاوەتی خۆی بە سەر ئەدیبو نووسەرانەوە، ئێمە لە ساڵی (٢٠٠٦) لە سەردەمی عومەر فەتاح، کە جێگری سەرۆکی حکومەت بوو بەدواداچوونێکمان کرد، بۆمان دەرکەوت کە پارەیەکی خەیاڵیمان بۆ تەرخانکرابوو، تەنانەت بۆ دروستکردنی بینای بنکەش، بەڵام نەوترا کە چەندە.

**ڕۆژنامە: بۆچی پێنج ساڵە کۆنگرەی بنکەی گەلاوێژ ئەنجام نەدراوە، هۆکاری ئەوە چییە؟**

* ئەوەبوو هەر لە فێستیڤاڵی یەکەمدا ئەو ئەدیبانە وتیان؛ مادام خەڵک بەدەممانەوە هاتووەو لە غیابی یەکێتیی نووسەرانیشدا بابتوانین مومارەسەیەکی دیموکراسییانە بکەینو کۆنگرە ببەستین، بۆیە یەکەم کۆنگرە لە (١٩٩٧/٦/٩)دا سازکراو دوو ڕۆژی خایاند، کە تێیدا بڕیاردرا کە هەموو ساڵێک کۆنگرە بکرێت بۆ ئەوەی کورسی سەرۆک بۆ یەک کەس قۆرغ نەبێت، بەڵام لە کۆنگرەی دووەمدا لە ساڵی (١٩٩٨)دا بڕیاردرا کە دوو ساڵ جارێک کۆنگرە بکرێت، بۆیە ساڵی (٢٠٠٠، ٢٠٠٢، ٢٠٠٥) کۆنگرە بەسترا، بەڵام لەوکاتەوە تائێستا نەکراوەتەوە، ئەو کەسانەش کە لە بنکەن خۆیان بە شەرعیی نازانن، ئەمەش کارەکانی بنکەی گەلاوێژی سست کردووە، ئێمە پرۆژەی کتێبمان هەبوو، بەڵام ئێستا ئەو کتێبانە وەستێنراون، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ سێ ساڵە دەرنەچووە، بنکە پێنج لقی هەیە ئێستا ئەو لقانە سست بوونو گلەیی ئەوە دەکەن، کە بە ئاشکرا حیزب تەدەخولیان دەکەن، زۆربەی سەرۆک لقەکانم بینیوە کە زۆر سست بوون، هیچ کاریان نییە، دەڵێن؛ تەنیا چا دەخۆینەوەو مووچەمان دەدەنێ، هۆکاری دواخستنەکەشی هەر مەسەلەی حیزبە کە لە بەستنی گۆنگرە دەترسێت، پاساویشیان بۆ ئەو دواخستنە ئەوەیە، کە ئەوە بنکەیەکی حیزبییە هەرچییەکی لێدەکەن کەس بۆی نییە تەداخولی بکات.



کاوە حاجی عەزیز

**ڕۆژنامە: با بێینەوە سەر فێستیڤاڵی گەلاوێژ، تا چەند ڕۆڵی هەبوو لە پێشخستنی ئەدیبو نووسەران، وەک بەڕێوەبەرانی فێستیڤاڵەکە ئاماژەی پێدەکەن؟**

* ئێمە ناتوانین بڵێین؛ ئەدیب، یان نووسەر بنکەیەکی ڕۆشنبیریی، یان گۆڤارێک دروستی دەکات، بەڵکو دەتوانین بڵێین؛ فێستیڤاڵی گەلاوێژ توانیویەتی ڕووناکییەک بخاتە سەر ئەو ئەدیبەو بەرهەمەکانی، ئەگینا لەگەڵ ئەوە نیم کە فێستیڤاڵ ئەدیبی پێگەیاندووە، لەوانەیە دوو سێ ئەدیب بەشی شێریان بەرکەوتبێت، بەڵام ئەو فێستیڤاڵە دنیایەک ڕۆحی ئەدیبیشی وێران کردووە، بۆ نموونە ئەمساڵ تەنیا یەک دوو ناوی تیایە کە لە دنیای ئەدەبدا خەڵک دەیناسێت، ئەوانی تر کە لە پێشبڕکێکەن، هەموو ناوەکان تازەن، بۆیە ئەو فێستیڤاڵە چەندێک سودمەندبووبێت لە ڕووی مادییو مەعنەوییەوە بەرامبەر بە چەند ئەدیبێک، بەرامبەر بەوە چەندین ئەدیب تۆرێنراوە، بێتاقەت کراوە، ئەمساڵ زۆر لە ئەدیبەکانی سلێمانیم نەدەبینی لە هۆڵەکەدا، ئەمانە بەچی ئاشت دەبنەوە؟ دنیایەک قەڵەمی باش تۆراون، نووسەری وامان هەیە ساڵانی ڕابردوو خۆم چووم بەشوێنیدا نامەم بۆ بردووە، بەڵام پێی وتووم، حیزب بێحورمەتی پێ کردووین جارێکی تر ئامادەنین بەشداریی بکەین، ئەمساڵیش پێنج ئەدیبی شاری سلێمانیم لە فێستیڤاڵەکەدا نەبینی، بەر پرسیاریشم بەرامبەر بە قسەکەم، ئێمە دەڵێین؛ سلێمانی پایتەختی ڕۆشنبیرییەو ئەو هەموو نووسەرەی تێدایە، ئەی خێرە نەهاتن بۆ فێستیڤاڵ؟ با حیزب ئەو وەڵامە بداتەوە.

**ڕۆژنامە: بۆچی لە کارکردن لە بنکەی گەلاوێژ بەردەوام نەبوویت؟**

* من لە نانبڕاوەکانم (بەپێکەنینەوە)، هەر لە دووەمین کۆنگرەوە تا پێنجەم کۆنگرە من بەردەوام دووەم دەنگم هێناوەو بوومەتە جێگری سەرۆکی بنکە، حەزم کردووە لەو شوێنە ئیش بکەم، چونکە ئەوکاتە زیاتر دەزگایەکی ئەدەبیی بوو، نەک حیزبیی، ئێمە هەموو ڤێستیڤاڵەکانمان ناوی ئازادیی تیابووە، بۆ نموونە ئەمساڵ ناوی (ئازادیی ئەقڵ، دەروازەی داهێنانە)ی لێنرا، هەر چواردە فێستیڤاڵەکە وشەی ئازادیی تیابووە، بەڵام لەو بنکەیە ئازادییەکە وەک ئەوە نەبوو کە باسدەکرا، دوای ئەوەی زانیبیان لە هەڵبژاردندا دەنگم بە لیستی گۆڕان داوە، مووچەکەیان بڕیم، ئەمەش بۆ چاوترساندنی هاوڕێکانی ترم بوو، فیعلەن کاریگەریشی هەبوو، چونکە ئەوانەی لەوێ بوون زانیبیان کە ئازادییەکەیان بەس قسەیە، لەوەوپێش دەوترا: نانو ئازادیی بۆ نووسەران، بەڵام دواتر بۆمان دەرکەوت کە نانەکە مەرجدارە، ئازادییش هەر قسەیە.

»فێستیڤاڵ ئەدیبو نووسەر دروستناکات«

پرۆفایل
کاوە حاجی عەزیز
ساڵی (١٩٦٨) لەدایکبووە.
دەرچووی کۆلێژی شەریعەیە لە زانکۆی بەغدا.
مامۆستای عەرەبییە لە پەیمانگەی کۆمپیوتەری سلێمانی.
لە ساڵی (١٩٩٨)ەوە لە بنکەی ئەدەبیو ڕووناکبیریی گەلاوێژ وەک دەستەی باڵاو جێگری سەرۆکی بنکە کاری کردووە، تا ساڵی (٢٠١٠).
خاوەنی چەندین بەرهەمی بڵاوکراوەیە.

# دووکەڵو خاشاک گەڕەکی شاوێس دادەپۆشێت

دیار باڵەیی– هەولێر

شاوێس دەکەوێتە سەر ڕێگەی هاوینە هەواری سەلاحەدین، خراپییو کەمیی خزمەتگوزاریی هاوڵاتییانی ئەو گەڕەکەی پایتەختی نیگەران کردووە، لە زستاندا قوڕو لە هاوینیشدا دووکەڵو خاشاک شاوێسی داپۆشیووە.

سیروان جاسم، هاوڵاتییەکی گەڕەکی شاوێسەو ئاماژە بەوە دەکات؛ گەڕەکەکەیان لە خزمەتگوزارییەکانی وەکو ئاو و قیرو ئاوەڕۆ بێبەشن، جگە لەوەی لەبەر بوونی تۆزو خۆڵێکی زۆر هەر فریای ئەوە دەکەون ماڵەکانیان پاک بکەنەوە.

هاوڵاتییەکی دیکەی گەڕەکی شاوێس، بە ناوی دیار هاشم، دەڵێت: زۆرجار ئێمە بە ئۆتۆمبێلی خۆمان پاشماوەی خۆڵو خاشاک فڕێدەدەین.

کێشەکە لەوێوە دەستپێدەکات، کە حکومەت ڕۆژانە خۆڵو خاشاکی ماڵەکان لە کاتی خۆی دوور ناخاتەوە، هاوڵاتییانیش بە ناچاریی خۆیان دووری دەخەنەوە، هەندێکیشیان دەیسووتێنن، کە ئەمەش جارێکی تر بە هۆی دووکەڵەوە ژینگەی ناوچەکە پیس دەکات.

تارق عەزیز، سەرۆکی شارەوانیی شاوێس لە بارەی ئەو گەڕەکەوە ئاماژە بەوە دەکات؛ ماوەی دوو ساڵە خەڵک دەستی کردووە بە خانوو دروستکردن لەو گەڕەکە، شارەوانیش دەیەوێت بە بەرنامە پرۆژەی بۆ بکات.

سەرۆکی شارەوانیی شاوێس، دەڵێت: لە ساڵی ڕابردوودا دەستمانکرد بە دابینکردنی گەیاندنی تۆڕی کارەبا بۆیان، پاشان (٥٠٪) تۆڕی ئاومان بۆ بەستن، لە بەرنامەی (٢٠١٠)شدا دامانابوو کۆڵانەکانیان بۆ چاک بکەینەوە، بەڵام لەبەر تەواونەبوونی ئاو، پرۆژەکەمان دواخست.

خەڵکی گەڕەکی شاوێس بەو ئومێدەوە دەژین، کە دانیشتووی یەکێک لە گەڕەکەکانی پایتەختی هەرێمی کوردستانن، بەڵام دووکەڵو تۆزی خاشاک بەرچاوی گرتوونو تەنگەنەفەسی کردوون.

دارا عومەر عەلی، هاوڵاتییەکی دیکەی ئەو گەڕەکەیە، وتی: «باوکم تەنگە نەفەسەو ناتوانێت لەبەر ئەم دووکەڵە پیسە خۆی ڕابگرێت، هیوادارم ڕێگریی بکەن لەم سووتاندنە».

سەرۆکی شارەوانیی شاوێس، ڕەتیدەکاتەوە کە هاوڵاتییان خۆیان بە ئۆتۆمبێلی خۆیان خۆڵو خاشاکی گەڕەک دوورر بخەنەوە، ئاماژە بەوەش دەکات؛ «ئۆتۆمبێلی خۆڵی شارەوانی هەموو ڕۆژیش ناگاتە هەموو کۆڵانەکان، ئەمە بەپێی ئیمکانیاتی خۆمانە، ئێستا هەفتەی دووجار دەچێتە کۆڵانەکان، بەڵام بەهۆی پشتگیریی بەڕێوەبەرێتی شارەوانییەکان، هەوڵدراوە لە سەرەتای مانگی داهاتوو دوو ئۆتۆمبێل بە دوو شەفت کار بکەن، ئەو کات هەفتەی (٣) جار دەچێتە بەر دەرگای ماڵان».

تارق عەزیز، جەخت لەوە دەکاتەوە؛ کە خۆڵو خاشاک دەسووتێنرێتو وتی: «کاتێک پاشماوەکان دەسووتێنرێت، دووکەڵەکەی بۆ ئێمە دێت، جاری وا هەیە دووکەڵ باڵدەکێشێت بەسەر ناوچەکەدا، ئەمەش دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی چەندەها نەخۆشیی وەک تەنگەنەفەسیو ڕەبۆ».



دیمەنێک لە گەڕەکی شاوێس لە هەولێر

فۆتۆ: دیار

# شارەوانیی چوارقوڕنە، بڕیارێکی حکومەت پێشێل دەکات

ڕاپۆرتی: ئامانج ئیسماعیل

شارەوانیی چوارقوڕنە، بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران پێشێل دەکاتو ژمارەیەک زەوی ڕوکنو نایاب دەداتە خەڵک، لەکاتێکدا دەبێت ئەو زەوییانە بە زیادکردنی ئاشکرا بفرۆشرێن.

بەپێی بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ژمارە (٩٨٩٦) کە بۆ وەزارەتی شارەوانی دەرچووەو بەنووسراوی ژمارە (٧٧٥١) ڕەزامەندیی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وەرگیراوە لەسەر فرۆشتنی پارچە زەویی (ڕوکنو نایاب)، کە موڵکی شارەوانییە لە ڕێگای بانگەوازی گشتیو لەبەر ڕۆشنایی یاسای فرۆشتنو بەکرێدانی موڵکو ماڵی دەوڵەت.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو بڕیارە، (٤٤) پارچە زەویی لە شارۆچکەی چوارقوڕنە پێشنیازکران بۆ فرۆشتن بەشێوەی زیادکردنی ئاشکراو دواتر زیادەڕۆیی کرایە سەر پێنج پارچە زەویو بەدەر لە زیادکردنی ئاشکرا، درانە خەڵک.

زەوییەکانی ژمارە (٣٠٥/٧)و (٣٩٦/٧)و (٣٩٧/٧)و (٨٦٦/٧)و (١٠٨٢/٧)و لەلایەن سەرۆکی شارەوانیی چوارقوڕنە بە وەکالەتەوەو بەبیانووی زەویکشتوکاڵییەوە، دابەشکرانو هەردوو پارچە زەوی ژمارە (٣٩٦/٧)و (٣٩٧/٧) زیادەڕۆییان کرایەسەرو ڕێگەدرا بکرێنە خانوو، هەروەک پارچەزەوی ژمارە (١٠٨٢/٧) بەبیانووی ئەوەی کە دوکانی هاوڵاتییەک کەوتووەتەبەر جادەو ڕووخاوە، ڕێگەی پێدرا بکرێتە خانوو.

لەبەرامبەردا موزەفەر عەبدوڵڵا، سەرۆکی شارەوانیی چوارقوڕنە بەوەکالەت، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: (٤٤)پارچە زەوی ڕوکنو نایابمان هەیەو نووسراومان کردووە بۆ تاپۆو نەخشەدانانو بەڕێوەبەرێتیی گشتیی شارەوانییەکان، بەڵام تا ئێستا وەڵامیان نەداوینەتەوەو هەرکات وەڵاممان پێگەیشت، زیادکردنی ئاشکرایان بۆ دەکەین.

سەبارەت بەو پارچە زەوییانەی کە زیادەڕەوییان کراوەتە سەر، سەرۆکی شارەوانی وتی: «ئەوانە لەچوارچێوەی زیادکردنی ئاشکرادانو سورەت قەیدو شتە پێویستییەکانیان لێوەرگیراوەو نووسراومان بۆ کردوون بۆ نەخشەدانانو بەڕێوەبەرێتیی شارەوانییەکانو هەرکات وەڵام هاتەوە، ئەوانیش دەخرێنە زیادکردنەوەو هەموو زەوییەکانیش خراونەتە ناو ئەولیستەی کە زیادکردنیان بۆ دەکرێت، هیچ زەوییەکیشمان نەداوە بە هاوڵاتیو کەسی حیزبیی، بەتایبەتی زەوییە ڕوکنو نایەبەکان».

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ڕۆژنامە کەوتوون، هەرچەندە کارکردن لەو زەوییانە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو، دەستی پێکردووە، بەڵام بەشی یاساو بەشی زیادەڕەویی لە شارەوانیی چوارقوڕنە، سووربوون لەسەر ئەوەی کە ئەو خانووانە بڕووخێنرێن، چونکە موڵکی گشتین، نەک تایبەتیو دواتر سەرۆکی شارەوانی، بەبیانووی جۆراوجۆر، ڕێگەی بەو کەسانە داوە کە زەوییەکانیان بکەنە خانوو.

بەپێی وتەی شارەزایانیش، ئەو بڕیارەی سەرۆکی شارەوانی، پێشێلکردنی بڕیارێکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە، بەوپێیەی زەوی ڕوکنو نایاب، تەنیا لەڕێی زیادکردنی ئاشکراوە دەفرۆشرێن، نەک دابەش بکرێن.

کەس لە نەخۆشخانەی منداڵبوونی سۆران لەدایک نەبووە 18

# بابەتە زانستییەکان لەخوێندنگەکانی سلێمانی ناخوێندرێن

## « پەروەردەی سلێمانی بێبەشە لە دامەزراندن»

**ڕاپۆرتی: ئاکام و پشتیوان**

بەهۆی نەبوونی مامۆستاوە تائێستا چەند وانەیەک لە خوێندنگەکانی سلێمانی نەخوێندراون و بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانیش گلەیی ئـەوە دەکـات، کە پەروەردەکەیان لە دامەزراندن بێبەشە.

بەپێی چەند بەدواداچوونێکی ڕۆژنامە بـۆ ژمـارەیـەکـی زۆر لـە قوتابخانەو خوێندنگەکانی شـاری سلێمانی، دەرکەوتووە، کە زۆربەیان کێشەی کەمیی مامۆستا (میلاک)یان هەیە، بە تایبەتی لە بابەتەکانی ( فیزیا، کیمیا، بیرکاری، زمانی ئینگلیزی، کوردی، وەرزش، وێنە)، بەڵام بە بیانووی ئیجرائاتکردن و لێپرسینەوە لەلایەن پەروەردەی سلێمانییەوە بەشێکی زۆر لەو بەڕێوەبەرو مامۆستایانەی کە ڕۆژنامە سەردانی کردوون، کێشەکەیان نەخستووەتە ڕوو، هەروەها لێدوانیشیان نەداوە.

مەریوان سەلاح، بەڕێوەبەری ئامادەیی هەزارمێرد، بەرۆژنامەی ڕاگەیاند: «کەمیی ماموستا یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی سلێمانی و قەزاو ناحیەکانی، بە تایبەتی مامۆستای وانەکانی (ئینگلیزی، بابەتە زانستییەکان، وەرزش، وێـنـە)، بەو هـۆیـەشـەوە فشارێکی زۆر لەسەر مامۆستایان دروستبووەو گەیشتووەتە ڕادەیەک، کە بەشێک لە مامۆستایان چەند بابەتێک دەڵێنەوە، کە ئەوەش کار لە تواناو ئاستی تێگەیاندنی دەکـات، وەزارەتـی پـەروەردەش مامۆستای پێویست دانامەزرێنێت».

هاوکات م.جەلال محەمەد، بەڕێوەبەری قوتابخانەی بنەڕەتی چەمی ڕێـزان، بـە ڕۆژنـامـەی ڕاگـەیـانـد: نەبوونی مامۆستا بووەتە گرفتێکی سەرەکیی بۆ خوێندنگەکەمان، چونکە پێوستمان بە مامۆستای (بیرکاری، کیمیا، فیزیا، کوردی، کۆمەڵایەتی) هەیەو بەو هۆیەوە ئەمساڵ لە خوێندنگەکەماندا وانەی کیمیا نەخوێندراوە.

هەروەک سەرچاوەیەک لە ئامادەیی خانزادی کچان، کە نەیویست ناوەکەی ئاشکرابکرێت، ئەوەی بۆ ڕۆژنامە خستە ڕوو، کە خوێندنگەکەیان کێشەی میلاکی هەیەو وتی: «تائێستا مامۆستای (بیرکاری) مـان نییە بۆ پۆلی (١٢)و بەناچاریی مامۆستامان بە (مـحـازر) هێناوە تا مامۆستامان بۆ دادەمەزرێت».

لە چوارچێوەی بودجەی ئەمساڵدا حکومەتی هەرێم (٤٧٠٠) مامۆستای لەسەر میلاکی وەزارەتـی پـەروەردەی هەرێمی کوردستان دامـەزرانـد، بەڵام دامەزراندنەکان ناوەندی شارە گەورەکان ناگرێتەوەو هاوکات م.کەمال نوری، بـەڕێـوەبـەری پـەروەردەی سێمانی ڕەخنەی ئەوە دەگرێت، کە شاری سلێمانی لە دامەزراندن بێبەشەو ڕایگەیاند: «ئێمە لە پـەروەردەی سلێمانی بێبەشین لە دامەزراندن و وەکو پێویست مامۆستامان بۆ دانەمەزراوەو تەنیا چەند مامۆستایەکمان بۆ دامەزرێنراوە، کە لە پەنجەی دەست تێپەڕ ناکەن، لە کاتێکدا تەنیا ئەمساڵ زیاتر لە (٥٠) قوتابخانە لە سنووری پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانیدا کراونەتەوە.

بەڕێوەبەری پـەروەردەی سلێمانی، ئـامـاژەی بـۆ ئـەوەش کـرد؛ کـە وەکـو چارەسەرێکی کاتیی داوایان لە نزیکەی (٢٠٠) مامۆستا کـردووە، بۆ ئەوەی بە وانەبێژیی (محازر) وانە بڵێنەوە.

خوێندکارێکی پۆلی (٩) لە خوێندنگەی بنەڕەتی ڕەوەنـد، کە خوێندنگەکەیان ئەمساڵ کـراوەتـەوە، بـە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند: «کێشەیەکی زۆمان هەیە بە هۆی نەبوونی مامۆستا لە خوێندنگەکەمان، کە تاکو ئێستا وانەکانی (بیرکاری، فیزیا)مان نەخوێندووە».



یەکێک لەو خوێندنگانەی کە کێشەی میلاکاتی هەیە

فۆتۆ: ئاکام

ئیسماعیل بەرزنجی، وتەبێژی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە کێشەی کەمیی میلاکی مامۆستا هاوڕایە لەسەر بوونی کێشەی میلاکات، بەڵام بەڕێوەبەرێتی پەروەردەکان بە بەرپرس دادەنێت لە ڕێکنەخستنی میلاکاتداو بە ڕۆژنامەی وت: «هەموو پەروەردەکان بەرپرسن لە شارەکەی خۆیان و بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەت، میلاکاتی خۆیان ڕێـکـدەخـەن، ئـەو کێشەیەش نـەک لە سلێمانی، لە هەولێرو دهۆکیش هەیە، بەڵام کێشەکە لە سلێمانی زیاترە، چونکە گەورەتر بووەو چەندین قوتابخانەی نوێ کراونەتەوە، کێشەی میلاکاتیش بە زوویی چارەسەر ناکرێت».

سەبارەت بە دانەمەزراندنی مامۆستا لە شارە گەورەکان بەرزنجی، وتی: «هەر مامۆستایەک کە دادەمـەزرێـت دەبێت سەرەتا بچێتە لادێ (گوند)و لە شارە گەورەکان مامۆستا دانامەزرێت، بەڵکو ساڵانە مامۆستا لە دەرەوە دەهێنرێتەوە بۆ ناو شارەکان».

بـە بـڕوای مامۆستایان هاوکات لەگەڵ کەمیی مامۆستاو دانەمەزراندنی دەرچـووانـی زانـکـۆو پەیمانگەکان ناعەدالەتیی لە دابەشکردنی مامۆستایاندا هۆکارێکی سەرەکیی کێشەکەیە، ئەو ناعەدالەتییەش حیزب بە درێژایی چەند ساڵی ڕابردوو دروستی کردووە.

بە بڕوای مامۆستا مەریوان سەلاح، «واسیتەو واسیتەکاریی ناعەدالەتییەکی زۆری لە دابەشکردنی مامۆستایاندا دروستکردووە».

هـەروەک مامۆستا جـەزا عەلی، یاریدەدەری قوتابخانەی شێخ عبدولڕەزاقی بـنـەڕەتـی، بـە ڕۆژنـامـەی ڕاگـەیـانـد: «نارێکوپێکییەکی زۆر هەیە لە دابەشکردنی مامۆستایاندا بـەسـەر قوتابخانەو خوێندنگەکاندا، ئەم ناعەدالەتییەش بۆ دەستێوەردانی حیزبیی دەگەڕێتەوە».

# دەسەڵات بەر لەوادەی خۆی، بانگەشەی هەڵبژاردنی مامۆستایانی دەستپێکرد

**ڕاپۆرتی: لاپەڕەی پەروەردە**

لەکاتی دەوامـی قوتابخانەکاندا، یەکێتی کۆبوونەوەی حیزبیی بە بەڕێوەبەری قوتابخانەو خوێندنگەکان دەکات و مامۆستایانی سەردەمیش داوا لە مامۆستایان دەکات هەڵوێستیان هەبێت.

بڕیارە ڕۆژی (٢٠١٠/١٢/٢) هەڵبژاردنی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان ئەنجام بدرێت و ڕۆژی (٢٠)ی ئەم مانگەش بانگەشەی هەڵبژاردن دەستپێدەکات، بەڵام لە ئێستادا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەستی بە بانگەشەی هەڵبژاردن کردووەو کاتی دەوام و بینای قوتابخانەکان بۆ ئەو مەبەستە بەکاردەهێنێت.

بەپێی زانیارییەکی ڕۆژنامە ڕۆژی (١١/٨) لێپرسراوی مەڵبەندی شـارەزووری یەکێتی کۆبوونەوەی بەمامۆستایانی سنووری قەزای هەڵەبجە کـردووەو داوای لێکردوون دەنگ بە لیستێکی دیاریکراو بدەن.

ڕۆژی (١١/٩)ش لە کاتی دەوامـی ڕەسمیدا مەڵبەندی سلێمانی یەکێتی کۆبوونەوەی بە زۆربەی بەڕێوەبەری قوتابخانەو خوێندنگەکانی شاری سلێمانی کردووەو لەو کۆبوونەوەیەدا هێرۆ ئیبراهیم، لێپرسراوی مەڵبەندی سلێمانی، لیستێکی (١٢) کەسیی داوە بە بەڕێوەبەرەکان، تا مامۆستایان ناچار بکەن دەنگیان پێ بدەن.

سەرچاوەیەکیش بەرۆژنامەی ڕاگەیاند: ڕۆژی (١١/١١) لەچەند گەڕەکێکی شاری سلێمانی لێپرسراوانی کەرتی مامۆستایانی یەکێتیی سەردانی زۆربـەی قوتابخانەکانیان کـردووەو لیستێکی (١٢) کەسیی (یەکێتی)، کە خۆیان پاڵاوتووە بۆ هەڵبژاردنی کۆمەڵەی هـەرەوەزی و ویستەمەنی مامۆستایان، داوە بە بەڕێوەبەری قوتابخانەکان، تا داوا لە مامۆستایان بکەن، دەنگیان پێ بدەن.

بەکارهێنانی ناوەندەکانی خوێندن و کاتی دەوامی قوتابخانەو خوێندنگەکان بۆ کاری حیزبیی، نیگەرانیی و ناڕەزایی مامۆستایانی لێکەوتەوەو مامۆستایانی سەردەمیش لە بەیاننامەیەکدا، کە ڕۆژی (١١/٩) بڵاوکراوەتەوە، ئیدانەی ئەو هەنگاوانە دەکەن.

> «سەفین دزەیی:
> ئەگەر بوترێت حکومەت بەدەرە لە حیزب، نەخێر، بەڵام لە کاروباری ڕۆژانەدا لە ڕووی ئینتیماو لە ڕووی کاریگەریی سلبی لەسەر کاروبارەکان، بە هیچ شێوەیەک نابێت تەداخولات هەبێت»

لـە بـەیـانـنـامـەکـەدا، کـە وێـنـەیـەکـی بۆ ڕۆژنامە نێردراوە، ئەوە خراوەتەڕوو؛ «حیزبە دەسـەڵاتـدارەکـانـی کـوردسـتـان بـە ئاشکرا کەوتوونەتە بەکارهێنانی ناوەندەکانی خوێندن و بە کۆمەڵ بانگهێشتکردنی مامۆستایان لە کاتی دەوامی فەرمیی خوێندندا بۆ بارەگا حیزبییەکان، بە مەبەستی کۆبوونەوە پێکردنیان و بانگەشەکردن بۆ لیستێکی تایبەت، کە ئەمەش لە هەمانکاتدا یەکێکە لە خروقاتەکانی هەڵبژاردن کە هێشتا بانگەشەی هەڵبژاردن دەستی پێنەکردووە».

مامۆستایانی سەردەم ئیدانەی ئەو دیاردەیە دەکەن و لە بەیاننامەکەشدا ئاماژە بەوە کراوە؛ «حیزبە سیاسییەکان تەنیا نوێنەری خەڵکی خۆیانن و بۆیان نییە سەرجەمی توێژێک لە ناوەندێکدا پەلکێشی کۆبوونەوەی ئیجباریی بکەن و کاتی دەوامی فەرمیی قوتابخانەو خوێندنگەکان بەکاربهێنن، حیزبە دەسەڵاتدارەکان لە حکومەتدا بۆیان نییە هیچ کەرتێکی حکومیی و بە تایبەت پەروەردەو مامۆستایان بۆ خۆیان قۆرخ بکەن».

لە لێدوانیکیدا بۆ ڕۆژنامە سەفین دزەیی، وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان سەبارەت بەو بابەتە ڕایگەیاند: «ئەگەر بوترێت حکومەت بـەدەرە لە حیزب، نەخێر، بـەڵام لە کاروباری ڕۆژانەدا لە ڕووی ئینتیماو لە ڕووی کاریگەریی سلبی لەسەر کاروبارەکان، بە هیچ شێوەیەک نابێت تەداخولات هەبێت، پەروەردە موڵکی هەموو خەڵکی کوردستانەو تەنیا موڵکی لایەنێک نییە، پێویستە دوور لە هەر جـۆرە ئینتیماو لایەنگرییەک بۆ حیزبایەتی، کاروباری خۆی بەڕێوەببات».

لـەبـەرامـبـەردا، مامۆستا عەبدولخالق عەبدولڕەحیم، بەرۆژنامەی ڕاگەیاند: ئێمە وەکو مامۆستایان دژی ئەوەین لە کاتی دەوامدا ببرێنە دەرەوەی بینای قوتابخانەو خوێندنگەکان بۆ کاری حیزبیی و هەموو کات جەختمان لەوە کردووە؛ کە نابێت کات و بینای قوتابخانە بۆ کاری حیزبیی و بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاربهێنرێن، پێویستە مامۆستایانیش ڕێگە بەو دەستتێوەردانانە نەدەن».

هـاوکـات مامۆستایانی سـەردەم داوا لە مامۆستایان دەکـەن: «هەڵوێستیان لەسەر ئەم دیاردەیە هەبێت و بەشداریی لە هیچ کۆبوونەوەیەکی ئیجباریی نەکەن و ئیرادەی خۆیان لە دەستی خۆیاندا بێت».

# دەرچووانی زانکۆو پەیمانگەکان، داوای دامەزراندن دەکەن

**هاوڕێ عەبدوڵڵا**

دەرچـــووانـــی زانـکـۆو پەیمانگاکانی کـەلارو کفری و هـەڵـەبـجـەو کـۆیـە، داوای دامەزراندن دەکەن و فراکسیۆنی گۆڕانیش، داوای چارەسەرکردنی کێشەکانیان دەکات.


لە یاداشتێکیاندا، کۆمەڵێک دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی کـەلار کە ئاڕاستەی لیژنەی پـــەروەردەو فراکسیۆنەکانی پـەرلـەمـانـی کوردستانیان کـردووە، داوای دامەزراندنیان دەکەن لە دامودەزگانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەو ئەوەشیان خستووەتەڕوو: «ئێمە ژمارەمان (٧٧)کەسە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی بەڵێنی دامەزراندنیان پێداوین، بەڵام تا ئێستا دانەمەزراوین، کـەچـی لـەلایـەکـی دیـکـەوە، وەجبەیەکی تر بە نادادپەروەرانەو لەڕێی تەزکیەی حیزبیی و خزمی بـەرپـرسـانـەوە، دامـــەزراون و زۆربـەشـیـان دانـیـشـتـووی دەرەوەی ناوچەکەمانن و لەسەر حسابی ئێمە دامەزراون».

ئەو ژمارە خوێندکارە، داوا دەکەن کە دابمەزرێن و کێشەی کەمیی مامۆستا لە ناوچەکەیان چارەسەر بکرێت.

ڕۆژی (١١/٨) فراکسیۆنی گـــۆڕان لـــە پـەرلـەمـانـی کوردستان، نووسراوێکی داوە بە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کـوردسـتـان و پشتگیریی لە داواکاریی دەرچووانی کۆلێژی پـــەروەردەی کـەلار دەکـات و هاوکات، داواکـارە کێشەکانیان چارەسەربکرێت.

بۆ ئەمساڵ خوێندن وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان نزیکەی (٥) هـەزار دەرچـووی دامەزراند، تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە دەرچـووانـی زانکۆو پەیمانگەکانی کۆیەو کەلارو کفری و هەڵەبجە، دانەمەزراون و داوای دامەزراندنیان دەکەن.

عەزیمە نەجمەدین، ئەندامی لیژنەی پـــەروەردەو فێرکردن لە پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ژمارەیەکی زۆر لـە دەرچـــووانـــی چەند نـاوچـەیـەک، یاداشـتـیـان بۆ لیژنەی پـــەروەردە نـاردووەو داوای دامەزراندنیان دەکەن و بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەش، چەند جارێک داوام کردووە کە وەزیری پەروەردە بێتە پەرلەمان، بەڵام تا ئێستا نەهاتووەو ئێمە پشتگیریی داواکارییەکانیان دەکەین».



# دۆڵی جافایەتی داوای چارەسەرکردنی کێشەکەی چۆخماخ دەکەن

**بەڕێز/ سەرۆک کۆماری عێراق**
**بەڕێزان/ سەرۆکی هەرێمی کوردستان**
**بەڕێز/ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

سڵاوو ڕێزی دڵسۆزیی...

بـەڕێـزان.. ئێمە وەک هاوڵاتییانی دانیشتووانی گوندەکانی دوانـزە دێی دۆڵـی جافایەتی شـاربـاژێـڕ، سکاڵای خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز دەکەین، کە بەناوی گوندەکانی (چۆخماخ، سنگر، مێولاکە، یاخسەمەر، مالومە، گەورەدێ، گـەڕەدێ، کانی مـێـو، ولاغـلـو، باڵخ، کونەماسی، مۆکەبە، قەیوانی گەورەو قەیوانی بچووک، کۆڵەرد)، کە کێشەیەکی گەورە ڕوویـداوە لە ناوچەکەماندا، کە کارەساتێکی دڵتەزێنی لێکەوتەوە (٣) هاوڵاتی گیانیان لەدەستداوەو دواتر پێنج خانووبەرە سووتاون، چەندینماڵیش ماڵو حاڵی خۆیان بەجێهێشت، ئێستا ناوچەکە تووشی نائارامییو دڵەڕاوکێ بووەتەوەو بووەتە هۆی مەترسییەکی گەورەو شارباژێڕی هەژاندووە، کە تاکو ئێستا کارەساتی وای بەخۆیەوە نەبینیوە، بۆیە داوا لە ئـێـوەی بـەڕێـز دەکەین دەسبەجێ فەرمان بکەن بۆ ڕاگرتنی ئاگری ئەو شەڕە بۆ ڕێگرتن لە ڕشتنی خوێنی خەڵکی تر لەبەر ئەوە وەزعەکە زۆر مەترسیدارە، مەترسیی شەڕێکی گەورەی لێ دەکەوێتەوە ئەگەر بەردەوام بێت، پێدەچێت خوانەخواستە ببێتە هۆی داگیرساندنی شەڕی ناوخۆ، شارباژێڕ چاوەڕێی هیممەتی دەسبەجێی ئێوەیە، ئیتر هەر شادو سەرکەوتووبن بۆ کوردو کوردستان...

گوندەکانی: چۆخماخ، مالومە، سنگر، گاپیلۆن، گوێزیلە، گـەورەدێ، گەڕەدێ، ولاغلو، یاخسەمەر، قەیوانی گـەورە، قەیوانی بچووک، باڵخ، مێولاکە، کۆڵەرد، قوڵەجاخ.

**لەگەڵ ڕێزدا...**

جێگەی وەبیرهێنانەوەیە ڕۆژی ٢٠١٠/١٠/١ لە گوندی چۆخماخی سەر بە قەزای گاپیلۆن لەشارباژێر، کە ٢٣ کیلۆمەتر لەشاری سلێمانییەوە دوورە، لەسەر کێشەی زەوی‌وزاری دوو بنەماڵە دەبێت بە شەڕیان، لەئاکامدا یەکێک لە شەرکەرەکان سێ کەس بەناوەکانی (بەکر ڕەسـوڵ، ئەنجومەنی گوندەکە، فەرهاد ڕەسوڵ، شـــالاو بـــەکـــر) لە بنەماڵەیەکی تـــر کـــوژران، کە لـە دوو بـراو باوکێک پێکهاتبوون، بـــەنـــاچـــاریـــش کەسوکاری بکوژەکە گوندەکە چۆڵ دەکەن، لـــەبـــەرامـــبـــەریـــشـــدا خزمانی کوژراوەکانیش ئۆتۆمبیلێکو چوار خانوویان دەسووتێننو سێ خانووی دیکەشیان دەڕووخێنن.

# مۆنیکای ژمارە (....)
## سوکایەتی پێکردمو لێیاندام

ئێوارەی ڕۆژی شەممە ٢٠١٠/١١/٦، کاتژمێر (٥,١٥)ی ئێوارە لە نزیک فولکەی ئاسۆی دەلاک، بەرەو ساحەی پاسەکانی خەبات دەگـەڕامـەوەو یەک نەفەر لەناو پاسەکەمدا مابوو، بەهۆی دروستبوونی قەرەباڵغیی لەسەر شەقامەکە ئۆتۆمبێلەکانی ئەو سایدەی منی لێبووم دەستیان بە هۆڕین لێدان کردو منیش وەک ئەوان چەند هۆڕینێکم لێدا بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی شەقامەکەیان لێگرتبووم، دوو ئۆتۆمبێلی جۆری مۆنیکا کە یەکێکیان ژمارە (....–عێراق– سلێمانیە) بوو دەستیانکرد بە جنێودان پێمو لە کاتی گەڕانەوەم بۆ سایدەکەی بەرامبەر بە (٨) کەس لە سەیارەکانیان دابەزینو دوای سوکایەتیو جنێودانو لێدانێکی زۆر مۆڵەتی شۆفێرییەکەیان لێوەرگرتم، بێئەوەی خۆیان بناسێنن، یان بزانم کێن؟

بۆ ڕۆژی دواتر لە بنکەی پۆلیسی سەرا سکاڵام تۆمار کـردو داوای مافی خۆم لەو کەسانە کرد، کە بێ هۆ سوکایەتی بە هاوڵاتییان دەکـەنو یاسا پێشێلدەکەنو دەستدرێژیی دەکەنە سەر کەرامەتو مافی خەڵکیو داوای لێپیرسینەوەش لەو کەسانە دەکەم کە دڵنیام، یان بەپرسانن، یان کوڕو کەسانی بەپرسانن، ئاوا سوکایەتی بە خەڵک دەکەن.

**شۆفێری پاس لە هێڵی خەبات– سلێمانی**

**تێبینی: ژمـارەکـەی لای (ڕۆژنـامـە) پارێزراوە**

# بۆ/ ڕۆژنامەی ڕۆژنامە

**بابەت/ ڕوونکردنەوە**

لە ژمارە (٦٠٦)ی ڕۆژنامەی ڕۆژنامە ڕۆژی سێشەممە ٢/ ١١/ ٢٠١٠ لە لاپەڕە (١٤)ی تایبەت بە (ئـابـووری) بابەتێک بڵاوکراوەتەوە لەژێر ناونیشانی (لە پشدەر.... چەندین پرۆژە نەچوونەتە بواری جێبەجێکردنەوەو پرۆژەی وەهمیش هەیە)، بۆیە وەک ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرێتی گشتیی ڕێـگـەوبـانو ئـاوەدانـکـردنـەوەو نیشتەجێکردن بە پێویستمانزانی ئەم ڕوونـکـردنـەوەیـە بخەینە بـەردەم ڕای گشتییو خـوێـنـەرانـی ڕۆژنـامـەکـەتـان سـەبـارەت بـەو بڕگەیەی کە تایبەتە بە باسکردنی پرۆژەی دامەزراندنی تەرازووی گەڕۆک لە (کێلێ- پشدەر) لەسەر زاری پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان (خاتوو ڤیان عەبدولڕەحیم) هاتووە:

١- ئـەو پـرۆژەیـەی کە باسکراوەو ئاماژەی پێدراوە بریتییە لە: دانانی تەرازووی جێگیر بۆ مەرزی ( کێلێ – پشدەر)و بڕی (٠٠٠, ٠٠٠, ١٣٨) سەدو سیو هەشت ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوەو ڕەتنەکراوەتەوە، بەڵکو لەبەر تەواونەبوونی ئیشو کاری مـــەرزی کێلێ، بەڕێوبەرێتی گشتیی ڕێگەوبانو ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن بە نووسراوی ژمارە (٤٤٢٢) لە بەرواری ٢٠١٠/٧/٦ داوای لە وەزارەت کرد بە گۆڕینی شوێنی تەرازووەکە بۆ ڕێگەی سەرەکیی (ڕانیە _ قـەلادزێ) پێش دەربەندی ڕانیە بەشێوەیەکی کاتی.

٢- وەزارەت بە نـووسـراوی ژمـارە (٥٦٦٠) لە بەرواری ٢١/ ٧/ ٢٠١٠دا ڕەزامەند بووە بە گۆڕینی شوێنی قەپانەکە.

٣- تائێستا دوو جار پرۆسەی تەندەرینی بۆ کراوەو پرۆسەکە سەرکەوتوو نەبووەو وا بڕیارە لە ئایندەدا بۆ جـاری سێیەم بانگەوازی بۆ بکرێتەوە.

٤- سەبارەت بە پرۆژەی ئاوو ئاوەڕۆی (گوندی شێنێ)، کە بە دوو گوژمەی جیا (٨١٢) ملیۆن دیناری بۆ دانـــراوە، هیچ پەیوەندییەکی بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنەوە نییەو لە بەرنامەی کاری ئێمەدا نەبووە، ئەو پرۆژانە پەیوەندییان بە وەزارەتی شارەوانییەوە هەیە.

**لەگەڵ ڕێزدا...**
**فوئاد حەمە باقی**
**لێپرسراوی ڕاگەیاندن**
**بەڕێوەبەرێتی گشتیی ڕێگەوبانو ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن/**
**سلێمانی**

# بتوێنو پشدەر، داوای کردنەوەی کۆلێژێکی ڕاگەیاندن دەکەن

**هۆشەنگ سەروچاوەیی**

ڕۆژنـــامـــەنـــووســـانو ئارەزوومەندانی بواری ڕاگەیاندن لـە بـتـوێـنو پـشـدەر سـەرقـاڵـی کۆکردنەوەی واژۆن بە مەبەستی هەڵمەتێک بۆ کردنەوەی کۆلێژێکی ڕاگـەیـانـدن لـە نـاوچـەکـەیـانـداو بڕیاریشە داواکارییەکەیان ئاراستەی هەریەک لە پەرلەمانو سەرۆکی هـەرێـمو حکومەتو سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بکەن.


سدیق عەلی، ڕێکخەری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە بتوێن بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە هەردوو ناوچەی بیتوێنو پشدەر ڕێژەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەنووسو خوێندکاری بـواری ڕاگەیاندنو دکتۆرای ئەو بوارە هەیە، جگە لەوەی خوێندکارێکی زۆریشمان هەیە، کە لە ئامادەییەکان دەردەچـنو ئارەزوویانە لە بواری ڕاگەیاندن وەربگیرێنو تێیدا درێژە بە خوێندن بدەن».

لە سەرەتای ئەمساڵەوە بەردی بناغەی زانکۆی ڕاپەڕین لە شاری ڕانیە دانراوەو پێشتریش زانکۆی کۆیە هەرسێ کۆلێژی (نەخۆشیاری، زانستە مرۆڤایەتییەکان، زمان)ی کردووەتەوە، بەڵام ئێستا خوێندکارانی ناوچەکەو ڕرۆژنامەنووسان کردنەوەی کۆلێژی ڕاگەیاندن بە گرنگ دەزاننو کەمپەینی بۆ دەکەن.

سدیق عەلی، دەڵێت: ئێمە وەک ڕۆژنامەنووسانی هەردوو دەڤەرەکە سەرقاڵی کـۆکـردنـەوەی واژۆی ڕۆژنامەنووسانو ئارەزوومەندانی بـواری ڕاگەیاندنین، کە خاوەنی ئەو کادیرە ئەکادیمانەین کۆلێژێکی ڕاگەیاندن لە ناوچەکەماندا بکرێتەوە، ئەگەر کۆلێژێکیش نەبێت، ئەوا بەشێکی ڕاگەیاندنمان لە کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکانی ڕانیە، یاخود لە ئایندەدا کە زانکۆی ڕانیە کرایەوە بۆمان بکرێتەوە.

هەردوو دەڤەری بتوێنو پشدەر زیاتر لە (٣٠٠) ڕۆژنامەنووسی تێدایەو لـەو ڕێـژەیـەشـدا (١٧٠) ڕۆژنامەنووس ئەندامی سەندیکایە، هەروەها خوێندکارێکی زۆری خەڵکی بیتوێنو پشدەریش هەیە، کە لە شارەکانی هەولێرو سلێمانی لە بواری ڕاگەیاندن درێژە بە خوێندنەکانیان دەدەنو هیوادارن خوێندنی ڕاگەیاندن لە ناوچەکەیاندا بکرێتەوە.

بڕیاریشە لەدوای کۆکردنەوەی واژۆکـان، وێنەیەکی بۆ پەرلەمانو سـەرۆکـی هەرێمی کوردستانو ئەنجومەنی وەزیـرانو وەزارەتـی خـوێـنـدنـی بـــاڵاو سـەنـدیـکـای ڕۆژنامەنووسان بەرز بکەنەوە.




# دیاردەی بێکارییو کەمدەرامەتیی

**ئەحمەد حەمەساڵح**

لە کوردستان کۆچی گوندنشینان بۆ شارو شارۆچکەکانو سستبوونی کەرتەکانی کشتوکاڵییو پیشەسازیی بەو ڕادەیەیە کە لە ئێستادا پرسیار لە شەقامی کوردی بکرێت ئایا وڵاتمان وڵاتێکی کشتوکاڵییە، یان پیشەسازیی، بڕواناکەم کەسێک وەڵامی هەبێت، باشە ئەگەر بڵێن کشتوکاڵین، یان پیشەسازیی کام بەرهەمە خۆماڵییەمان بەشی ناوخۆمان دەکاتو کام بەرهەمە کوردییەمان دەنێرینە دەرەوەی وڵات؟ کە بەڕێژەیەک ئابووریی بەرزکردووەتەوە.

لەلایەکی تریشەوە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە (کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەتو بێوەژنانو خێزانە کەمدەرامەتەکانو هەژارەکان) کە بەشێکیان لە لایەن حکومەتەوە مانگانە هاوکارییەکی ڕەمزیی دەکرێن، کە پێویستە تایبەتمەندیی ئەم کەسانە لە بەرچاو بگیرێتو حکومەت بەرنامەی باشی هەبێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانو گوزەرانیان تا لە خانەی هەژارییەوە دەربازیان بکات، کە دەبووە هۆکاریش بۆ کەمبوونەوەی دیاردەی کارپێکردنی منداڵان.

ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە دەرچووانی زانکۆو پەیمانگەکان خوێندن تەواو دەکەنو دەبنە خاوەنی بڕوانامەیەک لە بوارێکدا، لەگەڵ ئەوەی مایەی شانازییە کە گەنجانی ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆریان خاوەن بڕوانامەن، بەڵام بەداخەوە بەشێکی زۆر لە بێکاران لەنێو ئەم توێژە گرنگەی کۆمەڵگەدایە، کە پێویست بوو لەگەڵ زیادبوونی زانکۆو پەیمانگەکانو دەرچووان بیر لە بەکارخستنیشیان بکرایەتەوە لە کەرتی تایبەت، یان گشتیی.

بێکاریی موقەنەعە (شـاراوە)، کە یەکێک لە جۆرەکانی بێکارییە، ئەو کەسانەن کە لە ڕووی توانای جەستەییو دەروونییەوە توانای کارکردنیان هەیە، بەڵام هیچ کارێک ناکەن ئەم جۆرە بێکارانە هێزگەلێکن کە تواناکانیان بخرێتە کار، بەشێک لە کێشەی بێکاریی چارەسەر دەکات، ئەم جۆرە لە بێکاران ئەو کەسانەن کە لەلایەن حکومەتەوە مووچەیەکی مانگانەیان هەیەو هیچ جۆرە کارێک ناکەن بەنموونە لەنێو فەرمانگەکانی حکومەتدا کەم نین ئەو فەرمانبەرانەی کە ڕۆژانە تەنیا دەوام دەکەنو کار ناکەن، یان مووچەخۆرنو دەوامیش ناکەن.

لە لایەن حیزبەکانەوە ژمارەیەک لە بێکاری شاراوە بەرهەمهێنراون، کە ژمارەیەکیان مووچەی حکومیی وەردەگرنو دەوامی حیزبی دەکەن، یان دەوامیش ناکەن، هەروەها لەنێو (شۆڕشگێڕەکانو زیندانییە سیاسییەکانو تێکۆشەرانو کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان)ی سەردەمی خەباتی شاخو ڕاپەڕین، کە شایستەی خزمەتکردنی زیاترن، زۆر ئەو قسەوباسانە دەبیسترێنو بوونەتە وێردی سەر زمان، کە لە ئەمڕۆدا کەسی دوور لە خەباتی ڕۆژانی سەخت کراوەتە هاوخەباتیانو وەک ئەمان لە دەزگایەک مووچە وەردەگرێت، ئەمانە کە بێکاری شاراوەن، خۆشیان گیرۆدەی دیاردەی بێکارین، ڕاستیی سەلماندنی ئەم جۆرە بێکارانەش بۆ حکومەتو لایەنە سیاسییەکان، گەر مەبەست هەبێت بۆ چارەسەرکردن، ئەوا دەکرێت لە ڕێی لیژنەیەکی وەک چاودێریی هەستێت بە دەرخستنی ئەم ڕاستییە، بە مەرجێک بیر لە بەکارخستنیان بکرێتەوە، نەک بیر لە نانبڕینیان.

کەواتە لایەنە سیاسییەکانو حکومەتیش یەکێکن لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانو فراوانبوونی جۆرێک لە دیاردەی بێکاریی، کە دەکرا بەشێوازێک هەموو ئەو بێکارانە بەکاربخرانایەو دەستێکی بە بەرهەم بوونایە لە پێشخستنی باری ئابووریی وڵات.

مافی نەخۆش، ئەوەی نەخۆشەکان پێی ئاشنا نین 20

# ڕێکخستنی ئەدرەس‌و سیستمی پۆستەو گەیاندن

هاشم غەمگین

**لەگەڵ ئەوەی لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان فەرمانگەی پۆستەو گەیاندن ئامادەیی‌و بوونی هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی ئەکادیمی‌و چالاکانە کارەکانیان ڕێکنەخراوەو کەرستەو پێداویستییەکانیان بۆ دابین نەکراون، بۆیە ئەم دەزگا گرنگە لەبەر فەرامۆشکردنی بە لاوازیی دەبینرێت‌و بایەخ بە چالاککردنی نەدراوە**

بە گشتیی ئـەو پێداویستییانەی بۆ چالاکبوون‌و بەڕێوەبردنی کارەکانی فەرمانگەی پۆست، کە پێویستە بۆیان دابین بکرێت، بریتین لە ئۆتۆمبێل، پاسکیل، ماتۆڕسکیل، جانتای دەستیی، جلوبەرگی تایبەت، لەگەڵ بوونی کارمەندی پێویست بۆ هەڵسووڕاندنی کارەکان، لە لایەکی تر بۆ ئەوەی سیمایەکی مۆدێرن‌و شارستانیی‌و دەزگـایـی بە فەرمانگەکە ببەخشرێت، پێویستە تێکڕای جلوبەرگی فەرمانبەران‌و فەرمانگەو ئەو ئامێرو پێداویستییانە، بە یەک ستایل‌و ڕەنگ ئامادە کرابن‌و ناوو هێمای فەرمانگەکەی لەسەر بێت.

بەگشتیی ســوودی ئەکتیڤکردنی خزمەتگوزاریی دامــەزراوەی پۆست، ئەوەیە:

یەکەم: دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی مەسرەف‌و ئەزیەتدان لەسەر هاوڵاتیی‌و بوونی ئاسانکاریی‌و گرەنتی بۆ گواستنەوەو گەیاندنی نامەو کەلوپەلەکانیان بە شوێنی دیاریکراوو مەبەست بە شێوەیەکی خێرا.

دووەم : نەهێشتنی ڕۆتین‌و قەرەباڵغیی لەسەر فەرمانگەو دامودەزگـاکـان‌و بە ئاگابوون‌و توندوتۆڵکردنی پەیوەندیی نێوان خەڵک‌و حکومەت.

سێیەم: ڕاییکردن‌و ڕێکخستنی کارەکانی نێوان خەڵک‌و حکومەت لەسەر بنەمای پەیوەندیی تەلەفونیی‌و کات‌و مەوعیدو جوڵاندن‌و ئەنجامدانی لە ڕێی سیستمی پۆستەوە.

چـوارەم: لە ڕووی داراییش، داهاتی باش بۆ وەزارەتـی گواستنەوەو گەیاندن دەستەبەر دەکات.

لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا کاروباری دەوڵـەت، ڕێکخستنی کات، دروستکردنی کۆنتاکت، ڕاییکردنی ئیشوکارەکانی خەڵک، حکومەت، گواستنەوەو گەیاندنی نامە، پەیام، کەلوپەل، ڕۆژنامە، ریکلامی کاری ڕێکخراوو کۆمپانیاکان‌و... هتد، بە شێوەیەکی خێرا لە ڕێی خزمەتگوزاریی پۆستەوە بەڕێوەدەچێت‌و ئەنجام دەدرێت.

بۆ نموونە ئەگەر هاوڵاتییەک بیەوێت کاتی بینین لەگەڵ پزیشک دەستنیشان بکات، یان لەگەڵ کارمەندێک لە شارەوانی، یانیش بەشداریی ئیشتراککردنی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانـــە، یان هەفتانە بکات..



دەتــوانــیــت لـــە ڕێـــی پەیوەندییکردنی تەلەفۆن بە پرسگەی شوێنەکان داواکاریی‌و مەوعیدو کارەکان دروســت‌و ڕایی‌و ڕێکبخات، بەڵام دیاریکردنی کات‌و ڕۆژی مەوعید لەگەڵ فەرمانگەکان بە پۆست بۆی دەنێردرێتە ماڵەوە، نەک بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ.

بەڵام لە کوردستان بە هۆی ڕێکخستنی داتاو ئەدرەس‌و ناونیشانی فەرمانگەکان‌و گەڕەک‌و شوێنەگشتییەکان‌و کەسێتیی بە شێوەیەکی هونەریی‌و زانستیی ڕێکنەخراوەو فەرمانگەی پۆست کاراو چالاک نییە، بۆیە دەبینرێت دامودەزگاکان بە بەردەوامیی ڕەخـنـەو گلەیی‌و ڕۆتـیـن‌و قەرەباڵغی هاوڵاتییانی لەسەرە، بۆیە حکومەتی هەرێم دەبێت هەموو هەوڵێک بخاتە گەڕ بۆ پاکیی‌و ڕوونیی‌و سەرکەوتن‌و ئەنجامدانی ئەو سەرژمێرییەی بڕیارە لەمساڵدا ئەنجام بدرێت.

ئەوەی پێویستە سەرەتا بۆ ڕێکخستنی ئــەدرەس‌و کـاراکـردن‌و دامـەزرانـدنـی سیستمی پۆست هەنگاوی بۆ بنرێت، ئەوەیە؛ گرنگە هەر بینایەکی حکومیی، ئەهلیی، نیشتەجێبوون، پاشان هەر هاوڵاتییەک دەبێت ژمارەو ناونیشانی تایبەتی خۆی هەبێت بۆ نموونە؛ دانیشتوویەک لە شاری یەکێک لە وڵاتانی ئەوروپا ئــەدرەس‌و ناونیشانی بەم شێوەیەیە:

ناو :hashim zorab salih ڕەگەز (m)
ساڵ‌و ڕۆژی لەدایکبوون: ١٩٨١,١,٨
ناوی شەقام: ٩.picassolaan
ژمارەی دەرگا: ٣٠٩
پۆست کۆدە: ١٨,١٦.ALKMAAR) md)
ناوی شارێکی هۆڵەندایە
ژمارەی تەلەفۆن: (٠٦١٤٨٨٥٨٥٥)

ئەم شێوە ناونیشانەی ســەرەوە بۆ ئەدرەسی تاک، یان خێزانێک دەبێت، کە لەیەک یەکەی نیشتەجێبووندا بن، بەڵام بۆ فەرمانگەو شـوێـنـە جیاجیاکانی دی، ناوی کەسێتیی دەبێتە ناوی فەرمانگەو شوێنەکان، ساڵی لەدایکبوون نـانـووسـرێـت، بـۆ ئاسانکاریی‌و ئەنجامدان‌و ڕێکخستنی کاری پۆست ئەوەی پێویستە بکرێت، ئەوەیە کە:

یـەکـەم: ئــەدرەس‌و ناونیشان بەم شێوەیەی سەرەوە ڕێکبخرێت.

دووەم: لە سیستمی کۆمپیوتەریی ئەو دامەزراوانەی پێویستن، وەک: (هاتوچۆ، بـاج، شـارەوانـی، خـانـووبـەرە، پۆلیس، تەندروستی،...هتد)، بە دروستی جێگیر بێت.

سێیەم: هەر شەقامێک ناوو ژمارەی خۆی هەبێت‌و لەسەر لەوحەیەکی بچووک، لە شوێنێکی گونجاوو بەرچاو هەڵبواسرێت.

چوارەم: هەر بینایەکی حکومیی‌و ئەهلیی‌و دوکان‌و یەکەیەکی نیشتەجێبوون دەبێت سندووقی پۆستی تایبەتی هەبێت‌و ناوی تەواوو ژمارەی دەرگای خۆی لەسەر بێت، چونکە ئەگەر بینایەک، یان شوقەیەک (١٠) نهۆمیی بوو، دەبێت سەرجەم سندووقەکان پێکەوە لە شوێنێکی شیاوو جوان، لە بەشی خوارەوەی بیناکە هەڵبواسرێت، بەڵام بۆ یەکەیەکی تایبەت، دەبێت لە نزیک دەرگای سەرەکیی دابنرێت.

پێنجەم: هەموو کایەکانی دەوڵـەت‌و فرۆشگەو یەکەکانی نیشتەجێبوون، دەبێت پۆست کۆدی تایبەتی خۆیان هەبێت.

شەشەم: پێویستە لە گەڕەک‌و فەرمانگەو شوێنەگشتییەکان سندووقی تێکردنی پۆستیان هەبێت، بە شێوەیەک سندووقەکان دوو بەش بن، بەشێکی تەرخان بێت بۆ گـەڕانـەوەو بەشەکەی تـری بۆ ناردنی پۆستەکان، بۆ نموونە هاوڵاتییەک لە فەرمانگەیەکەوە نووسراوێک، یان فۆڕمێکی بۆ هاتووە بۆ پڕکردنەوەو ئیمزاکردن، یان لە گەڕەکێکدا حکومەت دەیەوێت پرۆژەیەک دروسـتـبـکـات، بۆ ڕەزامـەنـدبـوون، ڕاو بـۆچـوون‌و وەڵام‌و واژۆی دانیشتووانی گەڕەکەکەیان دەوێـــت، یـان دیاریـی نـامـەیـەک بـۆ کەسێکی دەنـێـرێـت، بـۆ نـاردن‌و گـەڕانـەوەیـان دەبـــێـــت بخرێنە بەشی سندووقەکانەوەو دواتــر ئـێـواران کـارمـەنـدی ئـەو کۆمپانیانە بێت بۆ کردنەوەی سندووقەکان‌و کۆکردنەوەیان، دوای جیاکردنەوەیان لە ئۆفیسەکان بگەیەنرێنە شوێنی دیاریکراوو مەبەست.

ئەوەی دەکەوێتە سەرشانی هاوڵاتی بۆ بەجێهێنانی کاری پۆست‌و هوشیاریی لەبارەیەوە هەبێت، ئەوەیە:

یەکەم: بۆ دڵنیابوون لە هەبوونی پۆست، دەبێت ڕۆژانە تەماشای سندووقی پۆست بکات.

دووەم: پـەیـوەسـت بـێـت بـە کاتی دیاریکراوی پۆستەوەو لەبیری بێت‌و فەرامۆشی نەکات، ئەگەر هاتوو بۆی نەکرا لە کاتی دیاریکراودا ئامادەبێت، دەبێت بۆ گۆڕینی کـات‌و ڕۆژی دروستکردنی مەوعید، بۆ ئەوەی غەرامە نەکرێت لە ڕێی پەیوەندیکردنی تەلەفۆنی ئەو شوێنە ئاگادار بکاتەوە.

سێیەم: بەپێی یاساو ڕێسای ئەوروپا هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە، لە هەر پلەو پایەیەکدا بێت، پۆست‌و نامەی کەسێکی دیکە بکاتەوەو تەماشای بکات، بۆیە دەبێت گیانی ئامادەبوون‌و پابەندبوونی بۆ ئەو یاسایە هەبێت.

چوارەم: هەمیشە ئەدرەس‌و ناونیشانی خۆی بە تەواوی بزانێت.

پێنجەم: بڕی تێچووی نرخ‌و ناردنی پۆست بۆ ناوخۆی وڵات لە ڕێی پولەوە دەبـێـت، هـەر پولێک نرخی سـی‌و پێنج سەنتەو ناردنی پۆستێک بۆ چوارچێوەی شارێک بە پولێک ئەنجام دەدرێـت، بەڵام لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر بەپێی دوورو نزیکیی شارەکان پولی زیاتری تێدەچێت، بەڵام ناردنی کەلوپەل‌و شتی قورس بەپێی کیلۆو بە پـارەو لە ڕێـی ئۆفیسەکانەوە ئەنجام دەدرێت‌و لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر بە هەمان شێوە.

بۆ زانیاریی باشترین‌و بەهێزترین کۆمپانیای پۆستی جیهانیی‌و لۆکاڵیی، کە گرەنتی تـەواوی گواستنەوەو گەیاندنی کەلوپەلی هاوڵاتییان بکات لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی ترو پێگەیەکی بەربڵاوی لە شارەکانی وڵاتانی دنیادا هەبێت، کۆمپانیای (DHL)و (TNT) پۆستە، کـە ئێستا هەردووکیان بنکەیان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان‌و عێراقدا هەیە.

بـۆ شـیـکـردنـەوەو زانـیـاریـی زیاتر لەسەر کاری ئەو کۆمپانیایانە، بۆ وێنە تۆ لە کوردستان دەتەوێت دۆکیۆمێنتێک، جلوبەرگ، دیارییەک بۆ کەسێکت لە وڵاتێکی دیکە بنێریت، سەرەتا دەبێت ئەدرەسی تـەواویـت هـەبـێـت‌و پـاشـان سـەردانـی ئـەو کۆمپانیایانە بکەیت‌و ئــەدرەس‌و کەلوپەلەکانیان پێبدەیت، دواتر پۆستەکەت لە ماوەی (٣) ڕۆژ تا هەفتەیەک بە شوێنی مەبەست‌و دیاریکراو دەگات.

هــەر لــەم بـارەیــەوە یـەکـێـک لەو ئاسانکارییانەی بۆ وڵاتانی ئەوروپا بە گشتیی لە دۆزینەوەی ئەدرەس‌و ناونیشان لە هەر شوێنێک بێت، بێ هیچ ماندووبوون‌و پرسیارکردنێک، لە چوونیان لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی تـر، یـان لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر، لە ڕێی ئامێرێکی بچووکی کۆمپیوتەرییەوە، کە بە مانگی دەستکردەوە بەستراوەو پێی دەوترێت: (نەفیگاسی)، کە ناونیشان‌و ئەدرەسی هەموو وڵاتانی ئەوروپای تێدایە، ئەو ئامێرەش بە شوێن چەرخی ئۆتۆمبێلەوە دەبەسترێت، باشترین مارکەی ئەم ئامێرە (TOMTOM)ە، کە لە کاتی ڕۆیشتن ئەدرەسی ئەو شوێنەی بۆی دەچیت تیایدا تۆمار دەکرێت، ئیدی بە ئاماژەو دەنـگ ڕێنوێنیت دەکـات، تا گەیشتن بە جێی داواکراوو مەبەست، پاشان مەسافەو کاتی نێوان خۆت‌و ئەو شوێنەی بۆی دەچیت بە کیلۆمەترو سەعات، چەند بێت، زانیاریت پێدەدات.

لە کۆتاییدا هیوادارم سیستمی پۆست لە هەرێمی کوردستان کـاراو چالاک بکرێت، ئەدرەس‌و ناونیشانی کایەکان بە شێوەیەکی هونەریی‌و زانستی ڕێکبخرێت، چونکە سوودو خرمەت بە هەموو لایەک دەگەیەنێت.

hashim.xamgin@yahoo.com

# کەس لە نەخۆشخانەی منداڵبوونی سۆران لەدایک نەبووە

ڕاپۆرتی: ئەحمەد باڵەکی

نەخۆشخانەی منداڵبوون لە سۆران، تائێستا تەواو نەکراوەو بەهۆی خراپیی کەلوپەلە پزیشکییە دابینکراوەکانەوە، بودجەیەکی زیاتری بۆ تەرخاندەکرێتەوە.

بە بڕیارێکی پارێزگای هەولێر پرۆژەی دروستکردنی نەخۆشخانەی لەدایکبوونی سۆران لە ساڵی (٢٠٠٨) دەرچوو بە گوژمەی (٧١١٢٤٣٥٣٠٠) حـەوت ملیارو سەدو دوانـزدە ملیۆن‌و چوارسەدو سی‌و پێنج هەزارو سێسەد دینار، ماوەی پرۆژەکەش (٤٢٠) ڕۆژ بوو، پرۆژەکە لە ٢٠٠٨/٧/١ دەسـت بە کارەکانی کـراوەو دەبـوو لە ٢٠٠٩/٩/١ تەواو بکرایە، دوای ماوەیەکی زۆر لە دواکەوتنی پـرۆژەکـە تائێستا نەکەوتووەتە بواری خزمەتکردنەوە.

دوای تەواوبوونی مـاوەی پرۆژەکە دووبـــارە مـاوەکـەی درێـژکـرایـەوە بۆ کۆتایی مانگی (٨)ی (٢٠١٠)و بڕێکی دیکە بودجەی بۆ تەرخانکرایەوە، بەوپێیە یەکەمجار تەنیا بۆ لەدایکبوون بووەو دواتر کراوەتە لەدایکبوون‌و منداڵان‌و لە (٨٠) قەرەوێڵەییەوە، کراوەتە (١١٠) قەرەوێڵەیی.

دوای تەواوکردنی کارەکانی پرۆژەکە، تائێستا لە لایەن قایمقامیەت‌و تەندروستی سۆرانەوە پرۆژەکە وەرنەگیراوەتەوە لەبەر خراپیی کەلوپەلە تەندروستییەکان.

کرمانج عیزەت، قایمقامی قـەزای سۆران بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەگەرچی بیناکەی لە کاتی خۆیدا تەوابوو، بەڵام دواتــر کۆمپانیای بـێـرۆ کـە سەرەتا جێبەجێکاری پرۆژەکە بوو، هەندێک کاری پرۆژەکەیان دا بە دوو کۆمپانیا، یەکێکیان کۆمپانیایەکی تورکی بوو، کە پێداویستییە پزیشکییەکانی دابین دەکـردو ئەوەی دیکەشیان پێداویستییە سەرەتاییەکانی ناو نەخۆشخانەکەیان جێبەجێ دەکرد، بەڵام ئێمە هەندێک لە کەلوپەلەکانمان وەرنەگرت.



شارۆچکەی سۆران

فۆتۆ: ئەحمەد

ئـامـاژەی بـەوەشـکـرد: وەزیــری تەندروستی‌و بەڕێوەبەری تەندروستی گشتیی هەولێر بە حاڵەتەکەیان زانی‌و لیژنەیەک دروست بوو، بودجەی دیکە بۆ کڕینی نەخۆشخانەکە زیادکراو ئەو کەلوپەلانەی تێبینیمان لەسەر هەبوو، ئاڵوگۆڕیان پێکراو پێدەچێت بەشێکیان لەدەرەوەی وڵات بهێنن‌و نەخۆشخانەیەک ئەو بودجە زۆرەی بۆ تەرخانکرابێت، پێمان باش نەبوو پەلە لە کردنەوەی بکەین.

تـەواونـەبـوونـی نەخۆشخانەکە نیگەرانیی هاوڵاتییانی لێکەوتووەتەوە، بە تایبەت کە تاکە نەخۆشخانەیە تایبەت بێت بە لەدایکبوون لە سنووری هەر چوار قەزای سۆران‌و مێرگەسوورو ڕەواندوزو چـۆمـان، کـە لـە ئێستادا بـۆ حاڵەتی لەدایکبوون دەبێت بچنە نەخۆشخانەکانی هەولێرو بەوهۆیەشەوە دووچاری چەندین ڕووداوی هاتوچۆو ڕووداوی دڵتەزێن بوونەتەوە.

# حکومەتی نوێی عێراق دەسکەوت، یان دەسخەڕۆبوون



هۆشیار عەبدوڵڵا

لەدوای رووخاندنی بەعسەوە، کـورد لـە بـەغـداد خەریکی بەهێزکردنەوەو دروستکردنی دەوڵەتی عێراقەو لەسەر حیسابی ئەو بەهێزبوونەی عێراقی نوێش، کـورد خـۆی تـووشـی رێجیم کردووەو تا دێت زەعیف دەبێتو ئەگەر مانگێک بەغدا نەیەوێت کورد نان بخوات، هەولێر بەبێ شێو سەردەنێتەوە، ئەوەی کورد کردوویەتی، دروسـت ئەوەیە، کـوڕی خۆت بە قوربانی کچی خەڵکی بکەیت، ئەوەشی زیاتر وای کردووە کە ئەو سیاسەتەی کورد هەزەلی بێت، ئەوەیە کە هەموو جارێک هەر ئەوەندەو حکومەت دروسـت بـوو، ئیدی کورد لە بەشدارەوە دەبێتەوە ئۆپۆزسیۆنو ئیدی عـەلاویو جەعفەریو مالیکی، دەبنەوە رێگر لەوەی مافەکانمان دەست نەکەوێت.

لەدوای (٢٠٠٣)وە، کێ هێندەی کورد خەمی عێراقی خواردووە، باشە لە دوای ئەو مێژووەشەوە دیقەت بدەن کە دۆخی کورد چەند لاواز بـووەو شیعەو سوننەش بـەچـی گـەیـشـتـوون؟! کـورد، ئەوکاتە پێکهاتە هەرە بەهێزەکە بـوو، ئێوە بپرسن، ئایا ئێستا کورد بەهێزترینە، یان لاوازترین؟! دەڵـێـن، سـەرۆکـی وڵاتـێـک بە برنارد شۆ دەڵـێـت: یەکێک تۆ ببینێت کە چەندە لاوازو کزیت، وادەزانـێـت بەریتانیا تووشی برسێتی بووە، ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت: یەکێکیش تۆ ببینێت کە چەند قەڵەویت، دەزانێت بۆ ئێمە وامانلێهاتووە.! نوێنەرانی کورد لە بەغدا، دروست وایان کردووەو خەڵکیان لەسەر حیسابی کورد قەڵەو و قەبە کردووە.

سـەرەڕای ئـەوەی کە کورد هەمیشە دادو بێدادی بووە بە دەستی عـەلاویو جەعفەریو مالیکیو نوجەیفییەوە، کەچی ئەمجارەش سەرچۆپی شایی دروسـتـکـردنـی حکـومـەتـی نـوێ بەدەست کـوردەوە بوو، لـەوەش سەیرتر ئەوەیە وەک گەورەترین دەسکەوت بۆ کورد نـاونـراوە؟! باشە ئـەگـەر ئەم حکومەتە چاوڕەشە، (٤)ساڵی تر مافەکانی کـوردی خستەوە قـوڕگـی نەهەنگەوە، ئێمە بە دوعـای کـێ بڵێین ئامین؟!و سەڵاوات لە دیداری کێ لێبدەین؟! مالیکی کە مافەکانمان ناداتەوە؟ یـان سـەرکـردایـەتـی کـورد کە حکومەت بۆ مالیکی دروست دەکـاتو یەک وشـەش گرەنتی نووسراو وەرناگرێت؟! یان ئایا ئەگەر گرەنتی نووسراویشی وەرگرت، وەک کابینەی پێشوو بەکاری دەهێنێت؟!یان ئامادە نییە کورسییەکانو پۆستەکانو مـووچـەکـان بـە هیچ شتێک بگۆڕێتەوە.

کەس گلەییمان لێدەکات، ئەگەر بڵێین، سەرکردایەتی یەکێتیو پارتی هێندەی خەمی کورسییانە، نیوهێندە خەمی شتی تریان نییە، ئەگەر نا پێویست بوو، یەکەم مەرج چی بێت؟! پۆستێک کە هەمووان دەزانن سەڵاحیەتەکانی چین؟ یان مافە ئەرزییەکان؟هەنگاوەکانی سـەرکـردایـەتـی سیاسیی چی بـوون تـا لـە مـاوەی (٨)مـانـگ قەیرانی بێ حکومەتیدا، خەمی کێشە سەرەکییەکانی بخوات؟!، ئـەو سیاسییانەی کـە ئێستا قەدەری ئەم میللەتەیان لە دەستە، هەنگاوەکانیان جدیی نابن تا تینیان بۆ نەیەت، ئێ دیارە کە هیچ شتێکیش لە تەنگەتاویا ئاسان نایەتە دەست، لە یەکێکیان پرسی، هەنگاوەکانت چی دەبن کاتێک سەگێک بیەوێت پەلامارت بدات، لە وەڵامـدا وتـی: هەنگاوەکانم گـەوووورە دەبـن، ئێ دیـارە هەنگاوی گەورە هیلاکیی گەورەی دەوێتو هیلاکیی گەورەش خەمی گـەورەتـر، هـەر زۆر ئاسان، ئەگەر بپرسین، کێشەی کەرکوک (٢٠٠٣و ٢٠٠٤) ئاسانتر بوو، یان ئێستا؟ ئەی ئێستا ئاسانترە، یان (٢٠٢٠)؟!

لــە دوای رووخـانـدنـی بەعسەوە، شیعە دەستی گرتووە بە سـەر جومگە بەهێزەکانی دەوڵەتی عێراقدا، سوننەش تا دێت بەهێزتر دەبن، ئەوە کوردە کە بە هەموو شتێک رازییە، ئەو قسەیە زیادەڕۆیی تێدا نییە، بۆ نموونە ئەوکاتەی عەلاوی باسی وەرگـرتـنـی پۆستی سـەرۆک کۆماری دەکرد، وەک ئەوەی ئێستا قبوولی نەبوو، دەیـوت: دەبێت لە سەدا پەنجای دەسەڵاتەکانی زیـاد بکرێت، کـورد دەشزانێت سەڵاحیەتی نییە، کەچی زۆر

> ئەمجارەش کورد حکومەتی عێراقی وەک دیاریی دایەوە هێزە عێراقییەکان، بەڵام خۆی هیچی نەگۆڕی

رازیشەو بە سەرکەوتنی گەورەی دەزانێت؟ ئاخر ناحەقمانە بپرسین، چـۆن سەرکەوتنی گـەورەیـە؟ ئایا ئەو پۆستە دەتوانێت چی بکات بۆ مادەی (١٤٠)و کێشەی پێشمەرگەو یاسای نەتو گازو چەندین کێشەی تر؟! ئایا کەس هەیە پێچەوانەی ئەم رایە بێت کە دەڵێت: لـەدوای رووخاندنی بەعسەوە، لایەنەکانی عێراق هەموو سوارنو کورد پیادەیە، جا رەنگە سیاسییەکان ئەو قسەیان هەرگیز قبووڵ نەبێتو بڵێن نا نا ئێمەش پیادە نینو سوارین، ئەمە راستە، بەڵام ئـەوان سـواری کورسیو پۆستن، نەک دەسەڵاتێکی فیعلی، یان ئیرادەیەکی نەتەوەیی بۆ بەدەستهێنانی مافەکانو شەڕ بۆ ئایندەیەکی دوورتر.

ئێستا ئەگەر لیستی شیعە، نیەتی لێهێنابێتو کورسیی حکومەت نەداتەوە، تەنانەت بە براوەی هەڵبژاردنیش، عیراقییەش بیەوێت ئەنجومەنێکی تایبەتی بۆ بخولقێننو سەڵاحیاتەکانی بە یاسا بپارێزێتو دەسەڵاتەکانی لەسەرووی سەرۆکی حکومەتەوە بێـتو پەرلەمانیش بەدەست ئەو سوننانەوە بێت کە دەزانین رایان لەسەر کورد چییە؟ کورد لە کوێی هاوکێشەی دەسەڵاتی عێراقدایە؟ ئایا ئەم جارەش لەم حکومەتە نوێیەدا عەرەبی عێراق بە شیعەو سوننەیەوە، ئاسوودەتر نین بـەوەی قۆناغێکی تریش خەونەکانی کوردیان دواخست، ئـاسـوودە نین بـەوەی هیچیان بۆ کورد نەهێشتووەتەوە، ئایا وەک دەگوترێت، کورد براوەی یەکەمە لەم گەمەیەدا؟! ئایا مالیکی هەمان مالیکی (٤)ساڵ لەمەوبەر نییە، نوجەیفییەکانو موتڵەگەکان بۆچوونیان گۆڕاوە، یان هێشتا پێیانوایە (کوردەکان دانیشتووی شاخەکاننو شارستانییەتو مێژوویان نییە)؟.

سیاسییەک پێیوایە، کێکی حکومەت لە دوای (٢٠٠٣)وە لە عێراقدا هێندە شیرینە، هیچ کام لە لایەنە عێراقییەکان نایانەوێت لێی نەخۆنو دەشزانین کە هەر ئەو کێکە شیرینە کەسایەتیو هێزی زۆر لاوازی کـردووە بە هێزی گـەورەو ئـەوەی لە سەرەتای پرۆسەی ئازادیدا هیچ پێگەیەکی نەبوو، ئێستا سەنگینو خاوەن دەنگو پـارەدارەو دەوڵەتداری دەکات. هەموو جارێک لەو کێکی حکومەتە، کورد پۆستی جیا جیای بـردووە، ئـەو پۆستانە چییان کـردووە بۆ کـورد؟ بۆنموونە سـەرۆک کۆمار ڤیتۆی هەبوو، لە حاڵەتی زۆر پێویستدا بەکاری نەهێناوە، پرۆژەی وەزارەتە جیا جیاکانی بە دەسـت کـوردەوە بوون، بۆ هەرێمی کوردستان، چی بـووە؟ وەزارەتـی دەرەوە، چ زیادەیەکی خستووەتە سەر بەرژەوەندییەکانی کورد؟! ئەم پرسیارە بۆ هەموو پۆستەکان دروسـتـەو خۆزگە یەکێک بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد ئەو راستییە بەرجەستە بـکـات، رەنـگـە لە باشترین حاڵەتدا، ئەو پۆستانە بۆ خاوەنەکانیان بووبنە نازونیعمەتی خانەنشینییەکی چەورو پاڵیان لێدابێتەوە.

ئەمجارەش، کورد حکومەتی عێراقی وەک دیـاریـی دایـەوە هێزە عێراقییەکان، بەڵام خۆی هیچی نەگۆڕی لەو سیاسەتەی کە لە رابـــردوودا بەرامبەری پەیڕەوکراوە، ئێستا سەرکردایەتی دەسەڵاتداری کورد، ئەوە وەک دەسکەوت سەیر دەکەن، بەڵام ئەگەر پـاش چـوار ساڵی تر، هەیهات خــەونو مافەکانمان دوورکەوتنەوە، حەقمانە بڵێین: ئەوەی ئێوە دەسکەوت نەبوو، دەسخەڕۆبوون بـوو، عەرەبی عێراق ئەمجارەش بـووەوە بە خاوەنی حکومەتو کوردیش هەرچەند خۆی بە ئەندازیاری دەزانـێـت، بـەڵام رابـــردوو سەلماندوویەتی کە پاش یەک مانگ، دەکـەونـەوە گازندە لە مالیکی، بۆیە ناحەقیان نییە ئەگەر ئەوان وا هەست بکەن کە گۆڵیان لێکردووینو هەموو شتێکیان بـۆ خـۆیـان بــردووە، پیاوێک دەڕواتە ماڵی دراوسێکەیانو لە هاتنە دەرەوەیدا، منداڵی ماڵەکە دەبینێتو بەگاڵتەوە پێی دەڵێت: قـژی دایـکـتو چـاوی باوکتم بۆخۆم بـــردووە، منداڵەکەش سەیرێکی پێیەکانی کابرا دەکاتو دەڵێت: نەعلی براکەشم!، بە رای مـن، ئـەمـجـارەش کـورد، وای لێهاتووەتەوە.

# لەنێوان پۆستی سەرۆک کۆمارو دەستپێشخەرییەکەی بارزانیو تەقەی خۆشیدا!



ئازاد چالاک

رۆژی پێنجشەممەی رابردوو رێکەوتی ٢٠١٠/١١/١١ کوتلە سیاسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پاش هاتووچوونو ژانێکی زۆری درێـژخـایـەن، گەیشتنە رێککەوتنێکی سەرەتایی لەرزۆک کە خۆی لە چەند ئەنجامێکی ئاشکرا بینی، لەوانە:

یـەکـەم: رێککەوتن لەسەر هـەڵـبـژاردنـی سـەرۆکـایـەتـی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە ئەمجارەیان عەرەبی سوننەو لیستی عێراقییە کەسێکی وەک ئوسامە النجیفی، یـان بۆ سەرۆکی ئەو پۆستە دەستنیشانکرد، کە هەر لە سەرەتاوەو لە یەکەم کۆبوونەوەو وتاری ئەو زاتـەدا دەکرێت هێڵە گشتییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ ماوەی داهاتوو مەزەندە بکریت، کە بە چ ئاراستەیەکدا دەگوزرێو ململانێکانی نێوان کوتلە سیاسییەکان روو لە چ هەورازێکی سەخت دەنێت.

شـان بـە شانی نوجەیفی، سەرکردایەتی سیاسیی کورد پێی باش بووە بەڕێز عارف تەیفور، جارێکی تر کاندید بکاتەوە بۆ ئەو پۆستەو بۆ ئەو ململانێ سەختە، بێ ئـەوەی هیچ هەڵسەنگاندنو چاوخشاندنەوەیەک بە کاری رابـــــردووی سـەرۆکـایـەتـی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بکاتو قورسییو هەستیاریی ئەم خولە نوێیەی پەرلەمان رەچاو بکاتو کـاری لەسەر بکات، بە تایبەتیش کە جێگری یەکەمی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە لیستی رەوتی سەدرەو لە دۆستو هاوپەیمانە دێرینەکانی یەکێتیو پارتی نییە لەناو شیعەدا (ئەنجومەنی ئیسلامیی باڵاو حیزبی دەعوە).

پرسیارەکە لـێـرەدا ئەوەیە، ئایا ئەم سەرۆکایەتییە نوێیەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ کـورد چەند گرنگو سوودمەند دەبێو کورد حەقی خۆیەتی تەقەی خۆشیی بۆ بکات؟

دووەم: سەرۆکایەتی کۆماری ئەمجارە بەپێی دەستوورو بەپێی قسەکانی بەڕێز تاڵەبانی لە دوایین کۆبوونەوەی کە نوێنەرانی لیستی گـۆڕان لەگەڵ نوێنەری لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان تیایدا ئامادەبوون دووجار بەڕێز تاڵەبانی بە ئامادەبووانی راگەیاند: کە سەرۆک کۆمار ئەمجارەیان مافی ڤیتۆی نامێنێت، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە بەڕێز سەرۆکی هەرێم چەندین جار لە لێدوانەکانیدا ئەوەی دووبارە کردووەتەوە، کە ئێمە سـوور نەدەبووین لەسەر پۆستی سەرۆک کۆمار گەر **طارق الهاشمی**، ئەو قسەیەی نەکردایەو ئەو پۆستەی تەنیا بە باڵای عەرەبە شۆڤێنییەکانی نەبینیایە، واتە لەبەر ئەوەی عەرەبە شۆڤێنییەکان ئەو قسەیەیان کـردووە کورد دەبێ ئەو پۆستە هەر وەربگرێت! بەڵام ئاخۆ ئەو پۆستە چەند سوودی دەبێو چەند کاریگەریی بۆ کورد دەبـێ، ئـەوا ئـەو مەسەلەیە لای ئێمەی کورد ئەوەندە گرنگ نییە. ئایا سەرکردایەتی سیاسیی کورد بە ئۆپۆزسیۆنیشەوە بیریان لە هەموو لایەنەکانی ئەم مەسەلەیە کـردووەتـەوە، یاخود لە پێناو ناکۆکییە لاوەکییە حیزبییەکان، مەسەلە جەوهەرییەکان بەدەستی ئەنقەست ونـکـراوە، هـەروەک پێشینانیش وتوویانە: (عەقڵی کرمانج لە پاشقەدێ) واتە: دوای رووداوەکان بۆمان دەردەکەوێت، کە کارێکی باشە، یـان خراپەو پێشتر پێویستی بە بیرلێکردنەوە نییە، دوور نییە کەسێک هەبێت بڵێت؛ ئاخر هەتا (مجلس الاتحاد) دادەمەزرێ سەرۆکایەتی کۆمار کە ئێستا لە تاڵەبانی **طارق الهاشمی**و **عادل عبدالمهدی**، پێکهاتووە مافی ڤیتۆیان هەر دەمێنێت، بەڵام دیسان پرسیارێک دێتە پێش، گەر ئەو هەنگاوە نا دەستوورییە روویدا، ئایا کورد لە خولی پێشوودا چەند جار لەو مافە سوودمەند بووەو تارق هاشمی چەند جار ئەو مافەی بۆ خۆیو پێکهاتەکەی بەکارهێناوە؟

بۆیە دیـسـانـەوە دەپرسین: پۆستی سەرۆک کۆمار ئەوەندە بۆ کورد چارەنووسسازە، کە دڵی پێ خۆشبکەینو تەقەی خۆشیی بۆ بکەین؟!

سێیەم:سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیـــران گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووەو لەگەڵ ئەوەی لایەنە سیاسییە کوردەکان لە ماوەی رابـــردوودا گلەییو گازندەیەکی زۆریـان لە مالیکی هەبوو، بەڵام وا ئەمجارەش رەزامەندیی خۆیان بۆ جارێکیتر کاندیدکردنەوەی مالیکی نیشانداو هەتا ئێستاش جگە لە قبووڵکردنی پێشنیازە نۆزدە خاڵییەکەی کورد بە شێوەیەکی زارەکـیـی، هیچ رێککەوتنێکی مۆرکراو رانەگەیەنراوە، بۆ بە بیر هێنانەوە، دەورەی پێشوو کورد رێککەوتنێکی ئیمزاکراوی لەگەڵ مالیکی مۆر کردبوو، کە ئەگەر کورد لە کابینە وەزارییەکەی بکشێتەوە، ئەوا ئەو حکومەتە دەبێ دەست لەکار بکێشێتەوە، لەگەڵ هەموو ئەو ساردو سڕیو ناکۆکییانەی نێوان بەغداو هەرێم سەرکردایەتی سیاسیی کورد بۆ فشاریش یەک جار ئەو رێکەوتنە مۆرکراوەی بەکارنەهێنا.

جگە لەمانە، بەپێی هەندێک سەرچاوە لەم حکومەتە نوێیەدا چەند پۆستێکی زۆر گرنگی وەک، وەزارەتی دەرەوەی عێراق دراوەتە کەسێکی وەک ساڵح موتڵەگو بەشێک لە وەزارەتەکانی تر بەر ئەو لایەنانە دەکەوێت.

ئـاخـۆ ئـەم ئـاڵـوگـۆڕو گۆڕانکارییانە لـە حکومەتی داهاتووی عێراق بە قازانجی کورد بووە تا ئێمەی کورد شاییو تەقەی خۆشیی بۆ بکەین؟!

چوارەم:سەرەڕای هەمووئەمانە سەرکردەی کوتلە سیاسییەکان بەپێی دەستپێشخەرییەکەی بارزانی چەندین جار کۆبوونەوە بـۆ رازیـکـردنـی عێراقییەو بە ئەنجام گەیاندنو سەرکەوتنی دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێم پۆستێکی گرنگتریان هێنایە کایەوە، کە بەرپرس دەبێ لە دانانی سیاسەتە ستراتیژییو گرنگەکانی عێراقو لیستی عێراقییە داوا دەکات ئـەو پۆستە تەشریفاتی نەبێو دەبێت بەشێک لە سەڵاحیاتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی پێبدرێو سەرۆکی گەورەترین وڵاتیش گەرەنتیو زامنی بێت.

لەدانیشتنی رۆژی پێنجشەممەی ئەنجومەنی نـوێـنـەران لیستی عێراقییە وەک فشار کشایەوەو داوای کرد، کە دەبێ ئەو رێککەوتنە بخرێتە ئەجێندای کارنامەی ئەو دانیشتنەوەو رابگەیەنرێت.

دەرکـەوت کە سەرکردایەتی سیاسیی کوردو هاوپەیمانەکانیان، نـەک هـەر رازیـبـوون بە دابـەشـکـردنو بەخشینی پلەو پۆست، بەڵکو بەوەش رازیبوون کە چەند کەسایەتییەکی دیاری ئەو لیستە لە لێپێچینەوەی یاساییو دەستووریی قوتاریان بکاتو لە مەسەلەی ریشەکێشکردنی بەعسو یاسای لێپرسینەوەو دادپەروەریی عەفویان بکات، لای سەرکردایەتی سیاسیی کورد دوو مەسەلە زۆر گرنگ بووە، یەکێکیان: سەرکەوتنی موبادەرەکەی سەرۆکی هەرێمو ئـەوی تریشیان: بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆک کۆمار بووە.

گەر بەراوردێکی ورد لەنێوان زەرەرو دەستکەوتەکانی کورددا بکرێت، دەکرێ دڵی خۆمان بەم دوو هۆکارە خۆش بکەینو بێ ئـەوەی گـوێ بدەینە زەرەرو زیانەکانی کورد لە بەغدا تەقەی خۆشیشی بکەینە سەربار؟


پێنجەم: دەنگدان بە تاڵەبانی مشتومڕێکی زۆری لێکەوتەوە هەندێک پێیانوابوو؛ کە گرنگ نییە گـۆڕان لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان کشاوەتەوەو گرنگیش نییە چ دەستکەوتێکی لەو هەڵوێستەی دەبێت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە نابێ کورد لەگەڵ عەرەبە شۆڤێنییەکان هـاو هەڵوێست بێتو دەبێت ئاستی هوشیاریی زۆربەی هاوڵاتییان لێکبداتەوەو گۆڕان دەبێ بەردەوام هەڵوێستە نیشتمانییو نـەتـەوەیـیـەکـان لەبەرچاو بگرێتو هەڵسوکەوتی لە سـەرووی ناکۆکییە حیزبییو شەخسییەکانەوە بێت، جگە لەوەش دامەزراندنی حکومەتو پەرلەمان لە بەغدا چەند بەزوویی پێکبێنێت، چەند ئەوەندە لەقازانجی کوردو ئۆپۆزسیۆنو دیموکراسییە لە هەرێمو عێراق.

هەندێکی تریش پێیانوایە؛ کە فراکسیۆنی گـۆڕان باشی کرد کە لەو دانیشتنە نەچووە دەرێو نیصابی قانوونی دانیشتنەکەی تێک نەدا، بەڵام دەبوو بەڵێنەکانی بهێنایەتەدیو ئەگەر هەڵوێستێکی لەو شێوەیەش بنوێنێ دەبووایە راشـکـاوانـە بـۆ هاوڵاتییانی روونبکردایەوەو هیچ لێڵییەکی نەهێشتایە، دەبـوو فراکسیۆنی گۆڕان شیکردنەوەیەکی قازانجو زەرەری کـوردی لەم ئاڵوگۆڕە سیاسییانەی ئـەم دوایـیـەی بۆ هاوڵاتییان رابگەیاندایەو بۆچوونی تایبەتی خۆشی بەرامبەر پۆستی سـەرۆک کۆمار ئاشکرا بکردایە!.

> دەبوایە فراکسیۆنی گۆڕان شیکردنەوەیەکی قازانج و زەرەری کوردی لەم ئاڵوگۆڕە سیاسییانەی ئەم دواییەی بۆ هاوڵاتییان رابگەیاندایە

# مافی نەخۆش، ئەوەی نەخۆشەكان پێی ئاشنا نین

د.محەمەد ئەمین عەلی عومەر*



ماوەیەكە لە زۆربەی هەرە زۆری سایتو رۆژنامەكان وەك دڵسۆزییەك بۆ كۆمەڵانی خەڵك باس باسی گرفتە تە ند ر و ستییە كا نی كوردستانە لە روانگەی بیرو بۆچوونی كەسانی خاوەن پیشە جیاوازەكانو رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی، هەریەك بە بۆچوونی خۆی بێ ئەوەی لایەنی زانستیی تەندروستیو بیرو بۆچوونی شارەزایانو خاوەن پیشەی پزیشكی بە هەند وەربگیرێت، بەڵێ، لەگەڵ ئەوەی ئەمە بە كارێكی ئاسایی دەزانم، بەڵام وەك پزیشكێك كە لە كەرتی تەندروستی كاردەكەم كۆی ئەم جۆرە بۆچوونانە بە بۆچوونێكی راستو دروست نازانمو بڕواناكەم خزمەت بە پێشخستنی باری تەندروستیو پزیشكی كوردستان بكات، چونكە بابەتە تەندروستیو پزیشكیەكان بابەتی زانستین یاساو رێساكانیان یاساو رێسای نێودەوڵەتین تا ئەم ساتەش لە كوردستان وەك هەموو وڵاتانی دنیا كار بەم بەرنامەیە كراوە، بەڵام كێشەكە بە پلەی یەكەم كێشەی سیستمە، ئێمە ناتوانین بە ئارەزووی خۆمان رەوشتی پیشەیی كارەكەمان بگۆڕین، لەبەر ئەوەی كاری پزیشكی كارێكی پیشەییەو پیشەكەش ناسراوە بە پیشەی پزیشكی، یەكێكە لە هەرە پیشە هەستیارو ئاڵۆزەكان كە پێویستی بە بنەمایەكی زانستییو كارامەییە لە چوارچێوەی یاساو رێسایەكی تایبەت بە رەچاوكردنی پیرۆزیی مرۆڤو مافەكانی، كە بە شێوەیەكی راستەوخۆ كار لەسەر باری فیزیكییو دەروونیی ئادەمیزاد دەكات.

لەگەڵ ئەوەی تائێستا لە كوردستان یاسایەكی تایبەت بە مافی نەخۆش نییە، بەڵام ئەگەر نەڵێم هەموو پزیشكان بەڵكو هەرە زۆری پزیشكان لە مافی نەخۆش شارەزاو ئاگادارنو كاریشی پێدەكەن، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگە نەخۆش مافەكانی خۆی بزانێت ... بە تایبەتی دوای ئەوەی چەند بابەتێكم بینی لە رۆژنامەو سایتەكان لەسەر مافی نەخۆش سەرەڕای ئەوەی بابەتەكەیان نەپێكابوو، تێكەڵاویی پێوە دیاربوو، بۆیە دەمەوێت بە شێوەیەكی زانستیی باسی ئەم بابەتە بكەم بۆ ئەوەی نەخۆش شارەزای مافەكانی خۆی بێتو بزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ دەستە پزیشكییەكە دەكات.

كە باس دێتە سەر باسی مافی نەخۆش زۆربەمان ئەگەر نەڵێین هەموومان هزرو فیكرمان دەڕوات بەلای هەڵەی پزیشكی، یان باری خراپی خزمەتگوزاریی تەندروستیو پزیشكی گشتیی وڵات لە هەردوو سێكتەری تەندروستی گشتییو تایبەت، كە ئەمە خۆی لەخۆیدا هەڵەیەكی گەورەیەو تێكەڵاوكردنی بابەتەكانە بە شێوەیەكی نێگەتیڤانە، گرنگە نەخۆش مافەكانی خۆی بزانێت لە بەڕێوەچوونی كارە پزیشكیەكانو سەردانی بۆ نەخۆشخانەو دەزگاو دامەزراوە تەندروستییەكان لەپێناو كەمكردنەوەی كێشەو لە یەك تێنەگەیشتنەكانی نێوان خۆیو دەستە پزیشكییەكەی لێپرسراوە بەرامبەر خزمەتگوزارییە پزیشكییەكانی.

هەر لە كۆنەوە ئادەمیزاد هەوڵی داوە بە دانانی یاساو رێسای جۆراوجۆر بۆ پارێزگاریكردن لە مافی نەخۆش بە دانانی سزا بەرامبەر ئەو كەسانەی كاری پزیشكییان كردووە بۆ پاراستنی مافی نەخۆشو پیشەكەش، كە هەندێكجار بە زیانی پیشەكە گەڕاوەتەوە، تا ئەو رادەیەی زۆرجاری وا هەبووە لە كاتە مێژووییە جیاوازەكاندا كاری نێگەتیڤانەی كردووەتە سەر پێشكەوتنی زانستی پزیشكیو پیشەكەش، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پیشەكە بە درێژایی مێژوو كاریگەریی هەبووە لەسەر ژیانو پیرۆزییو مانەوەی ئادەمیزاد لەسەر گۆی زەوی، بۆ نموونە یاسای حامورابی كە كۆنترین یاسای نووسراوی ئادەمیزادە، كە لە ساڵی (١٧٩٠) پێش زاین لە لایەن حامورابی شەشەمین پادشای بابلیەكانەوە نووسراوەتەوە، لە دەقی یاسای ژمارە (٢١٨)دا، دەڵێت: ئەگەر نەشتەرگەریی ((ئەو كەسەی نەشتەرگەریی دەكات)) برینێكی قووڵی كرد لە گیانی پیاوێكی ئازاد دا بە چەقۆیەكو بووە هۆی مردنی، یان جۆگەلەی گریانی چاوی پیاوێكی كردەوەو بووە هۆی تێكچوونی چاویو بینینیی، ئەوە دەستی دەبڕدرێتەوە (واتە، دەستی نەشتەرگەرەكە)، لە یاسای ژمارە (٢١٩)دا، دەڵێ: ئەگەر نەشتەرگەرێ برینێكی قووڵی كرد لە گیانی پیاوێكی كۆیلەی لادێی بە چەقۆیەكو بووە هۆی مردنی، دەبێت كۆیلەیەك لە جیاتی ببژێرێت، بە درێژایی مێژوو ئادەمیزاد لە هەوڵدا هەبووە بۆ پاراستنی مافی نەخۆشو رێكخستنی كاری پزیشكی لە دەستوورەكەی ئۆرنمۆ، حامورابی، تا ئایینە ئاسمانیەكانو یۆنانیەكان، ئەوەش لە رێگەی دانانی سزا بۆ ئەو كەسانەی پابەند نەبوون بە رەوشتی پیشەكەوە، تا پێداچوونەوەكانی كۆمەڵەی نەخۆشخانەكانی ئەمەریكا لە ساڵی (١٩٩٢)ی زایینی.

بە شێوەیەكی تایبەت گرنگیی پێدانی مافی نەخۆش لە جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤی ساڵی (١٩٤٨) دەستی پێكرد، كە لە بەشی (٢٥) دا دەقو ناوەڕۆكەكەی باس لە پێویستی بنەڕەتی ئادەمیزاد دەكات بە خزمەتگوزاریی تەندروستیو پزیشكی گونجاو، یەكێك لە مافە گشتییەكانی مرۆڤ لە (جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ)دا، دابینكردنی خزمەتگوزاریی تەندروستیو پزیشكییە بە شێوەیەكی یەكسان بەبێ جیاوازیی رەگەزو ئایینو بۆچوون.

لە بەیاننامەی ((كۆمەڵەی نەخۆشخانەكانی ئەمریكا)) بۆ مافی نەخۆش لە ساڵی (١٩٧٣)وە پێداچوونەوەكانی ساڵی (١٩٩٢) كە دووانزە (١٢) بەندی مافی نەخۆشی لەخۆ گرتبوو، بەندە سەرەكییەكانی كرایە سەرچاوەیەكی بنچینەیی بۆ زۆربەی هەرە زۆری دەزگاو دامەزراوە تەندروستیو پزیشكییەكانی ئەمریكاو ئەوروپاو جیهانیش، ئەم بەڵگەنامەیە بووە سەرەتایەك بۆ بیركردنەوە بە دانانی بەڵگەی پێویست بۆ ناچاركردنو بەستنەوەی بە یاسایەكی تایبەت بە مافی مرۆڤی نەخۆش، ئەمەش وایكرد نەخۆش بتوانێت داوای مافەكانی خۆی بكات لە دادگاكان كاتێك مافەكانی پێشێل دەكرێت.

لە دەقی بەیاننامەكەی كۆمیتەی جیهانی پەرستاران ساڵی (١٩٨٣) باس لە گرنگیی رۆڵی پەرستاران دەكات لە پاراستنی مافی مرۆڤی نەخۆش لە كاتی شەڕو گرتنو زیندانییو كارەساتی سروشتیو ناسروشتی، یەكێك لە كارە گرنگەكانی پەرستاران؛ پاراستنی گیانو مافی نەخۆشە لەم بارودۆخانەدا، بەهەمان شێوە كۆمیتەی جیهانی تەندروستی دەروونیی بەیاننامەیەكی بۆ مافی نەخۆشی دەروونیی دەركرد لە ساڵی (١٩٨٩)، دوا بەدوای ئەمەش نەتەوەیەكگرتووەكان بەیاننامەیەكی دەركرد بەو نەخۆشانەی خاوەن پێداویستی تایبەتن لەگەڵ ئەوانەی تووشی نەخۆشی هزری (عەقڵی) بوون لە ساڵی (١٩٩١) بۆ پاراستنی (كەرامەتی) شكۆمەندیی مرۆڤو مافی مامەڵەكردنی بە رێزەوە لەگەڵ دابینكردنی باشترین ئاستی تەندروستی بۆی.

پابەندبوونی نەخۆشخانەو دەزگا تەندروستییەكان بە دەقی مافەكانی نەخۆش یەكێكە لە پێداویستییەكانی پێشخستنی خزمەتگوزاریی تەندروستیو پزیشكی بۆ دابینكردنی دادپەروەریی كۆمەڵایەتی، بۆیە پێویستە نەخۆش مافەكانی خۆی بزانێت بۆ ئەوەی بتوانێت داوای بكات بە شێوەیەكی زانستییو دروستو تێكەڵی نەكات لەگەڵ هەڵەی پزیشكیو بابەتە جیاوازەكانی تەندروستیو پزیشكی.

بۆ ئەوەی بتوانم بەشێوەیەكی روونو ساكار مافەكانی نەخۆش بۆ هاوڵاتییان باس بكەم وەك لە بەیاننامەكانی مافی نەخۆشدا هاتووە، بەم شێوەیەی خوارەوە جیاكارییو خاڵبەندم كردووە، ئاواتەخوازم سوودی هەبێت، هەرچەندە تائێسا لە عێراق بەشێوەیەكی تێرو تەسەل باس لەم بابەتە نەكراوە، بەڵام ئەوەندەی من ئاگاداربم هەندێك لە ئەندام پەرلەمانەكانی كوردستان لەگەڵ پزیشكێكی پسپۆڕی بەڕێز لە دانانی پرۆژەیاسایەكن بە مافی نەخۆش كە لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆی كۆمەڵگەكەمان بگونجێت.

١- مافی یەكسانیی: لە هەرە مافە گرنگەكانی نەخۆش مافی یەكسانییە لە دابینكردنی خزمەتگوزاریی تەندروستیو پزیشكی، هەموو نەخۆشێك بۆی هەیە خزمەتگوزاریی تەندروستیو چارەسەری پزیشكی وەربگرێت لەو شوێنەی دەیەوێت بە هەماهەنگیی لەگەڵ پزیشكی چارەسەرەكەیدا بە رێككەوتن بەبێ جیاوازیی ئایینو رەگەزو بۆچوونو نەتەوە.

٢- مافی رێزگرتنی شكۆمەندیی (كەرامەت)ی نەخۆش: نەخۆش بۆی هەیە خزمەتگوزارییو چارەسەری پزیشكی وەربگرێت لە هەر كاتێكدا پێویست بكات، بە مەرجێك دان بە شكۆمەندیی كەسایەتی ئەو نەخۆشەدا بنرێتو رێزی لێبگیردرێت وەك مرۆڤ، واتە: نابێت شكۆمەندیی نەخۆش بڕووشێنرێت لەژێر هیچ پاساوێكدا.

٣- مافی پاراستنی نهێنییو تایبەتمەندێتی كەسایەتی نەخۆش لەم بارانەدا:

ا- نەخۆش بۆی هەیە قسەكردن، یان بینینی هەر كەسێك رەتبكاتەوە لە نەخۆشخانەو دەزگا تەندروستییەكان، كە پەیوەندیی بە تیمی چارەسەرەكەیەوە نەبێت.

ب- نەخۆش بۆی هەیە جلو بەرگی تایبەتی خۆی هەڵبژێرێتو لەبەری بكات بە مەرجێك لەگەڵ یاسای تایبەتی ئەو دەزگا تەندروستیو نەخۆشخانەیەو جۆرو شێوازی چارەسەركردنەیدا بگونجێتو بەر یەك نەكەون، واتە دژی یەك نەبن.

ج- نەخۆش بۆی هەیە لە شوێنێكدا بپشكێنرێت كە تایبەتمەندیی كەسایەتیو ئەندامەكانی لەشی پارێزراو بێت، واتە: دەبێت لە شوێنێكی تایبەت بێتو هیچ شوێنێكی لەلایەن كەسەوە نەبینرێت، تەنانەت دەبێت لە نەخۆشخانە فێركارییەكانیشدا مافی ئەوەی پێبدرێت.

د- نەخۆش دەبێت كاتی گفتوگۆو وتووێژ دەربارەی نەخۆشییەكەی بە تەنیا بێت، بۆ پاراستنی نهێنیی نەخۆشییەكەی لە هەمان كاتدا بۆی هەیە كەسی باوەڕپێكراو دیاری بكات بۆ ئەم مەبەستە، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا وا باوە كە كەسوكاری نەخۆشەكە، راستییەكان بزانن پێش نەخۆشەكە، زۆرجاریش نەخۆشەكە ئاگای لە جۆری نەخۆشییەكەی نییە، بە تایبەتی ئەگەر نەخۆشی خراپی هەبێت، هەرچەندە ئەم جۆرە مامەڵەیە دژی مافی نەخۆشەو هەندێجاریش كێشەی كۆمەڵایەتی لێدەكەوێتەوەو مافی نەخۆشەكە دەخورێت، بەڵام ئەمە نەریتی كۆمەڵگەی ئێمەیە، بۆیە شارەزایانی بواری پزیشكی پێیان باشترە پزیشكەكە سەرپشك بێت لە دركاندنی راستییەكان بە شێوازێك لەگەڵ باری دەروونییو فیزیكییو زانستی نەخۆشەكەدا بگونجێتو بە رەچاوكردنی باری كۆمەڵایەتی.

ە- بێجگە لە نەخۆشو ئەندامانی دەستە پزیشكییەكە كەس بۆی نییە چاوبخشێنێت بە تەبەڵەو ئازمایشەكانی نەخۆشدا بەبێ رەزامەندیی نەخۆشەكە.

و- دەبێ دۆسییەی نەخۆش ((كە هەموو زانیارییەكی تێدایە دەربارەی نەخۆشو نەخۆشییەكەیو ئازمایشەكانی لەگەڵ نهێنییە تایبەتییەكانی)) بە نهێنیی بمێنێتەوە، لەگەڵ تێچوونی ئەو برە پارەیە، بەبێ رەزامەندیی نەخۆشەكە كەسی تر بۆی نییە سەیری بكات.

٤- مافی گۆڕینی شوێنی چارەسەركردن: نەخۆش بۆی هەیە شوێنی چارەسەركردنی بگۆڕێت لە دەزگایەكی تەندروستی، یان نەخۆشخانەیەك بۆ نەخۆشخانەیەكی تر، بە مەرجێك لەگەڵ چۆنێتی چارەسەرە پزیشكییەكەدا بگونجێت، واتە ئەو جۆرە پسپۆڕییەو چارەسەركردنە لە شوێنی دووەمدا هەبێت، بە كوالێتییەكی باش.

٥- مافی پاراستنی گیانی كەسایەتی نەخۆش:

پێویستە شوێنو ئاو و هەواو ژینگەی نەخۆشخانەكە ئارامو گونجاو بێتو هەموو جۆرە خزمەتگوزارییەكانو پێداویستییەكانی ژیانی تێدابێت بە مەرجێك زیانی فیزیكییو دەروونیی بە گیانی كەسایەتی نەخۆشەكە نەگەیەنێت، واتە دەبێت گونجاو بێت لە رووی ئاسایشو ئاو و كارەباو بوونی هەموو پێداویستییەكانی ژیان بۆ پاراستنی تایبەتمەندیی نەخۆشەكە.



٦- مافی زانینی باری كەسێتی دەستە پزیشكییەكە:

نەخۆش بۆی هەیە بزانێت كێ سەرپەرشتی خزمەتگوزارییە تەندروستیو پزیشكییەكانی دەكات لە پزیشكەوە تا كارمەندانی تەندروستیو ناتەندروستەكەش لە سەرەتای چارەسەركردن تا كۆتایی، بۆی هەیە داوای زانیاریی تەواو بكات لەسەر بڕوانامەی پزیشكو دەستە پزیشكییەكەیو ئەزموونی كاری پزیشكییان لەگەڵ زانیاریی دەربارەی ئەو دەزگا تەندروستییەی تێیدا چارەسەر دەكرێت.

٧- مافی زانینی زانیاریی دەربارەی نەخۆشییەكەی: نەخۆش بۆی هەیە هەموو ئەو زانیارییانە وەربگرێت دەربارەی نەخۆشییەكەیو چۆنێتی چارەسەركردنە جیاوازەكانی، ئاكامە نزیكو دوورەكانی تا ئەگەرەكانی كۆتاییهاتنی نەخۆشییەكەی ئاماژە بەشێوازە جیاجیاكانی چارەسەركردنی، دەبێت بەشێوەیەكی ئاسانو سادە تێبگەیەنرێت، بە مەرجێك لەگەڵ باری دەروونییو تێگەیشتنی زانستیدا بگونجێت باشتر وایە بە زمانی دایكی خۆی قسەی لەگەڵ بكرێت، ئەگەر نەتوانرا ئەوكات بە رەزامەندیی نەخۆشەكە وەرگێڕ بەكاربهێنرێت.

٨- مافی بە یەكگەیشتن لەگەڵ دنیای دەرەوەی نەخۆشخانە: نەخۆش بۆی هەیە كەسوكار، یان هەر كەسێكی تری بوێت ببینێت لە كاتی سەرداندا (كە تایبەتە بەو نەخۆشخانەیە، یان دەزگا تەندروستییەكە) بەهۆی رێگەكانی پەیوەندیكردنەوە لە بیستراوو بینراوو نووسراوەوە.

٩- مافی چارەسەركردنی ئازار: نەخۆش بۆی هەیە داوای چارەسەركردنی ئازار بكات، بە مەرجێك لەگەڵ جۆری نەخۆشییەكەی دژ بە یەك نەبێتو بەر یەك نەكەون، واتە دەبێت پابەند بێت بە رێنمایی پزیشكو ئەو دەستە پزیشكییەی كە چارەسەری دەكات.

١٠- مافی رازیبوونو پەسەندكردنی جۆری چارەسەركردن: نەخۆش بۆی هەیە رەزامەندیی خۆی پیشان بدات بەرامبەر جۆری چارەسەركردنو شێوازەكانی تر ئەگەر هەبێت، لە كاتی بێهۆشبوون، یان ناتەندروستی باری دەروونییو عەقڵی نەخۆش، یان كەمیی تەمەن، كەسە نزیكەكانی بەو كارە هەڵدەستنو لەكاتی نەبوونی كەسی نزیك لیژنەیەكی پزیشكی بەو كارە هەڵدەستێت.

١١- مافی رەتكردنەوەی چارەسەری پزیشكی:

أ- نەخۆش بۆی هەیە چۆنێتی چارەسەركردنەكەی رەتبكاتەوە، ئەگەر یاسا رێی پێبدات، واتە كاتێك باری دەروونییو عەقڵیی نەخۆش ناتەندروست نەبێتو لە تەمەنێكدا بێت بتوانێت بڕیار بدات.


ب- نەخۆش بۆی هەیە چۆنێتی چارەسەركردنەكەی رەتبكاتەوە، ئەگەر ئەو جۆرە چارەسەركردنە بە مەبەستی توێژینەوە بێت، یان ئەگەر رێگەچارەسەری زانستی تر هەبێت، نەخۆش سەرپشكە لە هەڵبژاردنی جۆرو شێوازی چارەسەركردنەكەی بە مەرجێك پزیشكی چارەسەر، یان تیمە پزیشكییەكە وردەكاریی نەخۆشییەكەیو جۆری چارەسەركردنەكەی بۆ روون بكاتەوە بە شێوەیەكی ئاسان كە لەگەڵ باری زانستیی نەخۆشەكەدا بگونجێت.

١٢- مافی داوای یارمەتی پزیشكی: نەخۆش بۆی هەیە داوای راوبۆچوونی دووەم بكات بۆ گەیشتن بە دۆزینەوەی جۆری نەخۆشییەكەیو چارەسەركردنی لەسەر خەرجی خۆی ئەگەر ویستی، هەرچەندە وەك لە رەوشتی پزیشكیدا هاتووە، زۆر جار پزیشك داوای راو بۆچوونی هاوپیشەكانی دەكات بۆ گەیشتن بە بڕیاری دروست دەربارەی چارەسەركردنی نەخۆشەكەی، ئەمەش بە شێوەیەكی دیارو فراوان لەنێو پزیشكاندا هەیەو باوە.

١٣- تێچوونی كاری پزیشكی: پێش ئەوەی كارە پزیشكییەكەی بۆ ئەنجام بدرێت دەبێت هەموو وردەكاریی تێچوونی نەخۆشییەكەی بۆ باس بكرێت لە هەموو روویەكەوە لە سێكتەری گشتیی یان تایبەت، لەگەڵ چوونە دەرەوەی لیستێك بە تێچوونی كارە پزیشكییەكەی بە وردەكارییەوە بدرێتێ.

* پزیشكی نەشتەرگەر

# به‌راوردێک له‌نێوان...
# یاسای پارێزگاكانی ناوه‌وه‌و ده‌ره‌وه‌ی هه‌رێم



پشتیوان ئه‌حمه‌د
ئه‌ندامی پێشووی په‌رله‌مانی عێراق

یاسای پارێزگاكانی ده‌ره‌وه‌ی هه‌رێم: ژ: ٢١ سالّی (٢٠٠٨) ... چه‌ندین ده‌سه‌لاّتی بۆ پارێزگاكانی ده‌ره‌وه‌ی هه‌رێم فه‌راهه‌م كردووه.. بۆ نموونه له ماده‌ی (٢)دا هاتووه: ئه‌نجومه‌نی پارێزگا بالاّترین ده‌سه‌لاّتی یاسادانان‌و چاودێرییه له سنووری پارێزگادا، بۆی هه‌یه یاساو بڕیاری یاسایی له سنووری پارێزگادا ده‌ربكات، به مه‌رجێک له‌گه‌ڵ ده‌ستووری فیدراڵیی‌و یاسا فیدراڵییه‌كان ناكۆک‌و ناساز نه‌بێت، به هه‌مان شێوه له ماده‌ی (٧) كۆمه‌ڵێک ئه‌رک‌و ده‌سه‌لاّتی بۆ دیاریكراوه، له‌وانه: خاڵی حه‌ڤده‌یه‌م له هه‌مان ماده كه تیایدا هاتووه: جێبه‌جێكردنی هه‌ندێک ده‌سه‌لاّتی دیكه،كه‌ده‌ستوورو یاسا جێبه‌جێكراوه‌كان دیاری كردوون، له ماده‌كانی ده‌ستووری عـێـراق زۆر جـارو لـه زۆر مـــاده‌دا ده‌سه‌لاّته‌كانی پارێزگاكان شانبه‌شانی ده‌سه‌لاّته‌كانی هه‌رێمه‌كانه، وه‌كو ماده‌ی (١١٤) كه ده‌سه‌لاّته هاوبه‌شه‌كان له‌نێوان حكومه‌تی ئیتیحادیی‌و هه‌رێمه‌كان‌و پارێزگاكانی ده‌ره‌وه‌ی هه‌رێم دیاریی ده‌كـات، به هه‌مان شێوه ماده‌ی (١١٥) هه‌مدیس ئاماژه به ده‌سه‌لاّته به‌جێماوه‌كان ده‌كات ((الاختصاصات المتبقیه))، كه مافی هه‌رێمه‌كان‌و پارێزگاكانی ده‌ره‌وه‌ی هه‌رێمه، له كاتێكدا ماده‌ی ((١٠٥)) باس له پێكهێنانی ده‌زگایه‌ک ده‌كات، كه ده‌بێ به به‌شداریی نوێنه‌ره‌كانی هه‌رێمه‌كان‌و پارێزگاكانی ده‌ره‌وه‌ی هه‌رێم بێت.

ئه‌ركی ئـه‌و ده‌زگـایـه گرتنه‌به‌ری ریـوشـوێـنـی دادپـــه‌روه‌رانـــه‌یـــه له ناردنه‌ده‌ره‌وه‌ی خوێندكارانی هه‌رێمه‌كان‌و پارێزگاكانی ده‌ره‌وه‌ی هه‌رێم.

ماده‌ی (( ١٠٦)) باس له دروستكردنی ده‌زگـایـه‌ک ده‌كـات، كه ده‌بێت تیایدا نوێنه‌رانی هه‌رێمه‌كان‌و پارێزگاكانی ده‌ره‌وه‌ی هه‌رێم به‌شداربن، ئه‌ركی ئـــه‌م ئـۆرگـانـه سه‌رپه‌رشتیكردن‌و چاودێریكردنی چۆنیه‌تی دابه‌شكردنی داهاته له‌نێوان هه‌رێمه‌كان‌و پارێزگاكانی ده‌ره‌وه‌ی هه‌رێم.

سه‌باره‌ت به ماده‌ی ((١١٢))، كه له دوو خاڵ پێكهاتووه په‌یوه‌سته به ده‌رهێنانی نه‌وت‌و داڕشتنی سیاسه‌ت‌و ستراتیژیی نه‌وتیی ... هه‌مدیس هه‌رێمه‌كان‌و پارێزگا به‌رهه‌مهێنه‌كان له تای یه‌ک ته‌رازوون.

بۆیه ده‌كرێت بڵێین؛ ئه‌و ده‌سه‌لاّتانه‌ی ده‌ســتــووری عێراق بۆ پارێزگاكانی ده‌ره‌وه‌ی هـــه‌رێـــمـــی دابـیـنـكـردووه هاوشێوه‌ی ئه‌و ده‌سه‌لاّتانه‌یه كه هه‌مان ده‌ستوور بۆ هه‌رێمه‌كان دابینی كردووه، ته‌نیا مـــاده‌ی (١١٧)ی خاڵی یه‌كه‌م نه‌بێت، كه ئاماژه به هه‌رێمی كوردستان ده‌كات، سه‌باره‌ت به یاسای پارێزگاكانی هه‌رێمی كوردستان- عێراق، ئه‌م یاسایه به پشتبه‌ستن به خـــاڵی ((١))ی ماده‌ی ((٥٦))ی یاسای ژمـاره ((١))ی ساڵی (١٩٩٢)ی هــه‌مـواركـراوی په‌رله‌مانی كوردستان- عێراق له دانیشتنی ((١٨)) له به‌رواری ٢٠٠٩/٤/٢٠ ده‌نگی له‌سه‌ر دراوه.

له‌م یاسایه‌دا ئه‌نجومه‌نی پارێزگا ده‌سه‌لاّتی یاسادانانی نییه‌و ته‌نیا ئه‌ركی چاودێریكردنی ده‌زگاكانی ڕاپه‌ڕاندن له سنووری پارێزگا له ئه‌ستۆدایه‌و ئه‌و ده‌سه‌لاّتانه‌ی ده‌ســتــووری عێراق بۆ پارێزگاكانی ده‌ره‌وه‌ی زامن كردووه، پارێزگاكانی ناوه‌وه‌ی هه‌رێم لێی بێبه‌شن.

له ماده‌ی ((٥))ی یاساكه‌دا هاتووه: ئه‌نجومه‌نی پـــارێـــزگـــا ده‌ســـه‌لاّتـــی چاودێریكردنی هه‌یه‌و ئه‌و ده‌سه‌لاّته‌ش له سنووری پارێزگادا ده‌بێت، به مه‌رجێک پێچه‌وانه‌ی ده‌ستوورو یاساكانی هه‌رێم نه‌بێت، دیـــاره مه‌به‌ستی یاساكه له ده‌ستوور ده‌ستووری هه‌رێمه، كه تاكو ئێستا كۆده‌نگیی له‌سه‌ر نییه‌و پرۆژه‌یه‌و ریفراندۆمی له‌سه‌ر نه‌كراوه.

له‌و پرۆژه‌یه‌دا ئاماژه‌یه‌كی كورت به مافی پارێزگاكان دراوه وه‌كـو له ماده‌ی ((١٠٣))ی خاڵی یه‌كه‌م هاتووه: (له به‌ڕێوه‌بردنی یه‌كه كارگێڕییه‌كان پشت به لامه‌ركه‌زیی ده‌به‌سترێت)، ناڵێت: (لامه‌ركه‌زیی فـراوان) وه‌كو ئه‌وه‌ی له یاسای پارێزگاكانی ده‌ره‌وه‌ی هه‌رێم هاتووه.

بۆیه ده‌كرێت بڵێین؛ به‌راوردكردن له‌نێوان ده‌سه‌لاّته‌كانی پارێزگاكانی ده‌ره‌وه‌و نـــاوه‌وه‌ی هــه‌رێــم، وه‌كـو به‌راوردكردنه له‌نێوان ئه‌رزو ئاسمان، به عه‌ره‌بییه‌كه‌ی (**كالمقارنة بين ثرى والثريا**)... ده‌سه‌لاّتی سیاسیی له هه‌رێمی كوردستان، چه‌ند له ئاستی عێراق داوای ماف‌و ئازادیی ده‌كات به قه‌ده‌ر ئه‌وه، ماف‌و ئازادیی‌و پرۆسه‌ی دابه‌شكردنی ده‌ســـه‌لاّت لـــه هــه‌رێــمــی كوردستان به‌رته‌سک ده‌كات، له به‌غدا دژ به سیستمی سه‌رۆكایه‌تین، به بیانووی ئه‌وه‌ی زه‌مینه بۆ هه‌ڵتۆقینی سته‌مكاریی چێده‌كات، كه‌چی دێن له هه‌رێم سیستمی نیمچه سه‌رۆكایه‌تی په‌یڕه‌و ده‌كه‌ن، به واتایه‌كی دیكه: ئه‌و ده‌ستكه‌وتانه‌ی له به‌غدا له بواری دیموكراتی‌و ئازادیی به ده‌ستی ده‌هێنن نالۆجیكیانه له جومگه‌كانی ده‌سه‌لاّت قۆرخ‌و تێكهه‌ڵكێشی ده‌كه‌ن، پارێزگاكانی ده‌ره‌وه‌ی هه‌رێم ئه‌وانه‌ی به‌رهه‌مهێنی سووته‌مه‌نین، جگه له‌وه‌ی له پرۆسه‌ی ئیداره‌دان‌و به‌رهه‌مهێنانی سووته‌مه‌نی به‌شدار ده‌بن، رۆژانه له به‌رمیلێكی نه‌وت یه‌ک دۆلاریان به‌رده‌كه‌وێت، ئه‌م رێژه‌یه ئه‌گه‌ر كۆو دابه‌ش بكه‌ین مانگانه هه‌زاران دۆلار به‌ر ئه‌و پارێزگایانه ده‌كه‌وێت، كه به‌رهه‌مهێنن، ده‌توانرێت چه‌ندین پرۆژه‌ی خزمه‌تگوزاریی‌و چاكسازیی جۆراوجۆری پێ جێبه‌جێ بكرێت، له كاتێكدا لای خۆمان نه ده‌سه‌لاّت له پارێزگاكان‌و نه خه‌ڵكی كوردستان نازانن نه‌وته‌كه‌ی هه‌رێم چۆن ده‌رده‌كرێت‌و چۆن ده‌فرۆشرێت‌و داهاته‌كه‌ی له كاملایه!!!

## چاره‌سه‌ر چییه؟

چاره‌سه‌ری ده‌ستووریی‌و یاسایی ئه‌وه‌یه، پـرۆژه‌ی ده‌ستووری هه‌رێم دووبـاره بگه‌ڕێندرێته‌وه بۆ په‌رله‌مانی كوردستان‌و له نـۆژه‌نـه‌وه تاووتوێ بكرێت‌و كۆده‌نگیی له‌سه‌ر بكرێت.

ده‌بێت له پـرۆژه‌ی ده‌ستووره‌كه ده‌ستكاریی ئه‌و ده‌سه‌لاّتانه بكرێت، كه ده‌ستووری عێراق بۆ هه‌رێمه‌كان به‌گشتیی‌و هه‌رێمی كوردستان به تایبه‌تی فه‌راهه‌می كردووه‌و دابه‌ش بكرێت به‌سه‌ر سێ ته‌وه‌ر:

ته‌وه‌ری یه‌كه‌م: ده‌سه‌لاّته گشتییه‌كانی هه‌رێم.

تـه‌وه‌ری دووه‌م: ئه‌و ده‌سه‌لاّتانه‌ی هاوبه‌شه له‌نێوان ده‌سه‌لاّتی گشتیی له هه‌رێم‌و پارێزگاكانی.

ته‌وه‌ری سێیه‌م:ده‌سه‌لاّته به‌جێماوه‌كان (الاختصاصات المتبقیه)، ئه‌مه‌ش بۆ پارێزگاكانی ده‌ره‌وه‌ی هه‌رێم ده‌مێنێته‌وه، ده‌كرێت ئه‌م بیرۆكه‌یه له لایه‌ن پسپۆڕان‌و یاساناسان لێكۆڵینه‌وه‌ی له‌سه‌ر بكرێت‌و زانستییانه ئه‌و ده‌سه‌لاّتانه‌و مه‌وداكانیان دیاریی‌و جیا بكرێت.

ئه‌گه‌ر ئیراده‌ی خێرو دیمه‌كراتییانه هه‌بێت، ئه‌وا ده‌بینه خاوه‌ن ده‌ستوورێک، كه هه‌ڵقوولاّوی خواستی هه‌موو گه‌لی كوردستان بێت‌و گونجاوبێت له‌گه‌ڵ ده‌رهاویشته‌كانی ئه‌م سه‌رده‌مه، ئه‌وكاته گه‌ل داكۆكیی له جێبه‌جێكردنی ده‌كات‌و له‌به‌ر رۆشنایی ئـه‌و ده‌ســتــووره‌ش ده‌بینه خاوه‌ن چه‌ندین یاسای گرنگ‌و چـــاره‌نـــووســـــاز، لـــه‌وانـــه؛ یاسای پـــارێـــزگـــاكـــان‌و یـــاســـای كۆمسیۆنی سه‌ربه‌خۆی هه‌ڵبژاردن له هه‌رێمی كوردستان.

**سه‌رچاوه‌كان.**

**- ده‌ستووری عێراق**

**- پرۆژه‌ی ده‌ستووری هه‌رێمی كوردستان- عێراق**

**- یاسای پارێزگاكان‌و قه‌زاو ناحیه‌كان _ عێراق**

**- یاسای پارێزگاكانی هه‌رێمی كوردستان_ عێراق**

# یاسای رێكخستنی خۆپیشاندان
# یان یاسای قه‌ده‌غه‌كردنی خۆپیشاندان؟!



جه‌لال دیموكرات

به‌ڕاستی ئه‌گه‌ر به‌وردی‌و به‌قووڵی لـه روانـگـه‌ی دیـمـوكـراسـی‌و مافه دیموكراسی‌و مه‌ده‌نییه‌كانه‌وه ته‌ماشای ئه‌م یاسایه بكه‌ین، زۆر به روونی‌و زۆر به ئاشكرا ئه‌مه‌ی تیا به‌دی ده‌كه‌ین‌و تیا به‌رجه‌سته ده‌كه‌ین، كه ئه‌م یاسایه ده‌لالــه‌ت له هه‌ر شتێک بكات، پێش هه‌موو شتێک ده‌لاله‌ت له قه‌ده‌غه‌كردنی خـۆپـیـشـانـدان ده‌كــــات لــه‌لایــه‌ن هاوڵاتییانه‌وه،بۆداواكردن‌و داكۆكیكردن له‌سه‌ر مافه‌كانی هاوڵاتیبوونیان و مافه مه‌ده‌نی‌و دیموكراتییه‌كانیان، ئه‌م یاسایه پێش ئه‌وه‌ی ئاماژه‌بێت بۆ رێكخستنی خۆپیشاندان، یاسایه‌كه بۆ قه‌ده‌غه‌كردنی خۆپیشاندان!!

به‌پێی هه‌ندێک بڕگه‌و ده‌سته‌واژه كه‌له یاساكه‌دا هاتووه، نموونه‌ی وه‌ک پێشوه‌خت ئاگاداركردنه‌وه‌ی سه‌رۆكی یه‌كه‌ی ئیداری له وڵاتدا، له نموونه‌ی (پارێزگار، قایمقام، به‌ڕێوه‌به‌ری ناحیه)، كه لێره‌دا ئیشكالیه‌تێک هه‌یه‌و دروست ئه‌كات، وه‌كو له‌مپه‌ڕێک یان به‌ربه‌ستێک ده‌بینرێت بۆ خۆپیشاندان، باشه مه‌گه‌ر مافی خۆپیشاندان یه‌كێک نییه له مافه سروشتی و ساكاره‌كانی هاوڵاتییان له رژێمی دیموكراتیدا؟ ئه‌گه‌ر نا، ئه‌وا با ده‌سه‌ڵات له كوردستان بڵێت، نه‌خێر یه‌كێک نییه له مافه سه‌ره‌تاییه‌كانی هاوڵاتییان، تا ئه‌و كات قسه‌یه‌كی تر هه‌یه كه بیكه‌ین. خۆ ئه‌گه‌ر ده‌سه‌ڵات ده‌ڵـێ به‌ڵێ وایــه‌و به‌یه‌كێک له‌مافه سروشتی‌و ره‌واكـانـی هاوڵاتییان ده‌ژمێردرێ، كه‌واته ئیتر بۆچی ئه‌بێ ده‌ســـه‌ڵات له كوردستان (هـه‌رێـم) ئه‌وه‌نده بترسێ‌و سڵ بكاته‌وه له‌م مافه كه له‌لایه‌ن هاوڵاتییه‌كانیه‌وه پیاده بكرێ‌و مومارەسه بكرێ؟!

وه‌كـو مـه‌سـه‌لـه كـوردیـیـه‌كـه‌ی لای خۆمان كه ئـه‌ڵـێ (ئـه‌م ماسته موویه‌كی تیایه) بـه‌ڵـێ هـه‌رواشـه، له‌لایه‌ک ده‌سه‌ڵات له‌ماوه‌ی ئه‌م فه‌تره زه‌مه‌نییه‌ی ده‌سه‌ڵاتی كوردی كه به ئه‌زموونه‌كه‌مان ناسراوه، هه‌رده‌م‌و هه‌موو كات‌و له‌هه‌موو شوێن‌و بۆنه‌كاندا به‌شان‌و باڵی ئه‌زموونه‌كه‌ی‌و ده‌سه‌ڵاتی ئه‌زموونه‌كه هه‌ڵده‌ده‌ن‌و شانازی به‌و مافه دیموكراتییانه‌وه ده‌كه‌ن، كه وه‌ک (هبه) دیاری یان خه‌ڵات پێشكه‌ش به میلله‌ته‌كه‌مان‌و هاوڵاتییانه‌وه كراوه‌و دراوه، بـــه‌ڵام ئـه‌ی بۆچی لـێـره‌دا ده‌ســـه‌ڵات تۆقیوه‌و سڵ ئه‌كاته‌وه كه هاوڵاتییان وه‌ها مافێكیان هه‌بێ و پێ بـدرێ، هه‌ر بۆ ئه‌مه‌ش ته‌وجیهات‌و ئیعاز ده‌دات به په‌رله‌مانتارانی حزبی خۆی كه ده‌نگ به وه‌ها یاسایه‌ک بده‌ن، كه‌له قازانجی ده‌ســـه‌ڵات‌و له‌زیانی جه‌ماوه‌ری كورده له ئه‌زموونه‌كه‌مان‌و هه‌روه‌كو مه‌سه‌له كوردییه‌كه‌ی خۆمان ده‌ڵێ (له‌چاوه ساغه‌كه‌یه‌وه ئه‌یداتێ‌و له‌چاوه كوێره‌كه‌یه‌وه لێی ئه‌سه‌نێته‌وه) ده‌سه‌ڵاتیش به‌ناو له‌ڕێی په‌رله‌مانه حیزبیه‌كه‌یه‌وه گـوایـه یاسایه‌كی پـه‌ســه‌نـدكـردووه‌و تـێـپـه‌ڕانـدووه، به‌حسابی خۆی مافی خۆپیشاندانی داوه به هاوڵاتییان به‌پێی یاسا رێكیخستووه، به‌ڵام له وردكردنه‌وه‌و شیكردنه‌وه‌ی ئه‌و یاسایه‌دا ئه‌و مافه‌ی كۆت‌و به‌ند كردووه له هاوڵاتییان، له زاهیردا پێی داون‌و له‌باتینیدا لێی سه‌ندونه‌ته‌وه.

هه‌ربۆیه ئێستا بۆ چه‌سپاندن‌و یان وه‌رگرتنی بڕیاری كۆتایی ئه‌م پرۆژه یاسایه، مه‌به‌ست (یاسای قه‌ده‌غه‌كردنی خۆپیشاندان) لای سه‌رۆكی هه‌رێمه‌و دوا بڕیارو دوا ئیمزا ئه‌و به‌ڕێزه‌یه، كه تا چه‌نده په‌رۆشه بۆ مافی ئه‌و هاوڵاتییانه‌ی كه له هه‌ڵبژاردنی ٧/٢٥ دا بۆ سه‌رۆكی هه‌رێم ده‌نگییان به‌وداوه كه هه‌رده‌م‌و هه‌موو كات له‌بۆنه سیاسی و كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كاندا شانازی به‌و ده‌نگانه‌وه ئه‌كات‌و ده‌یڵێ‌و ده‌یڵێته‌وه كه من به‌ده‌نگی ٧٠٪ی خه‌ڵک هه‌ڵبژێردراوم، كه‌واته ئێستا مافی ئه‌و ٧٠٪یه‌و مافی ٣٠٪یه‌كه‌ی تریش به‌پێی ئه‌م یاسایه‌و بڕگه‌كانی پێشێلكراوه، یان كۆت‌و به‌ند كراوه، پێویسته لێره‌دا سه‌رۆكی هه‌رێم بێته وه‌ڵام‌و بێته‌ده‌نگ به‌رامبه‌ر به‌م زه‌وتكردنه، مافی هاوڵاتییانه بۆ خۆپیشاندان‌و داواكاریه‌كانی تریان بۆ مافه مه‌ده‌نییه‌كان.

پێویسته سه‌رۆكی هه‌رێم لایه‌نی هاوڵاتییان بگرێ‌و له‌گه‌ڵ مافه‌كانی ئه‌واندا بێت، چونكه لێره‌دا سه‌روه‌رییه‌ک بۆخۆی تۆمار ده‌كات‌و زیاتر ده‌یسه‌لمێنێ كه ئه‌و به‌حه‌ق سه‌رۆكی هه‌رێمه نه‌ک سه‌رۆكی پارتێكی سیاسی له هه‌رێم (كردار شه‌رته نه‌ک گوفتار)، هه‌روه‌كو به‌رپرسێكی باڵای كورد ئه‌م وته‌یه‌ی دووپات ده‌كرده‌وه له‌كاتی بانگه‌شه‌ی هه‌ڵبژاردنی ٣/٧ به‌ڵێ، ئێستا سه‌رۆكی هه‌رێم له‌به‌رده‌م تاقیكردنه‌وه‌یه‌كی گـه‌وره‌و هه‌ستیارو مێژووییدایه، كه ئه‌ویش ئه‌مه‌یه له‌نێوان به‌رژه‌وه‌ندی هاوڵاتییان‌و بــه‌رژه‌وه‌نـدی ته‌سكی حیزبیدا كامیان هه‌ڵده‌بژێرێ؟ گه‌ل یان ده‌سه‌ڵات؟ ئه‌وا خۆی سه‌رپشكه‌و دواجاریش ده‌یبینین.

به ئیمزاكردن یان ئیمزانه‌كردن‌و گه‌ڕانه‌وه‌ی پرۆژه یاساكه بۆ په‌رله‌مانی كوردستان، بۆ جارێكی تر پیاچوونه‌وه‌و هه‌مواركردنی ئه‌و بڕگه‌و ده‌سته‌واژانه‌ی كه وه‌ک رێگرو به‌ربه‌ست دانراون له به‌رامبه‌ر به‌كارهێنانی هاوڵاتییان بۆ ئه‌م مافه‌ڕه‌وایه‌یان... به‌هیوای ئه‌وه‌ین كه سه‌رۆكی هه‌رێم دڵمان خۆش بكات‌و بێته پاڵمان‌و ئه‌ویش رازی بێت به‌یاسای قه‌ده‌غه‌كردنی خۆپیشاندا...!!



له په‌رله‌مانه‌وه

كاردۆ محه‌مه‌د
ئه‌ندامی په‌رله‌مانی كوردستان

# روانگه جیاوازه‌كان بۆ ئه‌ركی وه‌زاره‌تی رۆشنبیریی

له دانیشتنی (١١/١٠)ی په‌رله‌ماندا، گفتوگۆ له‌سه‌ر خستنه‌ڕووی پرۆژه‌یاسای وه‌زاره‌تـی رۆشنبیریی كراو له ده‌قه‌كانی ئه‌رک‌و ئامانجی وه‌زاره‌تدا، به‌هۆی جیاوازیی له‌چه‌ند باس‌و بابه‌تێكی گرنگدا، گفتوگۆكان درێژه‌یان كێشا، به‌تایبه‌ت ئه‌و بۆچوونه‌ی كه پێیوابوو، له‌م دۆخه‌دا ئه‌ركی وه‌زاره‌تـه كه پشتیوانیی گوتاری ره‌خنه‌ی ئازاد بكات‌و به‌ره‌نگاری هه‌ژموونی ئایدیۆلۆژی ره‌سمیی ببێته‌وه، هه‌روه‌ها به‌رپرسیارێتیی یاسایی هه‌بێت له‌به‌رامبه‌ر ئه‌م پرسانه‌دا، له‌وانه (زمانی ستانداردو وه‌رزش‌و ده‌سته‌واژه‌ی جێنده‌ر).

به بڕوای به‌شێک له په‌رله‌مانتاران، به‌رپرسیارێتییه‌كی مێژوویی له‌سه‌رشانی سیاسییه‌كان‌و دامه‌زراوه‌كانه كه له هه‌وڵدابن له زه‌مینه‌سازكردندا بۆ به‌فه‌رمیی ناسینی زمانێكی ستاندارد.

راسته كه هیچ ده‌سه‌ڵاتیک ناتوانێت به‌زۆر زمانێک دابتاشێت، به‌ڵكو پێوسته گه‌شه‌و پێشكه‌وتنی سروشتی دروستی بكات، به‌ڵام ئامانجه‌كه دامه‌زراوه‌كان به‌ده‌ر ناكات له بینینی به‌رپرسیارێتییان، بۆیه ئه‌ركی وه‌زاره‌تی رۆشنبیرییه كه به‌هه‌ماهه‌نگیی له‌گه‌ڵ لایه‌نی په‌یوه‌ندیداردا، رۆڵی خۆی له‌م بواره‌دا ببینێت له ره‌واندنه‌وه‌ی ئه‌و نیگه‌رانییه‌ی, ئه‌مڕۆ له‌بواری په‌روه‌رده‌و نه‌بوونی به فه‌رمیی ناسینی شێوازی كارپێكراوی له هه‌ریمی كوردستاندا هه‌یه‌و به‌هۆكارێكی مه‌ترسیی گه‌وره له‌سه‌ر نه‌وه‌كانی ئه‌مڕۆو ئاینده‌ی بونیادی نه‌ته‌وه‌یی ده‌بینرێت‌و به‌هۆی ده‌نگدانی زۆرینه‌وه، ئه‌م بۆچوونه جێگیر نه‌كراو وه‌لانرا.

له باسی وه‌رزشیشدا، قسه له‌سه‌ر ئه‌و پاشخانه خراپه كرا كه له سایه‌ی سیستمی رژێمی پێشووه‌وه بۆمان به‌جێماوه له مامه‌ڵه‌كردن له‌گه‌ڵ وه‌رزشدا، چونكه وه‌رزشیش دابڕاو نییه له ژیانی دیموكراسی‌و فه‌زای ئازادو پێویسته نه‌ک هه‌ر دووربكه‌وێته‌وه له ده‌ستێوه‌ردانی حیزبیی، به‌ڵكو بۆ حوكمه‌تیش نییه كه ده‌ست بخاته ئه‌م بواره‌وه.

وه‌رزش، ئه‌مڕۆ مـۆرک‌و رووكارێكی نێوده‌وڵه‌تی هه‌یه‌و له فه‌زای ئازادا ده‌ركه‌وتنی تواناو داهێنانه‌كان زیاد ده‌كـات‌و ئه‌م بـواره‌ش ئه‌ستێره‌و سیمبولی خۆی هه‌یه‌و له‌ته‌ک بواره‌كانی تردا هه‌ڵده‌كه‌وێت‌و به به‌شێک له ناسنامه‌ی گه‌لان‌و نه‌ته‌وه‌كان داده‌نرێت‌و به ئه‌ركی وه‌زاره‌ت ده‌زانرا، له كاتی هه‌ماهه‌نگیی له‌گه‌ڵ ناوه‌نده‌كانی وه‌رزشیدا، رێگریی له‌و ده‌ستێوه‌ردانه‌ی كه فه‌زای ئازادیی به‌رته‌سک ده‌كاته‌وه، بكات‌و ئه‌م بیروبۆچوونه‌ش ده‌نگی نه‌هێنا به‌بیانووی ئه‌وه‌ی ئه‌گه‌ر یارمه‌تی حیزب‌و كه‌سه‌كان نه‌بن، وه‌رزش په‌كی ده‌كه‌وێت.

ده‌سته‌واژه‌ی جێنده‌ر، بۆچوون‌و رای جیاجیای وروژاند، كه به‌داخه‌وه زۆرجار كاتێكی زۆری په‌رله‌مان ته‌رخان ده‌بێت بۆ گرفتی زمانه‌وانیی، به‌بێئه‌وه‌ی هیچ كاریگه‌ری هه‌بێت له‌سه‌ر ناوه‌ڕۆكی باسه‌كان‌و له‌م ده‌سته‌واژه‌یه‌دا زۆر به‌پارێزه‌وه، لێدوانی له‌باره‌وه ده‌كرا.

بۆچوونێک كه به‌لامه‌وه جوان‌و راست بوو, ئه‌وه‌بوو، كه وتی: نابێت له‌په‌رله‌مان باسكردنی هیچ بابه‌تێک، یان وشه‌یه‌ک، نه ته‌حریم بكرێت، نه ته‌قدیس بكرێت‌و هه‌موو باسێک پێوسته لێدوانی له‌سه‌ر بكرێت به مانای زمانه‌وانی نا، به‌ڵكو له‌سه‌ر گه‌وهه‌ری ده‌سته‌واژه‌كه. بۆچوونێكیش پێیوابوو، جێنده‌ر به مانای ره‌گه‌زی كۆمه‌ڵایه‌تی دێت، ته‌مه‌شاكردن بۆ ژن، وه‌كو ژن، ره‌گه‌زی كۆمه‌ڵایه‌تی ئه‌و پێگه‌یه‌ی پێده‌به‌خشێت، نه‌ک ئاین یان لایه‌نی بایۆلۆجیبوونی.

له‌كۆمه‌ڵگای ده‌ره‌به‌گایه‌تی‌و كشتوكاڵیدا، ژن به‌پێی قۆناغه‌كه پێگه‌ی لاوازه‌و به نزمیی‌و وه‌ک ره‌عییه‌ت ته‌ماشاده‌كرێت‌و كاتێک قۆناغه‌كان ده‌گۆڕێن‌و له قۆناغی پیشه‌سازیدا ده‌ستی كار پێویست ده‌بێت، پێگه‌ی ژن ده‌گۆڕێت‌و به‌هێز ده‌بێت. ئه‌گه‌ر سه‌یری وێنه‌ی كۆمه‌ڵگا بكه‌ین بۆ ژن له توركیا هه‌روه‌ها له ئه‌فغانستان كه هه‌ردوو وڵات موسڵمانن، دوو وێنه‌ی جیاواز ده‌بینین بۆ ره‌گه‌زی ژن، ئه‌وه ئاین نییه ئه‌و وێنه‌یه ده‌به‌خشێته ژن، به‌ڵكو كۆمه‌ڵگا ئه‌و وێنه‌یه ده‌نه‌خشێنێت‌و له كۆمه‌ڵی كۆچه‌ریشدا، جوامێریی‌و پیاوه‌تی، پێداویستی كۆمه‌ڵگان‌و له رووخساریشدا سته‌می لێده‌كرێت‌و به‌پێچه‌وانه‌وه له كۆمه‌ڵگای سه‌رمایه‌داریدا، وێنه‌ی رووخساری جوان ده‌به‌خشرێته‌وه به ژنان تا ئاستی لاساییكردنه‌وه‌ی ئه‌م رووخساره له‌لایه‌ن پیاوانه‌وه.

به لای ئێمه‌وه، ده‌رفه‌ت ره‌خساندنی یاسایی، بۆ یه‌كسانیی ره‌گه‌زی نێرو مێ، پێوسته‌و ناشبێت ئه‌وه‌نده هه‌ستیاربین له‌به‌رامبه‌ر هه‌ندێک وشه‌و زاراوه‌دا كه به‌رهه‌می پێشكه‌وتن‌و شارستانیه‌تی‌و مرۆڤایه‌تین‌و رۆژانه له‌گه‌ڵ به‌رهه‌می زانست‌و چه‌مكه‌كانی ئه‌و پێشكه‌وتن‌و شارستانییه‌ته ده‌ستوپه‌نجه نه‌رم ده‌كه‌ین.

خاوه‌نی ئیمتیاز: كۆمپانیای وشه
سه‌رنووسه‌ر: ئازاد چالاک
به‌ڕێوه‌به‌ری نووسین: سیروان ره‌شید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com — هیوا جه‌مال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
لێپرسراوی هونه‌ری: شـاخـه‌وان ئه‌نوه‌ر ٠٧٧٠١٣٦١٨٢٦ shakhawan.shdn@gmail.com
كارگێڕی‌و ریكلام‌و ئاگاداری: ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ info. rozhnama@gmail.com riklam. rozhnama@gmail.com
دابه‌شكردن: كۆمپانیای په‌یپه‌ر ٠٧٥٠٤٤٨٣٦٣١ ٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠
ئۆفیسی سه‌ره‌كیی: سلێمانی - زه‌رگه‌ته - گردی زه‌رگه‌ته - كۆمپانیای وشه
ئۆفیسی هه‌ولێر: گه‌ڕه‌كی زانكۆ - چوارڕێیانی حه‌مرین - ته‌نیشت به‌ڕێوه‌به‌رێتی ژینگه ٠٧٥٠١١٧٧٥٢٤

# سەرۆک ئیمزای بکە...!!!



**محەمەد ڕەئوف**

تەواو درک بەو ڕاستییە دەکرێت کە ئەو یاسایەی لەلایەن لیستی زۆرینەی پەرلەمانی کوردستانەوە سەبارەت بە ڕێکخستنی خۆپیشاندان، پەسەندکراوە، زۆرێک لە بڕگەو مادەکانی پێچەوانەی بنەماکانی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی‌و لە قاڵبدانی ئازادیی ڕادەربڕین‌و دیموکراسیین، ئەمە لەلایەن پەرلەمانتارگەلێکەوە ئیمزاکراوە کە سوێندیان خواردووە، پارێزگاریی لە مافەکانی هاوڵاتییان بکەن، بەڵام ئەمڕۆ ئەوان یاسایەک تێدەپەڕێنن کە ناکۆکو دژە بە مافە سەرەتاییەکانی هاوڵاتییان‌و ترسەکە لەوەوەیە کە ئەوان بەردەوام هەڵوێست‌و بڕیارەکانیان پێچەوانەی وەزیفەی خۆیانە، ئەوان لەبری ئەوەی چاودێریی جدیی کارەکانی حکومەت بکەن‌و گوێ لە داواو خواستەکانی هاوڵاتییان بگرن‌و لە دەرگای ماڵی هاوڵاتییان بدەن‌و بزانن داواکاریی‌و گلەییان چییە، بە پێچەوانەوە ڕێگە لە هاوڵاتییانیش دەگرن کە لە ڕێگەی خۆپیشاندانەوە، داواکانیان بگەیەننە پەرلەمان‌و لایەنە پەیوەندیدارەکان، تەنانەت زۆربەیان ئامادەش نین، تا بەردەرگای تەلاری پەرلەمان بێن‌و گوێ لە داواکاریی خۆپیشاندەران بگرن.

لە هەموو دونیادا، پەرلەمانتار لەبەرەی گەلدایەو لەگەڵ داواو خواستەکانی گەلە، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین کە پەرلەمانتاران سنوورەکانی ئازادیی ڕادەربڕین‌و دیموکراسی بەرتەسک دەکەنەوەو ڕوویان لە دەسەڵات‌و پشتیان لە میللەت.

هانابردنی ڕێکخراوەکان‌و ڕۆشنبیران بۆ سەرۆکی هەرێم کە یاساکە ئیمزا نەکات، شەرمەزارییە بۆ ئەو پەرلەمانتارانەی یاساکەیان ئیمزاکردووەو پێویست بوو بە پێچەوانەوە، پەرلەمان هێندە بواری ئازادیی برەخساندایە بۆ خۆپیشاندەر لە یاساکەدا، سەرۆکی هەرێم یاساکەی بگەڕاندایەتەوە، لەبەرئەوەی سنوورەکانی ئازادیی تێپەڕاندووە، ئەگەر تێپەڕاندنی یاسایەک لە پەرلەمان لەپێناو ئەو هەنگاوەدا بێت بۆئەوەی ڕێکخراوەکان‌و ڕۆژنامەنووسان هەروەک لە یاسای ڕۆژنامەگەریدا کرا، داوا لە سەرۆکی هەرێم بکەن بە مەرحەمەتی خۆی‌و دروستکردنی هەیبەتی زیاتر بە سەرۆک، یاساکە پەسەند نەکات‌و بیگەڕێنێتەوە، ئەوە پەرلەمانتاران شەرمەزارییەکی گەورە بۆخۆیان تۆمار دەکەن‌و ناکرێت لەمڕۆدا ڕێکخراوەکان‌و ڕۆژنامەنووسان بەردەوام لەشەڕدا بن لەبەرامبەر سەندنی مافێک کە لە بنەڕەتدا وەزیفەی ئەو پەرلەمانتارانەیە کە دونیایەک مووچەو ئیمتیازات لەپێناو بەرگرییکردن لە مافی هاوڵاتییان وەردەگرن. ئەگەر پەرلەمانتاران خاوەنی ئیرادەی خۆیان بن، چۆن دەست بۆ یاسایەکی لەو شێوەیە بەرز دەکەنەوەو لەوەش نەنگی تر ئەو پەرلەمانتارانەیە کە دەڵێن، بەهۆی وەزعی سیاسی‌و ڕێککەوتنی ستراتیژییەوە دەنگیان بە یاساکە داوە، ئەگەر نا ئەوانیش نارازین لە یاساکە، ئەو بێئیرادەییە پەرلەمانتارانی ئیفلیج کردووە، چۆن یاسایەک تێدەپەڕێنن کە تەنانەت خۆشیان بە دڵیان نەبێت، ئەگەر تەکتیکی پەرلەمانتارانی پارتی بێت بۆ ئەوەی دەستکەوتەکە بدەنە سەرۆکی هەرێم تا ڕێکخراوو ڕۆژنامەنووسان ملکەچ بن لە ئاستیدا، مەترسییەکە زیاترە، چونکە ناکرێت تۆ چاوەڕوانی لە پەرلەمانتارێک بکەیت دەنگی بۆ داوەو نوێنەری تۆیەو دەست بۆ یاسایەک بەرزکاتەوە دژ بە مافی تۆ بێت، یاخود لەسەر مافی تۆ موماتەلەی سیاسی بکات.

ناکرێت ڕێکخراوەکان بەردەوام لە چاوەڕوانی مەرحەمەتی سەرۆکێک بن کە پەرلەمانتارانی حیزبەکەی، زۆر جدیی بوون لە تێپەڕاندنی ئەو یاسایەداو ناشکرێت هەر یاسایەک لە پەرلەمانەمانەوە دەرچێت لە سەرۆک بپاڕێینەوە تا بە مەرحەمەتی خۆی ئیمزای نەکات. ئەگەر سەرۆکی هەرێم یاساکەی گەڕاندەوە، گرەنتی چییە بۆ ئەوەی ئەو پەرلەمانتارانە یاسای لەوە مەترسیدارتر پەسەند نەکەن، گرەنتی چییە کە هەموو جارێک سەرۆکی هەرێم دەیگەڕێنێتەوە، یاخود ئەگەر یاسایەک خۆیان پەسەندی بکەن‌و تێی پەڕێنن کاری پێنەکرێت چی، یاسای ڕۆژنامەگەریی کە سەرۆکی هەرێم گەڕاندییەوە پەرلەمان‌و ئێستا لە جێبەجێکردندایە، لە پێش هەموو کەس حیزبەکەی سەرۆک پابەند نەبوو پێیەوەو دەیان داوای یاسایی تۆمارکردووە لەسەر ڕۆژنامەکان بە پێچەوانەی بڕگەو مادەکانی ئەو یاسایەن.

بۆیە بەردەوام پەنا بردنە بەر سەرۆکی هەرێم‌و پاڕانەوە لێی، جگە لە خۆسەرقاڵکردن‌و ملکەچکردنی زیاتر، شتێکی دیکە نییەو پێویستە ئەو دەنگەی ئەمڕۆ هەیە دژ بە یاسای خۆپیشاندان‌و داواکردن لە سەرۆک بۆ ئەوەی ئیمزای نەکات، بەرامبەر بەو پەرلەمانتارە بێئیرادانەدا بکرێت کە هەر ڕۆژەو ڕۆژنامەنووسان‌و ڕێکخراوەکان بە یاساکەوە سەرقاڵدەکەن کە هەرگیز بە خەیاڵیاندا نایات پەرلەمانتارێک دەست بۆ یاسایەک بەرزبکاتەوە دژ بە مافەکانی هاوڵاتییان بێت. گەڕاندنەوەی یاساکەن یاخود پەسەندکردنی لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە، چ لە مەسەلەکە دەگۆڕێت، یاسایەک کە خۆیان پابەند نەبن پێیەوە، یاسایەک حکومەت‌و هێزەکانی پۆلیس‌و ئاسایش پەیوەست نەبن پێیەوە، چ قیمەتێکی هەیە، ئەو هەموو یاسا پەسەندکراوە هەن‌و لە ڕەفەکاندا تۆزیان لێنیشتووە، حکومەت هەر ئاگای لێیان نییەو با ئەو یاسایەشی بچێتە سەر.

هاوکات، ئیمزاکردنی یاساکە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە، تەواو ڕووی ڕاستەقینەی پەرلەمانتاران دەردەخات لە بەرگرییکردن لە مافەکانی خەڵکو ئەو کات ڕێکخراوو ڕۆژنامەنووسانیش لە دواڕۆژدا منەتباری سەرۆک نابن کە بەرگریی لە ئازادیی‌و ئازادیی ڕادەربڕین کردووە، دواجار ڕێکخراوەکان‌و هاوڵاتییانیش بوێرانەتر دێنە مەیدان بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندان‌و داواکانیان، چونکە هیچ هێزێک ناتوانێت ڕێ لەو ئیرادەیە بگرێت کە مرۆڤ لە ساتی خۆپیشاندانداندا هەیەتی، بۆیە جەنابی سەرۆک، لێت ناپاڕێینەوە، تکایە یاساکە ئیمزا بکە، تا مەیل‌و ئیرادەی دەسەڵات بۆ ئازادیی‌و دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان، جوانتر بخرێتەڕوو، تا ئەزموونی دیموکراسی هەرێمی کوردستانیش، جوانتربێت...!!!!

Mrkurd76@yahoo.com

> **ناکرێت لەمڕۆدا ڕێکخراوەکان‌و ڕۆژنامەنووسان بەردەوام لەشەڕدا بن لەبەرامبەر سەندنی مافێک کە لە بنەڕەتدا وەزیفەی ئەو پەرلەمانتارانەیە کە دونیایەک مووچەو ئیمتیازات لەپێناو بەرگرییکردن لە مافی هاوڵاتییان وەردەگرن**

# براوەو دۆڕاوەکانی ڕێککەوتنەکەی هەولێرو بەغدا



**سوهەیب ئەحمەد کاکەمەحمود**

ڕێککەوتنی لایەنەکان‌و دابەشکردنی پۆستە سیادییەکان بە شێوەیەکی تەوافوقی، هۆکارێک بوو بۆ دەربازبوونی پرۆسەی سیاسیی عێراق کە زیاتر لە (٢٥٠)ڕۆژە پێوەی گرفتارەو تێی کەوتووە، بەڵام ئەو ڕاستییەش تا ئێستا دەبینرێت کە سەرجەم لایەنەکان بە شێوەیەکی حەقیقی‌و یەکجارەکی بەو ڕێککەوتنە ڕازی نین کە لە ئەنجامی کۆبوونەوەکانی شاری هەولێرو بەغدا لە نێوان سەرۆکی سەرجەم لیستەبراوەکانی هەڵبژاردندا ئیمزا کرا، ئەوەش بە ڕوونی لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نوێنەراندا بەدی کرا، بە تایبەت لەکاتی پرۆسەی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران‌و سەرۆک کۆماری عێراق کە ژمارەیەکی بەرچاوی ئەندامانی ئەنجومەن، بە سپی دەنگی خۆیانیان دابوو، هیچ کاندیدێکیان هەڵنەبژاردبوو.

لیستی عێراقییە کە ئەیاد عەلاوی سەرۆکایەتی دەکات، لەو ڕێککەوتن‌و تەوافوقەدا گەورەترین دۆڕاوو شکستی بەرکەوت، چونکە لیستەکەی براوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران بوو کە لە مانگی سێی ئەمساڵدا بەڕێوەچوو، بەپێی دەستووری عێراقی، لیستی براوە مافی خۆیەتی کە حکومەتی نوێ پێکبهێنێت، بەڵام لیستی عێراقییە لە ڕێککەوتنەکەشدا نەیتوانی پۆستە سیادییەکانیش وەک پێویست وەربگرێت‌و بەدەستیان بهێنێت، تەنیا سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران نەبێت کە بە هەموو شێوەیەکو پێش دروستبوونی لیستی عێراقییەش، ئەو پۆستە بۆ عەرەبە سوننەکان دانراوەو مافێکی دەستووریی خۆیان بووە.

بۆیە گەورەترین دۆڕاو ئەم لیستەیەو بە پێی تازەترین لێدوانی ئەیاد عەلاویش کە لەگەڵ (CNN)دا ڕایگەیاندووە، لە هەوڵی ئەوەدایە، بەرەیەکی فراوانی ئۆپۆزسیۆن پێکبهێنێت‌و بەشداریی حکومەتێک نەکات کە ڕێککەوتن‌و دابەشکردنی پۆستەکانی مردووانە بێت.

لەولاشەوە گەورەترین براوەی نێو ڕێککەوتنەکەی هەولێرو بەغدا، نوری مالیکی، سەرۆکی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسایە، کە توانیی بەهێزو توانای خۆی‌و ئیئتیلافەکەی‌و فشارێکی گەورەو گرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەو هەموو ناکۆکییەشی کە نزیکەی دووساڵە لە نێوان ئەو و ڕەوتی سەدری موقتەدا سەدرو ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی عەمار حەکیمدا هەیە، ئەوانیش ڕازی بکات‌و خۆی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کاندید بکاتەوەو وەری بگرێتەوە.

ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانیش کە چوارەمین کوتلەی براوەی عێراقە، کۆمەڵە ئیمتیازاتێکی باشیان دەستکەوت، بە شێوەیەک کە لەگەڵ ئەو هەموو فشارەی ئەمریکاو دەوروبەردا بۆ دەستبەرداربوون لە پۆستی سەرۆک کۆمار، بەڵام توانییان دووبارە ئەو پۆستە بۆ کوردو جەلال تاڵەبانی وەربگرنەوەو سووربوون‌و پێداگیرییان لەسەر ئەو پۆستە وای کرد لە داهاتووشدا بە زەحمەت لایەنەکانی تر بتوانن، پۆستی سەرۆک کۆماری لە کورد وەربگرنەوە، چونکە بووەتە مافێکی دەستووریی‌و یاسایی‌و کورد ڕازی نابێت بدرێتە هیچ کەس‌و لایەنێکی تر.

براوەی یەکەمی کوردەکانیش لەو ڕێککەوتنەدا، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو کە بەهۆی دەستپێشخەرییەکەیەوە، سەرۆکی لایەنە براوەکانی لە هەولێری پایتەخت کۆکردەوەو بەوەش توانیی خۆی وەک کەسایەتییەکی عێراقی‌و وەک سەرۆکێکی کوردی زیاتر بسەپێنێت‌و پێگەی خۆی قایمتر بکات، چونکە توانیی بەو دەستپێشخەریی‌و کۆبوونەوانەوە عێراق لە قەیرانێکی سیاسیی (٨)مانگە ڕزگار بکات‌و حکومەتی داهاتوو پێکبهێنرێت‌و پۆستەکانیش دابەش بکرێن.

بەڵام براوەی گەورەو یەکەمی ئەو ڕێککەوتن‌و دابەشکردنی پۆستانە کە نابێت پشتگوێبخرێت، ئەویش جگە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران، کەسێکی تر نییە، چونکە هەر لە سەرەتاوە جەختی لە بوون بە سەرۆک وەزیرانی نوری مالیکی دەکردەوەو هەموو جۆرە هاوکاریی‌و پشتیوانییەکی لێکردووەو لێشیدەکات، بەوەش هەموو مەرامەکانی هاتنە دی‌و سەلماندیشی کە دوای هەشت ساڵ شەڕو کوشتار لە نێوان سەدام حسێن‌و ئێراندا، دەسەڵاتی لە بەغدا زیاترەو هەرچییەکیش مەبەستی بێت، دەتوانێت ئەنجامی بدات، ئەوەش بە پێچەوانەوە کە ئەمریکا کە لەگەڵ ئەوەی لە ساڵی (٢٠٠٣)وە عێراقی داگیرکردو کوشتنی یەک ملیۆن هاوڵاتیی عێراقیشی لە ئەستۆدایەو جگە لە زەرەرو زیانی سەربازیی هێزەکانی خۆیشی، بەڵام نەیتوانی پلانەکانی خۆی جێبەجێ بکات‌و دەتوانین بڵێین کە سەرکەوتوو نەبوو بە شێوەیەک کە ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەتیش لە ڕاپۆرتێکیدا ئەوەی بڵاوکردبووەوە، کە ئاوابوونی خۆری ئەمریکاو نەمانی دەسەڵاتی لە عێراقدا، بەرەو کاڵبوونەوەو نەمان دەچێت‌و ئەوەش دوای ئەوەی نەیتوانی حکومەتی داهاتووی ئەو وڵاتەو پۆستە سیادییەکان بە دڵی خۆی دابەش بکات.

ئەگەر ئەو ڕێککەوتن‌و تەوافوقە بتوانێت گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی‌و واقیعی لەعێراقدا دروست بکات، ئەوە جێگای ئومێدی هەموولایەک دەبێت، بەڵام پێویستە ئەوەش لە یاد نەکەین‌و دانی پێدابنێین کە تا ئێستاو بە پێی چەندین تەجروبەی پێشووتر، چەندین حەقیقەتی تاڵ لە عێراقدا هەن کە نابێت ئەوەندەش بە ئاسانی چاوەڕێی داهاتوویەکی پرشنگدارو ڕۆشنی لێ بکرێت‌و پێویستە چاوڕوان بین کە لە داهاتوودا چی ڕوودەدات.

# دیموکراسی، بەرهەمی عەقڵی دیموکراتیخوازانە

## لەژێر ڕۆشنایی پەسەندکردنی پرۆژەیاسای خۆپیشاندانداندا...



**پارێزەر: عەبدوڵڵا محەمەد ئەمین**

پەرلەمانی کوردستان، بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان، پرۆژەیاسای خۆپشاندان‌و کۆبوونەوە گشتییەکانی پەسەند کرد. زۆرینە دەتوانێت پرۆژەیاساکان پەسەند بکات، بەڵام ئایا بۆ پەسەندکردنی یاساکان، تەنیا زۆرینەی دەنگی ناو پەرلەمان پێویستە؟ ئایا بنەماکانی دیموکراسی‌و دروشمەکانی هەڵبژاردن، لەو نێوانەدا نرخێکیان هەیە؟ ئەگەر نرخێکیان هەیە، بۆچی شوێنێکیان نییە؟ ئەگەر هێزە سیاسییەکان، ئەوانەی جوڵێنەری پشت دەزگا تەشریعییەکانن، هەڵگری هزری دیموکراسی بن، ئەوا لەکارو ڕەفتاری نوێنەرەکانیاندا ڕەنگدەداتەوە. ئەوەی ئێمە دەیبینین، بێگومان ڕەنگدانەوەی نییەتی هێزە سیاسییەکانە لە ڕەفتاری نوێنەرەکان لەپەرلەمان، بەڵام هەرگیز دیموکراسی نییە، هێزە سیاسییەکان هەر جۆرێک بن، لە ڕۆژێکدا ئاوا وەک ئەوەی کە هەن، دەردەکەون‌و بەپێویستی دەزانم لەبارەی پەسەندکردنی یاسای خۆپشاندانەوە، چەند بەرەنجامێک بەکورتی باس بکەم:

یەکەم: ئەو عەقڵانەی ناتوانن سنووری حیزب ببەزێنن: یەکەم بەرەنجامێک کە لەم کردارەوە دەخوێنرێتەوە، ئەوەیە کە ئەو کەسانەی لەناو پەرلەمانن (مەبەستم لیستی دەسەڵاتە لەگەڵ ڕێزمدا بۆ ئەوانەی دەنگیان بۆ پەسەندکردنی ئەم یاسایە نەدا)، ناتوانن ئەو سنوورە ببەزێنن کە پیاوانی حیزب بۆیان کێشاون، بۆیە دەشێت لە چوارچێوەی ئەو سنوورەدا یاریی جیاوازبکەن، بەڵام هەرگیز دەرناچن لەوسنوورە، بۆیە ئەو جۆرە کەسانە، هەرجۆرێک باس لەخۆیان بکەن، گرنگ نییە، ڕستە تەواوەکە لەئێستادا ئەوەیە کە ئەوان خۆیان‌و بەرهەمیان بریتییە لە جێبەجێکردنی نییەتی پیاوانی حیزب، نەک بەرژەوەندیی میللەت‌و سیستمی دیموکراسی، ئەم بەرەنجامە لەمێژووی حیزبەکاندا، هەمیشە تۆخ دەرکەوتووە، بەڵام ئەم جارەیان هەندێک دەموچاو دەبینرێن لەناو پەرلەماندا کە گوماندەکرا گەورەترین لەوەی لەسنوورەکانی حیزبدا چەق ببەستن.

دووەم: دیکتاتۆریەتی قانوونی: لەسیستمی دیموکراسیدا، حوکمداریی تەنیا بریتی نییە لە دەسەڵاتی زۆرینە، بەڵکو بەشی دووەمی بریتییە لە ڕێزگرتن لەکەمینە، ئەگەر یاسایەک زۆرینەی پەرلەمان دەنگیان بۆ دا، واتە ڕێژەی پێویستی دەنگەکانی بەدەستهێناوە، بەڵام ئەم حاڵەتە تەنیا ڕووە مادییەکەی ڕەوایەتییە، بەڵکو ڕووە مەعنەوییەکەی ڕەوایەتی بریتییە لە گونجانی ئەم یاسایە لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی «هەڵبەت ئەمە ئەگەر ئەو کەس‌و لایەنانە خۆیان بە دیموکراسیخواز بزانن»، هەروەها گونجانی ئەو یاسایە لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ، ئەگەر زۆرینەی پەرلەمان بۆ دروستکردنی یاساگەلێک بخرێتەکار کە دیموکراسی بخنکێنێت، کەواتە زۆرینەیەکی مەترسیدارە، چونکە دروستبوونی دکتاتۆریی، سەرەتا لە دەرچوونی قانوونەکانەوە دەستپێدەکات، لەبەرئەوەی قانوونەکان نییەتی ڕاستەقینەی هێزە سیاسییەکانن، ئەو هێزانەی کە نوێنەرەکانیان دەنێرنە پەرلەمان‌و کاری یاسادانان دەکەن.

سێیەم: پاشەکشەی دیموکراسی: حیزبەکانی دەسەڵات، هەمیشە بانگەشەی دیموکراسی دەکەن‌و پێیانوایە، ئەوان خەباتیان بۆ بەدیهێنانی سیستمێکی دیموکراسی کردووە، هاوڵاتی کورد بەردەوام دەرفەتی داوەتە ئەم هێزانە تا تۆزێک لەدروشمەکانیان بچن، بەڵام ئەوان ڕۆژ بەڕۆژ لەو دروشمانە دووردەکەونەوە، بەجۆرێک کە خەریکە تەواو پێچەوانەوە دەبنەوە.

بۆیە پێویستە ئەم لایەنانە ڕەخنە بکرێن، چونکە هەرکارێکی نادیموکراتی، دواجار هەموو کورد ناشیرین دەکات‌و بەپێچەوانەوە هەر هەوڵێک بۆ نزیکبوونەوە لە دیموکراسی، هەرکەسێک‌و لایەنێک بیکات، تاکی کورد پێی سەربەرزە، بۆیە تکام وایە، سەرۆکی هەرێم ئەم یاسایە واژۆ نەکات‌و ئەم یاسایە بەم جۆرەی ئێستا هەیە تێنەپەڕێنرێت، چونکە دەرچوونی ئەم جۆرە یاسایانە، دوورکەوتنەوەیە لە دیموکراسی‌و هەنگاونانە بۆ دۆگمابوون‌و دروستبوونی دیکتاتۆرییەت.

# ڕای گشتی

پاشکۆیەکی مانگانەیە پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن (KIE)
بەهاوکاری ڕێکخراوی (NED)و لەگەڵ [illegible]دا بڵاودەکرێتەوە.

ساڵی سێیەم ژمــارە (١٠) دووشەممە ٢٠١٠/١١/١٥




دەقی پرۆژە یاسای دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانو ڕاپرسی...

ل ٢



ڕێکخراوەکان هەڵمەتی داکۆکیکردنیان دەستپێکرد

ل ٣



پرۆژەیاسای ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە هەولێرەوە بۆ بەیروت

ل ٤

لە یاسای ڕێکخستنی خۆپیشانداندا:

# ڕێکخراوەکان داوای چەسپاندنی ڕێوشوێنی ئاگادارکردنەوەو خۆپیشاندانی لەناکاو دەکەن

ئا: ڕای گشتی



کۆبوونەوەی نێوان نوێنەرانی ڕێکخراوە ناحکومییەکانو پەرلەمانتاران لە نووسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان ٢٠١٠/١٠/٣١

فۆتۆ: ڕای گشتی

**پێشەکی:**

پاش کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٠١٠/١٠/٢ی لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ بەشێک لەڕێکخراوە ناحکومییەکانی پارێزگای سلێمانی بەمەبەستی وەرگرتنی ڕاوبۆچوونیان سەبارەت بەو ڕاپۆرتەی لیژنەکەیان لەبەر ڕۆشنایی هەردوو پرۆژەیاسای «ڕێکخستنی خۆپیشاندان»و «کۆبوونەوەی گشتی»دا ئامادەی دەکەن، ڕێکخراوە ناحکومییە بەشداربووەکان بەپێویستیان زانی پێشنیارگەلێک ئامادەبکەنو بیکەنە هەوێنی گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەندامانی ئەو چوار لیژنەیەی پەرلەمان کە دوای خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژەیاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە ٢٠١٠/٦/٢٧ دا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ئەرکی نووسینی ڕاپۆرتیان لەبارەی ئەو پرۆژەیاسایەوە پێسپێردرابوو کەئەوانیش بریتین لە لیژنەی یاسایی، لیژنەی ناوخۆو ئاسایشو ئەنجومەنە خۆجێیەکان، لیژنەی مافی مرۆڤو لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی.

ئەم پێشنیارانە ئیمزای پشتگیریی ٤٦ ڕێکخراوی ناحکومی لە پارێزگای سلێمانیو دهۆک بۆ کۆکرایەوەو بڕیارماندا لەگەڵ لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەماندا کۆببینەوە، بەڵام ئەوەی ڕوویدا بەدەنگەوەنەهاتنو لەبارچوونی ئەو کۆبوونەوەیەمان بوو لەگەڵ سەرۆکو جێگرو بڕیاردەرو ئەندامانی لیژنەی یاسایی پەرلەماندا، هەربۆیە ناچاربووین ئاراستەی شوێنی پێشنیارەکان بگۆڕینو لەبری ئەوان بینێرین بۆ هەموو ئەندام پەرلەمانەکان.

ئەو پێشنیارانە لێرەدا بڵاودەکەینەوە بۆئەوەی لەلایەکەوە هاوڵاتیان ئاگاداریی ئەو پرەنسیپو پێوەرە نێودەوڵەتیانە بن کە ئێمە لەپرۆژەیاسای ڕێکخستنی خۆپیشانداندا جەختمان لەسەر کردوونەتەوەو ئێستاش لەدوای پەسەندکردنی پرۆژەیاساکە لە ٢٠١٠/١١/٣ لە پەرلەماندا، بەهۆی پەسەندنەکردنی زۆرێک لەو چەمکو پرەنسیپو بنەمایانە دووبارە جەختیان لەسەردەکەینەوە.

لیژنەی یاسایی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن

**بۆ بەڕێزان/ ئەندامانی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان**

**پێشنیارەکانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان سەبارەت بەجێگیرکردنی پرەنسیپە گشتییەکان لەیاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لەهەرێمی کوردستاندا**

تشرینی یەکەم – ٢٠١٠

**پێشەکی:**

وەک ئاگادارین بەڕێزتان سەرقاڵی نوسینی ڕاپۆرتێکن لەبارەی دوو پرۆژەیاسای «ڕێکخستنی خۆپیشاندان «و «کۆبوونەوە گشتییەکان» کە لەماوەی ڕابووردودا لەلایەن ڕێکخراوەکانو لیستی کوردستانییەوە پێشنیارکراوەو ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران واژۆیان لەسەرکردووەو لەڕۆژی ٢٠٠٩/١١/١٧ دا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ ئەنجامدراوەو هاوکات ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاساییو لیژنەی ناوخۆو ئاسایشی ئەنجومەنە خۆجێیەکانو لیژنەی مافی مرۆڤو لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی کراوە.

لەو چوارچێوەیەدا نوێنەرانی ڕێکخراوەناحکومییەکان لەگەڵ بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی پەرلەماندا کۆبوونەوە سەبارەت بەتاووتوێکردنی ئەو پرۆژەیاسایانەو ئەو پرەنسیپو ستانداردە نێودەوڵەتیانەی پێویستە لەیاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندانی داهاتوودا جێگیربکرێن. لەو میانەدا هەماهەنگیو لێکتێگەیشتنو نزیکبونەوەی زۆر باش لەنێوان ڕێکخراوەکانو لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنیدا دروست بوو .

هەر بەو ئامانجەو بەمەبەستی ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا لەگەڵ بەڕێزتاندا خۆشحاڵ دەبین کە لەنزیکەوە دیداری ڕاستەوخۆ لەگەڵدا بەڕێزشتاندائەنجام بدەینو پێکەوە گفتوگۆ بکەین لەبارەی ئەو بنەماو پرەنسیپە گشتیانەی کە ڕێکخراوەکان پرۆژە یاساکەیان لەسەر دارشتووە کە سەرجەمیان لە خزمەتی بەهێزکردنی پرۆسەی دیموکراسیو کۆمەڵگەی مەدەنیدان لەهەرێمی کوردستانداو خوازیاری ئەوەن لەیاسای داهاتووی تایبەت بەڕێکخستنی خۆپیشاندان لەهەرێمی کوردستاندا جێگیربکرێن.

**پرەنسیپە گشتییەکان:**

١. دەستەبەرکردنی مافە دەستورییەکانی هاوڵاتیان لەڕووی ئازادی خۆپیشاندانەوە کە لەهەریەک لەمانەی خوارەوە ئاماژەیان پێدراوە:

أ/ لەبڕگەی سێی ماددەی ٣٦ی «بەشی ئازادییەکان»ی دەستوری هەمیشەیی عێراقدا.

ب/ لەمادده ٢٠ی جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤدا.

جـ/ لە ماددەی ٢١ی پەیماننامەی نێودەوڵەتیی تایبەت بەمافە مەدەنیو سیاسییەکاندا.

د/ خاڵی «د»ی ماددەی ٨ی پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بەمافە ئابووریو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریەکاندا.

لەهەموو ئەمانەشدا خۆپیشاندان مافێکی بنەڕەتیەو لە ڕیزی مافە سروشتیو سەرەکییەکانی دیکەی مرۆڤدایە بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەی مەدەنیو دیموکراسی .

٢. بەگرنگی دەزانین لەیاسای خۆپیشانداندا، ڕێوشوێنی ئاگادارکردنەوەی سەرۆکی یەکەی کارگێڕی لەباتی پرۆسەی مۆڵەتوەرگرتن بگیرێتەبەر چونکە وەک ئاماژەمان پێدا خۆپیشاندان مافێکی سروشتیەو دەوڵەت تەنها ئەرکی ڕێکخستنی لەئەستۆدایە.

٣. خۆپیشاندانی لەناکاو وەک جۆرێک لەخۆپیشاندان لەیاسای ڕێکخستنی خۆپیشانداندا جێگیربکرێت چونکە نەبوونی ئەو جۆرە خۆپیشاندانە لەیاساکەدا کەلێنێکی زۆر گەورە لەو یاسایەدا بەرجەستە دەکاتو بەشایەتی هەموو لایەکیش زۆربەی ئەو خۆپیشاندانانەی لەماوەی ڕابوردودا لەهەرێمی کوردستاندا ئەنجامدراون زۆربەیان لەمجۆرە خۆپیشاندانە بوونو هیچ کۆمەڵگەیەکیش نییە لەدنیادا ئەمجۆرە خۆپیشاندانەی تێدا نەبێت، هەربۆیە گرنگە لەیاسای ڕێکخستنی خۆپیشانداندا بناسێنرێتو ئەو ڕێوشوێنە مەدەنیانەش دیاریبکرێن کەپێویستە لایەنی پەیوەندیدار لەکاتی ڕوودانی ئەمجۆرە خۆپیشاندانەدا بیانگرێنەبەر کەخۆی لەپاراستنی خۆپیشاندەراندا دەبینێتەوە.

٤. کۆبونەوەی گشتی نەخرێتە چوارچێوەی یاسای خۆپیشاندانەوە چونکە پێویست بەرەزامەندیوەرگرتنی پێشوەخت ناکات لەبەرئەوەی ڕۆژانە بەسەدان چالاکی لەو شێوەیە لەلایەن پارتە سیاسییەکانو ڕێکخراوەو سەندیکاو کۆمەڵەو یەکێتییەکانەوە ئەنجام دەدرێت بەبێ هیچ کێشەیەک، هەربۆیە لەقاڵبدانی ئەو چالاکیانە خراپترین کاریگەری لەسەر ڕەوتی گەشەسەندنی هەر کۆمەڵگەیەک دادەنێت.

٥. هەوڵبدرێت یاسای خۆپیشاندان هیچ دەستەواژەیەکی لاستیکیو ناڕوونی وەک «ئاسایشی گشتیو عورفو ئادابی گشتی» تێدا نەبێت چونکە شیکردنەوەی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرنو لەسەر ئەرزی واقیع دەبنە ڕێگر لەبەردەم پراکتیزەکردنی مافی خۆپیشاندان.

٦. ئەو هێزەی ئەرکی پاراستنی خۆپیشاندانەکانی لەئەستۆدایە دەبێت هێزێکی پۆلیسی تایبەت بەپاراستنی خۆپیشاندەران بێت کە ڕاهێنرا بن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ خۆپیشاندانداو لەکاتو شوێنی خۆپیشاندانەکاندا ئامادە بن بەمەبەستی پاراستنی خۆپیشاندانەکان. دەبێت ئەم هێزە بێچەکو ئاشتیپارێز بێتو تەنها لەکاتی ڕوودانی پشێوییو ناچاریدا دەتوانن ئەو ئامرازانەی بەرگریو ڕووبەڕووبوونەوە بەکاربهێنن کەپێیانە، وەک (قەڵغان، داری پلاستیکی، فیشەکی پلاستیکی، سۆندەی ئاوپڕژێنو گازی فرمێسک ڕژێن).

٧. بەرپرسیارێتی ڕوودانی هەر زەرەرو زیانێک، چ لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە بێت یان هێزەکانی پۆلیسەوە، بەرپرسیارێتییەکی تاکەکەسییەو بەپێی یاساکارپێکراوەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێتو داواکارانی ئەنجامدانی خۆپیشاندانیش وەک هەر بەشداربوویەکی تر مامەڵەی کەسییان لەگەڵدا بکرێتو بەرپرسیارێتی گشتی ڕودانی زەرەرو زیان نەخرێتە ئەستۆیان.

لەکۆتاییدا ماوەتەوە بڵێین کە:

یاسایەکی ڕوونو هاوچەرخو مۆدێرن بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندان ڕوویەکی گەشی ئەزموونی هەرێمی کوردستان نیشاندەداتو سەرەتایەکی یاسایی گونجاو دەبێت بۆ ناسینی خۆپیشاندان وەک مافێکی سروشتیو دەستووریی هاوڵاتیانو ڕێگە خۆشکەریش دەبێت بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندانو پاراستنی مافی هاوڵاتیان لەپیادەکردنی ئەو مافەیانداو لەهەمانکاتدا هاوکاری دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش دەکات بۆ ئەوەی بەشێوازێکی هاوچەرخ مامەڵە لەگەڵ خۆپیشاندەراندا بکەنو ئەو بیرۆکە کۆنو تەقلیدیانەش سنوردار دەکات کە خۆپیشاندان وەک کردارێکی ئاژاوەگێڕیی ناوزەد دەکەن، بەتایبەتیش کۆمەڵگەی کوردی لەدوای چەندین ساڵی دکتاتۆریەتو بێ بەشبوونیان لەپیادەکردنی مافە سروشتییەکانیان وایلێکردوون کە تامەزرۆی یاسایەک بن کەجێبەجێکردنی ئەو مافانەو هەموو مافە مەدەنیو دیموکراسییەکانی دیکەیان بۆ دەستەبەر بکات.

# دانوستاندن له ماڵی خانەخوێ



هیوا جەمال

دوای ئەوەی قۆناغێکی گرنگی بڕیوە، هێشتا سیاسییەکانی کورد ناتوانن دانوستاندن لەسەر بەرنامەیەکی نەخشە بۆدارێژراو درێژە پێبدەن‌و عاتیفەو فشار لە ڕێڕەوی خۆی لایان نەدات، نوێترین نموونەش دانوستاندنەکانی ئەم دواییەی پێکهێنانی حکومەتی عێراقن.

بەپێی لێدوانەکانی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لایەنی کوردیی (فراکسیۆنە کوردستانییەکان) زۆر سوربوون لەسەر پێدانی پۆستی سەرۆک کۆمار بۆ کورد (تاڵەبانی)، چونکە وەک بارزانی دەڵێت: «فشارێکی زۆریان لەسەر بووەو پێی وابووە کە نایانەوێت ئەو پۆستە بۆ کورد بێت»، بۆیە ئەگەر وانەبوایەو «بیانوتایە دوای چوار ساڵ با دەرفەتێکی دیکە بە کەسانێکی دی بدرێت، زۆر ئاسایی بوو».

کورد، لەبەرئەوەی بەشێکە لەو لایەنانەی کە لە مێژووی (٩٠)ساڵی دامەزراندنی حکومەتی عێراقدا مافی خوراوەو پێویستە بەردەوام لە هەوڵدابێت بۆ سەندنەوەی مافەکانی، نەدەبوو لایەنەکان لەسەر مێزی هەولێر کۆبکرایانەوە، چونکە لە عورفی زۆربەی نەتەوەکاندا (بەتایبەت خۆرهەڵات) دەبێت خانەخوێ، لە بەشێک لە مافەکانی خۆی خۆش بێت.

میللەتی کورد لە هەرێمی کوردستاندا، لەبەرئەوەی دامەزراوەی تین تانکی (Think Tank) نییە ستراتیژی دوورو نزیکی بۆ دیاریی بکات، تا ئێستا زیاتر بیرکردنەوە کۆمەڵایەتییەکە بەسەریدا زاڵەو بێگومان لەو جۆرە میوانخوانی‌و دەستپێشخەرییانەدا، زیاتر نەرمیی دەنوێنێت‌و کەمتر پێ لەسەر داواکانی دادەگرێت.

ئەو بیرکردنەوەیەی بارزانی، تەواو تەعبیر لەو حاڵەتە دەکات، چونکە ئەگەر نەکەوتبایە باری عینادیکردن‌و ئیستیفزازکردنەوە، ئەوا دەگونجا دانوستانکارەکان، دەست لە پۆستی سەرۆک کۆمار هەڵبگرن، بەڵام بەمەرجێک وەک بارزانی دەڵێت، ئەگەر تۆنی قسەی بەرامبەرەکە بگۆڕایەو بەشێوازێکی تر داوای ئەو پۆستەیان بکردایە.

من لەو بڕوایەدام، ئەوە هەڵەی ستراتیژییە کە لەسەر ڕۆشنایی تۆنی قسەکان‌و کەش‌و هەوای کۆبوونەوەکان، سەقفی داواکارییەکان بەرزو نزم بکەن.

بە وتەی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، «ڕێککەوتن لەسەر داواکارییەکان کورد کراوە، بەڵام ئەوە ماوە بەدۆکیۆمێنت بکرێت‌و ئیمزا بکرێت»، دیارە فشارەکان ئەوەندە زۆر بوون لەبارەی پێنەدانەوەی پۆستی سەرۆک کۆمار بۆ کورد، دانوستانکارەکان هەر ئەوەندەیان بەسبووە کە بە زارەکی لەبارەی ئەو وەرەقە (١٩)خاڵییەوە بەڵێن وەربگرن‌و ئیدی ئەولەوییەت، پۆستەکە بووە، نەک ئیمزاکردنی وەرەقەکە، بۆیە ئێستا ئەو وەرەقەیە بەبێ ئیمزاکردن ماوەتەوە.

هەرچەندە هەڕەشەیەکی لاوازی بارزانی، هێشتا جێگەی دڵخۆشییە کە لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەی لە هەولێر وتی: «ئەگەر لەمە پاشەکشە کرا، حکومەت پێکنایەت»، بەڵام ئەوەی ئەم هەڕەشەیە لاوازتر دەکات، ئەزموونی چوار ساڵی ڕابردووی نوێنەرانمانە کە ڕێککەوتنێک لەگەڵ نوری مالیکی هەبوو، ئەگەر هەرکاتێک کورد لە حکومەتەکەی کشایەوە، بە هەڵوەشاوە دادەنرێت، بەڵام کورد ئەو کارتەیان بۆ گرنگترین‌و پڕکێشەترین مادە بەکارنەهێنا (مادەی ١٤٠)، کە زۆرینەی شۆڕشەکانی کورد لەسەر ئەو ناوچانە هەڵوەستەیان کردووەو هەندێکیان بەهۆی ئەوەوە کوژاونەتەوە.







چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩

# پانۆرامای پرۆژە یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان




لـەدوای خۆپیشاندانەکەی مانگی سێی ٢٠٠٦ی هەڵەبجەی شەهیدو ئەو شەپۆلە خۆپیشاندانانەی لەمانگی حەوتو هەشتی هەمانساڵدا، بەهۆی قەیرانی سووتەمەنیو کارەباوە، هەندێک لەقەزاکانی پارێزگای سلێمانی گرتەوە، هەردوو وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتـی هەرێم بۆ کـاروبـاری ناوخۆ لە٢٠٠٦/٩/١٧ دا «پرۆژەیاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندانو کۆبوونەوە گشتییەکان»ی گـەڵاڵـەکردو لەمانگی ئەیلولی ٢٠٠٨دا لەڕێگەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش بەخولی دووەمــی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانیان کرد. لەوێش لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمان، بەئامانجی فراوانکردنی رووبـەری مافو ئازادییەکانی هاوڵاتیان پرۆژەیاساکەی تاوتوێکردو لەدانیشتنێکی پەرلەماندا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراو بەمەش پرۆژەیاساکە لەپەسەندکردن نزیکبۆوە کەچی لەمانگی ١٠ی ساڵی ٢٠٠٨دا لەلایەن حکومەتەوە بەشێوەیەکی نایاسایی گەڕێنرایەوە.

لەم میانەیەداو لەروانگەی داکۆکیکردن لـەمـافو ئـازادیـیـەکـانـی هاوڵاتیانەوە «پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE»و چوار ڕێکخراوی ناحکومی تر پرۆژەیاسایەکی نوێیان بەناوی «پرۆژەیاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان»ەوە گـەڵاڵـەکـردو رۆژی ٢٠٠٩/١٠/١٥ پێشکەش بەنوسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستانیان کردو دواتر لەلایەن ٢٣ ئەندام پەرلەمانەوە پشتگیریی لێکراو لـەرۆژی ٢٠٠٩/١١/١٧ دا لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ ئەنجامدراو ئاڕاستەی لیژنەی یاسایی‌و ناوخۆو ئاسایشی ئەنجومەنە خۆجێیەکان‌و مافی مرۆڤ‌و لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی کرا.

رۆژی ٢٠١٠/١٠/٢ لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی سەردانی سلێمانیان کردو لەئۆفیسی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن لەگەڵ نوێنەرانی ١٠ ڕێکخراوی ناحکومیدا کۆبوونەوە. دوابـەدوای ئەم کۆبوونەوەیە ڕێکخراوەکان یاداشتێکیان بەمۆرو ئیمزای ٤٦ ڕێکخراوی سلێمانی‌و دهۆکەوە سەبارەت بەهەمو ئەوو پرەنسیپ‌و بنەما نێودەوڵەتیانە ئامادەکرد کەتێیاندا خۆپیشاندان وەک مافێکی سروشتی دەناسێنن و دەمودەست لەڕێگەی ئیمەیڵەوە گەیاندیانە بەشێکی زۆری پەرلەمانتاران بەڵام ڕێکخراوەکان چەندێک هەوڵیان دا نەیانتوانی کۆبوونەوە لەگەڵ لیژنەی یاسایدا ئەنجامبدەن.

هەربۆیە رۆژی ٢٠١٠/١٠/٣١ ڕێکخراوە ناحکومییەکان پێشنیارێکیان پێشکەش بەنووسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان کـرد بەمەبەستی بیرخستنەوەی ئەو پرەنسیپ‌و بنەما نێودەوڵەتیانەی کەدەبێت لەیاساکەدا بچەسپێن، بـەڵام ئەوەبوو لەرۆژی ٢٠١٠/١١/٣دا کۆی پرۆژەیاساکە دەنگی لەسەر دراو زۆربەی ئەو ماددەو برگە گرنگانەی لەپرۆژەیاسای ڕێکخراوەکاندا هەبوون دەنگیان لەسەر نەدراو لەبری ئەوەی پێچەوانەی ئەو بنەما نێودەوڵەتیانە جێگەیان گرتەوە کەئەوانیش بریتین لە پەسەندکردنی پرەنسیپی مۆڵەتدان لەبری ئاگادارکردنەوەو پەسەندنەکردنی خۆپیشاندانی لەناکاوو گەڕاندنەوەی مافی ئەنجامدانی خۆپیشاندان بۆ دەستی وەزیری ناوخۆ.

**لیژنەی یاسایی پەیمانگەی کوردی**
**بۆ هەڵبژاردن KIE**

# ڕێکخراوەکان هەڵمەتی داکۆکیکردنیان دەستپێکرد

**ئا: رای گشتی**




**دیمەنێکی کۆنگرەی رۆژنامەنووسیی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەولێر بەرواری ٢٠١٠/١١/١١** **فۆتۆ: رای گشتی**

پەسەندکردنی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لەپەرلەمانی کوردستان نارەزایەتییەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێناو لـەو چوارچێوەیەدا رۆژانـی ١١، ٢٠١٠/١١/١٤ لەشاری هەولێرو دهۆک نوێنەرانی دەیـان ڕێکخراوی ناحکومی لەهەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان دوو کۆنگرەی رۆژنامەوانییان لەبەردەم ژمارەیەکی بـەرچـاو لەکەناڵەکانی راگەیاندن ئەنجامداو تێیدا باسیان لەکۆی ئەو خاڵانە کرد کە ڕێکخراوە ناحکومییەکان بەخاڵی لاوازیی یاساکەی دەزانن‌و بەهۆکارێکی دادەنێن بۆ بەرتەسککردنەوەی مافو ئازادییەکانی هاوڵاتیان‌و نانەوەی پشێویی کۆمەڵایەتی لەهەرێمی کوردستاندا.

لەمیانەی ئـەو دوو کۆنگرەیەدا ڕێکخراوە ناحکومییەکان داوای ئەوە دەکەن کە خۆپیشاندانی لەناکاو لەناو یاسای ڕێکخستنی خۆپیشانداندا بچەسپێت چونکە دیاردەیەکە لەناو واقیعی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستاندا بوونی هەیەو بۆتە ئەمری واقیع‌و پێویستە بەیاسا چارەسەری بـۆ بـدۆزێـتـەوە نـەک پشتگوێ بخرێت، هـەروەهـا بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندان پرەنسیپی ئاگادارکردنەوە پەیرەوبکرێت نەک مۆڵەتدان بەو پێیەی کەخۆپیشاندان مافێکی سروشتی‌و دەسـتـووریـی هـاوڵاتـیـانـەو ئەرکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن تەنها ئەوەیە پارێزگاری لەخۆپیشاندەران بکات نەک مافی رەزامەندیی‌و رەفزکردنەوەی خۆپیشاندانی هەبێت.

ئـەم دوو چالاکییە مەدەنییەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەچوارچێوەی هەڵمەتێکی داکۆکیکردندایە بەمەبەستی گـەیـانـدنـی پـەیـامـەکـەیـان بـە رای گشتی‌و ئاگادارکردنەوەی هاوڵاتیان لەمەترسییەکانی یاسای پەسەندکراوی ڕێکخستنی خۆپیشاندان هاوکات لەڕێگەی یاداشتێکی هاوبەشەوە داوا لەسەرۆکی هەرێم دەکـەن کەیاسای ناوبراو ئیمزا نەکات‌و بیگەڕێنێتەوە بۆ پەرلەمان بەئامانجی گفتوگۆکردنی زیاتر لەبارەی ئەو خاڵانەی کەبوونەتە مایەی نارەزایەتی زۆربەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان‌و کەسانی ئازادیخوازو سەربەخۆو هەندێک لەبزووتنەوەو پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانەو ناگونجێت لەگەڵ دەستوری هەمیشەیی عێراق‌و پێوەرە نێودەوڵەتییەکاندا.

## پرۆژەیاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان:
# خۆپیشاندان مافێکی سروشتیو دەستووریی هاوڵاتیانەو حکومەت تەنها ئەرکی ڕێکخستنو پاراستنی لەئەستۆدایە

# بۆ بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان

## بابەت/ واژۆنەکردنی یاسای خۆپێشاندانەکان

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی تێپەڕاندنی ئەو ئەزمونە تاڵانەی بەسەر گەلەکەماندا هاتووە، چەندین رەشنوسی پرۆژە یاساو پێشنیاریان پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کـردووە، لـەوانـە پـرۆژە یاسای خۆپێشاندان کە لەرێکەوتی(٥/ ١٠/ ٢٠٠٩) پێشکەش بە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان کراوە، دواتر لەبەر گرنگی یاساکە، لە رێکەوتی(٣١/ ١٠/ ٢٠١٠) بە نوێنەرایەتی ؛٤٠؛ رێکخراوی ناحکومی هـەرسـێ پـارێـزگـاکـەی هەرێمی کوردستان، سەردانی نوسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان کـرا، چەند پێشنیارو پرەنسیپی گشتی پێشکەش بە نوێنەرانی لیستە جیاوازەکان کرا، بە لەبەرچاوگرتنی مافە دەستورییەکانی هاوڵاتیان لەرووی ئازادی خۆپێشاندانەوە ،کە پێکهاتووە لە:

١- برگەی سێی مـاددەی ٣٦ ی ؛بەشی ئازادییەکان؛ کە لە دەستوری هەمیشەیی عێراقدا هاتووە.

٢- ماددەی ٢٠ی جاڕی گەردونی مافی مرۆڤ.

٣- مـاددەی ٢١ی پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی‌و سیاسییەکان.

٤- خـاڵـی ؛د؛ی مـــاددەی ٨ی پەیماننامەی نێو دەوڵەتی تایبەت بە مافە ئـابـوری‌و کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیرییەکان.

لە هەموو ئەم برگەو ماددانەی سـەرەوەدا(کـە حکومەتی عێراق واژۆو پەسەندیکردووە) هاتووە، کە خۆپێشاندان مافێکی بنەڕەتییەو لە ریـزی مافە مادەنی‌و سیاسییە سەرەکییەکانی دیکەی مرۆڤدایە، دانانی هەر کۆسپ‌و رێگرییەک لە بەردەم ئەم مافەدا رێگرییە لەبەردەم بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی‌و دیموکراسیدا.

لەکاتێکدا کە لەیاساکەی پەرلەماندا چەندین کۆسپ‌و رێگری دەبینرێ، لەوانە ناچارکردنی خۆپێشاندەران بە مۆڵەتوەرگرتن لەبری ئاگادارکردنی لایەنە بەرپرسەکان، جێگیر نەکردنی خۆپێشاندانی لە ناکاو، نا روونی لە چۆنێتی مامەڵەکردنی هێزەکانی ناوخۆ لەگەڵ خۆپێشندەراندا، تێکەڵکردنی بەندێکی سزایی بە پرۆژەیەکی مەدەنی ئاماژەیە بۆ توندی یاساکە.

دەرچـوونـی یاسایەک کـە لە چەند برگەیەکیدا ماف لە هاوڵاتیان زەوتـدەکـات، پێشێلکردنی هەموو پرەنسیپە نـێـودەوڵـەتـیـەکـان‌و جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤە، ئەمەش ئەزمونی هەرێمی کوردستان لەکەدار دەکات.

لە کاتێکدا ئێمە چـاوەڕوانـی ئـەوەمـانـدەکـرد کـە پەرلەمانی کـوردسـتـان یـاسـایـەکـی تـەواو مەدەنیانەو دیموکراسیانە پەسەند بکات، بەڵام ئەم هەڵوێستەی پەرلەمان هەمووومانی توشی شۆککرد، لەبەر ئەوەی پەرلەمان نوێنەرایەتی گەلێک دەکـات کە پێشتر زۆری بەدەست ستەمکاری‌و بێدەنگییەوە چەشتووە.

لە پێناو چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی‌و بەرقەرارکردنی مافە مەدەنی‌و سیاسییەکانی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان‌و پێشاندانی نمونەیەکی باشی ئەزمونەکەمان، داواکـاریـن سـەرۆکـی هەرێمی کـوردسـتـان واژۆی ئـەم یاسایە نەکات‌و بیگەڕێنێتەوە بۆ پەرلەمان، هەتا یاسایەکی شایستە بەو هەموو قوربانییەی لە پێناوی ئازادیدا دراوە دەربچێت.

**فیدراسیۆنی رێکخراوەکانی**
**کۆمەڵگەی مەدەنی**
**٢٠١٠/١١/٤**

# پرۆژە یاسای دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانو راپرسی لەهەرێمی کوردستان-عێراقدا

**ماددەی (١):**

بەپێی ئـەم یاسایە کۆمسیۆنی بـاڵای هەڵبژاردنەکانو راپرسی لەهەرێمی کوردستان-عێراقدا بەناوی (دەستەی گشتی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانو راپرسی لەهەرێمی کوردستان-عێراقدا دادەمــەزرێـت، بۆئەوەی ببێتە تاکە دەسەڵاتێک کەهەموو هەڵبژاردنو راپرسییەکی ناوخۆو فیدراڵی لەهەرێمدا بەجێبگەیەنێت.

**ماددەی (٢):**

دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانو راپرسی لەهەرێمی کوردستاندا دەستەیەکی پرۆفیشناڵی حکومی سەربەخۆو بێلایەنەو خاوەنی کەسایەتی مەعنەوییەو لەچوارچێوەی بودجەی گشتی هەرێمدا بودجەیەکی سەربەخۆی هەیە کە لەژێر چاودێریی پەرلەمانی کوردستان-عێراقدا دەبێتو لەبەردەمیشیدا بەرپرس دەبێت.

**ماددەی (٣):**

دەستەی باڵای هەڵبژاردن لەهەرێمدا ئەم ئەرکانەی لەئەستۆدایە:

١- دانــانــی بـنـەمـاو رێــســای تایبەت بەهەڵبژاردنو راپرسییەکانو دەرکردنی سیستەمو رێنماییو رێکارگەلی تایبەت بۆیان ئەویش بەپێی یاسا پەیڕەوکراوەکانی هەرێمو لەپێناو ئەنجامدانیان بەشێوەیەکی دادپەروەرانەو پاکژ مسۆگەربکرێت.

٢- سەرپەرشتیکردنی هەموو هەڵبژاردنو راپرسییەک لەهەرێمدا.

٣- پرۆسەکانی تۆمارکردنی دەنگدەرانو نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران ئەنجامدەداتو بەشێوازێکی گونجاوو نوێ رێکیدەخات.

٤- رێکخستنو جێبەجێکردنی پرۆسەی تۆمارکردنی قەوارەی سیاسیو کۆبەندەکانو راستاندنی لیستی پاڵێوراوان (کاندیدەکان).

٥- رێکخستنو جێبەجێکردنی پرۆسەی تـۆمـارکـردنـی چـاودێـرانـی هـەڵـبـژاردنو رێکخراوەکانو میدیاکارانی نێودەوڵەتیو ناوخۆ.

٦- بڕیاردان سەبارەت بەو سکاڵاو تانانەی پەیوەندییان بەپرۆسەکانی هەڵبژاردنەوە هەیە، بڕیارەکانیشی قابیلی تانە لێدانن لەبەردەم دادگای تەمیزی (پێداچوونەوەی) هەرێمی کوردستاندا.

٧- راگـەیـانـدنـی ئـەنـجـامـی کۆتایی هەڵبژاردنەکان.

٨- زەمینەی متمانەبوون بەپرۆسەی هەڵبژاردن لەلای تێکڕای ناوەندەکانی کۆمەڵگەی کوردستان خۆشبکاتو رۆشنبیریی هەڵبژاردن بڵاوبکاتەوە لەڕێی پەیوەندیی بەردەوام لەگەڵ پـارتو قـەوارەی سیاسیو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو بنیاتنانی تواناکانیانو پەرەپێدان بەلێهاتوویی ئەندامانیان لەڕووی هونەرییو تەکنیکیەوەو لەڕێی هەماهەنگی کردن لەگەڵ لیژنەکانی راوێژی پارتەکان.

٩- راستاندنی پرۆسەی دەستپێکردنی ژمـاردنو جیاکردنەوەی دەنگی دەنگدەرانو جێبەجێکردنی.

١٠- هەماهەنگی کردن لەگەڵ دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لەعێراقدا بۆ رێکخستنو جێبەجێکردنی هەڵبژاردنو راپرسی فیدراڵی لەهەرێمدا.

١١- لەحاڵەتی بەشداریکردنی هەرێم لەهەڵبژاردنو راپرسی فیدراڵدا کە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆ لەعێراقدا سەرپەرشتییان دەکات، هەماهەنگی تەواو لەنێوان دەستەی سەربەخۆی هەڵبژاردن لەهەرێمی کوردستانو کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن لەعێراقدا دەکرێت، بەپێکهێنانی لیژنەی هاوبەش لەهەموو قۆناغەکانی پرۆسەی هەڵبژاردندا.

**ماددەی (٤):**

دەستەی باڵای هەڵبژاردن لەهەرێمدا لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێکدێت:

١- ئەنجومەنی دەستە.

٢- ئیدارەی هەڵبژاردن:

یەکەم: ئەنجومەنی دەستە: لەحەوت ئەندام پێکدێت بەلای کەمەوە دووانیان یاساناس دەبن، پەرلەمانی کوردستانیش بەزۆرینەی رەهای ئەندامانی دەستنیشانیان دەکات، لەپاش ئەوەی لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە کاندید دەکرێن بەڕەچاوکردنی نوێنەرایەتیکردنی ژنان، ماوەی دەسەڵاتی دەستەکەش پێنج ساڵی تەقویمی دەبێت.

دووەم: ئەوەی بۆ ئەنجومەنی دەستە کاندید دەکرێت پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێت:

١- دەبێت هاوڵاتی هەرێم بێتو بەشێوەیەکی هەمیشەیی تێیدا نیشتەجێ بێت.

٢- بەلای کەمەوە دەبێت بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆی بەدەستهێنابێت.

٣- تەمەنی لە (٣٥) سیو پێنج ساڵ کەمتر نەبێت.

٤- دەبێت لەکاری ئیدارەو هەڵبژاردندا خاوەن شارەزاییو پسپۆڕی بێتو گەواهی بەتواناو پاکیو سەربەخۆییەکەی بدرێت.

٥- بەتاوانێکی (مخله بالشرف) حوکم نەدرابێت.

٦- بەشداریی لەو تاوانانەدا نەکردبێت کەدەسەڵاتی سەرکوتکەر لەهەرێمدا پلانی بۆ دارشتووە یان ئەنجامیداوە.

٧- لەڕووی سیاسییەوە سەربەخۆ بێت.

سێیەم:

١- ئەنجومەنی دەستە لەیەکەمین دانیشتنی خۆیدا بەزۆرینەی چـوار ئەندام، سـەرۆکو جێگرو بڕیاردەری ئەنجومەن لەنێو ئەندامانی هەڵدەبژێرێت.

٢- ماوەی دەسەڵاتی سەرۆکی ئەنجومەنو جێگرەکەیو بڕیاردەریش یەک ساڵ دەبێتو لانیکەم بەزۆرینەی چوار ئەندامی قابیلی نوێکردنەوەیە.

٣- سەرۆکی ئەنجومەن نوێنەری یاسایی دەستەکەیە.

٤- سەرۆکی ئەنجومەن یان ئەوەی دەبێتە بریکاری ئەم دەسەڵاتانە پیادە دەکات:

أ- بەڕێوەبردنی کاری ئیدارەو رێکخستنی ئەنجومەن.

ب- ئامادەکردنی خشتەی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنو گـرێـدانو سەرۆکایەتیکردنی، لەنێویشیاندا هەر کۆبوونەوەیەک کە بەلای کەمەوە سێ ئەندامی ئەنجومەن داوای دەکەن.

ج- هــەر ئەرکێکی دیکە کەئەنجومەن رایدەسپێرێت.

چوارەم:

ئەندامانی ئەنجومەنی دەستە لەبەردەم ئەنجومەنی دادوەریی لەهەرێمدا سوێندی یاسایی بەمجۆرەی خوارەوە دەخۆن:

(سوێند بەخوای مەزن دەخـۆم کەئەرکی یـاسـایـیو پیشەیی خـۆم بـەئـەمـانـەتو لەخۆبوردووانەو بەدلسۆزییەوە بەجێ بگەیەنمو کار لەپێناو بەجێگەیاندنی ئەرکی سەرشانم بەسەربەخۆییو بێلایەنی دەکـەمو خوداش لەوەی کەدەیڵێم شاهیدە).

پێنجەم:

کۆبوونەوەی ئەنجومەن بەزۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی راست دەبێتو بەزۆرینەی ئامادەبووانیشی بڕیار دەدات، لەحاڵەتی یەکسانبوونی دەنگدا، ئەرێ بۆ ئەو لایە دەبێت کە سەرۆک لەگەڵیدایە.

## بەشی چوارەم
## دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی دەستە

**ماددەی (٥):**

ئەنجومەنی دەستە ئـەم دەسەڵاتانەی خوارەوە پیادە دەکات:

١- دانانو نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران بەهاوکارییو هەماهەنگی لەگەڵ نووسینگەی پارێزگاکانی هەرێمدا.

٢- رێکخستنی تۆماری قەوارەی سیاسیو راستاندنیان بەمەبەستی چوونە هەڵبژاردنو بەشداریی کردن تێیدا.

٣- رێکخستنی تۆماری کاندیدانی هەڵبژاردنو راستاندنی.

٤- ئەرێ کردنی چاودێرانی هەڵبژاردنو بریکارانی قەوارەی سیاسیو میدیاکاران.

٥- بڕیاردان لەتێکڕای سکاڵاو تانەکانی هەڵبژاردن، بڕیارەکانیش قابیلی تانە لێدانن لەبەردەم دادگای تەمیزی (پێداچوونەوە) هەرێمی کوردستان لەماوەی سێ رۆژدا لەڕۆژی دوای بڵاوکردنەوە.

٦- راسـتـانـدنـی کـارەکـانـی ژمــاردنو جیاکردنەوە.

٧- راگەیاندنی دووایین ئەنجامی هەڵبژاردنو راپرسی دوای راستاندنی لەلایەن دادگـای تەمیزەوە (پێداچوونەوە) بەدەر لەهەڵبژاردنو راپرسی فیدراڵی.

٨- دانانی پێڕەوو رێنماییەک کەبێگەردی پرۆسەی هەڵبژاردن دەپارێزن.

٩- راستاندنی پەیکەری ئیدارەی هەڵبژاردنو دامەزراندنی لەفەرمانگەکان.

١٠- دامەزراندنی کارمەندانی نووسینگەکانی هەڵبژاردن لەپارێزگاکانی هەرێمدا.

١١- بەخشینی دەرماڵە بەکارمەندانی دەستە بەمەرجێک لەوەی هاوتاکانیان لەکۆمیسیۆنی بـاڵای سەربەخۆیی هـەڵـبـژاردن لەعیراق تێپەڕنەکات.

١٢- گەڵاڵەکردنی سیاسەتی دارایی دەستە.

## بەشی پێنجەم
## ئیدارەی هەڵبژاردن

**ماددەی (٦):**

١- ئیدارەی هەڵبژاردن لەنووسینگەکانی هەڵبژاردن لەپارێزگاکانی هەرێم پێکدێت، بەگوێرەی پەیکەر بەندییەک کە لەلایەن سەرۆکی ئیدارەی هەڵبژاردنەوە پێشنیار دەکرێتو ئەنجومەنی دەستە ئەرێی دەکات بۆ رێکخستنو هەڵسوڕاندنی کارەکانی.

٢- نووسینگەکانی هەڵبژاردن لەپارێزگاکانی هەرێمدا سەر بەدەستەی باڵای هەڵبژاردن دەبن لەهەرێمی کوردستاندا.

٣- ئیدارەی هەڵبژاردن ئەرکی جێبەجێکردنی ئەو پەیڕەوو رێنماییانەی لەلایەن ئەنجومەنی دەستەوە دەردەچن، دەگرێتەئەستۆ، هەروەها هەڵسوڕاندنی هەموو چالاکییەکی جێبەجێکردن لەهەرێمدا.

## بەشی شەشەم
## لێپرسینەوەو کۆتایی هاتنی ئەندامێتی

**ماددەی (٧):**

یەکەم: پەرلەمانی کوردستان مافی ئەوەی هەیە لێپرسینەوە لەگەڵ ئەنجومەنی دەستە بەکۆ یان تاک تاک بەزۆرینەی رەهای ئەندامانی لەکاتی سەرپێچیکردنیان لەیاساکان بکات، بەگوێرەی ئەو رێوشوێنەی لەیاساو پەیڕەوی پەرلەماندا هاتووە.

دووەم: ئەندامێتی لەئەنجومەندا لەبەر یەکێک لەم هۆیانەی دادێت، کۆتایی دێت:

١- دەستلەکارکێشانەوە.

٢- مردن یان ناتوانایی ئەندام لەبەجێگەیاندنی ئەرکەکانیدا.

٣- دەرچـوونـی حوکمێکی لێبڕاوانەی دادوەری دەرهەق بەئەندامەکە لەتاوانێکی (مخله بالشرف).

٤- پەرلەمانی کوردستان ئەندامانی دەستە بەکۆ یان بەتاک لەئەرکەکەیان لابدات، لەکاتی سەرپێچی کردنیان لەیاساو پەیڕەوەکان بەزۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی.

سێیەم: لەحاڵەتی بەتاڵبوونی یەکێ لەکورسییەکانی ئەنجومەنی دەستە لەبەر یەکێک لەو هۆیانەی لەبڕگەکانی پێشوودا هاتبوون، ئەندامێکی دی لەجێی ئەو بەهەمان ئەو میکانیزمەی لەم یاسایەدا هاتووە، دادەنرێت.

## بەشی حەوتەم
## ئەرکو مافی ئەندامان

**ماددەی (٨):**

١- دەبێت ئەندامانی دەستە خۆیان بۆ کارەکانی دەستە تەرخان کردبێت.

٢- ئەندامانی ئەنجومەنی دەستە بەپلەی تایبەت دەبن بۆ ماوەی پێنج ساڵ کە قابیلی نوێکردنەوەیە.

٣- ئەندامانی ئەنجومەنی دەستە مووچەیەکی خانەنشینیان دەدرێتێ کەدەگاتە (٨٠٪)ی تێکڕای ئەم مووچەیەی لەپاش کۆتایی هاتنی ئەرکەکانیان وەریان دەگرت.

## بەشی هەشتەم
## سکاڵای هەڵبژاردن

**ماددەی (٩):**

١- پێویستە دەستەی باڵای هەڵبژاردن لەهەرێمی کوردستاندا، هەر کێشەیەکی تاوانکاری رەوانەی لای دەستەی تایبەتمەند بکات، ئەگەر بەڵگەیەکی کەوتە دەست سەبارەت بەخراپ هەڵسوکەوتکردن لەئاست بێگەردی پرۆسەی هەڵبژاردندا.

٢- پێویستە دەستەی باڵای هەڵبژاردن لەهەرێمی کوردستاندا، چـارەسـەری ئەو ململانێیانە بکات کە لەئاکامی ئامادەکارییو جێبەجێکردنی هەڵبژاردن لەهەرێمدا دروست دەبن، بۆشی هەیە ئەو دەسەڵاتە بداتە ئیدارەی هەڵبژاردن بۆ چارەسەرکردنی ململانێ لەساتی بەرپابوونیدا.

٣- بڕیارەکانی ئەنجومەنی دەستە لەسێ رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بەهەردوو زمانی کوردیو عەرەبی بڵاودەکاتەوە، ئەنجومەنیش بۆی هەیە رۆژنامەیەکی تایبەت بەو مەبەستە دەربکات.

٤- لەدادگای تەمیزی (پێداچوونەوە) هەرێمی کوردستاندا دەستەیەکی دادوەری لەسێ دادوەری خۆتەرخاننەکردوو پێکدێت، بۆ تەماشاکردنی ئەو تانانەی لەبڕیارەکانی ئەنجومەن دەدرێن لەلایەن زەرەرمەندانی ئەو بڕیارانەوە.

٥- تانەدان لەبڕیارەکانی ئەنجومەن پێشکەش بەدەستەی دادوەریی هەرێم دەکرێت، لەماوەی سێ رۆژدا کە لەڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی بڕیارەکە لەلایەن ئەنجومەنی دەستەوە، یان لەلایەن زەرەرمەندانی راستەوخۆ لەبڕیارەکانی ئەنجومەن.

٦- پێویستە دەستەی دادوەری ئەو تانانەی پێشکەش کراون لەماوەی دە رۆژ لەبەرواری پێشکەشکردنی تانەکان دەکەونە ژێر حوکمی ئەم یاسایە، لەگەڵ رەچاوکردنی یاسای مورافەعەی (دادبینی) مەدەنی ژمارە (٨٣)ی ساڵی (١٩٦٩) ی هەموارکراوو یاساکانی دیکەی ئیجرائی کە لەهەرێمدا کاریان پێدەکرێت، لەوەی دەقێک لەبارەیەوە لەم یاسایەدا نەهات بێت.

**ماددەی (١٠):**

دەستەی بـاڵای هـەڵـبـژاردن لەهەرێمی کوردستاندا بودجەیەکی سەربەخۆی ساڵانەی دەبێت، کە بەگوێرەی بنەماو رێسا باوەکانی دارایـی بـەڕاوێـژ لەگەڵ وەزارەتــی دارایـی لەچوارچێوەی بودجەی گشتیی هەرێمدا ئامادە دەکرێت.

**ماددەی (١١):**

پێویستە دەسـتـەی بـاڵای هـەڵـبـژاردن لەهەرێمی کوردستاندا، پەنا بباتە بەر شارەزایانی نێودەوڵەتی لەبواری هەڵبژاردن لەقۆناغەکانی ئـامـادەکـاریـیو خـۆسـازدانو ئەنجامدانی هەڵبژاردنو راپرسی.

**ماددەی (١٢):**

١- پێویستە دەستەی باڵای هەڵبژاردن لەهەرێمی کوردستاندا راپـۆرتـی دەوریـی ئامادەبکاتو پێشکەش بەپەرلەمانی کوردستان-عێراقی بکات.

٢- پێویستە دەستەی باڵای هەڵبژاردن لەهەرێمی کوردستاندا پەیڕەوێکی ناوخۆی تایبەت بەدەستەکە دابنێت.

**ماددەی (١٣):**

لەپێکهێنانی دەستەی باڵای هەڵبژاردن لەهەرێمی کوردستاندا ئەوە لەبەرچاوبگیرێت کە هاوسەنگی لـەڕووی نوێنەرایەتیکردنی پێکهاتەکانی گەلی کوردستانەوە بەدیدەهێنێت.

**ماددەی (١٤):**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێک ناکرێت کەناکۆک بێت لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم یاسایەدا.

**ماددەی (١٥):**

لـەسـەر ئەنجومەنی وەزیــرانو لایەنە پەیوەندیدارەکان پێویستە ئەحکامەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (١٦):**

ئـەو یاسایە لــەڕۆژی بـڵاوکـردنـەوەی لەرۆژنامەی (وەقائیعی کوردستان)ەوە کاری پێدەکرێت.

*** ئەم پرۆژەیاسایە لەلایەن لیژنەی یاسایی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردنەوە لەزمانی عەرەبییەوە وەرگێڕدراوەو فەرمی نییە.**



# پرۆژەیاسای ڕێکخراوە ناحکومیەکانی هەرێمی کوردستان لە هەولێرەوە بۆ بەیروت



دیمەنێک لەمێزگردەکە لە لوبنان بەرواری ٢٠١٠/١١/٣

فۆتۆ: رای گشتی

بەمەبەستی تاووتوێکردنی پرۆژەیاسای ڕێکخراوەناحکومیەکانی هەرێمی کوردستان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە کوردستان چەندین هەوڵیانداوە بۆ گەیاندنی بیروبۆچونەکانیان بە پەرلەمانی کوردستان لە پێناو ئەوەی یاسایەک دەربکرێت زۆرینەی ویستەکانی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی کوردستان لەخۆبگرێت. لەم هەوڵانەش پێشکەشکردنی ڕەشنوسی پرۆژە یاسایەک بوو لەلایەن ژمارەیەک ڕێکخراوی مەدەنیەوە، دواتریش گوشاری ڕێکخراوەکان و پەیوەندییە بەردەوامەکانیان لەگەڵ ئەندامان و لیژنەکانی پەرلەمانەوە بەردەوامبوو.

دواترین هەوڵیش بۆ چەسپاندنی داواکاری ڕێکخراوەکان لەو یاسایەی کە کاری ڕێکخراوەکان لە ئایندەدا ڕێکدەخات، بریتیبوو لە دروستکردنی مێزگردێکی گفتوگۆ بەبەشداری نوێنەری ڕێکخراوەکانی کوردستان و ئەندامانی لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی و نوێنەرانی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی هەرێم و وەزەراتەکانی ناوخۆو رۆشنبیریی و نوێنەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و ژمارەیەک ڕێکخراوی بیانیی و فەرمانگەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بەغداو ژمارەیەک پسپۆرو شارەزای یاسایی و دادوەر. کەئەم مێزگردەش کۆنفرانسێکی فراوانی بەبەشداری (٤٥) کەس لەشاری هەولێر بۆ ماوەی (٣) رۆژ لە (٢٣-٢٠١٠/٩/٢٥)دا سازکردو تیایدا چەندین راسپاردەو پێشنیاری گرنگ دەرکران.

هەنگاوێکی دیکەی تاووتوێکردنی پرۆژە یاسای ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان، کۆنفرانسێکی دیکە لە (بەیروت)ی پایەختی (لوبنان) لە رۆژانی (٢-٢٠١٠/١١/٦) ڕێکخرا بۆ تاووتوێکردن و ئامادەکردنی راپۆرتی کۆتایی دەربارەی پرۆژە یاساکە بەبەشداریی لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی و لیژنەی ئاسایش و ناوخۆو ئەنجومەنە خۆجێیەکان و لیژنەی یاسایی و مافی مرۆڤ.

بەشداربووانی کۆنفرانسەکە لە هەرێمی کوردستانەوە، بریتیبوون لە:

١. ئازاد مەلا فەندی / راوێژکاری یاسایی سەرۆکی هەرێم
٢. دانا سەعید سۆفی / سەرۆکی لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی و سەرۆکی وەفدی پەرلەمان
٣. عومەر سدیق محەمەد / جێگری سەرۆکی لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی
٤. سەرگوڵ رەزا حەسەن / ئەندامی لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی
٥. پەیمان عیزەدین / ئەندامی لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی
٦. عومەر عەبدولرەحمان عەلی / ئەندامی لیژنەی یاسایی
٧. بورهان رەشید / ئەندامی لیژنەی یاسایی
٨. عومەر حەمە ئەمین خدر / ئەندامی لیژنەی یاسایی
٩. د. ئەحمەد ئیبراهیم عەلی / ئەندامی لیژنەی یاسایی
١٠. شێردڵ تەحسین محەمەد / جێگری سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ
١١. سەمیر سەلیم ئەمین / ئەندامی لیژنەی ناوخۆ
١٢. شۆڕش مەجید حسین / ئەندامی لیژنەی ناوخۆ
١٣. فازڵ عومەر / راوێژکاری سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ کاروباری گەنجان و کۆمەڵی مەدەنی
١٤. وشیار مالۆ / لە ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤی کورد
١٥. ئارام جەمال / بەڕێوەبەری پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن
١٦. هۆگر چەتۆ / ڕێکخەری تۆڕی ماف بۆ یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە کوردستان
١٧. عەبدوڵڵا خالید: بەڕێوەبەری ڕێکخراوی مەسەللە

ئەم دوو مێزگردە بەیەکێک لەهەوڵە جیددییەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بەیاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان دادەنرێت لەهەرێمی کوردستاندا کە لەلایەن ڕێکخراوی UNOPS و ڕێکخراوی ICNL ەوە ڕێکخراوە.

# هەڵسەنگاندنی ئەزموونی چوار ساڵی پرۆژەیەک

ئا: KIE

دوای چوار ساڵ کارکردن لەپرۆژەی «پەیوەندیی نێوان هاوڵاتیان و دەسەڵاتی یاسادانان» کە لەلایەن ڕێکخراوی «سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی - NED»ەوە پاڵپشتی دەکرێت و تایبەتە بەلایەنی پەسەندکردنی پرۆژەیاساو هەموارکردنی یاساوە، گەیشتووینەتە ئەو دەرەنجامەی کە کەم شت هەیە لەئەزموونی ئەمجۆرە وڵاتانەدا ئەوەندەی ئەم چالاکییە قورس و گران بڕواتە پێشەوە، کە ڕەنگە هۆکاری بەشێک لەوەش بگەڕێتەوە بۆ کەم ئەزموونی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەو بوارەدا لەپاڵ چەند هۆکارێکی تر کەپەیوەندیان بەژینگەی سیاسی و یاسایی هەرێمەوە هەیە.

ئێستا کە لەکۆتایی ساڵی چوارەمی ئەم پرۆژەیەداین لەچێژی ئەو شتەی بەر لەچوار ساڵ پێش ئێستا دەستمان پێکرد نزیکبووینەتەوە، ئێستا لەقۆناغی کۆتایی پەسەندکردنی دوو پرۆژەیاسادایین لەپەرلەمان کە یەکێکیان «پرۆژەیاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندانە لەهەرێمی کوردستان-عێراق»ەو دووەمیشیان «پرۆژەیاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکانە لەهەرێمی کوردستان»دا کەرۆژی ٢٠٠٩/١١/١٩ لەرێگەی نووسینگەی سلێمانی پەرلەمانەوە پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کردو دوای ئەوەی ئیمزای ١٠ ئەندام پەرلەمانی لەسەر کرا لەرۆژی ٢٠١٠/٦/٢٧ یەکەم خوێندنەوەی بۆ کراوەو لەئێستادا لەگفتوگۆکردندایین لەگەڵ هەردوو لیژنەی یاسایی و کاروباری کۆمەڵی مەدەنیدا بەئامانجی ئەوەی بتوانین کاریگەریی پۆزەتیڤ لەسەر ئەو راپۆرتانەیان دابنێین کە بەهاوبەشی پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی دەکەن.

ئێمە وەک پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن تەنها کارمان بۆ ئەوە نەکردووە کەیاسایەک دەربچێت بۆ ئەوەی دواتر بەرای گشتی بڵێین کە ئەوە ئێمە دەستپێشخەربووین لەفلان یاساو فیسار پرۆژەیاسادا بەڵکو لەپاڵ ئەمەدا بەردەوام بەخەمی ئەوەوە بووین کە ئەو پرۆژەیاسایەی دەردەچێت خاوەن ناوەڕۆکێکی دەوڵەمەند بێت بەماف و ئازادییەکانی هاوڵاتیانەوە، هەربۆیە لەسووڕی ژیانی ئەو یاسایانەی کارمان لەسەر کردوون بەبەردەوامی هەڵمەتێکی داکۆکیکردنمان بەڕێخستووە بۆ دوو مەبەست: یەکەمیان بۆ بردنەپێشەوەی پرۆژەیاساکان و راکێشانی سەرنجی پەرلەمانتاران بۆ سەریان، دووەمیشیان بۆ زەمانەتکردنی یاسایەکی هاوچەرخ و مۆدێرن کە شایستە بەچین و توێژە سوودمەندەکانی بێت.

یەکێک لەو دەستکەوتانەی کە ئەم پرۆژەیە لەماوەی رابوردودا بەدەستیهێنا ئەوەیە کەنەریتێکی تازەی هێنایەئاراوە ئەویش ئەوەیە هەڵمەتی داکۆکیکردنی بەردەوامی سازکردووە بۆ دەرچوونی یاسایەک کە نوێنەرانی کۆمەڵێک ڕێکخراوی ناحکومی سەربەخۆو کەسانی ئەکادیمی و رۆشنبیرو پسپۆڕ بەدەوریدا کۆبکرێنەوەو بەردەوامیان پێبدرێت بۆ ئامانجێکی دیاریکراو کە پەسەندکردنی پرۆژەیاسایەک یان زیاترە.

ئێمە دەتوانین راشکاوانە ئەوە بڵێین کەئێستا پەیمانگەکەمان لەو بوارەدا خاوەن سەرمایەیەکی رەمزیی گەورەیەو پەیوەندیی و تۆڕێکی بەربڵاوو فراوانمان لەگەڵ زۆربەی ئەو کەس و توێژوگروپانەدادروستکردووە کەبەشێوەیەک لەشێوەکان پەیوەندیان بەو یاسایانەوە هەیە کەئێمە کاریان لەسەر دەکەین، هەر لە دەزگاکانی میدیای چاپکراوو بینین و بیستن و نوێنەرانی ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە بیگرە تادەگاتە ئەندام پەرلەمانەکان و سەرۆک و جێگرو بڕیاردەری لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان.

هەروەها ئێستا شارەزاییەکی بەرچاومان لەبارەی هەڵبژاردنی ئەو یاساو پرۆژەیاسایانەوە هەیە کەدەکەونە خانەی ماف و ئازادییەکانەوەو لەو چوارچێوەیەشدا چەندین دەستپێشخەریمان هەبووە کەدواترینیان پێشنیارنامەیەک بوو سەبارەت بە«پرۆژەیاسای دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و راپرسی» کەرۆژی ٢٠١٠/٩/١٩ لەرێگەی نووسینگەی سلێمانی پەرلەمانەوە پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کردو بەڕادەیەک توانی کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر دیدو بۆچوونی زۆرێک لەئەندامانی پەرلەمان دابنێت.

## فەرهەنگۆک

ئا: سەرکەوت حەمە حسێن *

# مافی مرۆڤ و هەڵبژاردن

بوون و بەربڵاوی هۆشیاری دیموکراسی و مافی مرۆڤ بنەماو ئامرازی گرنگن بۆ پەرەسەندن و چەسپاندن و پاراستنی دیموکراسی و دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵاتی سیاسی وڵات و تێکشکاندنی بەربەستەکانی بەردەم گەشەسەندنی دیموکراسی، بنەماو خەسڵەتەکانی دموکراسی و مافی مرۆڤیش لەچەندین سەرچاوەو بڕیارو ڕێکەوتنامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە دیموکراسی و مافی مرۆڤەوە سەرچاوەدەگرن، کەئەمەش تێگەیشتن و تێڕوانینێکی روون و چەسپاو دەداتە ئەو دوو چەمکەو بنەماکانیان.

هەروەها بەشداری هاوڵاتیان لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی وڵاتدا بەیەکێک لە بنەما سەرەکیەکانی مافی مرۆڤ دادەنرێت هەروەک ڕاگەیاندنی گەردونی مافەکانی مرۆڤ لە مادەی (٢١)دا جەختی لەسەر دەکاتەوە کەتێیدا هاتووە «هەموو کەسێک مافی هەیە بەشداری بکات لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی وڵاتەکەیدا بەشێوەیەکی راستەوخۆ یاخود لەڕێی نوێنەرانەوە کە بەشێوەیەکی ئازادانە هەڵدەبژێردرێن»

کەئەم نوێنەرایەتیکردنەش لەڕێی هەڵبژاردنێکی پاک و ئازادەوە دەبێت، هەروەک برگەی (٢)ی مادەی (٢٥)ی پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی هاوڵاتی، جەخت لەسەر مافی هاوڵاتی دەکاتەوە لەوەی لە هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەردا دەنگ بدات و کەسانێک هەڵبژێرێت یاخود خۆی کاندید بکات و هەڵیببژێرن.

هاوکات، هەڵبژاردن کەوەک کۆڵەکەیەکی گرنگی دیموکراسی دەژمێردرێت، بەڵام بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد کە دەروازەیەکی راستەقینەبێت بەرەو دیموکراسی پێویستمان بەپیادەکردن و چەسپاندنی چەندین ماف و ئازادی سەرەکی دیکە هەیە کە پێویستە لە کۆمەڵگەدا هەبن، لەوانە: ئازادی بیروڕا، ئازادی رادەربڕین، ئازادی کۆڕو کۆبونەوە، ئازادی پێکهێنانی پارتی سیاسی و ڕێکخراوو کۆمەڵەکان و...هتد.

بەلەبەرچاوگرتنی بنەماکانی هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد کەهەریەکەیان خاڵ و مافێکی گرنگە لە مافە سەرەکییەکانی هاوڵاتی، دەگەینە ئەوەی کەهەر جۆرە ڕێگرییەک لە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکی دیموکراسیانە نەک هەر کارێکی نادیموکراسیانەیەو زیان بەڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵگە دەگەیەنێت، بەڵکو پێشێلی مافەکانی مرۆڤ دەکات و ڕێگریش دەبێت لەبەردەم پیادەکرنی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی تاک لەلایەن خودی هاوڵاتیانەوە.

هەر جۆرە پێشێلکارییەک لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، دەکرێت وەک پێشێلکارییەکی مافەکانی مرۆڤ سەیربکرێت، چونکە بەدەر لەوەی هەڵبژاردن مافێکی سیاسی و مەدەنیانەی هاوڵاتیانە، هەر ڕێگرییەکی بەردەم هەڵبژاردنیش ڕێگرییەکە لەبەردەم هاوڵاتیاندا بۆ پیادەکردنی مافەکانی خۆیان. هەروەک بەنمونە، ئەگەر بەیەکسانی ڕێگەنەدرێت بەهەموو هاوڵاتیەک، کە مافی دەنگدانی هەیە، بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بکات و کەسێک یاخود کۆمەڵە کەسێکی لێبێبەشبکرێت، ئەوا مافی یەکسانی هاوڵاتیان پێشێلکراوە. خۆ ئەگەر هەڵبژاردن لەوادەی خۆیدا ئەنجامنەدرێت و بۆ ماوەیەکی زیاتر دوابخرێت ئەوا مافی گەل لەبەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا لەڕێی نوێنەری خۆیەوە پێشێلکراوە- یان ئەگەر ساختەکاری لە هەڵبژاردندا کرا بە ئامانجی گۆڕینی ئەنجامەکامی هەڵبژاردن، ئەوا بەهەمان شێوە ڕێگرتنە لەوەی گەل مافی خۆی پیادەبکات لە بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات لەڕێی نوێنەری راستەقینەی خۆیەوە. ئەگەر دەنگدان نهێنی نەبوو یاخود گوشار خرایە سەر دەنگدەران بۆ دەنگدان بە ئاراستەیەک بەدەر لە ویستی خۆی یاخود ڕێگە لە دروستکردنی پارت و کۆمەڵەو ڕێکخراو گیرا، ئەوا مافی ئازادی بیروڕاو ئازادی رادەربڕین پێشێلکراوە.

بۆیە گەر بەو شێوەیە بەوردی لە پێشێلکارییەکانی هەڵبژاردن بڕوانین دەبینین هەر پێشێلکارییەکی هەڵبژاردن و هەر هەوڵێکی شێواندنی پاکی و بێگەردی پرۆسەی هەڵبژاردن بەدەر لە شێواندنی پرۆسەکە خۆی، ئەوا پێشێلکردنی مافێکی مرۆڤ و زەوتکردنی مافێکی مەدەنی و سیاسی هاوڵاتی و سەرجەم گەلی وڵاتەکەشە.

دەشبێت بڵێین چەسپاندن و فەراهەمکردنی مافەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا دەبێت و پیادەکردنی مافەکانی مرۆڤیش ڕێگە خۆشکەرە بۆ فراوانبوون و گەشەسەندنی زیاتری دیموکراسی، لەهەر کۆمەڵگەیەکیشدا دیموکراسی نەبێت ئەوا مافی مرۆڤیش لە ژێر هەڕەشەی فەرامۆشکردن و پێشێلکردندا دەبێت. هەروەک لەهەر کۆمەڵگەیەکدا ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ نەگیرێت و هاوڵاتیان توانای پیادەکردنی مافەکانی خۆی نەبێت، ناتوانرێت بەو کۆمەڵگەیە بوترێت کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی جگە لەوەی دیموکراسی لەو کۆمەڵگەیەدا ناتوانێت گەشەبکات و پەرەبسێنێت.

*ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن - KIE